لێکۆڵینەوەی کولتووری

# ئـــــازگار

ئەیوب کوێخا رۆستەم

بەرگی یەکەم

چاپی یەکەم– ٢٠١٤

ئازگار

ناوی کتێب: ئازگار

بابەت: لێکۆڵینەوە

نووسەر: ئەیوب کوێخا ڕۆستەم

نەخشەسازی- سامان حەمەساڵح

تیراژ-

نرخ-

ژمارەی سپاردن-

سەرپەرشتیاری چاپ:

چاپخانە:

چاپی یەکەم: ٢٠١٤

مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

## پێشکەشە بە:

**هەموو خەمخۆرانی کولتووری کوردەواری.**

# پێڕست


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ز |
|---|---|---|
| ٥ | پێشەکی | ١ |
| ٧ | خوێندنەوەیەکی تر بۆ زمان و بابەت و پێشینەی پەخشانی کوردی | ٢ |
| ٤١ | چەردەیەك سەبارەت بە هەندێك لە رازە مێژووییەکانی ئاوێستا لە کتێبی (بارگە بارگە)دا | ٣ |
| ٧١ | لێچوون و بەراوردکاری لە نێوان هەردوو دینی (دورزی و یارسان)دا | ٤ |
| ٩١ | رەنگدانانەوەی عیرفانی یارسان لە چەند شیعرێکی (مەولەوی)دا | ٥ |
| ١٣٥ | کاریگەری شێوەزمانی هەورامی لە شیعری کوردیدا | ٦ |
| ١٥٥ | راڤەکردنێك بۆ سروودی ئەی رەقیب | ٧ |
| ١٨١ | سرووتی وێوڵەباڵێ= بووکە بە بارانێ لە ناو رەگەزەکانی هونەری شانۆ | ٨ |
| ٢٠٣ | ئەلبومی وێنەکان | ٩ |

# پێشەکی

هەرگیز بەخەیاڵمدا نەهاتبوو ئەم لێکۆڵینەوانەی لەم کتێبـەدان لەچاپیانبدەم و لە دوو توێی کتێبێکی تایبەتدا خۆیان بنوێنن، من ئەم لێکۆڵینەوانـەم لـە چـەند دیدار و کۆڕی تایبەتدا پێشکەشکردوون، ئامادەکردنیشیان تەنها بە شێوەی کورتـەو سەرەقەڵەم بـووە، نـەوەك بـەو شـێوەی کـە درێـژی بیاننووسمـەوە و لـە کۆڕەکانـدا بیانخوێنمەوە، چونکە زۆربەی زانیارییەکانی ناویان لـە مێـشکمدا گەڵاڵـەکراوبوون، ئەوەی راستیبێت لە کاتی پێشکەشکردنیاندا لە لایەن ئامادەبووانـەوە بەشـێوەیەکی گـشتی دەستخۆشـم لێکـراوە، هـەر لەوەشـەوە ژمارەیـەکیان پێیـانوابووە قـسەکردن سەبارەت ئەم جۆرە بابەتانە زیاتر لـەوە هەڵدەگرێت کـە لـە نـاو کۆڕێکدا، یـان لـە چوارچێوەی دیدارێکدا بـدرێن بـە گـوێی ژمارەیـەکی دیـاریکراو کـە ئامـادەی ئـەم جـۆرە چالاکییانە دەبـن، بـەڵکو پێیـانوتووم کـە زۆر پێویـستە بیانکـەم بـە کتێـب، چونکە کردنیان بە کتێب باشـتردەبێت و بەردەست ژمارەیـەکی زیـاتر لـە ئاشقانی ئەم جۆرە بابەتانە دەکەون.

ســەرەتا کــارێکی وەهــا بەلامــەوە قورســبوو، چــونکە لــە لایەکــەوە پێــشتر بــیرم لێنەکردبوویەوە، لـە لایـەکی تریـشەوە وامـدەزانی لـە نـاو ئـەو هـەموو جـەنجاڵی و سەرقاڵییەمدا ناتوانم ئەنجامیبدەم، ئـەو داواکارییـە وەك خـۆی مایـەوە هـەتا رۆژی (٢٨/ ٤/ ٢٠١٣)، کە ژوانێکی تایبەت بە پەخشانی کوردی لە هۆڵی (ئۆتێل پەرێز) لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، لـەو ژوانـە تایبەتـەدا چوار لێکۆڵینـەوە پێـشکەشکران، یـەکێکیان لێکۆڵینەوەیـەکی بەنـدە بـوو بـە ناوونیـشانی (خوێندنەوەیـەکی تـر بـۆ زمـان و بابـەت و پێـشینەی پەخـشانی کـوردی)، کـە ئێـستا بـووە بـە یـەکێك لـە لێکۆڵینـەوەکانی نـاو ئـەم کتێبـە، پـاش تـەواوبوونی ژوانەکـە چـەند بـەرێزێك کـە مامۆسـتای زانکـۆ و هـەڵگری بروانامـەی دکتـۆران لـە بـوارە جیاجیاکـانی زمـان و

وێژەوانیـدا، جـەختیانکردەوە کـە زۆر پێویـستە ئـەم جـۆرە بابەتانـە وەك کتێـب بکەونــە بەردەســت. پــاش ئــەوە ئــیتر منــیش کەلکەڵــەی نووســینی ئــەم کتێبــە کەوتەسەرم، سەرەتا دەستمکرد بە چاوپیاخشاندنەوە بەو سەرچاوانەی کە لە کاتی خۆیدا بۆ ئامادەکردنی کورتەو سەرەقەڵەمی لێکۆڵینەوەکان سوودم لێوەرگرتبـوون، ئینجا بە پێداچوونەوەو رێکخستنەوەی بابەتەکان، هەروەها نووسـینەوەیان لەسـەر کۆمپیوتەر و پەراوێزبۆکردنیان. ئەم کارانەم تەواوکردن، بـەڵام هێـشتا نـاوێکم بـۆ کتێبەکــە هەڵنەبــژاردبوو، هەڵبــژاردنی ناوەکــە زۆر بەلامــەوە مەبەســتبوو، لەبەرئــەوەی لێکۆڵینــەوەکان ســەرجەمیان لــە جەرگــەی کولتــووری کــوردەوە سەرچـاوەدەگرن، کەواتـە دەبێـت ناوەکـەش نـاوێکی کـوردی رەسـەن و ماناداربێـت، هەربۆیە ناوی (ئازگار)م بۆی هەڵبژارد.

بۆ ئەوەی ناوەکەش بۆ هەموو خوێنەران زانراوبێت، پێویستە بڵێم (ئازگـار) واتـای بـەردەوامی و بـەدوای یەکـدا دەگەیـەنێت، دیـارە منـیش دەمـەوێت ئەگـەر تەمـەن بوارمبـدات، ئـەم کتێبـە تـەنها ئـەم بەرگـە نـەبێت و بـەردەوامی هـەبێت، ئەمـەش راستەوراست پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ناوەکەوە هەیە.

ئومێدەوارم وەك هەوڵێکی بچووك بە خزمەتکردنی کولتووری کـوردی جێـی خـۆی بگرێــت، داواکاریــشم لــە خوێنــەرانی ئــازیز لــە ســەرنج و تێبینییــەکانیان بێبەشماننەکەن.

ئەیوب کوێخا رۆستەم

شەوی- ٢٧ / ٢/ ٢٠١٤ زایینی

(٨)ی- رەشەمێ- ٢٧١٣- کوردی

# خوێندنەوەیەکی تر بۆ زمان و بابەت و
# پێشینەی پەخشانی کوردی

# خوێندنەوەیەکی تر بۆ زمان و بابەت و پێشینەی پەخشانی کوردی

پەخشان یەکێکە لە چمکە سەرەکییەکانی ئەدەب، لە نێو هەموو کولتوورەکانی سەرانسەری ئەم جیهانەدا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و لە قسەی ئاسایی جیاوازە، هەر بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی هونەری دابڕێژرێت، مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە خستەڕووی پێناسەکانی پەخشان و مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی لە ناو ئەدەبی جیهانیدا نییە، بەڵکو هەروەك لە ناونیشانەکەیدا هاتووە، خوێندنەوەیەکی ترە جیاواز لەو خوێندنەوانەی کە تا ئێستا بۆ پەخشانی کوردی کراون، سەبارەت بە ئێمەی کورد مامۆستا عەلائەددینی سەجادی نووسیویەتی: (ئەدەبی پەخشان لە دەورێکی کۆنەوە لە ناو کورددا هەبووە، با نەنووسرابێتەوە دەماو دەم هەر گێڕاویانەتەوە، ئەدەبی پەخشان شتێکی واقعییە هەم مەعناکەی بەرزە و هەم وشەکانی جوانن، ئەو کەسانەی دەماو دەم ئەم جۆرە ئەدەبەیان گێڕاوەتەوە هەر چەندە ماناکەی دەستکارینەکراوە، بەڵام دوور نییە وشەکانی زیادوکەمیان بەسەردا هاتبێ، لە گەڵ ئەوەش سەیرئەکەی بە ئاشکرا ئەدەبێکی (اتباعی)ت بەرچاوئەکەوێ[1]). لە هەندێك نووسیندا باسی ئەو کراوە ئەگەر نووسینەکانی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ حسێنی قازی) بە سەرەتای نووسینی پەخشانی کرمانجی خواروو دابنرێت و نووسینەکانی (مەلا مەحموودی بایەزیدی) بە سەرەتای نووسینی پەخشانی کرمانجی سەروو دابنرێت، هێشتا تێکستەکانی شیعری هەورامی لەمان کۆنترن[2].

هەر لەم بوارەدا هەندێك نووسەر سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی بۆ ئەو نووسینانە دەگەڕێننەوە کە سەرچاوەیەکی ئایینیان هەیە، وەك (عەقیدەنامەکەی

[1] - (عەلائەددینی سەجادی)- مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی یەکەم- لاپەڕە (١٤٥، ١٤٩)- چاپخانەی (معارف)- ١٩٧١ز.

[2] - (نەوشیروان مستەفا)- بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین- کتێبی یەکەم- لاپەڕە (٢٣٨)- الدار العربیە للعلوم.

مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەولوودنامەکەی شێخ حسێنی قازی)، هەندێکی تریش پێیانوایە سەرەتای رۆژنامەنووسی کوردی بە سەرەتای راستەقینەی پەخشانی کوردی دەژمێردرێت[٣].

پێویستە بڵێین، زۆربەی پەخشانەکانی (مەولانا خالید) لە دوو تویی نامەکانیدا دەردەکەون، کە هەندێك لە نامە فارسییەکانی لە لایەن مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)ەوە ساخکراونەتەوە، لە بەرگی یەکەمی (یادی مەردان)دا بڵاوکراونەتەوە، پاشانیش لە کتێبێکدا بە ناوونیشانی (مەکتووبات)، لە لایەن (د. سەباح بەرزنجی)یەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و پەراوێزیان بۆ کراوە[٤]

سەبارەت بە پەخشانی کوردی لە سەرچاوەکاندا چەند ناوێك هێنراون و باس لەوەکراوە کە پەخشاننووسی دیاری سەردەمی خۆیان بوون، هەر لەمبوارەدا سەبارەت بە میرزا عەبدوڵای سنەیی کە بە (رەونەق) ناسراوە، هاتووە: (پەخشانێکی داڕێژراوی وەستایانەی چاکی هەیە، وشەی رێك و هاو وەزن و هاوتای لە نووسینەکەیدا بە جوانی دەرخستووە، وشەی وەکو یەك و پڕمانای بە بەڵگەو ئایەتی قورئان و حەدیث لە پەخشانەکانیدا بە تەواوی بەدیدەکرێت)[٥]. هەروەها باس لەوەکراوە (میرزا عەبدولەجید) کە بە (مەجیدی سنەیی) ناسراوە، پەخشاننووسێکی کەموێنە بووە، سەبارەت بە توانای ناوبراو لە نووسینی پەخشاندا نووسراوە:

---

[٣]- (د. هیمداد حوسێن)- پەخشان و ئەدەبیاتی رۆژنامەگەری کوردی- لێکۆڵینەوە- شایانی وتنە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دیداری تایبەت بە پەخشانی کوردی- کە رۆژی (٢٨/ ٤/ ٢٠١٣)- لە هۆڵی ئۆتێل پەرێژ- لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وێژەی سلێمانی بەڕێوەچوو، پێشکەشکرا .

[٤]- (مەکتووبات)- وەرگێڕدراوی نامە فارسییەکانی مەولانا خالید- (د. سەباح بەرزنجی) وەریگێڕاە و پەراوێزی بۆ داناوە- لاپەڕە (٨).

[٥]- (میرزا عەبدوڵای سنەیی)- حەدیقەی خوسرەوی- لێکۆڵینەوەو کردنی بە کوردی (محەممەد ئەمین کاردۆخی- لاپەڕە (١٩-٢٠)- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

(پەخشان نووسی فەڵەك بە چالاكی و دیوانی سنعەتی پەخشانی دەست و پەنـەیا ناگات، لە پەخشان و هەڵبەستدا لە هاوچەرخی خۆی زیاتر پێشكەوتووە، پلەی ئیمتیـازی بەدەستهێناوە)[٦].

هەروەها ئەو نامانەی (مەولەوی تـاوەگۆزی) كـە وەك شـاعر و زانایـەكی گـەورەی كورد بە هەردوو زمانی (فارس و عەرەبی) نووسیونی و، هەندێك لـە نامـە فارسـییەكانی لە لایەن خوالێخۆشبوو (مەلا عەبدولكەریمی مودەریس) لە كتێبی یادی مـەردان- بـەرگی دووەم-دا بلاَوكراونەتـەوە و مامۆسـتا (حـەكیم مـەلا سـاڵح)یـش لـە كتێبـی (مەولـەوی و تەقینـەوەی زمان)دا چەند نامەیـەكی عـەرەبی بلاَوكردووەتـەوە، بـە نموونـەی پەخـشانی سەركەوتوو دراونەتەقەڵەم[٧].

دیـارە ئـەم نووسـینانە و چـەندین نووسـینی تـریش هەریەكـەو لـە گۆشـەنیگای خۆیانەوە بایەخی خۆیان هەیە، بەلاَم هەر هـەموویان دەسـتكورتن لـە دەستنیـشانكردنی مێژوویـەك بـۆ پێـشینەی پەخـشانی كـوردی، كـە بـەبڕوای ئێمـە هۆكارەكـەی نـەبوونی سەرچـاوە و ئاشـنانەبوونی نووسـەرەكانە بـە تێكـستەكانی پەخـشانی كـوردی، بـەلاَم ئاشـكرایە چـەندین سەرچـاوە هـەن كـە بـاس لـە بـوونی پەخـشانی كـوردی دەكـەن، ئـەو پەخشانانەی كە سەدان ساڵ لەمەوبەر دەست بە نووووسینەوەیان كراوە، هەر بۆ نموونە:

لە كتێبی سروودهای دینی یارسان - (گرد اوردە وترجمە ماشاالله سووری) - (٢١) پەخشان لە پەخشانە پیرۆزەكانی یارسان بلاَوكراونەتەوە كە لە ژمارە (١) بـۆ ژمـارە (٢١) ریزبەنــدكراون[٨]، نووســەری ئــەم كتێبــە باســی لــەوەكردووە گوایــا مێــژووی وتــن و نووسینەوەی هەندێك لە سروود و پەخشانەكان كە لـە كتێبخانـەی دینیەكـەی خۆیانـدا هـەن، بـۆ زیـاتر لـە (٩٠٠) سـاڵ لەمەوبـەر دەگەڕێتـەوە[٩]. ئێمـە بـە وردبینییـەوە ئـەو پەخـشانانەمان خوێندنــەوە و بــۆ لێكدانــەوەی ماناكانیــشیان خۆمــان زۆر مانــدووكرد،

---

[٦]- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە- (٣٠٧).

[٧]- (حەكیم مەلا ساڵح)- مەولەوی و پەخشانی كوردی- لاپەرە (٧)- لـە بلاَوكراوەكـانی دیـداری مەولـەوی كـە سـاڵی (٢٠١٠) لـە لایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی بەرێوەچوو.

[٨]- (ماشا الله سووری) - سروودهای دینی یارسان - گرداوردە و ترجمە - تهران -١٣٦٦.

[٩]- (محەممەد ئەمین هەورامانی)- كاكەیی- لاپەڕە (٨٧)- چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا- ١٩٨٤.

هەندێکجار هەستمان بە لەنگی و بێمانایی چەند وشە و دەستەواژەیەك دەکرد، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە نووسەر، یان کۆکەرەوەی کتێبەکە شارەزاییەکی باشی لە زمانی پەخشانەکاندا نەبووە، پەخشانەکان بە هەردوو ڕێنووسی (لاتینی، فارسی شکستە) نووسراونەتەوە، بەڵام ئاشکرا نەکراوە کە کامیان ڕێنووسی بنەڕەتییە، هەرگیز کەسێك نییە بتوانێت نکولی لەوە بکات کە ئەو نووسینمانە پەخشانن، هەروەها مێژووی نووسینیشیان بە سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی دەژمێردرێن، بابەتی جیاجیای دیینی و کۆمەڵایەتی و هەندێکجار مێژوویی و سیاسییش لە دووتوێیاندا خراونەتەڕوو، هاوکات قسەو باس سەبارەت بە ژمارەیەك لە رابەران و پیرانی یارسان و رەوییەو بنەما دینییەکانیان هەن، لێرەدا بەباشی دەزانین سەرەتا پەخشانەکان بنووسینەوە و ماناکانیان لێکبدەینەوە، پاشان زیاتر بە زمان و سەردەم و بابەتەکانیاندا شۆڕببینەوە.

## پەخشانی یەکەم

ئاو دەلیا بەحر بی، چەند وەخت دوڕ دەلیا بی، بەحرو بەڕ نەوی، سوڵتان عالەم هێبەت دا وەسەنگ تۆقییا، ڕێزەی بەرد بی وە دوود وەبەر دوود سەنگ کە گەرد وە لە هێز گەرد بی وە هەوا.

واتاکەی:

ئاوی دەلیا[١٠] بەحربوو، چەند وەخت دوور دەلیا بوو، لە هەیبەتی سوڵتانی عالەم (مەبەست پەروەردگارە)، ئەو سەنگە تەقیەوە و ڕێزەبەرێزە بوو، بوو بە (دووە= دوکەڵ) و ئەو گەردو دووکەڵەش بوون بە (هەوا).

## پەخشانی دووەم

یەك پارچە وەسەنگ بەرد شانا وە هەوا بی وە ئاسمان وە ستارەگان هەم سازنا وە شمارەی غوڵامان دەر ئەو دەورە مەلائیکە مواچوون، وە مۆنگ و هۆوەرو هەم وە حەجەر

---

[١٠]- مەبەست لە (دەلیا) دەریایەو تا ئێستاش لای هەندێك کەس بە دەریا هەر دەلیا دەوترێت.

نووری وێش داخڵ کەرد وەسازنا وە شانا وە ئاسمان وەشەو و رۆژ هەم قەراردا وە چوار فەسڵە گەردشساڵ هەم وەچهار مەلائیکە قەراردا، گا چهار گا هەفتەن.

واتاکەی:

یەك پارچە لەو سەنگەی بەهەوادا وەشاند و بوو بە ئاسمان و ئەستێرەکانی سازاند، بە ژمارەی غوڵامەکانی ئەوسەردەمە (مەلائیکە) دەوترێت، ئینجا رووناکی خۆی خستەناو (مانگ و خۆر) و ناو بەردیشەوە و شەو و رۆژی بڕیاردان، هەروەها چوار وەرزەی بڕیاردا و هەر چوار مەلائیکەی ئافەریدەکردن، هەندێکجار (چوار) و جاریش هەیە (حەوت)ن[11].

## پەخشانی سێیەم

هەر کارێ وە هەفتەن ساختەن وە لە کەف دەلیا گەوهەرێ بێ ماسنا، کورسی وێش دا قەرار وە ناوی وێش نیا خاڤەندگار کە شەریعەت مواچوون خودا یاسایر مەزهەبان مواچون بەعزێ تاری بەعزێ باری، بەعزێ خاڤەندگار، بەعزێ یەیبوق، بەعزێ رێیاوەند، هەر میللەتی وە ئیسمی ماچو.

واتاکەی:

هەر کارێك بە (حەوتتەن) سازبووە، لە ناو کەفی دەریا گەوهەرێ هەبوو ئاوسا، لەوێ کورسی خۆی بڕیارداو ناوی خۆی نا بە (خاوەندگار)، کە شەریعەت (خودا)ی پێدەڵێت، یان بە پێی مەزهەبەکان هەندێك (تاری) و هەندێك (باری) و هەندێك (خاوەندگار)،

[11]- مەبەست لێرەدا ئەوەیە بە پێی باوەڕی دیینی یارسانەکان، لە گەڵ هەموو قۆناغێك لە حەوت قۆناغەکەی (خودایەتی)، بە واتا موتوربەبوونی رۆحانییەت و جیسمانییەت، چوار فریشتە هەن، لە سەرەتادا (جوبریل میکائیل، ئیسرافیل، ئیزرائیل)ن، لە قۆناغەکانی دواتردا بە پێی (دۆناودۆنی رۆحەکان)ناوەکان دەگۆڕرێن، بەڵام لە هەندێك قۆناغدا فریشتەکان دەبن بە (حەوت)، هەر بۆ نموونە (قۆناغی پەردیوەر= سەردەمی سان سەهاکی بەرزنجی) کە فریشتەکان حەوتن بە ناوی بازنەی (هەفتەن= حەوتتەن)، ئەمانەی خوارەوە ناوەکانیانن:

(پیر بنیامین= پیر خدری شاهۆ، داودی دەلیل= داود کۆسوار، پیر مووسا= روکنەددینی دیمشقی، خاتوو دایراکی رەمزبار، مستەفا دەودانی، شائیبراهیمی ئێوەت= مەلەك طیار، باوایادگار.

بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە بڕوانە:

(ئەیوب رۆستەم)- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەڕەکانی (١١٩ هەتا ١٣٤)- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت.

هەروەها هەندێك (یەیبووق) و هەندێکی تر (ڕێیاوەند)ی پێدەڵێن، هەر میللەتێك بە ناوێکەوە بانگیدەکات.

## پەخشانی چوارەم

ئەخی جبرائیل ئافریدە کەرد وە فەرمای بلوو سەیری دنیا بکەرە بزانە کەسێ هەنەن هەم هەنەن یانە، جبرائیل لوا کەسی نەوی سەوای یەك دانە دوڕ وە شکڵی مینای وەناو ئەو دووڕە هەنەن وە وێنەی زەورەق و بەعزێ کەشتی وە روێی بەحر مەنەن خییاڵ مناڵەن چێش مەزانۆ ئیعتینا نەکەرد وە ئەو مناڵە، پەڕو باڵش سۆچیا وە سۆچەی پەڕو باڵش وە رووێی کەف گەوهەر رژیا وە رویی دەلیا بی وە زەمین.

بەعد هەریەك وە هەفتەن ئیجاد کەرد هەریەکی وە رۆژێ تا هەفت رۆژ کە هەفت رۆژێ هەفتە مواچوون، هەفت ئاسمان، هەفت زەمین، هەفت کەواکیب وە ئیسمی هەفتەن داییا چوار گۆشەی چوار قەڕنە وە ئیسمێ مەلائیك عەرزو توول دنیا قەراردا کەبی وە هەفتەن.

واتاکەی:

برا (جوبریل)ی ئافەریدەکرد و فەرمانیپێدا کە بڕوات سەیری دونیا بکات تا بزانێت کەسێك هەیە، هەم هەیە یان نا، جوبریل ڕۆیشت بێجگە یەك دانە دوڕ لەسەر شێوەی مینا کەس نەبوو، لە وێنەی کەشتی و بەلەم لە ناو ئەو دوڕەدا هەبوون، بە خەیاڵی من منداڵ بوو هیچی نەدەزانی، ئەو منداڵە پشتگوێخرابوو، پەڕوباڵی سووتان و بە سووتانیان گەوهەر رژایە رووی دەریا و بوو بە زەوی.

پاشان هەریەك لە (حەفتتەن)ی ئافەریدەکردن کە لە رۆژێکەوە تا حەوت رۆژ حەفتەیان پێدەوترێت، حەوت ئاسمان، حەوت زەوی حەوت ئەستێرە، بەناوی مەلائیکەوە پانی و درێژی دونیای بڕیاردا کە بوو بە (حەوتتەن).

## پەخشانی پێنجەم

بەعد حەزرەتی ئادەم و حەوا ئیجادش کەردوە ئینس و جەننی ئیجادش کەردەبی، یەعنی شەش دۆرە هەن غەیر جە ئادەم سازنا وە فەناکەرد، وە بەعد ئەوان ئادەمش درووستکەرد کە ئەشرەف مەخلووقاتەن، کە هەق مایل داشت جیلوەی زات وە

بەشەر باوەرۆ وە هەفتەن چهارتەن وە خودی هەق هەم وە سیڕ بەیاو تەما و غولأمان هەم بەسەر یاوەرۆ ئاما وە دوونی بەشەروە زاتی میهمانی خەیلێ ئامان، تا دۆرەی (عەلی) زات وە بەشەر هەردوو داخلْ کەرد و دینی شەریعەت مەحەممەد قەراردا، هەفتەن هەفتەوانە وە هەفتێ و دوو پیر هەم وە دۆرەی شەریعەت تەمام بین.

واتاکەی:

دوای ئـــەوە (حـــەزرەتی ئـــادەم)ی وەك بـــەڕێزترین درووســـتکراو و (حـــەوا)ی ئافەریـدەکردوون، بـە واتـا شـەش دەورەی تـر هـەن بێجگـە لـە دەورەی ئـادەم کاتێـك کـە (هەق= خودا[12]) نیازی ئەوەی کرد جیلوەی خۆی بگەێنێتە مرۆڤ، ئەمـەش درێژەیکێـشاوە هەتاکو دەورەی (عەلی) کە خودا خۆی خستووەتە تەنی (عـەلی)یـەوە و دینـی شـەریعەتی محەممەدی بڕیارداوە، حەفتەن و حەفتەوانە و حەفتا و دووپیر لە (دەورەی شەریعەت)دا تەواوبوون.

## پەخشانی شەشەم

بەعـد یـاوا وە دوونـی (شاخۆشـێن[13]) وە زات بەشـەری هـەم وە دۆرەی موفەسـەڵی کەلأمش هەن، بەعد لوا وە دوونی (بابا نائۆ) دوو زات میهمـانی، وە بەعـد لـوا وە دوونـی (بابـاجەلیل) وە (باباسـەرهەنگ) وە (بـەهلوول) وە بابـا بـی وە دەروێـش، تـەمام وە زاتـی میهمـانی تـا یـاوا وە دوونـی (سـان سـەهاك)، وە زات بەشـەری وە دەورەی (شاخۆشـێن) یەکدەفعـە وە دەر زەڕات هـەم یەکدەفعـە مـەنزڵی وێـش قـەراردا، وە سـاجی نـاری دۆرەی

---

[12]- لە ناو تێکستەکانی یارساندا (خودا) بە چەند ناوێکەوە هاتووە، لەوانە: (خاوەندگار، شا، مەولا، سوڵتانی یەکڕەنگ، قودرەت...هتد).

[13]- شاخۆشێن= موبارەك شا- بە پێی سروودەکانی یارسان، ناوبراو پێشتر لـە دۆنـی (مـەولا عـەلی)دا بـووە، لـەمبارەوە بـا لـەم دێڕانە وردببینەوە:

من جە تەریقەت ئاوم بی زەلأڵ

وە نام خۆشێن ئامام وەرووی کار

دوویست ساڵ نەی وەر نەدوونی مەولام

ئامام وە بیسات وەشیرین کەلام

(محەممەد ئەمین هەورامانی)- کاکەیی- لاپەڕە (٦٩)- چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا- ١٩٨٤.

زەڕات وێیـەن وە ساجی نـار دەورەی (شاخۆشـێن) وە ژێـر ساجی نـار بـەیانش کـەرد، وە هەفتەوانـە وە شـکڵی وەز سازی، وە هـەردوو هەفتەکـە هەفتـەن و هەفتەوانـەن هەنـەن، یەك یەك رەمزێ داروون کە گاهێ جیسم وە زات مەوۆ وە دوو زات، گاهێ هەفتەن گـاهێ چوارتەن گاهێ سێ نەفەرەن، گاهێ یەکتەن یا چلتەن.

واتاکەی:

پاشان بە زاتی بەشەری چووە دوونـی (شاخۆشـێن)ەوە کـە ئەمـە بەدرێـژی باسـی هەیە، پاشان بە میوانی چووە دوونـی (بابـا نـاوۆ= بـاوا نـاووس)ەوە، دواتـر چـووە دوونـی (باوا سەرهەنگ و بەهلوول)ەوە، تەواو بابا بوو بە دەروێش بە زاتی میوانی، تا بە (زاتـی بەشـەری) چـووە دوونـی (سـان سـەهاك)ەوە، سـەبارەت بـە سـاجی ئـاگر[١٤] و ژێـر سـاجی ئاگرەوە ئەمە لە دەورەی (شاخۆشین)دا باسی لێوە کراوە. وە هەردوو حەوتەکە مەبەست (حەفتتەن و حەفتەوانە)یە، هەریەکی هێمایەکیان هەیە، جاری وا هەیە تەن دەبێـت بـە زات و دوو زات، جاری وا هیە حـەوت و جـارێ بـە چـوار جارێ بـە سـێ کـەس یـان، یـەك کەس وە یان، چل کەس.

## پەخشانی حەوتەم

هەمینتەرو تەغییر و تەبدیل گاهـ زیاد گاهـ کەم، هەم هەفتەوانە چون هەفتەوانـە را بـە شکڵی وەز سازیی، هەفتەن، یەك تەن وە هەفتەوانە بـی وە هەشـتەن وە ژێـر ساجی نـار، هەفتەن حازر بی وە بار چەنی غوڵامان و یەرتەن.

پیرەلی چون رۆحش وە ساجی نار بی جیسمش وە بەر بی جیسم هەم لـووا وە پـەی جـۆز تا ساجی نار چون جیسمش ناپوختە بی وەزات هەم نەداشـت، نەتوانێـست بلـۆ وە سـاجی نار، چێز ئاوەرد، بیاوێ غوڵامان و یەرتەن، واتش  شاهانە سـاجی نـاری، بنیـامین لـوا وە ساجی نار، دیش کە هەشت هەنە ساج نار.

واتاکەی:

---

[١٤]- ساجی ئاگر– لای یارسانەکان بە واتای دونیای مانەوی، یان شوێنی ریازەتکێشانەوە دێت، کە لەرووی تاوی گەرمی حاڵەتی رۆحییەوە، بە (ساجی ئاگر) دەیچوێنن.

بەمشیوەیە گۆڕین و ئاڵوگۆڕ جارێ زۆر و جارێ کەم هەیە، هەفتەوانە هەر وەك شێوەی خۆیان سازدرانەوە، هەفتەن و یەك تەن پێکەوە بوون بە هەشت و چوونە ژێر ساجی ئاگرەوە، هەفتەن لە گەڵ ئەو غولاٚمانەی پێشتر ئامادەبوون.

(پیرالی= پیر عالی) لەبەر ئەوەی رۆحی لە ساجی ئاگر و تەنی بەدەرەوە بوو، لەبەر ئەوەی تەنی ناپۆختەبوو نەیتوانی بچێتە ناو ساجی ئاگرەوە ، بنیامین چووە ژێر ساجی ئاگر و بینی هەشت تەن لە نێو ساجەکەدان[١٥].

## پەخشانی هەشتەم

ئەو کەڵەزەردە ئاوەردیشان، کەردش وە قوربانی[١٦]، ساحیب کەرەم خۆ وەی زێیاد گریوا بەس کەڵەزەرد ئاڤەردشان دان ڤە تەمام جەم نشین. بەش دوو رەنگانشان نەدا. خیالش

---

[١٥]- لەم پەخشانەدا دەلالەت کراوەتەسەر زۆرانبازییەکەی نێوان (پیر بنیامین) و (پیر عالی= پیر نالی مۆردێنی) لە مەیدانی خودا پەرستیدا، کە وەك لە تێکستەکاندا هاتووە لەو زۆرانبازییەدا (پیر بنیامین) توانیویەتی بە سەر (پیر عالی)دا سەربکەوێت لەم بوارەدا با لەم دوو دێڕە لە شیعرەکانی (پیر نەبالأمۆیی)وردببینەوە کە فەرموویەتی:

ئەو مۆردینەوە ئەو مۆردینەوە

بارگەی شام وستەن ئەو مۆردینەوە

سڕ ها وەسینەی بنیامینەوە

پیر و پیر عالی یەك یەك دینەوە.

بڕوانە: (ئەیوب رۆستەم- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەڕە (٢٧٣، ٢٧٤)- لە بلاٚوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت.

[١٦]- یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دیینی یارسان (نەزر و قوربانی) کردنە، بۆ رزگاربوون لە (تەنگ و چەڵەمە، باری گران و ناهەموار، بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی باش) قوربانیدەکەن، ئاژەڵی قوربانی پێویستە لە هەموو روویەکەوە ساخبێت و تەمەنی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، بە دڵێکی پاکەوە ئامادەکرابێت، هەتاکو یارانی گیانی و دڵپاك جەمی بۆ بکەن، یەکێك لە سروودەکانیان تایبەتە بە قوربانیکردن و ئەمەی خوارەوە دوو دێڕیەتی:

دۆستان قوربانی دۆستان قوربانی

بۆ واچە ئاداب ئایەی قوربانی

تەمام تەیار کەیم جەمی سوڵتانی

قەوڵ رۆی ئەزەڵ شاهی مەردانی.

(ئەیوب رۆستەم)- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەڕە (١٦٣- ١٦٤)- لە بلاٚوکراوەکانی سەنەتەری مارگرێت.

کەرد کەبەش تەمام بییە تا دۆعا دێریا. بەش ئەو دوو رەنگ نەداشان ڤە نەزەری خـەیر بەشەش میزان کەرد دیش چا وەردێش هەنەن، ڤەردێش وە رەنگ شاه زوردەوە بی.

واتاکەی:

کەڵـە زەردیـان هێنـاو کردیانـە قوربـانی، سـاحێب کـەرەم خـۆی زۆر گریـا، گۆشـتەکەیان بەسەر هەموو جەمنشیانندا دابەشکرد، بەلاّم بەشی دوو رەنگیان نەدا، وای بـەبیردا هـات کە بەشەکان هەتا نزا خوێندرایـەوە تـەواوبوون و بەشـی ئـەو دوو رەنگـەیان نـەداوە، بـە چاوی خێرەوە  نیگایکردە بەشەکان و بینی لەوێ خواردن هەیە، خواردیان و رەنگی (شا) زەردهەڵگەڕا.

## پەخشانی نۆیەم

زاناش کە شاه هـەر یـەکێوەن، ڤـە ئیـسمێ هەفتەوانەشـان نییـا، وە سـوڵتان ئـەمر کـەرد: بنیـامین هەفتەوانـە وە شـەرت وێـت بـەر، بنیـامین عـەرز کـەرد قـەبوڵم نییـەن یـا شـاه هەفتەوانە دوو رەنگەن، سوڵتان فەرما (بنیامین) واتـش خـاس مـەزنم ئیجاد کـەردەن وە کوهو کەمەر.

وە دەورەی پەردیوەر بایـەد بـوون  وە پـیر جـای ئێمـە وێمـان بلمـێ وە جامـەی بـەکتاش، ئەمما تەریقەی عەلەوییان شاری دیمەشق میرۆم، پـیر بنیـامین قـەبوڵ نەکـەرد سـوڵتان فەرمایش کەرد وێت مەزانی ئەی پـیر مـن ئیقـرار ئەڤـەڵ وە تـۆم دان، هەرچـە مەکـەری بکەرە بایاد وە جای وێم دۆعا بێدەروون.

واتاکەی:

زانی کە (شا) هەر یەکێکە و ناوی هەفتەوانەیان نا، (سان)  فەرمانیـدا و وتـی (بنیـامین) هەفتەوانە بخەرە ژێر دەسەلاّت و مەرجی خۆتەوە، (بنیـامین) وتـی مـن قـایلنیم چـونکە هەفتەوانــە دوو رەنگــن، ســان فــەرمووی کێــوو کەمــەرم بــە مــەزنی دروســتکردووە و فەرمانمداوە (پیر= مەبەستی پیر بنیامین)ە شـوێنم بگرێتـەوە، هـەتا بـە رێگـەی (حـاجی

بەکتاش[١٧])دا بڕۆم  و هەر خۆشم بە ڕێگەی (عەلەویان)ی شاری دیمەشقدا دەڕۆم، پیر بنیامین فایلنەبوو، سوڵتان فەرمووی من هەر لە سەرەتاوە بڕیارمداوە، چی دەکەیت بیکە و لە شوێنی منیش نزابخوێنە.

## پەخشانی دەیەم

بنیامین هەم ئارمای کەرد هەفت خەلیفە قەرار مەدەری ڤە جای وێم، بەش بێدەروون ڤە ئیقرار شان دان وە بێیا بەششان کەرد ڤە کەلاٚم فرە هەنەن تا ئاما وە دەورەی سوڵتان سەهاك ڤە پەردیوەر یانەیێ شێخ عیسا بەرزنجانی ڤە ساڵ (٥٧٨) هجری ڤە لە ئەو ساڵ پیر مەرەمو تەشریف بەرد، ڤەدین هەقیقەت ئاشکار کەرد ڤە دەر تاریخی سەفەوڤی هەم مەعلووم ئەست کە سوڵتان سەهاك پادشای ئێران ڤە شێخ سەفی دا ڤە پادشاهی عوسمان بوو وە شێخ عوسمانی جێن مەشهورەن وە کۆچك سێفێدی ڤە حدوود نییا پەرێشان.

واتاکەی:

(بنیامین) بەوە فایلبوو کە حەوت خەلیفە لە جێگەی خۆی دادەنێ، (لەم بارەوە کەلاٚمی زۆر هەیە)، هەتاکو هاتە سەر دەورەی (سان سەهاك) لە پەردیوەر، لە ماڵی (شێخ عیسای بەرزنجی) لە ساڵی (٥٢٨ك)، پیر فەرمووی لەو ساڵەدا تەشریفی بردو دیینی هەقیقەتی ئاشکراکرد، لە ناو مێژووی (سەفەوی)دا هەم ئاشکراکراوە کە (سان سەهاك) هێمای سنووری بە بەردی سپی لە نێوان (شێخ سەفی) پادشای ئێران و (شێخ عوسمانی جێن)ی عوسمانی دانا.

---

[١٧]- ناوی تەواوی (وەلی کوڕی سەید ئیبراهیمی دوومی نەیشاپووری)یە و بە (حاجی بەکتاش) ناسراوە، بە پێی سەرچاوە دینییەکان لە سەدەکانی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و دۆنێکە لە دۆنەکانی (سان سەهاك)، سەبارەت ناوبراو (پیر ئیسماعیل کۆهلاٚنی) لە بەندی (٥٤)ی کتێبی  (بارگە بارگە)دا وتویەتی:

ئەو بەکتاشیان ئەو بەکتاشیان

بارگەی شام وستەن ئەو بەکتاشیان

نە پەردیوەردا شام وستەن سرەخان

نەحاجی بەکتاش بروزدا نیشان.

سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٧٤).

## پەخشانی یانزەهەم

ڤە لە دمای سەدساڵ کە دینی حەقیقەت ئاشکارکەرد، تەشریفش بەرد ڤە جامەی حاجی بەکتاش ڤە هەفتشان هەم گاهی ئیسمێشان ئاشکارکەرد هەرکەسی ڤە ئیسمێ ڤە تەریقەتێ عەلوییان قەراردا ڤە هەفتەن ڤە سوڵتان چانابێ، هەفتەوانە لە پەردیوەر پیری یارسان تا سەد ساڵ هەنەن بەعد ڤە نەزەری عەلەوییان غروب فەرمای، هەم ڤە ئەو زات ڤە ئەو بەشەر تەشریف ئاڤەرد ڤە پەردیوەر ڤە فەرمایش کەرد ڤە پیرە محەمەد بارگاه بەرد ئۆ کۆ (شەندەرڤێ)، داڤێد حەسەنییەی هەزار گلێمە کۆڵ ڤە دەلیا ئاڤەرد.

واتاکەی:

پاش سەد ساڵ لە ئاشکراکردنی دیینی هەقیقەت چووە جامەی (حاجی بەکتاش)ەوە و لەوێ ناوەکانی (هەفتتەن)ی هەریەك بە ناوێکەوە ئاشکراکرد و رێوڕەچەی (عەلەویان)ی بڕیاردا، پاش ئەوەی سەد ساڵ لە جامەی (حاجی بەکتاش)دا بووە، بە باوەڕی عەلەوییەکان لەوێ ونبووە و هەر ئەو زاتە بۆ (پەردیوەر) گەڕاوەتەوە، لەوێ فەرمانیداوە بە (پیر محەممەدی بارەگا) کە ئاو بباتە سەر (شاخی شنروێ)، ئیتر (داود) بە (شاڵینە) ئاوی لە دەریا هێناوە.

## پەخشانی دوانزەیەم

ڤە داڤێد دوو شاهی ڤە بەرد میر خەرقەی سوڵتان ڤە خەلاتی کەردەبێ، میر واتش: یا دوو شاهی باڤەر ڤە من بدەرە، یا زۆر چەنەت مەشێنم. داڤێد واتش: نەمەدەی ڤە کەس سوڵتان ڤە من بەخشان، میر واتش ڤە رازی نەمەدەی من ڤە زۆر مەگێروم یە چەنەم زۆران بگێرە یا دوو شاهی بدەرە، ئەگەر هەم زۆران مەگێری، ئەگەر من تۆم دا وە زەمین دوو شاهی مەڤەرو، ئەگەر تۆ منت دا ڤە زەمین دوو شاهی ڤە خەرقە هەردوو پەرێ تۆ. داڤێد ڤات: ئەی میر نەمەبۆ سوڵتان تۆ وە پیری یاران کەرد من ڤە دەلیل ڤە تۆ بەشی پەهڵەوان من وە گەردی تۆ زۆران نمەگێرێم.

واتاکەی:

بە (داود) دوو شاهی و بە (میر[18])یش خەرقەی (سان سەهاك) خەلاتکران، (میر) وتی بە (داود)، یان ئەو دوو شاهیەم بدەرێ یان بەزۆر لێتدەسێنم، (داود) وتی نایاندەم بە کەس و (سان) بە خۆمی بەخشیون، (میر) وتی ئەگەر بەخۆشی پێمنادەیت، ئەوە بە زۆر لێتدەسێنم، بۆ ئەو مەبەستەش، یان لە گەڵمدا زۆران بگرە، یان دوو شاهیەکەم بدەرێ، ئەگەر من تۆم بە زەویدادا دوو شاهیەکە دەبەم، ئەگەر تۆش منت بە زەویدادا، دوو شاهیەکەو خەرقەکەش بۆ خۆت، (داود) وتی ئەوە نابێت چونکە (سان) تۆی بە (پیر)ی یاران داناوە و منیش بە (رێنیشاندەر)، تۆ سەردەستەی پاڵەوانانی و منیش گەردی تۆم، زۆران لە گەڵتدا ناگرم.

## پەخشانی سیانزەهەم

میر قبووڵ نەکەرد، ڤات مە بو بگیری. داود ڤات وە زۆری جەم مـن تـۆ مـەرەمێنوم. مـیر ڤـات ڤـە زۆری بابـەم تـۆ مـەڕەمینوم زورانـشان گـرد، داڤیـد مـیرش دا ڤـە زەمـین. مـیر پەشـیمان بـی، لوڤیانـە یانـە خەنجـەرێ ئاڤـەرد ڤەجـەم سـوڵتان بکوشـو سـوڵتان ڤـاتش بنیامین کەمەرش ڤـە کـەرە، بزانـە چـیش ئاڤـەردەن بنیـامین کەمـەری مـیرش ڤـە کـەرد دیش یەك خەنجەرێ ژێـری خەرقـەش هەنـەن، ڤـات ئینەچێـشەن؟ ڤـات ئینـە ئاڤـەردەن

---

[18]- مەبەست لە میر، (سەید میر ئەحمەدی میری سوور)ە، کە هەموو سەرچاوەکان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی یەکێکبووە لە بازنەی (هەفتەوانە) و زنجیرەی دووەمە لە ناو بازنەکەدا، ئەگەرچی جیاوازی لە سەرچاوەکاندا هەیە لەسەر ئەوەی گوایا (هەفتەوانە) کوڕ، یان برای (سان سەهاك) بووبن، بەڵام بە پێی دوو دێڕ لە شیعرە عیرفانییەکانی خودی (سان سەهاك) وا دەردەکەوێت کە کوڕی بوون نەوەك برای، بە نووری خۆی پاکیکردوونەتەوە و لە ژێرساجی ئاگردا دەستگیری یەکتری بوون.

لەو دوو دێڕەدا هاتووە:

وەصڵ و پێوەنا وەصڵ و پێوەنا

ها زات و نوورم وەصڵ و پێوەنا

نورم هەفتەوان، زاتم هەفتەنا

زات و نوور جە یەك چەشمە وێم هەنا.

ئەیوب رۆستەم- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەڕە (١٣٥)- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت.

شاهی: دراوێکی بچووکی ئەو سەردەمە بووە و دەوترێت کە دە شاهی بەرامبەر یەك (قەرانی ئێرانی) بوون. (نووسەر)

هەر کەس دوشمەن سوڵتان بو بوکوشوم، سوڵتان ڤات من دوشمەن نەداروم، فەقەت شەش نەفەر ڤە دۆورەی محەممەدی نێهانشەن تەمام، میر غەڕا بوو ڤە هەقیقەت هەم مەیلێتام نانێ ئالۆزە نەبەرون ئەو شەشە دوشمەنی دینەن سێرێشتاشان سیا خاکەن.

واتاکەی:

(میر) فایلنەبوو و وتی دەبێت زۆران بگری، (داود) وتی بە هێزی (جەم) من تۆ بە زەویدادەدەم، (میر) وتی بە هێزی باوکم[19] من تۆ بە زەویدا دەدەم، زۆرانیانگرت، (داود) میری بە زەویدادا و میر پەشیمانبوویەوە، رۆیشت بۆماڵەوە خەنجەرێکی هێنا هەتا لە ناو (جەم)دا سان سەهاك بکوژێت، (سان سەهاك) وتی بە (بنیامین) پشتێنەکەی بکەرەوە و بزانە چی هێناوە(بنیامین) پشتێنەکەی کردەوە و بینی کە خەنجەرێك لە ژێر خەرقەکەیدایە، پێی وت ئەمە چییە؟ وتی ئەمەم هێناوە هەتا هەرکەس دوژمنایەتی (سان) بکات بیکوژم، (سان) وتی من دوژمنم نییە، بەڵام لە دەورەی (محەممەدی)دا شەش کەس هەن کە هەمیشە پەنهانین، (میر) بەراستی لە خۆی بایيبوو، وتی: نیازی تۆ ئەوەیە کە نان بەو شەش کەسە نەدرێت چونکە دوژمنی دینن، ئەوانەش شوێنیان خاکی رەشە.

## پەخشانی چواردەیەم

میر واتش یا سوڵتان پەی چێش زۆرت دا وە داود منش رێمێنا ئەو غوڵامت بێو من فورزەندت. سوڵتان ئارمای کەرد. ئەی میر خودا ئەولادش هەنەن (وە لۆڤان بەشەندەرڤێ) وەختێ بەشەندەرڤێ ئامان خواهش کەردەن، بنیامین بایەد سوڵتان داڤید رۆڤانە کەرە هەتا هەژارش ئاڤەرد، میرەباشی تاجر هەم دەر چمن خاکش ڤەزاتش بەمیرە یەکی بی هەفتەوانە چون (دەر ئینجا زیاد شودەند) جیسمی میر دەر (شەندر ڤێ) بی ڤەزاتش لە دەلیا ڤە گەردی میرەباشی تاجر. بنیامین زات ڤە(شەندرڤێ) بی جیسمش ڤە هەژار (گڵێمە کۆلەن) ڤە دەلیا چەن داڤێد ڤە دەلیا ئیقرارشان کەرد داڤید بو ڤە پیرشان ئامان ڤە حوزور سوڵتان.

---

[19]- لەم پەخشانەدا بە تەواوی دەردەکەوێت کە (میر) کوڕی (سان سەهاك) بووە.

واتاکەی:

(میر) وتـی ئـەی (سـان) بۆچـی هێـزت بـە (داود) داو منـی بەزەویـدادا؟ ئـەو غولاٚمتبـوو بەلاٚم من کوڕتبووم، (سان) وتی ئەی (میر) خودا کوڕی هەیـە؟ ئێنجا مـیر ڕۆیـشتەوە بـۆ (شنروێ[٢٠]) و لەوێ داوای لێبوردنی کرد، (بنیامین) وتی پێویستە (سان) داود بنێرێت بـۆ ئەوەی (هەژار[٢١]) بهێنێت، تەنی (میر) لەو کاتەدا لە (شنروێ)و زاتیشی لە دەریا بـوو وەك (میرە باش بازرگان)، بنیامین زاتی لە (شنروێ) بوو تەنیـشی بـە هـەژاری (گلێم وەکۆڵ) لە دەریادا بوو، لە گەڵ (داود) بڕیاریاندا کە ئەو ببێتە پیریـان و ئـیتر هـاتن بـۆ خزمـەت (سان).

## پەخشانی پانزەیەم

میر واتش هەفت ڤـە هەفتەوانـە ڤـە وێـم بـدەرەن تـا وێـم وەلی مـەخلۆق بلـەمێن. داڤێـد واتشان ڤەدیم پەهڵەڤان تـۆ ڤـە ئـەزەڵ ئـیرادەت هەنـەن، نمـەیۆ بایـەد پـیر بـۆ ڤـە داڤێـد دەلیل ڤە عەبدول کە دوونی یادگارەن، لەسەری پیری (سەید محەممەد) قـەبووڵ نەکـەرد من پیر نییەم، میر پادشا ئینە سەد ساڵ هام ڤە پەردیڤـەر چـەنتان بـیم دوو شـاهی هـەم هەڤقی پیرییەن گورەشان تا ئاخر پیری بێ ماڵ.

بنیـامین هـەم هەفتوانـەش ڤـە پـیر قـەبوول نەکـەرد، ڤـاتش ڤـە یـار مەیەشـەن خـارەن ڤارێشان ئاما، هەفتوانـە سـوڵتان داڤێـد لۆڤـان بـاغ چـا ڤـە مـیرزا غـەزەب مـیر ژە غـەزەب

[٢٠]- (شنروێ)- شاخێکە کەوتووەتە خۆرهەلاٚتی شاری هەڵەبجەوە و نزیکەی (١٠) کیلۆمەتر لەو شارەوە دوورە، یەکێکگە لە شوێنە پیرۆزەکانی (یارسان) بە پێی باوەڕی دیینیان (کاکە ڕەدا) لە شنروێ چاوەڕێی لە دایکبوونی (شا خۆشێن)ی کردووە، لە ناو تێکستەکانیاندا چەندین دێڕە شیعر هەن باس لە پیرۆزی (شنروێ) دەکەن، هەر بۆ نموونە:

بۆرێ وەیانە، بۆرێ وەیانە

وستەنمان پوورە زاتی یەکدانە

(شنروێ) بەرزا مدیۆنە هاوار

ئەحمەد عابدین بەرۆ وە دەوار.

محەممەد ئەمین هەورامانی- کاکەیی- لاپەڕە ٢٥٩- ٢٦٠)- چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا- ١٩٨٤.

[٢١]- (هەژار)- مەبەست لە (باوایادگار)ە کە لەو کاتەدا چووەتە دۆنی (سەرنشینێکی هەزار لەناو کەشتییەکەی دەریان نیل).

وێش بێ ئاما ڤە یانە تیر کەمانی بەرد تیر شانا پەی سولْتان، داڤێد ڤە بنیامین دەس دانە راش، دەس بنیامین هەم خوونی کەرد ە کارگەر نەوڤی.

واتاکەی:

(میر) وتی هەفت و هەفتەوانە بە من بسپێرن، (داود) وتی کۆنە پاڵەوان تۆ هەر لە سەرەتاوە بیانوودەگریت، (داود) دەبێت بە پیر و (عەبدول)یش کە دۆنی (یادگار)ە ڕێنیشاندەر[22] دەبێت. (سەید محەممەد[23]) وتی من (پیر) نیم، بەلاّم (میر پادشا)م، ئەوە سەد ساڵە بە تەنیا (یاران)مان بەڕێوەبردووە و هەم بە درێژایی ئەم سەد ساڵە لە (پەردیوەر) لە گەڵتانم، دوو شاهی مافی (پیر)ی بوو، (بنیامین) هەفتەوانەی بە (پیر) پەسەندنەکرد، هەفتەوان و سان و داود ڕۆیشتن بۆ ناو باخ، (میر) زۆر تووڕەبوو، چووە ماڵەوە تیروکەوانێکی هێنا و یەك تیری بۆ (سان) هاویشت، (بنیامین و داود) دەستیاندایە بەر تیرەکە و دەستی (بنیامین) بریندار و خوێناویبوو.

## پەخشانی شانزەیەم

میر لوا ڤەیانە سەید محەممەد ئاما، واتش یا داڤێد ڤەیار حیساڤێمان بکەرە، داڤێد ڤات: باچا پیر موسی ئەو دەفتەردارا. ڤاتش ڤە پیرموسی بۆ گاڤێ ماو ڤە گاو یار لێوە بووینە، پیر موسی هەم ڤات باچا ڤە بنیامین ڤات یا بنیامین ڤەیار حیساڤێمان بکەرە، پێریمان گورگ نیەن.

بنیامین ڤات پەی شەمە خارەن ڤەیار هەم نمە یۆ ڤێتان. پیر یەك تەرکەی یادگار ژە دانەی (ئەنار) ئیجاد کەردشەن ڤە پیری یارسان ڤە تا سەد ساڵ هەنی سولْتان سپەردە ڤە عالەمی ظاهیر وە کوشکی پەردیوەری.

---

[22]- بە پێی یەکێك لە بنەما دینییەکانی یارسان پێویستە هەموو شوێنکەوتوویەکی ئەم دینە سەربسپێرێت بە دوو لکەوە کە ئەوانیش (پیر و دەلیل)ن، ئەمەش سرووتی تایبەت بە خۆی هەیە.

[23]- (سەید محەممەدی گەورە سوار) سەرئەڵقەی بازنەی (هەفتەوانە) و کوڕی گەورەی (سان سەهاك) بووە.

(نووسەر)

واتاکەی:

میر چووە ماڵەوە ، (سەید محەممەد) هات وتی ئەی (داود) بە یار لە قەڵەممانبدە، (داود) وتی لاچۆ (پیر مووسا) دەفتەرداره، بە (پیر مووسا)ی وت ئەویش وەڵامیدایەوە و وتی وەره (گا)ی ئێمە و (یار)بە، بە (بنیامین)ی وت بە یار لە قەڵەممانبدە و (پیر)یم ناوێ، (بنیامین) وتی ئێوە دڕکن و من بە (یار)تان نابم، (یادگار) کە لە دەنکە هەنار ئافەریدەکراوە[٢٤]، بە فەرمانی (سان) هەتا سەد ساڵی تر، دونیای دەرەوە و کۆشکی (پەردیوەر)ی پێسپێردراوە.

## پەخشانی حەڤدەیەم

تامیر هەم ڤە دوو زات ڤە بەشەر لووا. یەك بی ڤە ئیبراهیم، یەك هەم میر بی، یەعنی زات ڤە خەرقە بی، خەرەڤەشان دا ڤە (ئیبراهم). ئیبراهم چەن دەفعەیێ لوا ڤە بەغدا چەنی یادگار عەدووی کەرد ڤە ئەرای ئیقرار ئیبراهیم هەم کینە کەرد چەنی یادگار.
یادگار لوا پەی هیندوستان تا ژە ئیبراهیم دوور بو، تا وەشکڵی هەنی ڤە نووری قودرەت بی وە شکڵی عالی ڤە یەك کەژاوە دا ڤە سەرابانی واتش: ئینە جیسمی یادگارەن مەردەن بنەرێش ڤە کوڵی شوتر بۆ وەرێش پەی مەککە مەبلەغێ زەڕسانە پەی وێت. چهار مەلەك کەژاڤەشان چەنی شوتر ئاوەرد ڤە سەرانە ڤە گۆمەز شان ساخت.
واتاکەی:

(میر) چووە ناو دوو تەنەوە، یەکێکیان (ئیبراهیم) و ئەوی تریان هەم (میر) بوو، زاتی میر چووە خەرقەوە و درا بە (ئیبراهیم)، چەندجارێك (ئیبراهیم) سەردانی (بەغدا)ی کردوو لە گەڵ (یادگار) کەوتە دوژمنایەتیەوە و رقی لێهەڵگرت، (یادگار) سەفەری (هیندوستان)ی کرد هەتا لە (ئیبراهیم)ەوە دووربێت. بە روونـاکی و هێزی خودا چووە شێوەیەکی باڵاترەوە، وتی ئەمە لاشەی مردووی (یادگار)ە، بە کۆڵی حوشتر بیبە بۆ

---

[٢٤]- رازی ئافەریدەبوونی (باوا یادگار) بە بێباوك و لە دەنکە هەنار، یەکێکە لە پەرجووەکانی یارسان و سروودی تایبەت بە خۆی هەیە کە لێرەدا ماوەی خستنەڕووی نییە، بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەوە بڕوانە:
(ئەیوب رۆستەم)- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەڕە (١٣١- ١٣٢)- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت.

(مەکە) و بڕێك پارە بۆ خۆت وەربگرە، چوار فریشتەکە لاشەکەیان هێنا و لە (سەرانە) بە خاکیانسپارد و گۆمەزێکیان بۆ کرد.

## پەخشانی هەژدەیەم

ڤە یاران ڤە خدمەتێ سولتان عەرز شان کەرد، ڤاتشان یا سولتان پیرێمان گورگان، سولتان ئارمای کەرد ڤاتش ئینە مەیۆ پیرتان ، شەخسێ ئاما ڤە شکلی یادگار مۆواچوون یادگار مەردەن شك ڤە راتان ئاما ئەگەر یادگار مەردەن ئینە کێنەن، ئەگەر ئینە یادگارەن بەس چون مۆواچون مەردەن! سولتان ئارمای کەرد ئینە عالیتەر نە گشت هەنە، ئینە هەن پیرتان سولتان مەرمو عالی زاتێوەن ئەفضەل تەر نە گشت بە سەوای تۆ زات بەرزی بەرزا مل عالی بی ڤە پیر گەواهی دا، تا مودەتێ پیری عەرض کەرد: یا سولتان من ڤە ناز رەوا قەبوولْ کەروونی ئومێدم ئینەن یارسان ڤە دەسی هەفتوانە بدەرووم.

واتاکەی:

یاران لە خزمەتی (سان)دا وتیان (پیر)مان پێویستە، سان فەرمووی ئەمە دەبێت بە (پیر)تان، یەکێك لە شێوەی (یادگار) هاتووە و دەڵێت (یادگار) مردووە، باشە ئەگەر ئەو مردووە ئەی ئەمە کێیە؟ ئەگەر ئەمەش (یادگار)ە، ئیتر چۆن دەڵێن مردووە؟ (سان) فەرمووی ئەمە لە هەمووان بەرزترە، ئەمە پیرتانە و ئینجا فەرمووی (عالی[٢٥]) لە

---

[٢٥]- مەبەست لە (عالی) ئەو رابەرەی یارسانە کە بە (عالی قەلەندەر) بەناوبانگبووە و یەکێك لە سروودەکانی یارسان تایبەتە بە دۆناودۆنی ناوبراو کە رۆحی چووەتە چەند جەستەیەکەوە. لەوانە (هابیل کوڕی ئادەم، جەمشیدی جەم، ئیرەجی یەحیا، سیاوەشی کەی، یووسف کوڕی یەعقووب، حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیب، بابا تاهیری عوریان، باوا یادگار.......هتد)، هەر بۆ نموونە لەمبارەوە با لەم دوو دێڕە وردببینەوە:

زەردەی کەمەندار، زەردەی کەمەندار

عالینان عالی ، زەردەی کەمەندار

وەحوکمی خواجام ساحیب بەڕوبار

دۆنم نۆ وانەن بابا یادگار

هەمووان لەپێشترە، هەتا ماوەیەك (پیر) بوو ئینجا بە (سان)ی وت: من بخەیتە ژێر نازی خۆت و ئومێدم ئەوەیە (یارسان) بە هەفتەوانە بسپێریت.

## پەخشانی نۆزدەیەم

سولْتان ئارمای کەرد هەفتوانە دو زاتش موجەڕەدەن وە میر هەم ئەز یارسان هەق نەدارۆ . فەقەت شیعە ڤە سنی کەسانی ویش ئیقرار باوەرو و ئانە بەش بۆ ویون سوجدەی پیری بکەرۆ. شمشێر ئاوەردە پەی عالی یارسان پەی چوار نەفەر لە بەش کەرد: ١- سەید محەمەد ٢- سەید بلفا (بلوەفا) ٣- حاجی باوی ٤- سەید مستەفا ٥- شێخ شاهدین ٦- شێخ حەبیب. شا هەم موجەڕەد ئەست. ڤە ئەو چوار نەڤەرەشان ژە یاران قبولْنەکەرد، واتشان ئێمە یانەمان هەنەن پەی وێت، عەلی ئامای کەرد گەر داگەر مۆڤەری تەمامش بۆڤەران، ئەگەر نەمۆڤەری هیچش مۆڤەران، واتش ئەگەر ڤە کەرەمی وێت پەشیمان بینە تەمامش پەی وێت.

واتاکەی:

(سان) فەرمووی هەفتەوانە دوو زاتی موجەڕەدن بە میر، ئێستا هەقی بەسەریانەوە نییە، بەلاّم سونەو شیعە بۆ خۆیان بڕیار بهێنن ئەوەی، ئەوەی بەشداردەبێت کڕنووشی پیری دەبات، شمشێرئاوەردەی بۆ (عالی) و (یارسان)ی بۆ چوار کەسی هەفتوانە دابەشکرد، ئێستا شا موجەڕەدە، ئەو چوار کەسەیان بە یاران قبولْنەکرد، وتیان ئێمە ئەمانەمان هەن ئەوانە بۆ خۆتان، (عالی) فەرمووی ئەگەر هەموویان دەبەیت با بە تەواوی بن، ئەگەر نا هیچیان مەبە، ئەگەر لە بەخشندەیی خۆشت پەشیمانی ئەوە هەموویان بۆ خۆت[٢٦].

---

[٢٦]- هێندەی من لە تێکستەکانی یارسان شارەزابم، پەخشانی نۆزدەیەم تێکەڵی و پێکەڵییەکی تێدایە و شێوازی دارشتنەکەی شێواوە، پێدەچێت (ماشائەلاّ سووری)، نووسەری کتێبی (سرووهای دینی یارسان) بەدەستی مەبەست پەخشانەکەی تێکدابێت، هەتا واتاکەی زۆر رووننەبێت.

## پەخشانی بیستەم

( عالی) ئارماش کەرد پەی شەمە هەم حاشا بکەرەن وە کەسانێ هەنەن بەعد لە ئی دەورە مەیۆ، ئیقرار باوەران وە ظهوری زات وە وێم مەهمانەن مەکەری تا وەعدەی هەزار هەن هەم زاتێ وێم هەم، زاتی سوڵتان عالەم یەکڕەنگ مەکەروم، ئەو وەخت نیشانەش هەن، ئانە حوزووری هەزار هەن بایەد چیهار نەفەر هەم ئەولادشان وە قودرەت تەمام موریدان شەمە بووەن ئینە ئەولاد هەم ژە نوور مەسازی، تا بۆ وە پیرشان وە کەشکۆڵێ ئاوەردوە ئەولادشان سازنا کەردش وەپیری ئەو چوار نەفەرەوە چوار نەفەر هەم زوڕیەتشان زیاد بی.

واتاکەی:

(عالی) وتی بۆ حاشادەکەن لە پاش ئەم دەورەیە یەکێکی تر دێت، من بۆ ماوەی هەزار جار وەك میوان خودی خۆم دەردەخەم، لەوەشەوە خودی خۆم و هینی سوڵتانی جیهان یەکڕەنگ دەکەم، ئەو کاتە نیشانەی خۆی هەیە. ئەوە دەبێت چوار کەس و هەم منداڵەکانیان بە هێزی تەواوەوە موریدی ئێوە بن، منداڵەکانیان بە نوور دەسازێنم هەتا دەبی بە پیریان و هەروەها نەوەیان لێدەکەوێتەوە.

## پەخشانی بیست و یەکەم

بەعد لە ئەو دەورە زەڕەی زات لوا وە (شاوەیسقولی) وە تەجدیدی ئایین کەرد[٢٧]، بەعد لوا وە (شاە ئەیاز)، بەعد لوا وە (محەممەد بەگ)، بەعد لوا وە (ئاتەش بەگ) وە بەعد وە (سەید فرضی)، وە دەورەی (فرضی) وە ئاتەش زات وە هەفتەن وە هەفتەوانە وە چهل تەن و وە چلانە کە مامام میهمان بی زاتی (فرضی) وە لای (ئاتەش بەگ وە

[٢٧]- مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە (شاوەیسقولی)- یەکێکبووە لە (نوێکەرەوە= سۆشیانس)ەکانی دیینی یارسان، ئەوان پێیانوایە لە هەر سەردەمێکدا پێویستیکردبێت، نوێکەرەوەیەك دەرکەوتووە و ئەرکی خۆی بە ڕێکخستنەوە و پاکژکردنەوەی باووبڕەوە دینییەکان ئەنجامداوە.
(نووسەر)

سەید فرضی) بی، بەعد لوا وە دۆرەی (بابا حەیدەر) وە (شا هەیاس) تا هەفت پشت میهمان بی، بەعد لوا وە (زولفەقار گۆران)، بەعد لوا وە (سەید حەیدەر) کە مەشهورەن وە (سەید براکە).

(ئەوەڵ ئاخرم یار)

واتاکەی:

پاشان گەردیلەی زاتم چوونە خودی (شاوەیسقولی)یەوە کە توانی ئاین نوێبکاتەوە، ئینجا چووە دوونی هەر یەك لە (شا ئەیازی یەکەم) و (محەممەد بەگ)ەوە، دواتر چووە دوونی (ئاتەش بەگ) و دواتریش دوونی (محەممەد فەرزی)یەوە، ئینجا چووە دوونی (باوا حەیدەر و شا هەیاس)ەوە و لای ئەوان هەتاکو حەوت پشت بووبە میوان، ئینجا چووە دوونی (زوڵفەقاری گۆران) و دواجار دوونی (سەید حەیدەرەوە= سەی براکە).

(یەکەمین و دوایەمینم یار)

## زمانی پەخشانەکان

بەر لەموو شتێك پێویستە باس لەوەبکەین ئەگەر کەسێك مەبەستی بێت لەم پەخشانانە تێبگات، پێویستە شارەزاییەکی باشی لە زمانی پەخشانەکان هەبێت، کە زمانی ئاخاوتنی کۆنی ناوچەی هەورامان و بە تایبەت هەورامانی لهۆنە، چەندین وشەو دەستەواژەی ئاوێستایی و پەهلەوی لە نووسینەوەیاندا بەکارهێنراون، هەروەها وشەو دەستەاژەی (عەرەبی و فارسی) زۆریشیان تێدایە، بوونی ئەم وشەو دەستەواژانە زۆر شتێکی ئاساییە، چونکە خودی دیینی یارسان میراتگری دیینە ئارییەکانی وەك: (مهرپەرستی و زەردەشتی)یە، هەروەها هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو دینانە بووە لە ناو

جەرگەی دەسەڵاتی ئیسلامدا، دیارە زمانی ئەو دوو دینەش کە (ئاوێستایی و پەهلەوی ئەشکانی)ن کاریگەریان لەسەر زمانی تێکستە دینییەکانی یارسان جێهێشتووە، لەم بوارەدا دەیان نموونەی زیندوو لە ناو تێکستە پیرۆزەکانیاندا هەن، تەنها ئەم دوو نموونەیە دەخەینەڕوو:

أ- باوەیادگار وتوویەتی:

چاگە غوڵامان جەم بیەن جە لامان

نامش گوشتاسپ بی شام وە بێ گومان

ئەز ئەو ئاگر بیم رۆشن کەردم مان

کاکەم (زەردەشت) بێ پوورەی ئەسپیتمان[٢٨]

ناوبراو لەم دوو دێڕەدا وتوویەتی: لە سەردەمی (شا گوشتاسپی کەیانی)دا زەردەشت دەرکەوتووە و خەڵك باوەڕیان پێیهیناوە، ئەو دەمە من ئاگر بووم و رووناکیم بەخشیوەتەوە.

ب- سەبارەت بە پیرۆزی (میهر)یش لە تێکستەکاندا هاتووە:

نامیما میهرە، نامیما میهرە

نە قولەی ئەلەست نامیما میهرە[٢٩]

ئاشکرایە بە پێی ئەم دێڕە دڵنیایدراوە کە یارسانەکان لە سەرەتاوە میهر پەرستبوون.

سەبارەت بە وشەو دەستەواژەی (عەرەبی و فارسی)ش، پێویستە قسە لەوەبکەین ئەم دوو زمانە زمانی دوو نەتەوەی داگیرکارو باڵادەستبوون، زمانی عەرەبی لە رێی دینی پیرۆزی ئیسلام و قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و کتێبە دینییەکانەوە، نەوەك هەر وشەو دەستەواژەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵکو کاریگەری گەورەی بەسەر زانایان و

---

[٢٨]-(ئەیوب رۆستەم)- کاریگەری ئاوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (١٨٥)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان.

[٢٩]- (ئیرەجی بەهرامی)- اسطورة اهل حق- لاپەڕە (٥٧).

شاعیران و عاریفانی کوردەوە جێهێشتووە، هەر لەم بوارەدا زۆربەی رابەران و پیرانی یارسان لە خوێندنی قورئان و کتێبەکانی بواری (فقە و شەریعەت و سۆفیگەری) بەهرەمەندبوون و لە دەریای زانستە ئیسلامییەکاندا مەلەوانبوون، هەردوو زمانەکەش زمانی خوێندنی حوجرەکانی کوردستان بوون و زۆربەی خوێندکارەکانی ئەو حوجرانە بە خوێندنەوە و بە نووسین و بەقسەکردن بەباشی زانیویانن، هەروەها کتێبەکانی ناو ئەدەبی فارسی بە هەموو بوارەکانیەوە لەبەردەستیاندا بوون، کاریگەری شانامە لە لایەك و کاریگەری عاریفان و زانایانی وەك: (مەولانا جەلالەددینی رۆمی (مەولەوی)، شێخ مەحموودی شەبستەری، شەمسی تەبریزی، فەریدەدینی عەتار، خواجە شەمسەدینی شیرازی (حافز)، سەباحەدینی سونبولی (وامیق) و زەکەریای فارسی (عاریف) و دەیان و دەیانی تر لە لایەکی ترەوە، زۆر بەئاشکرا بەسەریانەوە دیارە، ئەمانەش هۆکاری کاریگەربوون کە وشەو دەستەواژەی (عەرەبی و فارسی) لە ناو تێکستەکانی یارساندا هەبن.

ئەو زمانەی پەخشانەکانی پێنووسراوەتەوە، هەر هەمان ئەو زمانەیە کە لە هەر لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی، هەتا قۆناغی (پەردیوەر) و دواتریش بۆ سەدەی یانزەیەمی کۆچی سروودەکانی (یارسان)یشی پێنووسراوەتەوە، بەڵام لە سەدەی یانزەیەمی کۆچی بە دواوە ، زمانەکە زیاتر لە شێوازی ئاخاوتنی ئێستای خەڵکی هەورامان نزیکبووەتەوە، هەروەها دەبینین لە چەندین دێڕە شیعردا راناوی (ئەز) بەکارهاتووە، دیارە بێجگە لە شاعیران و عاریفانی یارسانیش لە لایەن شاعیرانی تری هەورامانەوە، (ئەز) بەکارهاتووە، (سەیدی هەورامی) لە شیعرەکانیدا چەندینجار ئەم راناوەی بەکارهێناوە، هەر بۆ نموونە، فەرموویەتی:

ئەز ئورموون مەکانم بی وەڵاتم

سەرو پیری خوای گێرەن خەڵاتم

دەگەڕێمەوە سەر پێویستبوونی شارەزایی تەواو لە زمانی پەخشانەکاندا بۆ تێگەیشتن لە واتاکانیان ، چونکە ناشارەزایی بووە بە هۆی ئەوەی تەنانەت کۆکەرەوەی پەخشانەکان

(ماشـەلاّ سـووری) نـەتوانێت وەك پێویـست لـە سەرچـاوەكانیانەوە، پەخـشانەكانمان بـۆ بگوێزێتــەوە و چــەندین هەڵــەی زەقــی كــردوون، هــەروەها كەســێكی وەك (مامۆســتا محەممەد ئەمین هەورامانی)یش كە چەندین كتێبی نایابی هەیە، لـە كتێبـی (كاكـەیی)دا كەوتووەتـە هەنـدێك هەڵـەوە، لەوانـە (سـەرانە)ی بـە برایانـە نـاوبردووە[30]، لـە كاتێكـدا (سـەرانە) نـاوی ئـەو گوندەیـە (بـاوا یادگـار)ی تێـدا بەخاكسپێردراوە، هـەروەها لـە رازی كوشتی (هابیل) بە دەستی (قابیل) بـە هەڵـە شـیعرەكەی شـیكردووەتەوە و نووسـیویەتی گوایا (هابیل) براكەی خۆی كوشتووە كە ئەمە پێچەوانەی راستییە.

هـەر لێـرەدا پێویـستە بـاس لەوەبكـەین لـە رێنووسـە لاتینییەكـەدا پیتـە رەسـەنە كوردییەكان وەك (ڤ) لە بری (و)، (ژ) لە بری (ل) زۆر بەكارهێنراون، كە ئەمەش تایبەتمەنـدیی زمـانی پەخـشانەكان و شـێوەئاخاوتنی كـۆنی خـەڵكی هەورامانـە، چـونكە پێویـستە ئـەوە بـزانین تـا ئێـستاش بـە تەمـەن و بەساڵاچـووەكانمان لـە هەورامان ئەم پیتانە زۆر بەكاردەهێنن و لە قسەكردنیاندا بەرجەستەیاندەكەن.

---

[30]-( محەممەد ئەمین هەورامانی)- كاكەیی- لاپەڕە (١٧٩)- چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا- ١٩٨٤.

## بابەتی پەخشانەکان

ئەگەرچی لە نووسینەوەی پەخشانەکاندا ئەوەی پێمانکرا بە پێی تێگەیشتن و شارەزاییمان لە زمانەکەیان، یەکە یەکە واتاکانمان لێکدانەوە، بەڵام لەوە دڵنیاین تێگەیشتنی تەواویان بەو شێوەیە بۆ خوێنەر تاقەتپڕووکێنە و ناتوانێت لە خوێندنەوەیانەوە یەکەیەکی بابەت دروستبکات، چونکە وەك پێشتریش ئاماژەمانپێدا کۆکەرەوەی پەخشانەکان شارەزایەکی باشی لە زمانەکەیاندا نەبووە، بۆیە هەندێك شت تیایاندا بە لێڵی ماونەتەوە. لە هەمانکاتدا پێویستە لەوە ئاگاداربین کە تێگەیشتن لە سروودو پەخشانەکانی (یارسان) بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەو کەسانە گرانە کە شارەزای (رەگوڕیشە، سەرهەڵدان، بلاّوبوونەوە، گەشەکردن، رێکخستنەوەی ) دیینی یارسان نین و ئاگایان لە هێماو دەلالاتە عیرفانەکانیان نییە، بە تایبەت بابەتی (دۆناودۆنی رۆحەکان) و گۆڕینی (جامە)ی رابەران و پیران و کەسێتییە دیارەکانی ئەم دیینە، بە پێی سەردەمەکان و ئەو شوێنانەی کە پەخشانەکانیان تێدا هۆنراوەتەوە. بۆیە پێمانباشە واتاکانیان بەسەریەکەوە لێکبدەینەوە، هەتا لە ئەنجامی خوێندنەوەیانەوە خوێنەر بتوانێت تا ئاستێکی باش لێیان تێبگات و یەکەیەکی بابەت بە لایەوە دروستببێت.

ئەگەر بە وردی لە پەخشانەکان وردببینەوە، ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێت کە ناوەرۆکی هەموویان پێکەوە چیرۆکێك دروستدەکات بەمشێوەی خوارەوە:

سەرەتا هیچ شتێك نەبووە، (مەولا= خودا) دوڕێك بووە لە ناو دەریا، لەو دوڕە هاتووەتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی خۆی پیشانی دوڕەکە داوە، تەقیوەتەوە و رێزە بەرێزە بووە، (دووکەڵ و و تۆزی) تەقینەوەکە بوون بە (هەوا)، ئینجا (مەولا) پارچەیەك لە دوڕەکەی وەشاندوە بە هەوادا و بووە بە (ئاسمان)، ئەستێرەکانیشی دروستکردوون و رووناکی خۆی لە ناو (مانگ و خۆر) و تەنانەت (بەرد)دا جێگیرکردووە. شەو و رۆژو هەر چوار وەرزی ساڵی بڕیارداوە، بە غولاّمەکانی ئەو سەردەمە (فریشتە= مەلائیکە) دەوترێت.

(یارسانەکان بەم دەورەیە دەڵێن دەورەی ژیان و فریشتەکانی دەورەکە ئەمانەن: مەلەك ئامین، مەلەك رەحمان، مەلەك قودوس، مەلەك طیار).

(نووسەر)

پاشان گەوهەرێکی ئاوساندووە کە لە ناو (ئاو)دا بووە، عەرشی خۆی بەسەریەوە داناوە و ناوی خۆی بە (خاوەندگار) ناوە، بە پێی جیاوازی دیین و مەزهەبەکان بە چەند ناوێك، وەك: (تاری، باری، خاوەندگار، یەیبووق، ریاوەند) ناویدەهێنرێت و هەر میللەتێك ناوێکی لێناوە.

ئینجا (ئادەم و حەوا) و پاشان (مرۆڤ و جنۆکە)ی ئافەریدەکردوون، باس لەوەکراوە کە بێجگە لە دەورەی ئادەم شەش دەورەی تر هەن، لە دەورەی (عەلی= عەلی کوڕی ئەبی تالیب) خوا زاتی خۆی خستووەتە ناو (تەن)ی ناوبراو و دیینی شەریعەتی محەممەدی بڕیارداوە، هەر لەو دەورەیەشدا (هەفتتەن و هەفتەوانە و حەفتاو دوو پیر) تەواوبوون، ئینجا باس لە دۆناودۆنی رۆحی خودا کراوە کە چۆن چووەتە تەنی هەریەك لە: (شاخۆشێن، باوا ناوس، باواجەلیل، باواسەرهەنگ، بالوول)ەوە، هەتاکو گەیشتووەتە تەنی (سان سەهاك)[31].

دواتر باس لەو گۆڕان و جێگۆڕکێ کراوە کە جارێك بە زیاد و جارێك بە کەم لە هەفتەن و یەك تەن و هەفتەوانە روویانداوە، ئەوەش خراوەتەڕوو کە (پیر بنیامین) چووەتە ژێرساجی ئاگرەوە، بەڵام (پیرالی= پیر عالی) لە بەر ئەوەی جەستەی پاك نەبووە نەیتوانیوە بە جەستە بچێت و تەنها رۆحی چووەتە ژێرساجەکەوە و جەستەی لە دەرەوە ماوەتەوە.

---

[31]– (کێشەی تێگەیشتن لە پەخشانەکان لەم شێوە باسکردنەدایە، چونکە جێگیربوونی رۆحی خودا لە تەنی مرۆڤدا ئەگەر وەك (زات بەشەری)، یان (زات میهمانی) بێت، بە پێی زنجیرەو سەردەمەکان، بەمشێوەیە: حەزرەتی ئادەم، عەلی کوڕی ئەبی تالیب، بالوولی مایی، باواسەرهەنگی دەودانی، شاخۆشێن= موبارەك شا، باوا ناوسی سەرگەتی، سان سەهاکی بەرزنجی)، بەڵام لەم پەخشانەدا ناوەکان پاش و پێشێکی بێمانا کراون، دەبینین ناوی (باوا جەلیل) هاتووەتەناو کە لە حەوت دەورەکە نییە، بەڵکو ساڵی (١٨٨٣ ك) لە دایکبووە و (زات میوانە). (نووسەر)

لە درێژەی بابەتی پەخشانەکاندا باس لە سرووتی قوربانیکردن کراوە و ئەوە خراوەتەڕوو یەکەم قوربانی (کەڵە زەردە) بووە، ئەم قورابانیکردنە بە ئامادەبوونی خودی (سان سەهاك) بەڕێوەچووە (جەم)یان بۆ کردووە و گۆشتەکەی بەسەر جەمنشیناندا بەشکراوەتەوە، ئینجا باس لە فەرمانی (سان سەهاك) کراوە سەبارەت بەوەی (پیر بنیامین) بازنەی (هەفتەوانە) بخاتە ژێرفەرمانی خۆیەوە و لە شوێنی (سان سەهاك) نزابخوێنێت، بەلاّم (پیر بنیامین) قایلنەبووە بە بیانووی ئەوەی کە (هەفتەوانە) دوو رەنگن، بەواتا دوو بۆچوونیان هەیە، ئاماژەش بەوە دراوە کە رۆحی (سان سەهاك) دەچێتە تەنی (حاجی بەکتاش)ەوە.

پاشان باس لە قۆناغی ئاشکراکردنی دیینی یارسان و هەموو رەوییە دینییەکان کراوە، ئاوڕ لە بابەتێکی (مێژوو)یش دراوەتەوە، ئەوەش بە دیاریکردنی سنوور لە نێوان شای سەفەوی و سوڵتانی عوسمانی بە سەرپەرشتی (سان سەهاك). هەر لە درێژەی باسەکاندا سەفەری رۆحی (سان سەهاك) بۆ ماوەی سەدساڵ و جێگیربوونی لە تەنی (حاجی بەکتاشی وەلی) و بڕیاردانی ڕێوڕەچەی (عەلەوی) خراونەتەڕوو، پاشان ئاوابوونی رۆحی (سان) لە تەمەنی (حاجی بەکتاش) و گەڕانەوەی بۆ (پەردیوەر) باسکراوە.

ئینجا باس لە ململانێی نیوان (داود) لە لایەك و (سەید ئەحمەدی میری سوور) کراوە کە تیایدا (داود) سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و (سان سەهاك) پشتگیری لە کوڕەکەی خۆی نەکردووە، هەر لەبەر ئەوە (میر) دووجار هەوڵی کوشتی (سان سەهاك)ی داوە، هەروەها تەشەنەکردنی ململانێکە کە لایەکی دوو کوڕە گەورەکەی (سان سەهاك) هەریەك لە (سەید محەممەدی گەورەسوار و سەید ئەحمەدی میری سوور، هەروەها لایەکەی تریشی هەریەك لە (پیر بنیامین، داودی رەهبەر، پیر سووسا) لە بازنەی (حەوتتەن) بوون، ئینجا باس لە ململانێکەی نێوان (میر) لە تەنی (ئیبراهیم) و (باوا یادگار) کراوە، کە بە هۆیەوە (باوایادگار) سەفەری (هیندستان)ی کردووە هەتاکو لە (ئیبراهیم)ەوە دووربێت، هاوکات ئەو دەسەلاّتە زۆرەی کە (سان سەهاك) داویەتی بە (باوا یادگار) و کردوویەتی بە پیری (یارسان).

له درێژەی پەخشانەکاندا باس لەوەکراوە یارسانەکان بە سەر دوو بەشدا دابەشکراون بە ناوەکانی (شمشێر ئاوەردە[32]) کە بە (عالی) سپێردراون و ئەوانی تریش هەر بە ناوی (یارسان) بە چوار کەس لە بازنەی (هەفتەوانە) سپێردراون، هاوکات یەکرەنگبوونی (عالی و سەهاك) خراوەتەڕوو، بە واتا ڕۆحی (سان سەهاك) چووەتە تەنی (عالی)یەوە.

له کۆتاییدا باس لەوەکراوە کە بە پێی (دۆناودۆن)، ڕۆحی خودا چووەتە تەنی (شاوەیسقولی)یەوە و وەك (سۆشیانس) توانیویەتی دیینی یارسان نوێبکاتەوە، دواتر چووەتە تەنی هەریەك لە (شا ئەیازی یەکەم و محەممەد فەرزی)یەوە ،ئینجا چووەتە تەنی (باوا حەیدە رو شا هەیاس)ەوە و هەتاکو حەوت پشت لە لایان میوانبووە، پاشان چووتە تەنی (زولفەقاڕی گۆران) و دواجاریش تەنی (سەید براکە)ەوە.

هەر لە درێژەی ئەم باسەدا دەڵێین: (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامی) لە کتێبی (کاکەیی)دا، نووسیویەتی (پەخشانەکان بە ناوو رواڵەت بیست و یەکن)، بەڵام لە ناوەرۆکدا سەراپایان چیرۆکێکی درێژ دروستدەکەن، باسی دروستبوونی دونیا دەکەن هەر لە سەرەتایەوە و تاکۆێ گەیشتووە و تا کوێ دەگا، هەروەها لەبەردەم (سوڵتان)دا گفتوگۆیەکی دژوار و ناکۆکی بەتین، ململان و زۆرانبازی و دەمەتەقی، پاشان سەرکەوتنی یەکێ بەسەر ئەوی تردا و دەربڕینی بیروڕای سوڵتان لەو رووەوە دەخەنەڕوو[33].

پێویستە قسە لەوە بکەین، رابەران و پیران و عاریفانی یارسان، لە بابەتی پەخشانەکان بەهرەیان وەرگرتووە، هەندێکیان بە زمانی شیعر لە دوو توێی (سروود)دا ناوەرۆکی پەخشانەکانیان لە کتێبەکانیاندا خستووەتەڕوو، هەر بۆ نموونە نەوەك

---

[32]- لەناوهێنانی بەشێك لە یارسانەکان بە (شمشێرئاوەردە)، گوایا بە حوکمی شمشێر کرابن بە (یارسان) من بە گومانم، چونکە ئەم ناوە لە گەڵ جەوهەری یارسان یەکناگرێتەوە، بە درێژایی مێژووی دیینەکە لە سەرچاوەکاندا هیچ شتێکی وا بەرچاوناکەوێت کە یارسانەکان بۆ بلاوکردنەوەی دینەکەیان شەڕوشۆڕیان کردبێت و شمشێریان بەکارهێنابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە خۆیان لە شمشێری نەیارانیان پاراستووە.

(نووسەر)

[33]- (محەممەد ئەمین هەورامانی)- کاکەیی- لاپەڕە (٢٧٥)- چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا- ١٩٨٤.

سەرژمێر ناوی یەکێك لەوانە دەهێنین کە لەم مەیدانەدا زۆر بە توانا بووە و شوێن پەنجەی دیارو کاریگەرە، ئەویش (خان ئەڵماس کوڕی محەممەد بەگی لوڕستانی)یە، ناوبراو یەکێکبووە لە گەورە شاعیران و عاریفانی یارسان، ساڵی (١٠٧٢ ك) لە لوڕستان لە دایکبووە و دانەری یەکێکە لە کەلامەکان بە ناوی (کەلامی خان ئەڵماس)، ساڵی (١١٣٨ ك) کۆچی دواییکردوە، لێرەدا چەند دێڕێك لە سروودەکەی سەبارەت دروستبوونی دونیا دەنووسینەوە:

هەفت دوونەن بەیان بۆ ڤاچان پێتان

نەهەقیقەت بزانان مەعلووم بوو لێتان

ئەوسا نەلەو بی نە ئاریا بی

نە ئەرش بی نە فەرش جیهان دەریا بی

مەولام ڤە دوڕ بی دووڕ ڤە تەی دەریا

ڤە دوڕ بەرئاما جیهان کەرد مەهیا

نامێ ڤێش نیا ڤە خاڤەندگار

ئەرش و قوڕش و فەرش ئەوسا دا قەرار[٣٤]

سروودەکە درێژە و پێویست بە نووسینەوەی هەمووی ناکات، تەنها ئەم چەند دێڕە مەبەستبوون کە وەك نموونەیەك سەبارەت بە کاریگەری بابەتی پەخشانەکان لە سەر عاریفان و شاعیرانی یارسان، هەروەها هۆنینەوەی ئەو بابەتانە بە زمانی شیعر خرانەڕوو.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دێینەسەر ئەوەی بڵێین، ئەگەرچی نووسینی واتای پەخشانەکان بەسەر یەکەوە، بۆ خوێنەر تا ئاستێکی باش بەسوودە و تێگەیشتن لێیان ئاساندەکات، بەلام پێمانباشە گەوهەری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم چەند خاڵەدا بخەینەڕوو:

---

[٣٤]- (ئەیوب رۆستەم)- یارسان- لاپەڕە (١٣٨)- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت.

١- بێئاگابوون لە تێكستە دینییەكانی یارسان و نەبوونی شارەزایی تەواو لـە زمـانی تێكستەكاندا، كەموكوڕییەكی گەورەیە لە ناو رۆشنبیریی ئێمەی كورددا، هاوكات كاریگەری خراپی بەسەر گوتاری نەتەوەییمانەوە هەیە، چونكە لەو تێكستانەدا خەرمانێك لە ئەدەب و عیرفان و چەندین بابەتی گرنگ سەبارەت بە پێشینەی مێژوویی و دیینی و لایەنە جیاجیاكای ژیانی كوردەواری باسیان لێوەكراوە.

٢- فەلسەفەی یارسان بۆ (خودا، بوون، مرۆڤ، كۆمەڵ) لە پەخشانەكاندا قسەی لێوەكراوە و بە پێی باوەڕی دیینی خۆیان ئەم لایەنانە شیكراونەتەوە.

٣- یەكەم مرۆڤ كە لە لایەن (مەولا= خودا)وە ئافەریدەكراوە (ئادەم) بووە و لە سەر شێوەی (عەلی كوڕی ئەبی تالیب) ئافەریدەكراوە، هەروەها (ئادەم) بە رێزدارترین ئافەریدەكراو ناویهێنراوە.

٤- بەرجەستەبوونی رۆحی خودا لە تەنی مرۆڤدا، بۆ یەكەمجار لە تەنی (حەزرەتی عەلی كوری ئەبی تالیب)دا بووە، پاشان ئەو بەرجەستەبوونە لە تەنی هەریەك لە: (بالوولی مایی، باوا سەرهەنگی دەودانی، شاخۆشێنی لۆرستانی= موبارەك شا، باوا ناووسی سەرگەتی، سان سەهاكی بەرزنجی، باوا جەلیلی دەودانی، عالی= عالی قەلەندەر، شاوەیسقولی قرمزی)دا دووبارەبووەتەوە، (شاوەیسقولی)ش بە نوێكەرەوەی دیینەكە لە قەڵەمدراوە.

٥- لە قۆناغەكانی دواتریشدا لە تەنی هەر یەك لە (شا ئەیازی یەكەم، محەممەد بەگ، ئاتەشی بەگ، محەممەد فەرزی، باوا حەیدەر، شا هەیاس، زولفەقاڕی گۆران، دواجاریش لە تەنی (سەی حەیدەر ناسراو بە سەی براكە)دا دووبارەبووەتەوە.

٦- - لەگەڵ هەر بەرجەستەبوونێكی رۆحی خودا لە تەنی (مرۆڤ)دا، چوار فریشتەكە و بازنەكانی (هەفتەن = حەوتەن، هەفتەوانە = حەوتەوانە) و هەندێك جاریش (چلتەن) و چلانە = چلی چلتەنان) لە رێگەی دوونـاودوونی رۆحەكانەوە دووبارەبوونەتەوە.

٧- - هەموو مرۆڤێك خاوەنی گەردیلەی خودایيە، ئەو گەردیلانە لە مرۆڤی ئیماندار و چاكدا بالأدەكەن، بۆ ئەو بالأكردنەش پێویستە رێی هەق (مەبەست دیینی یارسان)ە، بەتەواوی بگرێتەبەر و بە چوار مەرجە سەرەكییەكەیەوە: (پاكی، راستی، خۆنەویستی، چاكە)وە پابەندبێت، وەك لەم بارەوە لە بەندی (٥٥) كتێبی (بارگە بارگە)دا، (پیر نازداری شیرازی) وتوویەتی:

یاران یاوەران رای هەق راسیەن
پاكی و دروستی و رەداو خاسیەن[٣٥].

هەروەها گەردیلەكان لە مرۆڤی بێئیمان و خراپەكاریشدا دەپووكێنەوە، هەر بۆیە دۆناودۆنی رۆحەكان لە تەنێكەوە بۆ تەنێكی تر لەسەر بنەمای ئیمان و كرداری خاوەنەكەیەتی[٣٦].

---

[٣٥]- سەرەنجام- بارگە بارگە- بەندی (٥٥)- برگەی دووەم- لاپەڕە (٧٥).

[٣٦]- (ئەیوب رۆستەم)- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەڕە (١٦٠)- لە بلاوكراوەكانی سەنتەری مارگرێت.

# چەردەیەك سەبارەت بە هەندێك لە رازە مێژووییەكانی ئاوێستا لە شیعرەكانی ( بارگە بارگە )دا

# چەردەیەك سەبارەت بە هەندێك لە رازە مێژووییەكانی ئاوێستا لە شیعرەكانی ( بارگە بارگە )دا

هەموومان دەزانین زۆرێك لە رازە مێژووییەكانی هەر ئیمپراتۆریا و حوكمڕانی و گەل و نەتەوەیەك لە دوو توێی مێژووی حوكمڕنەكانیاندا دەخوێنرێنەوە، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە مێژووی ساسانییەكان ئاگاداربین، ئەوە پێویستدەكات ژیاننامە و بەسەرهاتی كیسراكان بخوێنینەوە، هەروەها ئەگەر بمانەوێت لە مێژووی (رووسیای تزاری) ئاگادابین پیویستدەكات مێژووی ژیانی تزارەكان بخوێنینەوە و بۆ هەموو دەسەڵاتدارییەكانی تریش بە هەمانشێوەیە. لێرەشەوە دەبینین ژمارەیەك راز و گێڕانەوەی مێژوویی سەبارەت بە:

(هۆشەنگ و جەمشید و فەرەیدوون)ی پێشدادی، (كەی قوباد و كەیكاوس و كەی خوسرەو و نەوزەر و مەنوچەر)ی كیانی، هەروەها هەریەك لە (رۆستەم و زۆراب و فەرامەرز و گودەرزز و گیو و ئارش و داراب و دارا و ..... هتد)، لە ناو ئاوێستادا قسەو باسیان لێوەكراوە، هەمان ئەم كەسێتییانە لە ناو شیعرە عیرفانییەكانی (بارگە بارگە)شدا ناویانهاتووە و دەربڕینەكانیش لە هەردوو كتێبدا زۆر لە یەكدەچن. وەك پێشتریش وتوومانە هەروو كتێبی (ئاوێستا و بارگە بارگە) كتێبی دینین، یەكەمیان تایبەتە بە شوێنكەوتوانی دینی زەردەشتی و دووەمیشیان تایبەتە بە شوێنكەوتوانی دینی یارسان، ئەگەر مرۆڤ تەنها بە ئەقڵ و ئاوەز لە بابەتەكانیان بڕوانێت ئەوە گومان لە زۆربەیان دروستدەكات و دەیانخاتە ناو چوارچێوەی ئەفسانەوە، بەڵام تەنها ئەقڵ و ئاوەزی مرۆڤ بەسنین بۆ ئەوەی پەی بە هەموو بابەت و راز و گێڕانەوە دینییەكان ببات، ئەوەی ئەقڵ بە ئەفسانەی دەزانێت لە روانگەی دینەوە (پەرجوو= موعجیزە)یە، لێرەدا چەند نموونەیەك لە ناو دینە ئینسانی و ئاسمانییەكاندا دەخەینەپێشچاو.

١- بە پێی باوەڕی میترایییەکان، (میترا) سەرەتا لەبەردێك و لەناو ئەشكەوتێك شەوی شەممە ڕێکەوتی (١٢/٢٤ ساڵی ٢٧٢پ.ز) لە درێژترین شەوی ساڵدا لەدایکبووە[١]، شەوی لەدایکبوونی (میترا) (شەوی یەڵدا)ی پێیدەوترێت ، پاش لەدایکبوونی شوان و بەرغەلەوانەکان پەرستوویانە و ئینجا بووە بە هاوئاهەنگی خۆر، ڕۆژێك گاکێوییەکی کێشاوەتە ناو ئەشکەوتەکەوە و زنجیریکردووە، بەفەرمانی خۆر (کولاغ= قەلەرەشکە) گاکەی کوشتووە، لەهەناوی (گا)کەوە گوڵەگەنم و داری مێو سەوزبوون، ئینجا (مار و مێروو) ئەندامی نێرینەی گاگەیان خواردووە، پاشان (میترا) چووە بۆ ئاسمان و جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆسەرزەوی، بەگەڕانەوەی بۆسەر زەوی هێزێکی وەهای بەخشیوە بە مردووەکان هەتاکو هەموویان هەستنەوە، سنوورێکیشی لەنێوان چاکە و خراپە داناوە و بەو شێوەیە چاکەکارانی لە خراپەکاران جیاکردووەتەوە، دواجار گایەکی سەربڕیوە لەگەڵ شیلەی پیرۆزدا خۆشاوێکی لێدرووستکردووە، هەرکەسێك لەو خۆشاوەی خواردووەتەوە چووەتە ژیانی نەمرییەوە.

٢- سەبارەت بە دیینی زەردەشتی، لە کتێبی (دینکەرد[٢])دا چیرۆکێك دەربارەی لە دایکبوونی (زەردەشت) خراوەتەڕوو ئەمەی خوارەوە چەند دێڕێکیەتی، ڕەوانی زەردەشت لە سەرەتاوە لە جیهانی بالأدا ژیاوە، کاتێك لە دایکبوونی ئەو هاتۆتە پێش (بەهمەن و ئۆردیبهێشت) کە دوو (یەزد)ی پایە بەرزن، لاسکی گیایەکی پیرۆزیان هێناوە بەناوی (هوم=Hauma) و ڕەوانی زەردەشتیان تێدا جێگیرکردووە، کاتێك (پوروشەسپ)ی باوکی چووەتە دەشت سەرنجی بۆ لای ئەو گیایە ڕاکێشراوە و لێیبردۆتەوە بۆماڵەوە، بەم شێوەیە ڕەوانی (زەردەشت) لە ئاسمانەوە گوێزراوەتەوە بۆ سەر زەوی.

---

[١]– (ئیرەجی بەهرامی)– اسطورە اهل حق–لاپەڕە (٦٨).

[٢]- (دینکەرد) ناوی ئەو کتێبەیە کە بەفەرمانی (ئەردەشێری بابکان)ی یەکەم پادشای ساسانی لەرێگەی ڕۆحانییە زەردەشتییەکانەوە لەهەموو وێنە پەڕاگەندەکانی (ئاوێستا) کۆکراوەتەوە و بە سەرپەرشتی (مووبدان مووبد)ی ئەو سەردەمە نووسراوەتەوە، ئەردەشێری بابکان لەنێوان ساڵەکانی (٢٤١- ٢٢٦پ .ز) حوکمڕانیی دەوڵەتی ساسانی کردووە، بەبنیاتگوزاری ئەو دەوڵەتە دەدرێتە قەڵەم.

بڕوانە کتێبی ئاوێستا-بەرگی یەکەم-لاپەڕە (١٥) تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی (د.جلیل دوستخواه) لە بلاْوکراوەکانی مروارید.

پاشان کاری خولْقاندنی تەنی (زەردەشت) بە دوو (یەزد)ی تر سپێردراوە بەناوەکانی (ئەمرداد= یەزدی ئاو) و (خورداد= یەزدی گیاکان)، ئەم دوو یەزدە پاش ئەوەی کاری خۆیان لە ئاسماندا تەواوکردووە باریونەتە سەرزەوی، (تەنی زەردەشت) یان لەناو رەگی گیادا چەقاندووە، پاش ئەوەی ئەو گیایە رواوە (پوروشەسپ)ی باوکی زەردەشت بەرێنمایی (ئەمرداد و خورداد) شەش مانگای خۆی بردۆتە دەشت بەمەبەستی لەوەڕاندنیان، کاتێك مانگاکان لەو گیایەیان خواردووە گوانەکانیان لە (شیر) پڕبوون، (دەغدۆ)ی هاوسەری (پوروشەسپ) مانگاکانی دۆشیون و هاوسەرەکەشی لەو گیای (هوم=Hauma)ەی کەپێشتر بردوویەتییە ماڵەوە و رەوانی زەردەشتی تێداجێگیرکراوە وشکیکردۆتەوە، وەراندویەتیە ناو شیرەکەوە و لەگەڵ (دەغدۆ) لێانخواردۆتەوە، پاش ماوەیەك (زەردەشت) لە دایکبووە[3].

٣- سەبارەت بە دیینە ئاسمانییەکانیش دەڵێین: چە شوێنکەوتوویەکی خاوەن باوەڕی مەسیحی گومان لەوە دەکات حەزرەتی (مەسیح) بۆ ئاسمان بەرزبووەتەوە و لەو سەردەمەدا کە دووبارە دێتەوە سەرزەوی (ژیاندنەوە)ی مرۆڤەکانە[4]، یان چە موسڵمانێکی باوەڕدار گومان لە قاشکردنی سنگی پێغەمبەری پێشەوامان و دەرهێنان و فڕێدانی تۆوی جەهالەت لە ناویدا دەکات کە بە پێی ئایەتی پیرۆزی (الم نشرح لك صدرك) سەلمێنراوە، بە دڵنیاییەوە دەڵێین هیچ شوێنکەوتوویەکی باوەڕداری ئەم دوو دیینە بچووکترین گومان لەو دوو (پەرجوو= موعجیزە)یە ناکات.

پاش ئەم دێڕانەی خرانەڕوو دەگەڕێینەوە سەر مەبەستی سەرەکیمان کە نیگاکردنێکە لە هەندێك لە رازە مێژووییەکانی ناو کتێبی (ئاوێستا) کە باس لە چەندین پادشاو پاڵەوان و کەسێتی گەورەو ناوداری (پێشدادی و کەیانی ) دەکەن و رەنگدانەوەی ئەو رازانە لە ناو شیعرە عیرفانییەکانی کتێبی (بارگە بارگە)دا وەك لە خوارەوە هاتووە:

١- هۆشەنگ پێشدادی: لە ئاوێستادا ناوی بە (هئوشینگە) هاتووە کە واتای چاکوەستای بواری تەلارسازی دەدات، لە زمانی (پەهلەوی)یشدا بە (هۆشەنگ) ناوی هاتووە کە هەمان

---

[3]- (عەبدولعەزیمی رەزائیی)- تأریخ دەهزار ساله ایران — جلد اول- لاپەڕە (٧٠).

[4]- (د. علی اکبر ترابی)- تاریخ الادیان- چاپ دووم- تهران ١٣٤٧.

ناوهێنانە کوردیەکەیەتی، ناوبراو کوڕی (سیامەك کوڕی کەیومەرثی پێشدادی)یە[٥].
سەبارەت بە (هۆشەنگ) لە (ئاوێستا)دا هاتووە: ناوبراو لە پەروەردگاری خۆی پاڕاوەتەوە کە بیکات بە گەورەترین دەسەڵاتدار و (یەزد[٦])ەکانیش ئەو داوایەیان قبوڵکردووە، دیارە لە دیینی زەردەشتیدا سی (یەزد) هەن و هەر یەکەیان تایبەتە بە رۆژێکی مانگەوە.

بە پێی (شانامەی فیردۆسی) هۆشەنگی پێشدادی چل ساڵ پادشایەتی کردووە و لە سەردەمی حوکمڕانییەکەیدا وڵات پێشکەوتووە، هەروەها نووسیویەتی جەژنی (سەدە) بۆ یادی ئەوە. لە کتێبی (تاجگزاری در ایران باستان)دا هاتووە، کاتێك بووە بە پادشا فەرموویەتی من پادشای حەوت کێشوەرم[٧].

لە بەندی دووەمی کتێبی (بارگە بارگە)شدا یەکێك لە پیرەکان بە ناوی (پیر قابیلی سەمەرقەندی[٨]) وتوویەتی:

ئۆ یانەی هۆشەنگ ئۆ یانەی هۆشەنگ
بارگەی (شا)م لوا ئۆ یانەی هۆشەنگ
(شا)م وێش هۆشەنگ بێ دارای فەر و هەنگ
ئاهر زەردەبام ئەو مەدا پەڕەنگ[٩]

بە پێی باوەڕی یارسانەکان وشەی (شا)م لێرەدا واتای پەروەردگار دەدات و گوایا یەکێك لە بارگە خودابیەکان لە ماڵی (هۆشەنگی پێشدادی) دابەزیوە.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی وشەی (شا)م، با لەم دوو دێڕە لە شیعری (عابدینی جاف) وردببینەوە کە لە کتێبی بەندی (٣)ی دەورەی عابدیندا بڵاوکراوەتەوە، ناوبراو وتوویەتی:

---

[٥]- (د. عبدالله رازی)- تاریخ کامل ایران- لاپەڕە- (٢)- ١٣٤٧.

٨- (یەزد= ئێزد) بە واتای فریشتەی زەردەشتی دێت.

[٧]- (علیقلی اعتماد مقدم)- تاجگزاری در ایران باستان- لاپەڕە (٣)- انتشارات وزارت فرهنگ و هنر.

٩- لە دوادواکانی چەرخی حەوتەمی کۆچی لە (سەمەرقەند) هاتووەتە دونیاوە و ساڵی (٧٥٦ك) کۆچی دواییکردووە.

[٩]- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٤٧).

سەهاك ئێژێ شای گەردوونم

دانەی دیدەی ژێر جەیحوونم

ئەو راس ئێژێ ئەزیش سونم

دەتان مێژم بە سنوونم

ئەوو هودایە و من مەجنونم

شێتی ئەوم چاوەڕونم[10].

هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانین بڵێین: سەبارەت بە (کەیومەرث) جیاوازی لە ناو فارسەکاندا هەیە و لەمبوارەدا چەند بۆچوونێکیان دەربڕیوە، هەیانن وتوویانە کوڕی حەزرەتی (ئادەم) بووە، هەشیانن پێیانوایە ناوبراو کوڕی (ئومیم کوڕی لاوز کوڕی ئیرم کوڕی سام کوڕی نوح)ە، کەمینەیەکیش وتوویانە ئەو بنەڕەتی رەچەڵەکی مرۆڤ و سەرچاوەکەیەتی[11].

٢- جەمشید پێشدادی: لە ئاوێستادا ناوی بە (یمە) هاتووە و لە زمانی (پەهلەوی)یشدا بە (جەم) ناویهێنراوە، خودی وشەی جەم لای زەردەشتییەکان گلێربوونەوە دەگەیەنێت و لای یارسانەکان بە واتای کۆبوونەوەی دینییەوە دێت، وەك لە (ئاوێستا)دا هاتووە ناوبراو ئەو کەسەیە کە (ئاهۆرمەزدا) مەبەستی بووە پایەی پەیامبەری بداتێ، کەچی ئەو داوای دەسەڵاتداریێتی کردووە، لە (زامیاد یەشت[12])دا هاتووە: لە سەردەمی ناوبراودا نە سەرما بووە نە گەرما، نە پیری بووە نە مردن[13]، ئەوەندە دەسەڵاتی زیادییکردووە هەتا دواجار لە خۆی گومڕابووە و خۆی بە خودا ناساندووە.

هەندێك بە هەڵە تێکەڵاوییان لە نێوان (جەمشید و سلێمان)دا کردووە و بە یەك کەس ناویانهێناوە، بەڵام (ئیبن موقەفەع) وتوویەتی ئەوە بۆچوونێکە دوورە لە راستییەوە چونکە ماوەی نێوان ژیانی (جەمشید و سلێمان) سێ هەزار ساڵە. لە کتێبی (وەندیداد)دا

---

[10]- سەرەنجام- دەورەی عابدین- لاپەڕە (٤٩٦، ٤٩٧).

[11]- (ابی الحسن علی بن حسین بن علی المسعودی)- مروج الذهب ومعادن الجوهر- المجلد الاول- بتحقیق- (محمد محی الدین عبدالحمید)- ص (٢٢٠)- ١٩٦٤.

[12]– (زامیاد یەشت) یەکێکە لە (٢٢) یەشتەکان و بە سروودی (هەڤارنۆ) بەناوبانگە.

[13]- اڤستا- الکتاب المقدس للدیانه الزرادشتیه- اعداد- (د. خلیل عبدالرحمن)- ص (٦١٧).

هاتووه، ئاهورامەزدا جەمشیدی لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە زستانێکی سەخت دێتە پێشەوە و هەموو دەشت و مێرگ و کێوەکان بەفر دایاندەپۆشێت، بۆیە ئەمیش باخێکی دروستکردوە جۆرەها گیاندار و ئاژەڵ و توخمی مرۆڤ و خۆراکی بردووەتە ناویەوە، بارانێکی زۆر باریوە و دونیای وێرانکردووە، لە ماوەی بارانبارینەکەدا (جەمشید) لە ناو باخەکەدا ماوەتەوە، پاش بڕانەوەی باران لە باخەکەی دەرچووە و دووبارە زەوی ئاوەدانکردووەتەوە[14]. لێرەدا پێویستە بڵێین کە جۆرە لێکچوونێك لە نێوان ئەم رازە و تۆفانەکەی (حەزرەتی نوح)دا هەیە.

سەبارەت بە ناوبراو لە بەندی (٥٨) کتێبی بارگە بارگە (پیر عنوان کەعبەیی) وتوویەتی:

نە ئەو کۆی جەمشید نە ئەو کۆی جەمشید
بارگەی (شا)م وستەن نە ئەو کۆی جەمشید
وێش بی مەنوچەر چاوی رووی ئومێد
جەمشێر زەرەبام بی جە وەری زێد
حاجات جیهان ئەو کەردش پەدید
تەعلیم حەیوان پا دەستش وەرزێد

گاهێ جە باتن گاهێ جە زاهێد
یاران جە رەنگش نەوان نائومێد[15]

بە هەمان شێوەی هۆشەنگ، یارسانەکان پێیانوایە یەکێك لە بارگە خوداییەکان لای (جەمشید) دابەزیوە. هەروەها لەم دێڕانەدا دەرکەوتووە کە لە قۆناغەکانی دواتردا رەوانی چووەتە ناو جەستەی هەریەك لە (مەنوچەر و باوە یادگار)ەوە، دیارە ناوی (باوە

---

[14]- (دکتر عبدالله رازی)- تاریخ ایران کامل- لاپەڕە (٤)- چاپ چهارم- ١٣٤٧.

[15]- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٧٨).

یادگار) بە نازناوەکەی هاتووە کە پێیدەوترێت (یار زەردەبام) و یەکێکبووە لە بازنەی (حەوتتەن). لە نیوە دێڕی چوارەمی شیعرەکەدا نووسراوە:

گاهێ جە یاتن گاهێ جە زاهید

وشەی زاهید لێرەدا تەنها بۆ راگرتنی سەروای شیعرەکە دانراوە و پێویستبوو (زاهر) بوایە.

٣- فەرەیدوون پێشدادی: لە کتێبی ئاوێستادا بە (ترائیتۆنە) ناوی هاتووە و لە زمانی (پەهلەوی)یشدا بە (فریتۆن)، بە پێی ئاوێستا باوکی ناوبراو لە لایەن (زوحاك)ەوە کوژراوە و دایکی بە شیری (مانگا) گەورەی کردووە، پاش سەرکەوتنی کاوە بە سەر (زوحاك)دا حوکمڕانی دراوە بە (فەرەیدوون). ناوبراو سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی: (سلەم، تور، ئیرەج)، حوکمڕانی ئێرانی داوە بە (ئیرەج) کە بچووکترین کوڕی بووە، حوکمڕانی خۆرئاوای داوە بە (سلەم) و حوکمڕانی (چین)ی داوە بە (توور)، هەر لەبەر ئەوە هەردوو برا (سلەم و تور) برا بچووکەکەی خۆیان کوشتووە، (فەرەیدوون) بۆ کوشتنی کوڕی بچووکی زۆر نیگەرانبووە و بڕیاریداوە تۆڵەی کوشتنی لە براکانی بکاتەوە[١٦].

سەبارەت بە ناوبراو لە بەندی (٥٨)ی کتێبی (بارگە بارگە)دا (پیر عینوان کەعبەیی) وتوویەتی:

داود بێ کاوە ئوستاد حەدید

فەرەیدوون رۆچیار دەفتەرش تەمجید[١٧]

لەم دێڕە شیعرەدا ئەوە دەردەکەوێت، یارسانەکان پێیانوایە (داود) کە دەلیلی یارسانەکانە لە قۆناغی (پەردیوەر)دا، رەوانی پێشتر لە دۆنی (کاوە)دا بووە و رەوانی (فەرەیدوون)یش لە هەمان قۆناغدا لە دۆنی (رۆچیار)دایە، دیارە (رۆچیار) نازناوی (شا

---

[١٦]- (دکتر عبدالله رازی)- تاریخ ایران کامل- لاپەڕە (٥)- چاپ چهارم- ١٣٤٧

[١٧]- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٧٨).

ئیبراهیمی ئێوەت)ە کە یەکێکبووە لە بازنەی (هەفتتەن[١٨]) و لە تێکستەکانی یارساندا بە (مەلەك تەیار)یش ناویهاتووە. هەر لێرەدا دەڵێین بە لای راستی گوندی (دەرەتوێ)وە کە یەکێکە لە گوندەکانی هەڵگرانی ڕێوڕەچەی یارسان، نەزرگەیەك هەیە کاکەییەکانی (هاوار و هاوارە کۆن و دەرەتوێ) پێیدەڵێن (مەزاری شا ئیبراهیم)، ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە و پێویست بە راستکردنەوە دەکات، ئەو شوێنە مەزاری شا ئیبراهیمی ئێوەت نییە، چونکە ناوبراو کە لە ساڵی (٧٦٥ك) لە پەردیوەر لە دایکبووە و یەکێکبووە لە بازنەی (هەفتتەن)، بە فەرمانی (سان سەاکی بەرزنجی) نێردراوە بۆ خانەقین و ساڵانێك لەوێ ماوەتەوە، پاشان هەر بە فەرمانی (سان سەهاك) چووەتە بەغداد و خەڵکی بۆ سەر ڕێوڕەچەی (یارسان) بانگهێشتکردووە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمی کۆچی کۆچی دواییکردووە و هەر لەوێش بەخاکسپێردراوە، کەواتە مەزاری ناوبراو لە شاری (بەغداد)دایە، بەڵام پێیدەچێت لە قۆناغی پەردیوەر بەو ناوچەیەدا تێپەڕیبێت و ئەو شوێنە وەك نەوایەکی کاتی، یان شوێنی حەوانەوەی بووبێت.

٤- کەیقوباد کەیانی: لە کتێبی ئاوێستادا ناوی بە (کی کواتە[١٩]) هاتووە و لە زمانی (پەهلەوی)یشدا بە (کی کوات)، سەبارەت بە رەچەڵەکی ناوبراو جیاوازی لە نێوان مێژوونووسان و لێکۆڵەراندا هەن، هەندێکیان نووسیویانە کوڕی (زغ)ـە، هەندێکی تریش وای بۆچوون کە لە بنەماڵەی (نوزەر) بووە، لە (تاریخ بلعمی)شدا هاتووە گوایا لە نەوەی (مەنووچەر) بووە[٢٠]. وەك یەکەم پادشای کیانی ناویهێنراوە و بە پادشایەکی زۆر دادپەروەر و چاکەخواز و ژیاندۆست لە قەڵەمدراوە، لە سەردەمی حوکمڕانی ناوبراودا وڵات ئاوەدان و خەڵکەکەشی خۆشبەختبوون. دەوترێت ماوەی (١٥) ساڵ حوکمڕانیکردووە[٢١].

---

١٢- (حەوتتەن) یەکێکە لەو بازنە دینییانەی (سان سەهاکی بەرزنجی) لە پەردیوەر پێکیهێناون، بە پێی باوەڕی یارسانەکان ئەم بازنەیە حەوتتەنی نەمرانن و لە سەرانسەری تەمەنی دونیا رۆحیان لە گەڕاندایە.

[١٩]- اڤستا- الكتاب المقدس للديانه الزرادشتيه- اعداد- (د. خليل عبدالرحمن)- ص (٦٢٥)- دمشق ٢٠٠٧.

[٢٠]—سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٣٨).

[٢١]- (د. عبدالله رازى)- تاريخ كامل ايران- لاپەڕە (٧)- چاپ چهارم- ١٣٤٧.

هەر یەك لە (هۆڤی رۆبنسۆن و هنری پرستید) پێیانوایە، لە سەدەی حەوتەمی (پ. ز) هەموو تیرەکانی ماد لە ژێر دەسەلاتی یەکێك لە سەردارەکانیان بەناوی (کەیقوباد= دیاکۆ= دیوکس) کە سەرۆکی تیرەی (بووز) بووە یەکیانگرتووە و حکومەتێکی بەهێزیان پێکهێناوە، چەندین جەنگی گەورەیان دژ بە ئاشوورییەکان کردووە و دواجار لە رێی بەستنی هاوپەیمانییەك لە گەڵ پادشای بابل توانیویانە بەسەر ئاشوورییەکاندا سەربکەون و پایتەختەکەیان لەگەڵ زەویدا تەختبکەن[٢٢]. لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەوە بخەینەڕوو، بەسەر یەکێك لە لوتکە بەرزەکانی پشت گەڕەکی (چلانە)ی تەوێڵەوە قەلایەك هەیە بە (قەلا بۆزان) ناویدەهێنرێت، رایەك هەیە پێیوایە گوایا ئەو قەلایە تیرەی بووز بنیاتیاننناوە.

لە بەندی (٣٣)ی کتێبی (بارگە بارگە)شدا سەبارەت بە ناوبراو (پیر فەیرۆزی هیندی) وتوویەتی:

ئەو دڵێ سپەند ئەو دڵێ سپەند
بارگەی (شا)م وستەن ئەو دڵێ سپەند
وە فەرمان (شا)م ساحیب دام و فەند
رۆستەم سپەندش کەرد وە یانەی دەند
کەی قوباد کەی ئاورد وە ئەروەند
چەنی رەخش رام تیغ وێش مەشەند[٢٣]

لە سەر رۆشناپی ئەم سێ دێڕە شیعرە، بارگەی خودایی لە کێوی سپەند دابەزیوە، هەر لەوێ (رۆستەم) قەلای سپەندی وێرانکردووە و (کەیقوباد) لە سەر تەختی پادشایی دانیشتووە،

٥- کەیکاوس کیانی: لە کتێبی (ئاوێستا)دا بە (کوی ئوسن) ناویهاتووە و لە زمانی (پەهلەوی)یشدا (کی کایۆس)ە، بە پێی ئاوێستا یەکێکبووە لە پادشا گەورەو بەناوبانگەکانی کیانی، گوایا (سەد ئەسپ و هەزار گا و دە هەزار گوێرەکەی) کردووە بە

[٢٢]- (ئەیوب رۆستەم)- یارسان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- دیینیە- لاپەڕە- (١٧)- ٢٠٠٦ سلێمانی.
[٢٣]- سەرەنجام- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٦٠).

قوربانی بۆ (ناهید[٢٤])، هەتا بیکات بە بەتواناترین دەسەڵاتدار. لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین (ناهید) فریشتەی زەردەشتییە و بە پێی (ئابان یەشت) لە شێوەی ژنێکی ڕێکپۆشی جوانی باڵابەرزی ناوقەدباریکی ڕەوشتبەرزدایە. لە سەرچاوەکاندا هاتووە (کەیکاوس) لە لەشکرکێشییەکیدا بۆ (یەمەن) ڕووبەڕووی پادشای ئەو وڵاتە بە ناوی (شەمەر کوڕی فەریقس) بووەتەوە، لەو ڕووبەڕووبوونەوەدا (کەیکاوس) دەستگیرکراوە وخراوەتە تەسکترین زیندانەوە، کچێکی (شەمەر) بە ناوی (سەعدی= سوودابە) بە نهێنی یارمەتی کەیکاوس و هاوەڵە زیندانییەکانی داوە. (ڕۆستەم کوڕی دستان) لە گەڵ چوار هەزار جەنگاوەر بە مەبەستی رزگارکردنی (کەیکاوس) لە (سەجستان)ەوە هاتووەتە سەر یەمەن، (شەمەر)ی کوشتووە و (کەیکاوس) هاوەڵەکانی رزگارکردووە[٢٥]. لە کتێبی (دینکەرد)دا هاتووە ناوبراو حوکمڕانی حەوت کیشوەری کردووە و لە کارەکانیدا زۆر توندڕەو بووە.

سەبارەت بە (کەیکاوس) لە بەندی (٦٦)ی کتێبی (بارگە بارگە)دا (پیر هاشمی ڕەژەوی) وتوویەتی:

ئەو مازیندەران ئەو مازیندەران
بارگەی (شا)م وستەن ئەو مازیندەران
کەیکاوس وێش بیٚ پادشای شاهان
سوڵتان یەك ڕەنگ خواجای غوڵامان

لەم دوو دێڕەدا دەردەکەوێت کە یەکێك لە بارگە خوداییەکان لای (کەیکاوس) دابەزیوە و ڕەوانی ناوبراو لە قۆناغی پەردیوەردا بە پێی (دۆنا و دۆن[٢٦]) چووەتە جەستەی (سان سەهاکی بەرزنجی)یەوە، چونکە لە نیوە دێڕی چوارەمدا بە سوڵتانی یەك ڕەنگ و خواجەی غوڵامان ناویهێنراوە کە ئەو سیفەتانە هینی (سان سەهاکی بەرزنجی)یە.

---

- (ناهید) فریشتەی ئێشگگری ئاوەکانە. ١٤

[٢٥]- (ابی الحسن علی بن الحسين بن علی المسعودی)- مروج الذهب ومعادن الجوهر-المجلد الاول- ص (٢٢٧)- ١٩٦٤.

١٥- (دۆنا و دۆن) یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دیینی یارسان و واتای گواستنەوەی ڕۆح لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر دەگەیەنێت، یارسانەکان پێیانوایە هەموو ڕۆحێك (١٠٠١) جەستە دەگەڕێ و ئینجا دەچێتە د\ونیانی نەمرییەوە.

هەروەها لە بڕگەی دووەمی بەندی (٥١)ی هەمان کتێبدا (پیرحاتەمی هەمەدانی) وتوویەتی:

ئەو کۆی سپیچاو ئەو کۆی سپیچاو
بارگەی (شا)م وستەن ئەو کۆی سپیچاو
(شا)م کێکاوس بیٚ چیهرەش چون ئافتاو
وە فەرمان ئەو بیٚ وە داوای داو[٢٧]

لەم دوو دێڕەشدا دابەزینی بارگەی خودایی لای (کەیکاوس) دووپاتکراوەتەوە، هەروەها وشەی (شا)م کە لێرەدا هاتووە، بە واتای (خودا)م دێت، ئەمەش ئەو واتایە دەدات کە رۆحانییەت و جیسمانییەت لای (کەیکاوس) پێکەوە موتوربە بوون.

٦- کێخوسرەو کیانی: لە ئاوێستادا ناوی بە (کۆی هئو سروە) هاتووە و لە زمانی (پەهلەوی)یشدا ((کی هوسرو)ە، بە پێی (زامیاد یەشت) ناوبراو هێزی خێر بووە و لە لایەن ئاهورامەزداوە سەرکەوتنی هەمیشەیی و تەندروستی و راستگۆیی پێبەخشراوە[٢٨].

---

[٢٧]- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٧١).

[٢٨]- اڤستا الكتاب المقدس للديانه الزرادشتيه- زامياد يەشت- لاپەڕە (٦٢٥)- اعداد –(د. خليل عبدالرحمان)- دمشق- ٢٠٠٧.

**له سەرچاوەکاندا هاتووە ناوبراو کوڕی (سیاوەش[29]) و دایکی (فەرەنگێز کچی ئەفراسیاو)ی پادشای تووران بووە، لە سەردەمی حوکمڕانی (کێخوسرەو)دا ولأت ئاوەدان و خەڵکەکەی بە خۆشگوزەرانی ژیاون، چونکە کۆتایی بە دەسەڵاتی دوژمنی هەمیشەیی ئێرانیان کە (ئەفراسیاو) بووە هاتووە (کێخوسرەوی کەیانی) تەنها کوڕێکی بووە بە ناوی (ئەخرورا)، بەلأم چوار کچی هەبووە، کوڕەکەی لە ژیانی باوکیدا کۆچی دواییکردووە، بۆیە فەرمانیداوە (لوهراسپ) کە یەکێکبووە لە بنەماڵەی (کەیقوباد) ببێت بە جێنشینی[30].**

**یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی بنیاتنانی (ئاتەشگەی ئازەر گۆشەسپ) بووە لە شاری( شیز)، وەك لە سەفەرنامەکەی (ئەبو دەلەف)دا هاتووە، ئەم شارە دەکەوێتە نێوان شارەکانی (مەراغە، زنجان، سەهرەوەرد، دینەوەر)، کێوەکانی بە میتاڵەکانی (ئاڵتوون و**

[29]- لە ناوچەی هەورامان و لە ناو کوردەواریدا بە گشتی پەندێك هەیە کە دەڵێت: (ونۆ سیاووەحشیەنە= خوێنی سیاوەحشە)، یاخود دەڵێن (بی بە ونەکۆ سیاو وەحشی= بوو بەخوێنی سیاوەحش)، ئەم واتەیە بنەمایەکی مێژوویی هەیە و لە رووداوی کوشتنی (سیاوەیش= سیاوەش)ەوە سەرچاوەیگرتووە، (سیاوەیش) کە هەورامییەکان پێیدەڵێن (سیاو وەحش) کوڕی (کەیکاوس) بووە و رازی کوشتنەکەی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا زۆر کۆنە و بۆ سەردەمی پێش نووسینی (شانەمەکەی فیردەوسی)دەگەڕێتەوە، لەسەر رۆشنایی ئەو رازوەش دەوترێت (سودابە) کەیەکێك بووە لەژنەکانی (کەیکاوس) حەزیکردووە لە (سیاوەیش)، بەلأم هەرچەندە هەوڵیداوە لەگەڵیدا نەیتوانیوە لەخشتەیبەرێت، بۆیە دواجار لای کەیکاوس زمانلێداوە بەوەی گوایا دەستدرێژیکردۆتە سەری، بۆ سەلماندنی پاکی و بێتاوانی (سیاوەیش) ئاگرێکی گەورەیان بۆکردۆتەوە و لەمسەر بۆئەوسەر بەناو ئاگرەکەدا چووە و چونکە بێتاوانبووە هیچی لێنەهاتووە، ئیتر لەوەوە خۆی بەدڵشکاو زانیوە و لەباوکی دوورەپەرێزبووە، کاتێك (ئەفراسیاو= ئەفراسیاب)ی شای تووران هێرشیهێناوەتە سەر قەڵەمڕەوی (ماد)، کەیکاوس فەرمانیداوە سووپاکەی لەژێر فەرماندەیی (سیاوەیش)دا بەرپەرچی سوپای دوژمن بداتەوە، بەلأم (سیاوەیش) چونکە خۆی زۆر بەدڵڕەنجاو زانیوە پەیوەندی بەلەشکری (ئەفراسیاو)ەوە کردووە، ئەویش بۆ ئەوەی بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی خۆی بەکاریبهێنێت زۆر ریزی لیگرتووە و کچێکی خۆی داوەتێ، بەلأم پاش ماوەیەك بەنامەردانە کوشتوویەتی، کاتێك هەواڵی کوشتنی (سیاوەیش) گەیشتۆتە لای (رۆستەم)، دەستبەجێ چۆتە ناو کۆشکی (کەیکاوس)ەوە و (سودابە)ی سەربڕیوە، هاوکات بەلەشکرێکی گەورەوە پەلاماری (ولأتی تووران)یداوە و کردوویەتی بەیەك پارچە ئاگر و (ئەفراسیاو) هەڵهاتووە، (رۆستەم) ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە و حوکمڕانی توورانی کردووە و پاشان بۆ ولأتی خۆی گەڕاوەتەوە.

بڕوانە: (ئەیوب رۆستەم)- هەورامان- بەرگی یەکەم و دووەم- چاپی دووەم- لاپەڕە (٣٧٨، ٣٧٩). سلێمانی (٢٠٠٨).

[30]– (د. عبدالله رازی)- تاریخ کامل ایران- لاپەڕە (١٠)- چاپ چهارم- ١٣٤٧

جیوه و برۆنز) دەوڵەمندن، ئاڵتوونەکەی سێ جۆرە بە ناوی (قومسی، شەهربی، سەحازبی)[٣١].

سەبارەت بە (کێخوسرەوی کەیانی) لە بەندی (٣٧)ی کتێبی (بارگە بارگە)دا (پیر تامازی کرمانی[٣٢]) وتوویەتی:

وست ئەو کۆی بەهرام وست ئەو کۆی بەهرام
بارگەی (شا)م لوا وست ئەو کۆی بەهرام
(شا)م کێخوسرەو بێ نەدون ئەورام
نامێش دەردی دڵ مەکەرۆ ئارام[٣٣]

لێرەدا دوو بارە دەستەواژەی (شا)م دێتە پێشەوە کە لای یارسانەکان بە واتای پەروەردگار دێت، بەم پێیەش یەکێك لە بارگە خوداییەکان لای (کێخوسرەو) دابەزیوە و روحانییەت و جیسمانییەت تیایدا پێکەوە موتوربەبوون، هەروەها لێرەدا بە ئاشکرا باس لەوە کراوە کە ناوبراو لە قۆناێکی دواتردا لە جەستەی (ئەورام)دا دەرکەوتووە.

لە بەندی (٤٠)- برگەی دووەم-ی کتێبی (بارگە بارگە) دابەزینی بارگەی خودایی لای (کێخوسرەوی کیانی) لە لایەن (پیر قوبادی دێوانە)ەوە دووپاتکراوەتەوە کە وتوویەتی:

وست ئەو کۆی ئایار وست ئەو کۆی ئایار
بارگەی (شا)م لوا وست ئەو کۆی ئایار
وێش بێ کێخوسرەو چەوگا دا دیار
چوار تەن ها ئاید بێ نە ئەو رۆچیار
مەنیژە لێزا بێژەن خۆبیار

---

[٣١]- (مسعر بن المهلهل الخزرجی)- سفرنامه ابو دلف در ایران- با تعلیقات وتحقیقات- مینورسکی- لاپەڕە (٣٨، ٣٩)- چاپ دووم- انتشارات زوار تهران.

١٦- (پیر تامازی کرمانی) لە هەندێك دەستنووسدا بە (پیر تەهماسپی کرمانی) ناویهاتووە..

[٣٣]- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٦٢).

**رۆستەم هێندۆ بێ گورگین شەهریار**

**لە دێڕی سێیەمی شیعرەکەدا ناوی چوار فریشتەکە لە بارگەی خودایی (کێخوسرەوی کەیانی)دا بەمشێوەیە هاتووە: (مەنیژە، بێژەن، رۆستەم، گورگین)، هاوکات باس لەوە کراوە کە رەوانیان لە قۆناغەکانی دواتردا چووەتە دۆنی ئەم ناوانەی خوارەوە:**

**١- رەوانی مەنێژە چووەتە جەستەی (لزا خانمی جاف)ەوە کە یەکێکبووە لە یارانی (شاخۆشێن= موبارەك شا)، بە پێی کتێبی دەورەی شاخۆشێن، (لزا خانمی جاف) لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە، شاعیرو عاریفێکی دیاری سەردەمی خۆی بووە، ئەگەر بە وردی لە هەندێك لە شیعرەکانی رامێنین، دەتوانین بڵێین یەکێکە لەو شاعیرانەی یارسان کە هونەری شیعر لە: (ئەندێشەی ناسك و جوانکاری و وێنەی شیعری= ئیماجێشن) لە شیعرەکانیدا بەرجەستەبووە، بۆ نموونە با لەم دوو دێڕە شیعرەی وردببینەوە:**

**وەفران بی وە ئاو وەفران بی وە ئاو**
**وەهار چون ئاما وەفران بی وە ئاو**
**گوڵ و وەنەوشە هۆرێزا جە خاو**
**پەرێ ئارایشت دەشت و کۆفو کاو[٣٤]**

**واتای شیعرەکان بەمشێوەیە: وەرزی بەهار هات بەفرەکان توانەوە و بوون بە ئاو، گوڵ و**
**وەنەشەوشە لەخەو لەخەو هەستان و دەشت و کێویان ئارایشتکرد.**

**٢- رەوانی بێژەن چووەتە جەستەی (خۆبیار)ەوە. مەبەست لە خۆبیار ئەو کەسەیە کە بە کەماڵی راستەقینە گەیشتووە، بە پێی دۆنەکانی تر لەم شیعرەدا هاتوون، خۆبیار لێرەدا (شاخۆشێنی لۆڕستانی)یە.**

[٣٤]- (سدیقی بۆرەکەیی =صفی زادە)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (١٠٥)- چاپخانە چهر تبریز- ١٣٧٠.

٣- ڕەوانی ڕۆستەم چووەتە جەستەی (باوە هیندۆی هەورامی)یەوە، ناوبراو لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە و یەکێکبووە لە گەورە یارەکانی (شاخۆشێن= موبارەك شا)، لە دوو دێڕی شیعرەکانیدا وتوویەتی:

مایەی تۆم پەنە مایەی تۆم پەنە

مایە دارەنان مایەی تۆم پەنە

زێڵم خەزانە و گەنجش هەن چەنە

هەرچی مەکەری دەست تۆش هەنە[٣٥]

واتای شیعرەکان بەمشێوەیە: ئەی پەروەردگار من هەموو شتێکم هی تۆیە و سەرمایەی تۆم پێیە، هەر کارێکیش دەکەم بەفەرمانی تۆیەو دەستی تۆی تێدایە.

٤- ڕەوانی گۆرگین چووەتە جەستەی (پیرشالیار)ەوە- مەبەست لێرەدا ئەو پیشالیاری یەکەمەیە کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە و گەورە موریدی شاخۆشێن بووە، وەك لەم دوو دێڕە شیعرەیدا دەردەکەوێت:

یۆ شاهەن وە مەرز یۆ شاهەن وە مەرز

هەزار سوار ئاما یۆ شاهەن وە مەرز

پەڵێ وەش ڕاما جە سەما تا ئەرز

سوار شا خوەشێن کۆش ئاوەرد وە لەرز

واتای شیعرەکە بەمشێوەیە: هەزار سوار لە مەیدانی خوناسیدا هاتوون یەکێکیان شاسواری بوارەکەیە و ئەسپە خۆشڕەوتەکەی لە ئاسمان و زەویدا پەلدەهاوێ و کێوەکانی هێناوەتە لەرزە، ئەو سوارەش (شا خۆشێن)ـە.

(مەنوچەر)یش یەکێکی ترە لەوانەی ناوی لە تێکستە شیعرییەکانی (بارگە بارگە)دا هاتووە،

بە پێی سەرچاوەکان ناوبراو کوڕی ئێران کوڕی فەرەیوون بووە و ماوەی چل ساڵ حوکمڕانیکردووە[٣٦]. لە سەردەمی حوکمڕانی ناوبراودا لەشکری ئێران بەرامبەر لە

---

[٣٥]- هەمان سەرچاوە- لاپەڕە (١٢٣).

شکری توورران رووبەڕووی شکستێکی گەورە بووەتەوە، پاش دانیشتنی هەردوولا بۆ ڕێککەوتن و ئاشتی، (ئەفراسیاوی) پادشای توورران مەرجی لەسەرداناون بەوەی یەکێك لە جەنگاوەرانی ئێرانی بەرەو خۆرهەڵات تیرێك بهاوێژێت، لە هەر شوێنێکدا تیرەکە دای لە زەوی ئەوە سنووری ئێران دەبێت[٣٧]. بەو پێیە (ئارش کەمانگیر) کە لە ئاوێستادا بە بە (ئەرخش) ناویهاتووە چووەتە سەر لووتکەی دەماوەند، تێرێکی هاویشتووە، تیرەکەی هەتا لێواری دەریای (جەیحوون[٣٨]) ڕۆیشتووە و لەوی داویەتی لە دارگوێزێك ئیتر ئەوە کراوە بەسنووری نێوان (ئێران و توورران)[٣٩].لە هەندێك سەرچاوەدا باس لەوە کراوە گوایا تیرەکە خودی (مەنوچەر) وەشاندویەتی.

سەبارەت بە (مەنوچەر) لە بڕگەی -دووەم-ی بەندی (٤١)ی کتێبی (بارگە بارگە)دا پیر کازمی کەنگاوەری وتوویەتی:

ئەو کۆی ئەرشان ئەو کۆی ئەرشان
بارگەی (شا)م وستەن ئەو کۆی ئەرشان
(شا)م مەنوچەر بێ چاو رو رەشان
مێرد کەمانگیر وەگرد دانشان
ئاما وە هەربرز سەرکۆی سەرکەشان
گرد وە دوو دەستش تیر و تەرکەشان
تیری وست نە زی بی وە مەرزشان
گیانش پەی ئێران بەرشی وە خەشان[٤٠]

---

[٣٦]– (مسعر بن المهلهل الخزرجی)- سفرنامه ابو دلف در ایران- با تعلیقات وتحقیقات- مینورسکی- لاپەڕە (٢٢٥)- چاپ دووم- انتشارات زوار تهران.

[٣٧]– (د. عبدالله رازی)- تاریخ کامل ایران- لاپەڕە (٦)- چاپ چهارم- ١٣٤٧.

[٣٨]- (جەیجوون) یەکێکە لە رووبارە گەورەکانی وڵاتی (ماوەرائەنەهر= ئۆزبەکستانی ئێستا). (ئەیووب)

[٣٩]- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٤١).

[٤٠]- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٦٥).

لەم دێڕانەدا هەمان رازی هاویشتنی تیرەکە لە لایەن (ئارشی کەمانگیر) و دیاریکردنی سنوور لە سەر رۆشنایی کەوتنی تیرەکە دووپاتکراوەتەوە، هەروەها باسی لەوە کردووە کە یەکێك لە بارگە خوداییەکان لە کێوی (ئارش) دابەزیوە.

هەروەها پێشتریش لە باسوخواسی (جەمشیدی پێشدادی)دا ئەم دێڕە شیعرەمان خستەڕوو:

وێش مەنوچەر بێ چاوی روی ئومێد

جەمشید زەردەبام بی جە وەری زێد

کە باسی لەوەکردووە رەوانی (جەمشید) چووەتە دۆنی (مەنووچەر) و لە قۆناغی پەردیوەریشدا چووەتە دۆنی (باوە یادگار)ەوە کە لە شیعرەکەدا بە (یار زەردەبام) ناویهاتووە.

هەروەها لە بەندی (٥٩)ی کتێبی بارگە بارگەدا (پیر ئەحمەدی گەنجەیی) وتوویەتی:

پیر عالی گێلاڵش وە دڵێ مێردان

بدۆ مزگانی یۆرت شای جەهان

سام بێ زەردەبام جە بەهری مەجید

ئێوەت مەنوچەر هەهار شەدید

یۆرت شای جەهان نە چاگە ئاوەرد

ناگا پێ زیا زات یار داود[41]

یەکێکی تر لەو کەسێتییانەی ناوی لە تێکستەکانی (بارگە بارگە)دا هاتووە (نەوزەر شا)یە، سەبارەت بە ماوەی حوکمڕانی ناوبراو جیاوازی لە سەرچاوەکاندا هەیە، لە سەر رۆشنایی (شانامە) چوار ساڵ پادشایەتی کردووە و سەرچاوەی تریش ماوەی پادشایەتییەکەیان بە هەشت مانگ دیاریکردووە. گوایا (ئەفراسیاو) کوشتوویەتی و کۆتایی بە حوکمڕانییەکەی هێناوە[42].

---

[41]– هەمان سەرچاوە – لاپەڕە (٧٩).

[42]– (د. عبدالله رازی)- تاریخ کامل ایران- لاپەڕە (٦)- چاپ چهارم- ١٣٤٧

سەبارەت بە (نەوزەر شا) لە بڕگەی –دووەم-ی بەندی (٤) ی کتێبی بارگە بارگەدا (پیر مکایەڵی دەودانی) وتوویەتی:

نەوزەر شای کەیان نەوزەر شای کەیان
(شا)م بێ نە ئەو دەم نەوزەر شای کەیان
سام بنیامین بێ چەوگا نەو زەمان
وێنەی گرد مەشی نە مەیدان[٤٣]

لەم دوو دێڕەدا باس لەوەکراوە کە (ڕۆحانییەت و جیسمانییەت) لە تەنی (نەوزەر شای کەیانی)دا پێکەوە موتوربەبوون و لەو دەمەدا (پیر بنیامین) لە دۆنی (سام)دا بووە.

هەر لێرەدا باس لەوە دەکەین ژمارەیەکی تر لە کەسێتییە مێژووییەکان کە لە (ئاوێستا)دا ناویانهاتووە، لە شیعرەکانی (بارگە بارگە)شدا قسەوباسیان لێوەکراوە، لە بڕگەی– دووەم-ی بەندی (٤٣)ی کتێبی (بارگە بارگە)دا (پیر صەفەری قەڵاجەیی) وتوویەتی:

ئەو کۆی سەمەنگان ئەو کۆی سەمەنگان
بارگەی (شا)م لوا ئەو کۆی سەمەنگان
وە فەرمان (شا)م خواجای یەکڕەنگان
ڕۆستەم نە یۆرت پیر سەرهەنگان
چەنی تەهمینە بانوی سەرهەنگان
جام یەکڕەنگی نۆشا وە چەنگان
هەر ئەو جامە بێ پاك کەردش ژەنگان
ڕۆستەم نە یۆرتی بنیامین سەنگان[٤٤]

---

[٤٣] - سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٤٨).
[٤٤] - هەمان سەرچاوە- لاپەڕە (٤٧).

لەم دێڕانەدا باس لەوەکراوە لەو سەردەمەدا کە بارگەی خودایی لە کێوی (سەمەنگان) دابەزیوە، ڕەوانی (پیر بنیامین) لە دۆنی (ڕۆستەم)دا بووە و لە گەڵ (تەهمینە) ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە، سەمەنگان گوندێکە لە گوندەکانی سەر بە (صەحنە)ی سنووری پارێزگای کرماشان.

هەر سەبارەت بە (ڕۆستەم) و (سوهراب)ی کوڕی لە بەندی (٥٢)- بڕگەی دووەمی کتێبی بارگە بارگەدا (پیر محەممەدی شارەزووری) وتوویەتی:

ئەو کۆی بێداری ئەو کۆی بێداری

بارگەی (شا)م وستەن ئەو کۆی بێداری

چەوگا پاد(شا)م پەی دیینی یاری

ڕۆستەم نە یۆرتی بنیام دا دیاری

سوهراب نمانا وە یادگاری

وە تیری بابۆش زامش بی کاری

ئەم دێڕانە دووپاتیدەکەنەوە کە ڕەوانی ڕۆستەم لە قۆناغی پەردیوەردا چووەتە دۆنی (پیر بنیامین)ەوە، هەروەها ڕەوانی (سوهراب)ی کوڕی لە هەمان قۆناغدا چووەتە جەستەی (باوە یادگار)ەوە، هاوکات ڕازی کوشتنی (زۆراب) بە دەستی ڕۆستەمی باوکی خراوەتەڕوو، پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێین لە سەرانسەری دۆناودۆنکردنی ڕۆحی (باوە یاگار)دا هەموو دۆنەکانی چارەنووسیان کوشتنە، هەر بۆ نموونە ئەم دۆنانە دەخەینەڕوو: (ئیرەجی یەحیا، سیاوەشی کەیانی، حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیب، عالی قەلەندەر، تاهیر قەلەندەر...هتد). بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم ڕاستییە با لەم چەند دێڕە لە سروودی ژمارە (٨) وردببینەوە کە تیایدا هاتووە:

یادگاری یار یادگاری یار

دەخیلەن ئامان یادگاری یار

یا زاتی زاتپاك سەرداری سەرركار

نازی ناز رەواج ژە پەروەردگار

چلانەی چل تەن سەبز پۆش نوورپۆش

سەرانەی باقی تێژ هۆشی تێژ گۆش

رەواجی هەر دین سەر هەڵقەی شاهان

جەمشید جەم بەن شۆن بەری راهان

ئێرجی یەحیا سیاڤەحشی کەی

حوسێنی شەهید نە کەربەلا تەی

عالی قەلەندەر تاهیر قەلەندەر

هەنی چێش واچوم پوری ئەسکەندەر[٤٥].

هەروەها لە بەندی (٦٦)ی کتێبی (بارگە بارگە)دا ناوی ژمارەیەکی تر لەو کەسێتییانە هێنراوە کە تیایدا (پیر هاشم رەژەوی) وتوویەتی:

رۆستەم بێ بنیام پیری شەفاهان

ها گیو بێ داود چەرخچی جیهان

گودەرز پیر موسا نوکتەی تیر نیشان

جیهانبەخش ئێوەت هام بەڤای خواجان[٤٦]

وەك لەم دێڕانەدا هاتووە، یارسانەکان پێیانوایە رەوانی هەر یەك لە (رۆستەم، گیو، گودەرز، جیهانبەخش) لە قۆناغی (پەردیوەر)دا و لە سەر بنەمای (دۆناودۆن) چووەتە جەستەی (پیر بنیامین، داودی دەلیل، پیر مووسا، شا ئیبراهیمی ئێوەت)ەوە کە هەموویان لە بازنەی (هەفتتەن) بوون.

(داراب) یەکێکی ترە لەو کەسێتییە مێژووییانەی کە لە شیعرەکانی (بارگە بارگە)دا ناویهاتووە، بە پێی کتێبی (مروج الذهب) ناوبراو کوڕی بەهمەن کوڕی ئەسفەندیارە و

---

[٤٥]– (موحەممەد ئەمین هەورامانی)- کاکەیی- لاپەڕە (٢٣٨).

[٤٦]- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٨٤)

ماوەی پانزەساڵ حوکمڕانیکردووە[٤٧]. لە هەندێك سەرچاوەدا باس لەوە کراوە (داراب) لەگەڵ (فیلیپی مەکدۆنی) باوکی ئەسکەندەر جەنگاوە و کچێکی (فلیپ)ی بە دیلگرتووە کە دواتر کردوویەتی بە هاوسەری خۆی و کوڕێکی لێیبووە کە گوایا ئەو کوڕە (ئەسکەندەرە[٤٨])، بۆچوونێك لە نێوان ئێرانییەکاندا هەیە کە هەرگیز کەسێکی بێگانە نەیتوانیوە کۆتایی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی کەیانی بهێنێت و لێرەوە مەبەستیانە بڵێن کە لەم ڕێگەوە (ئەسکەندەی مەکدۆنی) توانیویەتی ئەو کارە بکات، بە هەرحاڵ ئەمە بۆچوونێکە، بەڵام زۆر لە گەڵ ڕاستییەکانی ناو مێژووی ژیانی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) ناتەبایە.

لە بڕگەی —دووەم-ی بەندی (١٩)ی کتێبی بارگە بارگەدا (پیر سڵێمانی ئەردەڵانی) وتوویەتی:

نە ئەو کۆی ناهید نە ئەو کۆی ناهید
بارگەی (شا)م وستەن نە ئەو کۆی ناهید
(شا)م وێش داراب بێ سەرچەشمەی ئومێد
جە رووش مەوارا پڕشنگ خۆرشید[٤٩].

لەم دێڕانەدا هاتووە یەکێك لە بارگە خوداییەکان لە لای (ناهید) دابەزیوە کە بە پێی باوەڕی زەردەشتییەکان فریشتەی ئاوەکانە، هەروەها ئەوە خراوەتەڕوو ((شا)م) کە واتای پەروەردگار دەدات لەو دەمەدا (داراب) بووە کە سەرچاوەی ئومێد و لە ناوچاوانییەوە ڕووناکی پڕشنیگیداوەتەوە.

هەروەها (دارا= داریۆش) کە پاش (داراب)ی باوکی بووە بە پادشا[٥٠] بە پێی کتێبی (مروج الذهب) ماوەی پاشایەتی ناوبراو (٣٠)ساڵ درێژەیکێشاوە و پاشان بە دەستی

---

[٤٧]– (ابی الحسن علی بن الحسین بن علی المسعودی)- مروج الذهب ومعادن الجوهر-المجلد الاول- ص (٢٣١)- ١٩٦٤

[٤٨]– (د. عبدالله رازی)- تاریخ کامل ایران- لاپەڕە (١٢)- چاپ چهارم- ١٣٤٧

[٤٩]- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٥٥).

[٥٠]- (علیقلی اعتماد مقدم)- تاجگزاری در ایران باستان- لاپەڕە (١٦)- از انتشارات وزارت فرهنگ و هنر- ١٣٤٦.

(ئەسکەندەری مەکدۆنی) کوژراوە[٥١]. لە هەندێك سەرچاوەی تریشدا باس لەوە کراوە پاش ئەوەی (ئەسکەندەر) لە وڵاتی (میسر)ەوە بەرەو (سووریا) هاتووە، ئینجا بەرەو وڵاتی (رافدەین= ئێراقی ئێستا) پێشڕەویکردووە، لە نزیك هەولێر لە جەنگی (کۆگامێلا) رووبەڕووی (دارا) بووەتەوە و لەشکری ئەسکەندەر سەرکەوتنی بەدەستهێناوە[٥٢]. لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنەدا (بابل، شۆش، ئەستەخەر) کەوتوونەتە ژێر دەستییەوە و ئاگری لە (ئەستەخەر) بەرداوە و کتیبی ئاوێستای سووتاندووە، لە درێژەی باسەکەدا هاتووە پاشان (تەبەرستان، گورگان، خوراسان، ئەفغانستان) کەوتوونە ژێر دەستەڵاتییەوە[٥٣]. پێویستە باس لەوە بکەین (دارا) دوا پادشای زنجیرەی هەخامەنشی بووە و ساڵی کوشتنی بە (٣٣٠ پێش زایین) دیاریکراوە.

ناوبراو یەکێکی ترە لەوانەی لە تێکستەکانی یارساندا ناویهاتووە، لە بەندی (٥٧)ی کتێبی بارگە بارگەدا (پیر تەیاری خۆراسانی) وتوویەتی:

ئەو یانەی دارا ئەو یانەی دارا

بارگەی (شا)م وستەن ئەو یانەی دارا

زیا وە ئەسکەندەر جامش جان ئارا

خەرجش سەن نەقان کەش و کۆی خارا.

بە پێی ئەم دوو دێڕە یەکێك لە بارگە خوداییەکان لە کۆشك و ماڵەکەی (دارا) دابەزیوە و ئاماژەش بە دەسەڵاتی فراوان و بەربلاۆی ئەسکەندەر دراوە.

(بەهرامی کوڕی گودەرز)یش کە لە پاڵەوانە ناودارەکانی ئێران بووە، لە چەند دێڕە شیعرێکی ناو تێکستەکانی یارساندا ناویهاتووە، لە بڕگەی -دووەم-ی بەندی (٣٧)ی کتێبی بارگە بارگەدا، (پیر تامازی کرمانی) وتوویەتی:

وست ئۆ کۆی بەهرام وست ئۆ کۆی بەهرام

---

[٥١]– (ابی الحسن علی بن الحسین بن علی المسعودی)- مروج الذهب ومعادن الجوهر-المجلد الاول- ص (٢٣٢)- ١٩٦٤

[٥٢]– (د. عبدالله رازی)- تاریخ کامل ایران- لاپەڕە (٣٣)- چاپ چهارم- ١٣٤٧

[٥٣]- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕەی پێشوو.

بارگەی (شا)م لوا وست ئەو کۆی بەهرام

بەهرام پەی تاجی ریو وێش وست نە دام

رەوانش چون دود بەرشی نە ئەندام[٥٤]

بە پێی ئەم دوو دێڕە یەکێك لە بارگە خودایییەکان لای (بەهرام) دابەزیوە و باسیش لەوە کراوە رەوانی بە شێوەی کرم لە جەستەی هاتووەتەدەرەوە.

هەر سەبارەت بە ناوبراو لە بەندی (٦٦)ی کتێبی بارگە بارگەدا (پیر هاشمی رەژەوی) وتوویەتی:

بەهرام بێ رەمزبار میهر رەزم خوان

زەوارە وێش بێ یار زەردەبان[٥٥].

لەم دێڕەدا باس لەوە کراوە کە رەوانی (بەهرام) لە قۆناغی پەردیوەردا چووەتە جەستەی (دایراك خاتوونی رەمزبار)ەوە کە دایکی (سان سەهاکی بەرزنجی) بووە، بەش بە حاڵی خۆم لە ناو تێکستەکانی یارساندا چەندین حاڵەتی بەرجەستەبوونی رەوانی (پیاو)م لە جەستەی (ژن)دا بەرچاوکەوتووە، چەند جارێك ئەو حاڵەتە لە دۆنی (خاتوو دایراکی رەمزبار)دا دووپاتبووەتەوە، هەروەها دۆنەکانی چلتەن لە قۆناغی پەردیوەردا کە پێشتر لە دۆنی کەنزیەکەکانی (خاقانی چین)دا بوون. لە نێوە دێڕی دووەمدا ئەوە خراوەتەڕوو کە یەکێك لە دۆنەکانی (باوەیادگار) زەوارە برای رۆستەم بووە و کە لە کتیبی (دینکەرد)یشدا ناویهاتووە. هەر لێرەدا دەڵێن ناوی (باوە یادگار) لە نیوەدێڕی دووەمدا بەنازناوی (یار زەردەبان) هاتووە، خۆی راستی نازناوەکە (یار زەردەبام)ەو لێرەدا تەنها بە مەبەستی رێکخستنی قافیەی شیعرەکە نووسراوە (یار زەردەبان).

هەروەها لە بەندی (٦٩)ی کتێبی بارگە بارگەدا (پیر شەمسەددین) وتوویەتی:

---

٥٤- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٦٢).

٥٥سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (٨٤).

نه گاسەنباری نه گاسەنباری
بارگەی شام وستەن نه گاسەنباری
ها هەفتەوانەش سازدا جه ئەنواری
پەرێ دەستگیری مێردی قەتاری
وه تەدبیر مەیۆ رەویەی دینداری
جەم وه بێ تەگبیر نمەوۆ کرداری[٥٦]

بەر لەوەی واتای ئەم چەند دێڕە دەربخەین، قسەیەك لە (گاسانبار) دەكەین، وشەكە لە زمانی پەهلەویدا (گاسانبار) و لە زمانی ئاوێستاییدا (گاهەنبار)ـە کە مەبەست لێی جەژنەکانی ساڵە. لە (بورهان قاطع)دا هاتووه مەبەست لە (گاهەنبار) ئەو شەش رۆژەیە که پەروەردگار جیهانی تیایاندا ئافەریدەکردووه.

واتای شیعرەکانیش ئەوه دەگەیەنێت کە یەکێك لە بارگە خوداییەکان لە (گاهەنبار) دابەزیوه و لەوێشدا پەروەردگار هەفتەوانەی لە نووری خۆی بەدیهێناون بۆ دەستگیریکردن و رێنماییکردنی خەڵك.

دیاره لەم چەند لاپەڕەیەی کە ناوونیشانی (چەردەیەك سەبارەت بە هەندێك لە رازه مێژووییەکانی ئاوێستا لە شیعرەکانی بارگە بارگە)یان هەڵگرتووه، دەگەینە ئەوەی کە دەرەنجامی قسەو باسەکان لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

١- ئەو کەسێتییانەی ناومانهێنان کە لە کتێبی (ئاوێستا)دا وەك (پادشا، یان پاڵەوان و سەرۆك لەشکر ناویانهاتووه) و هەموویان رۆڵی گەورەیان لە مێژووی سەردەمەکانی خۆیاندا گێڕاوه، لە شیعرە عیرفانییەکانی (بارگە بارگە)شدا، یان بارگەی خودایی لایان دابەزیوه، یان لە قۆناغەکانی دواتردا رۆحیان بە پێی (دۆناودۆن) چووەتە جەستەی رابەره دیارەکانی رێوڕەچەی یارسان، یان فریشتە و پیرەکانیانەوه.

٢- ئەم تێکەڵاوی و ئاوێتەبوونە گەورەو دیاره لە خۆیەوه نەهاتووه و زادەی رێککەوت نییە، بەڵکو بە دڵنیاییەوه دەڵێین کاریگەری بۆچوون و دەربڕینەکانی کتێبی پیرۆزی ئاوێستایە لەسەر بازنەی (٧٢) پیره، ئەوەش دەیسەلمێنێت کە ئەم زاتانە لە ناو

---

[٥٦]- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٨٦).

تایبەتمەندییە دینییەکانی خۆیاندا پێویستبووە لە سەریان لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو بۆچوون و دەربڕینانە بن و لێیان بەهرەمەند بن.

٣- لە ناو عاریفە ئێرانییەکاندا هەمیشە ئەوە زۆر باوبووە کە باسوخواسەکانی تایبەت بە پادشاو دەسەڵاتدارەکانیان لە ناو دەربڕینەکانیدا رەنگبداتەوە و لەمبوارەدا نموونە زۆرن، هەر ئەوەش کاریگەری بە سەر عاریفە کوردەکانەوە جێهێشتووە کە (٧٢) پیرە لەو زاتانەن.

٤- (٧٢) پیرە لە شیعرەکانیاندا ویستوویانە ئەوەمان پێبڵێن، کە دینی یارسان میراتگر و درێژەپێدەری دینە کۆنەکانی ئاری، بەتایبەت دینی زەردەشتییە و ئەوانیش دەیانەوێت شوێنکەوتوانی دینەکەیان بەو بابەتانە ئاشنابکەن.

٥- زۆربەی پیرەکان دوای گەیشتنیان بە پلەی (پیر) ئەگەر بۆ شوێنی دایکزادی خۆیان، یان بۆ ناوچەیەکی تر نێردرابن، ژیانی خۆیان بە رێنماییکردنی خەڵك و بانگهێشتکردنیان بۆ سەر دینی یارسان گوزەراندووە، دیارە ئەو پەیامە دینییەی پێکەشکریانکردووە جیاوازبووە لە باوەڕی دینی خەڵکانی هەندێك لەو ناوچانە، لە گەڵ ئەوەشدا ژیانیان پارێزراوبووە. وەك لە مێژووی ژیانیان دەردەکەوتووە لە ناو هەموویاندا تەنها (پیر تامازی کرمانی= پیر تاهماسپی کرمانی) بە کوشتن کۆتایی بە ژیانی هاتووە، ئەویش لە (شێخان) لە لایەن رکەبەرانییەوە کوژراوە و پێدەچێت کێشەکەی رکابەرێتی تایبەت بە خۆی بووبێت، ئەقڵ نایگرێت کوژرانی لە سەر کێشەی باوەڕی دینی بووبێت، چونکە ئەو لە (شێخان) بە پەنای (سان سەهاکی بەرزنجی)یەوە ژیاوە و لە شوێنێکی دوورەدەستدا نەبووە. بەدەر لە ناوبراو ئەوانی تر هەموویان تا کۆتایی ژیانیان لە شوێنەکانی خۆیاندا کێشەیەکی وەها رووبەڕوویان نەبووەتەوە هەڕەشە لە سەر ژیانیان دروستبکات. ئەمەش دڵنیاییدەدات کە (٧٢) پیرە تەنانەت بە لای ئەوانەشەوە کە لەسەر دینەکەی ئەوان نەبوون، جێگەی رێزلێگرتن بوون، ئەو رێزلێنانە پاش لە دونیادەرچوونیشیان لە کولتووری خەڵکەکەدا ماوەتەوە، دەبینین هەر لە کۆنەوە و ئێستاشی لە گەڵدا بێت مەزاری پیرەکان جێگەی رازونیازی خەڵکە و بەردەوام سەردانیاندەکەن. دەیان راز و گێڕانەوەش سەبارەت بە پایەی دینی و

کۆمەڵایەتییان قسەیان لێوەدەکرێت، کە هەندێکیان دەچنە چوارچێوەی ئەفسانەوە چونکە (پەرجوو= موعجیزە) هینی پیرەکان نییەو تایبەتە بە پێغەمبەرانەوە. لەم بوارەدا یەکێك لەو رازانە دەخەینەروو:

بەپێی دەستنوویی (تاریخ اورامان) و دەستنووسی (پاسداران مرز ایران) و دەستنووسی (مێژووی هەورامان)، پیر محەممەدی غەیبی، یەکێکبووە لە پیرەکانی هەورامان، لەبەر ئەوەش ناونراوە (پیر محەممەدی غەیبی) چونکە گۆڕی نییە، لەو دوو سەرچاوەدا و لەباسوخواسی ئەم پیرەدا دوو راز خراونەتەڕوو، رازی یەکەمیان پەیوەستە بە زیندانیکردن و ئازادکردنی (پیر محەممەد و باوە خوادادی ئامۆزای) لەلایەن (بەکری سوور)ی حوکمڕانی ئەو دەمەی شارەزوورەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانبێت رازی دووەمیانە کە دەڵێت: پاش ئەوەی (پیر محەممەد و باوا خواداد) لە زیندانی (بەکراوا) ئازادکراون رێگەی گەڕانەوەیان بەرە و هەورامان گرتۆتەبەر و نزێك عەسر گەیشتوونەتە نێوان هەردوو گوندی (هانەگەرملە و کەیمنە)، بەمەبستی نوێژکردن لەو شوێنە لایانداوە و پاش نوێژکردن و کەمێك پشوودان، (پیرمحەممەد) بە (باوا خواداد)ی وتووە: هەتا دەچینەوە ماڵەوە ژنەکەی من و ژنەکەی تۆش هەریەکە و کوڕێکیان بووە، هینەکەی تۆ (باوا مستەفا) دەبێت و ئەوەی منیش (باوامحەممەد)، پاش ئەم گفتوگۆیە (پیر محەممەد) خۆیکردووە بەژیر خەرقەکەیدا و خەریکی وێردکردنبووە، پاش ئەوەی ماوەیەکی پێچووە (باوا خواداد) وایزانیوە خەوی لێکەوتووە، بۆ ئەوەی درەنگیان پێنەبێت لێینزیکبۆتەوە و خەرقەکەی بەسەریەوە لابردووە، سەیریکردووە هیچی لەژێردا نییە، کاتێك گەیشتۆتەوە ماڵەوە رازەکەی بۆ خەڵکەکە گێڕاوەتەوە، فەرموویەتی گوایا (پیرمحەممەد) غەیببووەتەوە و ئیتر خەڵکی ناوچەکە بە (پیرمحەممەدی غەیبی) ناویانهێناوە[57].

---


[57]– بڕوانە:

١- (مەلا عەبدوڵای قازی)- دەستنووسی- تاریخ اورامان- لاپەڕە (١٠، ١١)


٢- (موزەفەرخانی رەزاو)- دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) لاپەڕە (٢٠ هەتا ٢٤).

٣- (محەممەد ئەمین هەورامانی)- دەستنووسی (مێژووی هەورامان) -بەشی یەکەم- پیرانی هەورامانی تەخت- لاپەڕە (٣ هەتا ٦).

شایانی باسە ئەو شوێنە تا ئێستاش هەر (پیر محەممەدی غەیبی) پێیدەوترێت و بەلای خەڵکی ناوچەکەوە زۆر پیرۆزە، بۆ رزگاربوون لە نەخۆشی و نزاکردن و پاڕانەوە بەردەوام سەردانیدەکەن.


دار یزشن و نیایشن رادی و زور برشنه اشوئی
دار اورهماکار وکرفه ها تندرستی یاد رادی یاد
نیکی یاد خوبی یاد ایدون یاد ایدون ترج یاد فه
یزدان و امشا سپندان کامه یاد اَشوُنِ اَشِم وُهو
(دیک بار) نکمه دین رذشتیا چیتیا هزد داتیا اشونیا
دینیا ونگهیا مازدیسنواش دین بهی راست و
درست که خدا بر بندگان، فرستاد اینست که اشو
زرتشت بیغمبر آورده است دین دین اورمزد
داد زرتشت اَشونِ اَشِم وُهو (دیک بار) دادار
یک دین بهی یک پیغمبر یزدان اشوئی پاک راه
زراتشت مهر اسپنتمان انوشه روان بیشک و
بیگمان براسته و درسته دین پاک یزدان اَشوُنِ
اَشِم وُهو (دیک بار)

لاپەڕەی (١٤) لە کتێبی ئاوێستای بچووك= خوردە ئاوێستا



**لاپەڕەیەك لە کتێبی ئاوێستا**

# لێکچوون و بەراوردکاری لە نێوان هەردوو دیینی دورزی و یارسان

# لێکچوون و بەراوردکاری لە نێوان هەردوو دیینی دورزی و یارسان

سەرەتا لەوەوە دەستپێدەکەم کە من پێشتر سەبارەت بە دیینی (یارسان) دوو کتێبم نووسیوە، یەکەمیان بە ناوی (یارسان)- لێکۆڵینەوەیەکی دیینی – مێژووییە و دووەمیشیان بە ناوی (کاریگەری ئاوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە)- لێکۆڵینەوەیەکی دیینی- بەراوردکارییە. هەروەها دەیان وتارم لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاّوکردووەتەوە، لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنیشدا قسەوباسم سەبارەت بە لایەنە جیاجیاکانی ئەم دیینە کردوە، هەر بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانم بەو بابەتانەدا بچمەوە و تەنها لایەنەکانی بەراوردکاری ئەم دیینە لە گەڵ دیینی (دورزی) بەلامەوە مەبەستن.

سەبارەت بە پێشینەی مێژوویی و رەچەڵەکی دورزییەکان، سێ بۆچوون لە ناویاندا هەن بەمشێوەی خوارەوە:

١- زۆرینەی دورزییەکان پێیانوایە بە رەچەڵەك دەچنەوە سەر تیرەکانی (قەیسی و یەمەنی)، گوایا باپیرە هەرە دێرینەکانیان لە ولاّتی (یەمەن) ژیاون، پاشان لەوێوە کۆچیانکردووە بۆ (شام)و لە (معرة النعمان) نیشتەجێبوون، دواتر بە هەموو ولاّتی (شام) و (میسر)دا بلاّوبوونەتەوە.، هەڵگرانی ئەم بۆچوونە خۆیان بە (عەرەب) دەزانن[١].

٢- هەندێکیان پێیانوایە (دورزی) هەم دیینە و هەم نەتەوە، هەڵگرانی ئەم بۆچوونە لە نوخبەی رۆشنبیرانیانن.

---

[١] - چاوپێکەوتن لە گەڵ (شێخ راتب حەموود)- سەرۆکی (مجمع التوحید الدرزی)- بیروت – گەڕەکی- وطی المصیطبة- رۆژی ( ٢٠ /٩ / ٢٠١١).

٣- هەموو دورزییەکان بڕوایان وایە کە بنەماڵی دەسەڵاتداری (جونبوڵات) کوردن و بە رەچەڵەك دەچنەوە سەر میرایەتی (جانبولاد)ی کوردی[٢].

ژمارەیەك لە نووسەران و لێکۆڵەرانی موسڵمان کە سەبارەت بە بیرو هزری ئیسلامی و ئاینزاکان نووسیویانە، پێیانوایە دورزییەکان موسڵمانن، هەربۆ نموونە: (عەبدولا نەجار[٣]- دکتۆر محەممەد حوسێن کامیل[٤]- دکتۆر عەبدولڕەحمان ئەلبەدەوی[٥]) و چەندانی تریش.

---

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٣] - (عبدالله النجار)- مذهب الموحدين الدروز- الطبعة الثانية- ص (٢١٥- ٢١٧).

[٤] - (الدكتور محمد حسين كامل)- طائفة الدروز- تاريخها- عقائدها- (ص ١٢٦- ١٢٧).

**هەروەها لە فەتوایەکی (ئەزهەر) یشدا دڵنیاییدراوە بە پەیوەستبوونی دورزییەکان بە موسڵمانانەوە[٦].**

**ئەوانەی قسە لە پەیوەستبوونی دورزییەکان بە ئیسلامەوە دەکەن، پشت بە چەند بەڵگەیەك دەبەستن وەك:**

**١- دەڵێن (ئەلحاکم) موسڵمانبووە، نوێژیکردووە و چەندین مزگەوتی بنیاتناوە.**

**٢- لێکچوون لە نێوان سروتە کۆمەڵایەتییەکانی دورزییەکان و موسڵمانان بە تایبەت سرووتەکانی: (هاوسەرگیری، پرسە، جەژنی قوربان).**

**٣- قایلبوونیان بە شایەتمانی موسڵمانان و بە رۆژی (پەسلاَن = کردەو کەرەم = قیامەت)[٧].**

**لە بەرامبەریشدا دەیان فەتوا هەن کە دورزییەکان بە موسڵمان لە قەڵەمنادەن. بۆیە ئەم بابەتە تا ئێستا تەمومژێکی زۆری لەسەرە، ئەگەر بەوردی لە رووی مێژووییە لێی بڕوانین بە شێوەیەکە و لەرووی باوەڕیشەوە بە شێوەیەکی تر، چونکە لە رووی مێژووییەوە دورزییەکان دەگەڕێنرێنەوە بۆ سەر (شیعەی ئیسماعیلی)، بەڵام لە رووی باوەڕەوە وەك دینێکی سەربەخۆ دێتەپێشچاو و دەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە لە گەڵ باوەڕی سوسڵمانان یەکناگرنەوە[٨].**

**ئەوانەش کە پێیانوایە دورزییەکان موسڵمان نین و خاوەنی دیینی تایبەت بە خۆیانن، پشت بە چەند بەڵگەیەك دەبەستن ، وەك:**

**١- دورزییەکان باوەڕیان بە دۆنان و دۆنی (رەوان= رۆح) و بەرجەستەبوونی رۆحی خودا لە تەنی مرۆڤدا هەیە.**

---

**[٥]- (الدکتور عبدالرحمان بدوی)- - مذاهب الاسلامیین، الدروز (ص٦٤٧- ٦٤٨).**

**[٦]- ئەم فەتوایە لە لایەن (الشیخ محمد عبداللطیف السبکی)یەوە واژۆکراوە- لە رۆژنامەی (قەبەسی کوەیتی)- ژمارەی رۆژی (٢/ ١٠/ ١٩٨٣) بلاَوکراوەتەوە.**

**[٧]- (محمد علی الزعبی)- الدروز ظاهرهم و باطنهم- ص (٣٠- ٣٤).**

**[٨]- الدرزیە مذهب اسلامی ام دیانە مستقلە- لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.**

٢- بەرۆژوونابن، نوێژناکەن و هەرگیز هاتوچۆی مزگەوت ناکەن.
٣- قیبلەیان لە (خلوة البیاضة)یە لە شارۆچکەی (حاصبیة)ی باشووری لوبنان و (کەعبە)ی پیرۆز بە قیبلە نازانن.
٤- پێیانوایە رۆژی (پەسلاَن) رۆژی گەڕانەوەی (ئەلحاکم)ـە بۆ سەر زەوی.

دیارە ئەم خالاَنە و چەندین خالَی تریش کرۆکی جیاوازی دیینی دورزییە و هەرگیز لە گەلَ بنەما سەرەکییەکانی دیینی پیرۆزی ئیسلام یەکناگرنەوە.

## پێشینەی دیینی دورزی:

دینی دورزی دینێکی نهێنی و ناوخۆییە، بۆ کەسێك دەگەڕینرێتەوە بە ناوی (نەشتەگین ئەلدورزی[٩]) ، سەرەتا لە میسر سەریهەلَداوە و پاشان بە ولاَتی (شام)دا بلاَوبووەتەوە، باوەڕەکەیان تێکەلَەیەکی دیینی و هزرییە و زۆر بە نهێنی رەفتار دەکەن، هەرگیز وردەکارییە دینییەکانیان لای کەس نادرکێنن، تەنانەت خودی دورزییەکان هەتا نەگەنە تەمەنی چل سالَ ئەو وردەکارییانە نازانن.

چەقی باوەڕی دورزی خەلیفەی دەولَەتی فاتمی (ابو علی المنصور بن العزیز باللە الفاطمی)یە کە بە (الحاکم بامر اللە) ناسراوە، ناوبراو سالَی (٣٧٥ ك) لە دایکبووە، لە تەمەنی (١١) سالیَ و پاش کۆچی دوایی باوکی بووە بە خەلیفە، بە پێی سەرچاوەکان خاوەن کەسێتییەکی بەهێز و دەگمەن، هەروەها زۆر سەیرو سەمەرە بووە لە رەوشت و هەلَسوکەوتەکانیدا و تا رادەیەك هەندێك بە شێت لە قەلَەمیانداوە.

ناوبراو سالَی (٤٠٨ك) هەمزە کوڕی عەلی کوڕی محەممەد ئەلزەوزەنی کە بە دامەزرێنەری راستەقینەی باوەڕی دورزی دادەنرێت، بانگکردووە و پێیوتوە پێویستە بڕوات بۆ ولاَتی (شام) و لەویَ سەرۆکایەتی بانگهێشتی (ئیسماعیلی) بکات، بۆ ئەو

[٩]- (غالب ابو مصلح)- الدروز فی ظل الاحتلال الاسرائیلی- (ص ٤٩).

مەبەستەش (دۆڵی تیم) کە دۆخێکی ناجێگیرو ئاڵۆزی هەبووە، بکات بە ناوەندی بانگهێشتەکەی.

سەبارەت بە (شیعەی ئیسماعیلی)، پێویستە ئەوە بنووسین کە خۆیان دەبەنەوەسەر (ئیسماعیل کوری ئیمام جەعفەری صادق)، لە هەندێك سەرچاوەدا نووسراوە: سەرەتای مێژووی کۆمەڵی ئیسماعیلی ئاشکرا نییە، مێژووی ئەم کۆمەڵە لە راستیدا سەردەمی خەلافەتی فاتیمییەکانە لە باکووری ئەفریقیادا، هەروەهاله سەردەمی ژیانی (حەسەن سەباح) و جێنشینەکانیدا لە (ئەڵەمووت)، ئایینزای ئیسماعیلی رەواجی زۆری هەبووە، پاش دەستبەسەراگرتنی (هۆلاکۆ) بەسەر قەلاَ سەختەکانی ئیسماعیلیدا، هەموو ئەو نووسراو و شوێنەوارانەی کە تیایاندا بوون لە ناوبراون[10].

دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی (هەمزە) لە کارەکەیدا زۆر سەرکەوتوو بووە و لە ماوەیەکی کەمدا توانیویەتی دەستبگرێت بەسەر ناوچەکەدا و بەسەر ئاڵۆزییەکاندا سەرکەوێت، بەوەش دۆخەکە جێگیر و ئارامبکاتەوە، ئەو کارانەی ئەوەندە خەلیفەیان دڵخۆشکردووە، نازناوی (السند الهادی) داوەتێ. هەر لە هەمان ساڵدا (هەمزە) سەرگەرمانە لە ناو خەڵکدا ئەوەی بلاَوکردووەتەوە کە رۆحی خودا چووەتە تەنی (ئەلحاکم)ەوە و بانگهێشتی بۆ ئەو مەبەستە کردووە، کاتێك لە یەکێك لە شەوەکانی زستانی ساڵی (٤١١ك)دا خەلیفە لە شوێنی حەوانەوەی بە بێ یاوەرو پاسەوان چووەتە دەرەوەو چیتر نەگەڕاوەتەوە، لە ناو خەڵکاندا رازی جۆراو جۆر سەبارەت بە کوشتنی بلاَوبوونەتەوە، (هەمزە) هەرگیز بەو رازانە قایلنەبووە، بەڵکو وتویەتی لە کاتی گونجاودا دەگەڕێتەوە هەتا سەرزەوی پڕبکات لە دادپەروەری و یەکسانی.[11]

پێویستە بزانین کە (هەمزە) دانەری زۆربەی کتێبە دینییەکانی (دورزی)یە.

---

[10] - (پۆڵ ئامێر)- کتێبی حەسەن سەباح- وەرگێرانی بۆ فارسی- (زەبیحولاَ مەنسووری)- وەرگێرانی بۆ کوردی- (حەمەی حەمەسەعید)- بەرگی یەکەم- چاپی دووەم- لاپەرە (٢٠٠)

[11] - ( مصطفی غالب)- تاریخ الدعوة الاسماعیلیة- ص (٢٢٥).

سەرەتا هەریەك لە (نەشتەگین) و (هەمزە) پێكەوە بەشداری دانانی بنەما سەرەكییەكانی دیینی (دورزی)یان كردووە، بەلاّم بە هۆی پەلەكردنی (نەشتەگین) لە راگەیاندنی بەرجەستەبوونی رۆحی خودا لە تەنی (ئەلحاكم)، نێوانیان تێكچووە و بەر نەفرەتی (هەمزە) كەوتووە، لە ئەنجامدا (نەشتەگین) هەڵهاتووە و چووە بۆ (شام)، لەوێ گروپێكی بە ناوی خۆیەوە دامەزراندووە، ساڵی (٤١١ ك) بە هاندانی هەمزە كوژراوە، لە هەندێك سەرچاوەدا وا هاتووە گوایا بە دەستی خودی هەمزە كوژراوە[١٢].

پێویستە لێرەدا ناوی ژمارەیەك لەوانە بهێنین كە بانگێشتیان بۆ باوەڕی (هەمزە) كردووە:

١- (حسێن كوری حەیدەری فەرغانی) كە بە (ئەلئەخرەم= ئەلئەجدەع) ناسراوە.

٢- (بەهائەدین ئەبوئەلحەسەن عەلی كوڕی ئەحمەدی ئەلسەمووقی) كە بە (الظیف) ناسراوە. ناوبراو كاریگەرییەكی گەرەی لە بلاّوكردنەوەی (دینی دورزی) بووە و لە كاتی ئامادەنەبوونی (هەمزە) جێگای گرتووەتەوە، هەروەها چەندین كتێبی داناوە، لە پێناوی ئەوەش ئەو بنەمایانە تێكنەدرێن كە خۆی و هەمزە و تەمیمی دایانناون، دەرگای تێڕوانینە جیاوازەكانی بۆ دینی دورزی داخستووە.

٣- (ئەبو ئیبراهیم ئیسماعیل كوڕی حامدی تەمیمی)، ناوبراو زاوای (هەمزە) و لە كارەكانیدا دەستە راستی بووە ، بە پلەی دیینی لە دوای (هەمزە)وە دێت[١٣].

---

[١٢] - سەبارەت بە شێواز و شوێنی كوشتنی (نەشتەگین)، رازو گێڕانەوەی جۆراوجۆر هەن لێرەدجا پێویست بە گێڕانەوەیان ناكات.

[١٣] - چاوپێكەوتن لە گەڵ (شێخ راتب حەموود)- سەرۆكی (مجمع التوحید الدرزی)- بیروت – گەڕەكی- وطی المصیطبة- رۆژی ( ٢٠ /٩ / ٢٠١١).

## گرنگترین بنەماكانی دیینی دورزی:

١- باوەڕی تەواویان بە بەرجەستەبوونی رۆحی (خودا) لە تەنی (ئەلحاكم)دا هەیە و دەڵێن: ناوبراو نەمردووە و جارێكی تر بۆ ژیانی سەرزەوی دەگەڕێتەوە.

٢- پێیان وایە (هەمزە) پێشتر لە دۆنی حەزرەتی (مەسیح)دا بووە.

٣- پێیانوایە دیینەكەیان هەموو دینەكانی پێش خۆی سڕیوەتەوە.

٤- هیچ كەس نابێت بە دورزی هەتاكو سەرنەسپێرێت و پەیمانی تایبەت نەبەستێت.

٥- باوەڕیان بە دۆناودۆن هەیە و دەڵێن رۆح لە جەستەیەكەوە بۆ جەستەیەكی تر دەگوێزرێتەوە و پاداشت و سزا بە پێی ئەو جەستەیە دەبێت كە رۆحەكەی بۆ گوێزراوەتەوە كە ئایا كەسێكی خۆشبەخت و چاكەكار بووە، یان بەدبەخت و خراپەكار.

٦- باوەڕیان بە كتێبی تایبەتی دینی خۆیان هەیە كە بە (المنفرد لذاتە) ناودەبرێت.

٧- دەڵێن (ئەلحاكم) پێنج پەیامبەری هەبوون بە ناوەكانی: (هەمزە- ئیسماعیل- ئەبو ئەلخەیر- محەمەد ئەلكلمە- بەهاء).

٨- فرە ژنی لە ناویاندا نییە، هەرگیز بواری هاوسەرگیری لە دەرەوەی خۆیان نادەن و ژنی تەڵاقدراو ناگەڕێننەوە.

٩- هیچ كەس لە ناو دینەكەیان وەرناگرن و بواریش نادەن كەس لەو دینە وازبهێنێت.

١٠- باوەڕی دینییان بۆ سەردەمە زۆر دێرینەكان دەگێڕنەوە و شانازی دەكەن بەوەی كە بەهرەیان لە لە هەریەك لە: (ئەرستۆ، ئیفلاتوون، فیساغۆرس و فەیلەسوفەكانی زەردەشتی و هیندی كۆن) وەرگرتووە.

١١- دەڵێن خوداكەیان سەرەتا ئەقڵی گشتی ئافەریدەكردووە و هەر لە رێی ئەویشەوە نەفسی گشتی هاتووەتە بوون و هەموو بوونەوەرەكانی لێبووەتەوە.

١٢- نوێژناکەن و بەرۆژوو نابن، ناوچەکانیان مزگەوتی تێدا نییە، بەڵام شوێنی کۆبوونەوەی دێنییان هەیە کە (الخلوة)ی پێدەڵێن. رێگە نادەن بێجگە لە خۆیان کەس بچێتە ناو ئەو شوێنانەوە..

١٣- بۆ حەجکردن ناچنە ماڵی خودا، بەڵام دەچنە (خلوه البياضة) لە شارۆچکەی (حاصبية) لە باشووری لوبنان، هەروەها هەندێك لە بیریارە گەورەکاریان بۆ حەجکردن چوونەتە (هیند).

١٤- باوەریان وایە رۆژی کۆتایی گەرانەوەی (ئەلحاکم)ـە بۆ سەر زەوی و ئەو کات بۆ سەرکەوتن رابەرایەتییان دەکات.

١٥- دورزییەکان حەوت راسپاردەی گرنگیان هەیە بۆ هەڵگرانی دینەکەیان بەمشێوەی خوارەوە:

أ- راستگۆیی.

ب- برایەتی.

ج- دوورکەوتنەوە لە پەرستنی نەبوو، هەروەها بوختانکردن.

د- بێبەریبوون لە شەیتانەکان.

هـ- قایلبوون بە کردەوەکانی (مەولانا= مەبەست لە مەولانا هەمزە کوڕی عەلییە) هەر چۆنێك بووبن.


و- خۆرادەستکردن بە فەرمانەکانی (مەولانا) بەنهێنی و بە ئاشکرایی.

ز- یەکبوون بۆ (مەولانا) لە هەموو سەردەمەکاندا.

## رابەرە دینییە دیارەکانیان:

دورزییەکان پێنج رابەری دیینی گەورەیان هەیە کە بە (پەیامهێنەر) ناویاندەهێنن، ئەو پێنج پەیامهێنەرە رۆڵی گەورەیان بووە لە جێگیرکردنی بنەما دینییەکان و بلاۆکردنەویان لە ناو شوێنکەوتوانیاندا، لە ناو ئالأی دینیاندا کە بە (ئەستێرەی پێنج پەڕە) بەناوبانگە هەر یەکەو بەرەنگێکی جیاواز هێمایان بۆ کردوون، بەمشێوەی خوارەوە:

١- رەنگی (سەوز) هێمایە بۆ (هەمزە کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەد ئەلزەوزەنی).
٢- رەنگی (سوور) هێمایە بۆ (ئەبو ئیبراهیم کوڕی محەممەد کوڕی حامیدی ئەلتەمیمی).
٣- رەنگی (زەرد) هێمایە بۆ (ئەبو عەبدولاَ محەممەد کوڕی وەهەبی ئەلقورەیشی).
٤- رەنگی (شین) هێمایە بۆ (ئەبو خێر سەلامە کوڕی عەبدولوەهاب ئەلسامری).
٥- رەنگی (سپی) هێمایە بۆ (بەهاددین ئەبو ئەلحەسەن عەلی کوڕی ئەحمەد ئەلسەمووقی) کە بە (الظیف) ناسراوە.



(ئەستێرەی دورزی = ئەستێرەی پێنج پەڕە)

پێویستە ئەوە بزانین کە ئەستێرەی پێنج پەڕە، هێمای نهێنی نێوان (حەسەن سەباح) و گەورە داعیەکانی ئیسماعیلی بووە، لە کتێبی (حەسەن سەباح)- بەرگی یەکەم- چاپی دووەم- دا، سەبارەت بە ناردنی تەتەرێك بەناوی (مووسا نەیشاپووری) کە یەکێکبووە لە (گیانبازانی باتنی)، لە لایەن (شەرەفەددینی تووسی) بەڕێوەبەری خوێندنگەی نیزامییەی خوراسانەوە، نامەیەکی گرنگ و نهێنی بۆ (حەسەن سەباح) بردووە. نوسراوە: (سوارەکە دەستیکرد بە گیرفانیدا و بازنەیەکی لە برنجە دروستکراو، کە ئەستێرەیەکی پێنج پەڕەیی پێوەبوو دەرهێنا)[١٤]. ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە دورزییەکان بە (شیعەی ئیسماعیلی)یەوە ببەستینەوە، ئەگەرچی لە هەندێك رووەوە جۆرە تێکەڵاوییەك هەیە، وەك نهێنیبوونی هەردولا و وابەستەبوونیان بە ئەقلگەراییەوە، بەڵام خاڵەکانی جیاوازی لەناویاندا زۆر زۆرترن، مەبەست لەم دێڕانە تەنها (ئەستێرەی پێنج پەڕە)بوو.

## دابەشبوونی رۆحی کۆمەڵی دورزی:

١- رۆحانییەکان: هەموو نهێنیە دینییەکانیان لایە و دابەشدەبن بە سەر (سەرۆك- ئەقڵ- ئەجاوید) بە سەرۆکەکەیان (شێخی ئەقڵ) دەوترێت.

٢- جیسمانییەکان: دابەشدەبن بە سەر: (میرەکان- نەفامەکان).

شێخی ئەقڵ لە رووی دینی و کۆمەڵایەتییەوە رابەرایەتی دورزییەکان دەکات، لەم روانەوە ناچنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە[١٥]. لەم بوارەدا هەریەك لە وڵاتانی (سوریا- لوبنان- ئیسرائیل) رازیبوون بەوەی کە سیستمی دادوەری تایبەت بە خۆیان هەبێت

١٤- (پۆڵ ئامێر)- کتێبی حەسەن سەباح- وەرگێرانی بۆ فارسی- (زەبیحولاٚ مەنسووری)- وەرگێرانی بۆ کوردی- (حەمەی حەمەسەعید)- بەرگی یەکەم- چاپی دووەم- لاپەرە (١٩).

١٥- چاوپێکەوتن لە گەڵ (شێخ راتب حەموود)- سەرۆکی (مجمع التوحيد الدرزی)- بیروت — گەڕەکی- وطی المصيطبة- رۆژی ( ٢٠ /٩ / ٢٠١١).

و له ڕووی سیاسیشەوە هەموو مافەکانیان له هەڵبژاردنه جیاجیاکان بۆ خۆکاندیدکردن و دەنگدان سەلمێنراون، بەڵام له وڵاتی (ئوردون) هەرچەنده بەشدارییەکی باشیان له دامەزراندنی دەوڵەتەکەدا هەبووە، کەچی تا ئێستا نەوەك کەمینه و تەنانەت وەك (خێڵ)یش له ناو سیستمی خێڵایەتیدا مافەکانیان نەسەلمێنراون.



ڕۆحانییەکی دورزی به جلو بەرگی دینییەوە.

## گرنگترین کتێبه دینییەکانیان:

١- نامه پیرۆزەکان ژمارەیان (١١١) نامەیه له دانانی (هەمزه و بەها و تەمیمی)ن.

٢- (ئەلنفەرد بزاته).

٣- هێڵەکان و بازنەکان و زۆربەیان پێیانوایە هەمزە نووسەریەتی و هەندێك لە مێژوونووناسان بۆ (عەبدولغەفار تەقیەدین دورزی) دەگەڕێننەوە کە ساڵی (٩٠٠ ك) کوژراوە..

٤- پەیمانی وەلی سەردەم- لە سەر رۆشنایی ئەم پەیمانە دورزی بە دینەکەی ئاشنادەکرێت.

ئەگەرچی سەرژمێرییەکی تەواو باوەڕپێکراو نییە کە ژمارەی دورزییەکان دیاریبکات، بەڵام بە پێی زۆربەی بۆچوونەکان ژمارەکانیان لەسەرانسەری دونیا بە پێی ئەم خشتەی خوارەوەیە:

| ز | ناوی وڵات | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | سووریا | ٧٠٠٠٠٠[١٦] |
| ٢ | لوبنان | ٢٥٠٠٠٠ |
| ٣ | ئیسرائیل | ١٣٠٠٠٠[١٧] |
| ٤ | ویلایەتە یەکتروەکانی ئەمەریکا | ٢٠٠٠٠ |
| ٥ | ئوردون | ٢٠٠٠٠ |
| ٦ | کەنەدا | ١٠٠٠٠ |
| ٧ | فەنزویلا | ٥٠٠٠ |
| ٨ | ئوستوڕالیا | ٣٠٠٠ |
| ٩ | کۆلۆمبیا | ٣٠٠٠ |

[١٦] - رۆژنامەی ئیکۆنۆمیست- ژمارە (٨٦١٨)- لاپەڕە (٤٩)- رۆژی (١٤ نیسان)- ساڵی (٢٠١١).

[١٧] - Institute of Druze Studies – Druze Traditions

## ناوی ژمارەیەك لە كەسێتییە دیارەكانیان:

١- رابەڕی شۆڕشی گەورەی سووریا ( سوڵتان پاشا ئەلئەترەش).
٢- میر فەخرەدین ئەلموغنی دووەم.
٣- میر (شەكیب ئەرسەلان).
٤- كەمال جونبولاٌت.
٥- شاعیری بەناوبانگ (سەمیح ئەلقاسم).
٦- میر (مەجید ئەرسەلان).
٧- دیزاینەری گەورەی جیهانی (مەڕوان العریضی).
٨- هونەرمەندانی بەناوبانگ (فەرید ئەلئەترەش و ئەسمەهان).
٩- زانای گەورەی بواری فیزیا (جەواد ئەلمەغربی).
١٠- شاعیرو توێژەر (شەوقی ئەنیس عەمار).
١١- میر (طلال ئەرسەلان).
١٢- ئەدیبی بەناوبانگ (سەعید تەقیەدین).
١٣- رۆژنامەنووس (راغدە دەرغام).
١٤- راگەیاندنكار و بێژەر (ئیمان قاسم).
١٥- (وەلید جونبولاٌت).
١٦- راگەیاندنكار (فەیصەڵ ئەلقاسم).
١٧- شێخ ئیبراهیم هیجری یەكەم.
١٨- شاعیر (طلیح حمدان).

هەروەها چەندین كەسێتی تری ناسراو و بەناوبانگ كە لە رووە جیاجیاكانی ژیانەوە نەخشی دیاریان هەیە.



ئامادەبوونی شۆڕشگێڕان بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشی گەورەی سووریا
بەرابەرایەتی (سوڵتان پاشا ئەلئەتڕەش)[١٨]

[١٨]- وێنەکە لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.

## خشتەیەك بە خاڵەكانی لێكچوون و بەراوردكاری:

| ز | دینی دورزی | دینی یارسان= كاكەیی |
| --- | --- | --- |
| ١ | باوەڕیان بە دۆناو دۆنی رۆحەكان هەیە | باوەڕیان بە دۆناودۆنی رۆحەكان هەیە و پێیانوایە هەموو رۆحێك ١٠٠١ جەستە دەگەڕێت، پاشان وەك شۆڵەی ئاگر دەچێتە بەهەشت[١٩]. |
| ٢ | نووسین و وتنەوەی پەیمانی تایبەت كە پێیدەوترێت (سەرسپاردن) | یەكێك لە بنەما سەرەكییەكانی دینەكەیان (سەرسپاردن)ە [٢٠]. |
| ٣ | هێچ نهێنییەكی دیینی خۆیان بۆ كەس نادركێنن، تەنانەت فێركردنی ئەو نهێنیانە لای خودی دورزییەكان لە تەمەنی چل ساڵیدا دەبێت[٢١]. | دركاندنی نهێنی بە لایانەوە یاساخ و رێپێنەدراوە لە سەر رۆشنایی (قەواڵەی سرِ مەگۆ)[٢٢]. |
| ٤ | پێنج پەیامبەریان هەیە ئەوانیش بریتین لە: (هەمزە، ئیسماعیل، ئەبو ئەلخەیر، محەمەد | پێنج رابەری دیینی گەورەیان هەیە كە بە (نوێكەرەوە= سۆشیانس) ناودەبرێن، ئەوانیش بریتین لە: بالوولی مایی، باوا |

---

[١٩] - (ئەیوب رۆستەم)- یارسان- لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی – دینییە- چاپی سێیەم- لاپەڕە (١٥٧)- لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری مارگرێت.

[٢٠] -(سەی قاسمی ئەفضەڵی شا ئیبراهیمی)–دەفتەری رموزی یارسان- سروودی ژمارە (٤ ).

[٢١] - چاوپێكەوتن لە گەڵ (شێخ راتب حەموود)- سەرۆكی (مجمع التوحید الدرزی)- بیروت – گەڕەكی- وطی المصیطبة- رۆژی ( ٢٠ /٩ / ٢٠١١).

[٢٢] -سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٢٢).

| | | |
|---|---|---|
| | ئەلکلمە، بەهاء). | سەرهەنگ دەودانی، شا خۆشێن= موبارەك شا، باوا ناوسی سەرگەتی، سان سەهاك بەرزنجی. |
| ٥ | لە شوێنە تایبەتەکانی خۆیان کە (خەلوە)ی پێدەوترێت کۆبوونەوەی دیینی دەبەستن | شوێنی کۆبوونەوە دینییەکانیان تایبەتە بە خۆیان و (جەمخانە)ی پێدەوترێت[٢٣]. |
| ٦ | بەرۆژوو نابن و نوێژناکەن | نوێژ ناکەن و تەنها سی رۆژ رۆژووی فەرزیان هەیە[٢٤] |
| ٧ | سەلمانی فارسی بە هێمای ئەقلّ دەزانن هەمان پێگەی حەزرەتی (جوبریل)ی بە لای موسڵمانانەوە هەیە[٢٥]. | سەلمانی فارسی بە لایانەوە فریشتەی یەکەمە و لە هەر حەوت قۆناغەکانی تەمەنی دونیا ئامادەیی هەیە[٢٦]. |

[٢٣] - (ماشەلاّ سووری)- سروودی دیینی یارسان- لاپەڕە (١٥٦).

[٢٤] - سەرەنجام- وردە سەرەنجام- لاپەڕە (٥٧٢).

[٢٥] - چاوپێکەوتن لە گەلّ (شێخ راتب حەموود)- سەرۆکی (مجمع التوحید الدرزی)- بیروت – گەڕەکی- وطی المصیطبة- رۆژی
( ٢٠ /٩ / ٢٠١١).

[٢٦] - بۆ سەلماندنی ئەم راستییە بڕوانە ئەم دێڕە شیعرە:
ئەڤەلّ کە سەلمان کاکە رەزابێ تەحقیق بزانن جبرائیل ئەو بێ

| | | |
|---|---|---|
| ٨ | قیبلەیان لە(حاصبیا)یە و (البیاضة)ی پێدەڵێن. | قیبلەیان لە (پەردیوەر)ەوە لە شێخان بە پێی ئەم شیعرەی خوارەوە و چەندین شیعری تر: وە واتەی میردان خەرقەی نور نەوەرئاوم تەشارەن قیبلەم پەردیوەر[٢٧] |
| ٩ | ژمارەکانی (٥، ٧) بە پیرۆز دەزانن، پێنج پەیامبەر و حەوت پلەی دینییان هەیە. | پێنج رابەری گەورەیان هەیە و بازنەکانی (هەفتەن- هەفتەوانە- هەفت خەلیفە) بە پیرۆز دەزانن. |
| ١٠ | فرەژنی، مەی خواردنەوە، درۆکردنی و ناپاکی بە لایانەوە حەرامن و تاوانی گەورەن. | فرەژنی، مەی خواردنەوە، درۆکردنی و ناپاکی بە لایانەوە حەرامن و تاوانی گەورەن. |
| ١١ | بانگهێشت بۆ دینەکەیان و ناکەن و بوارنادەن کەس تر ببێت بە شوێنکەوتووی. | بانگهێش بۆ دینەکەیان ناکەن، بەڵام بواری خەڵکی تر دەدەن ببێت بە یارسان. |
| ١٢ | دینەکەیان بە دینی راستی رەها دەزانن. | دینەکەیان بە دینی راستی رەها دەزانن بە خۆیان دەڵێن (ئەهلی هەق). |

[٢٧] - ئەیوب رۆستەم- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەڕە (٢٦٤).

| | | |
|---|---|---|
| ١٣ | هەندێك ڕێنایی دینیان لە شیەکانی ئیسماعیلییەوە وەرگرتووە | هاوکاری شیعەکانی ئیسماعیلییان کردووە و شانبەشانی رابەرەکەیان (حەسەن سەباح) جەنگاون. |
| ١٤ | پێیانوایە حەزرەتی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) دامەزرێنەری ڕێبازی (یەکبوونی ئیسلامی)یە. | پێیانوایە رۆحی خودایی چووەتە ناو جەستەی عەلی کوڕی ئەبە تالیب و بەوەش رۆحانییەت و جیسمانییەتی تێدا پێکەوە موتوربە بوون، هەروەها دەڵێن پاش مردنی رۆحی چووەت ناو خور و تەنها بە فەرمانی ئەو خۆر دەجووڵێت. |

# ڕەنگدانەوەی عیرفانی یارسان لە چەند شیعرێکی ( مەولەوی )دا

# ڕەنگدانەوەی عیرفانی یارسان لە چەند شیعرێکی ( مەولەوی )دا

## سەرەتایەکی پێویست:

وەك لە ناوونیشانەکەدا هاتووە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا قسە لە بابەتێکی شیعری دەکەین، هەر بۆیە لەوەوە دەستپێدەکەین کە شیعر وەك شاخەیەکی سەرەکی لە شاخەکانی ئەدەب، هاوتەمەنی ژیانی مرۆڤە و هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا چەندین پێناسەی بۆ کراون، ئەوەتا (ئیفلاتوون)بە لاساییکەرەوەی شتەکانی جیهانی هەستپێکراو پێناسەیکردووە، (ئەرستۆ)ی قوتابیشی پێیوایە لاساییکەرەوەی سروشتە[1]، کەچی (رامبۆ) وای بۆ چووە (جیهانی شیعر جیهانێکی تازەیە هیچ پەیوەندییەکی بە جیهانی رۆژانەی بیستراو و بینراوەوە نییە[2])، ناوبراو هەر لە درێژەی پێناسەکەیدا وتوویەتی: شاعیر لە هۆنینەوەی شیعردا، ئەو بابەتانە دەهێنێتەناو کە بەلای خەڵکی ئاساییەوە نەزانراو و هەستپێنەکراون.

هەر سەبارەت بە هاوتەمەنبوونی شیعر لە گەڵ ژیانی مرۆڤدا، (ئەدویت ئەصلان) نووسیویەتی: (سەماو مۆزیك و شیعر)، وەك سێ دەستەخوشك هاوتەمەنی ژیانی مرۆڤن، ئەم سیانە لە ناو خۆیاندا بازنەیەکیان پێکهێناوە، هەر لەو بازنەشەوە سەرەتای هونەر سەریهەڵداوە، هەر بۆیە هەرگیز لە یەکتر دانابڕێن و جیاکردنەوەیان بازنەی هونەر تێکدەشکێنێت[3].

بە پێی زۆربەی بۆچوونەکان شیعر بەرهەمی خەیاڵ و سۆز و هەڵچوونی مرۆڤە، ئەگەرچی بۆچوونیش هەن دەیبەستن بە ئەقڵ و ئیرادەیەوە، شیعر چەندە گۆرانی بۆ جوانییەکانی ژیان و مرۆڤ و دەوروبەرە رۆحی و مادییەکەی چڕیوە، ئەوەندەش فرمێسکی بۆ خەم و ئازارەکانی هەڵڕشتووە و بەگژ ستەم و نایەکسانیدا چووەتەوە، هەر

[1] - (د. کامل حسن عزیز البصیر)- رەخنەسازی- مێژوو و پەیرەوی کردن- لاپەڕە (١٦، ٢١)- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق (١٩٨٣).

[2] - هەمان سەرچاوە- لاپەرە (٩٣).

[3] - (ادویت اصلان)- فن المسرح- الجزء الاول- ص (١٦) ترجمة- د. سعدیة احمد- القاهرة - (١٩٧٠).

بۆیە دونیایەکە پڕە لە جوانی و بەهاکانی مرۆڤ لەشوێن خۆیدا دادەنێت، هەردەم پێیدەڵێت کە ئەو چییە و پەیامی مرۆڤایەتی پێدەناسێنێت.

پێدەچێت زۆرجار تەنها ئاوەز بەسنەبێت بۆ ئەوەی لە هەموو بەرهەمێکی شیعری بگەین، چونکە دونیای شیعر پەیوەستە بەو خەسڵەتانەی مرۆڤەوە کە هەرگیز ناتوانرێت لە چوارچێوە بگیرێن و توانای لە قاڵبدانیان نییە، هەر بۆیە شیعر سنووری ئاوەز تێپەڕدەکات و جاروبار خۆی بە مەیل و ئارەزووی تەنی شاعیرەوە دەبەستێتەوە.

شیعر لای ئێمەی کورد مێژوویەکی دێرینی هەیە، هیچ زیادەڕۆییەکی تێدا نییە گەر بڵێین مێژووی رۆشنبیریمان بە شیعر دەستیپێکردووە، شیعری کوردی لە زۆربەی دەروازەکانی دونیای شیعری داوە، هەر لێرەوە دەبینین ماڵەکانی پێشینەی شیعری کوردی گەنجینەیەکی گەورەن، هیچ دوڕو مرواریەکی شیعر نییە لەو ماڵانەدا نەپارێزرابێت، بەڵام داخەکەم ماڵەکان تاریك و بێشەوق ماونەتەوە و ئێمەش زۆر لەو تاریکییە بێباکین، ئەگەرچی هەندێك وەکو پەروانە بەدەوری چرای شیعردا خۆیان دەسووتێنن و خەمیان بووە بە خەمی لێکدانەوە و خوێندنەوەی نوێ بۆیان هەتا تروووسکاییەك بەو ماڵانە بدەن، کەچی زۆربەمان گومان لەو تروسکایەش دەکەین و دەیدەینەبەر نەشتەری کول و تیروتوانجی ناڕەوا.

دەچینەسەر ئەوەی کە سەرەتای مێژووی شیعری کوردی بە شیعری (هەورامی- ماچۆ) دەستیپێکردووە، خودی دیالێکتەکەش زمانی رۆشنبیریی گەلەکەمان بووە و گەنجینەیەك ئەدەبیات و عیرفانی پێنووسراوەتەوە، هەر بۆیە شیعری هەورامی کاروانچیانی بوارەکە لە کۆڵیانناوە و لە سەردەمە جیاجیاکاندا بالآیانپێکردووە، (مەولەوی)یش بە بڵندترین هەوارگە و بە لووتکەی داهێنانی گەیاندوە، لەسەر تەختی دەسەڵاتەکەی پاڵیداوەتەوە و بە درێژایی تەمەنی پادشایەتیکردووە، دوای ئەویش کەسێکی تر نەیتوانیوە درێژە بەو پادشایەتییە بدات و تەنانەت یاوەرێکی باشیش نەهاتووەتە مەیدان، بەڵکو تەنها لە لێوار و قەدپاڵی لووتکەکەوە گوڵچنینی شیعری هەورامی کراوە، ساڵانێکیش ئەو گوڵچنینە پوش و پەڵاش و درك و داڵی زۆری تێکەڵبووە، تا وای لێهاتووە بەرەو ئاوابوون ملبنێت، هەر بۆیە شیعری هەورامی نەوەك هەر کەوتووەتە پاشەکشێ، بەڵکو سەرچاوەی کانیاوەکەی رووی لە کەمکردن و جۆڕە و تەنانەت وشککردنیش کردووە و تەلاری رازاوە و دێرینی رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو داڕمان

رۆیشتووە، چونکە (مەولەوی) ئەوەندە ئەندازیارێکی پسپۆر بووە، لە زۆربەی دەروازەکانی شیعری سەردەمی خۆی داوە و سوارچاکانە چووەتە ماڵەکانەوە، لەوێ شەن و کەوی کردووە، جێزی خەرمانی شیعرەکانی گەیشتووەتە ئاستێك کە شاعیرانی دوای خۆی گوێل گوێل لێیان خواستووە و ماڵی شیعری خۆیانیان پێ پۆشتەکردووە. کەچی هیچ شاعرێکی تری هەورامی لە دوای (مەولەوی)یەوە، نەیتوانیوە وەك ئەو لە: (وێنەی هونەری و ستاتیکا و ترپەو خورپە و سەمفۆنیای شیعری و لیریك)دا وەستابێت.

بەلاَم لە شێوەزارەکانی تردا بەهەمانشێوە نەبووە، بۆ نموونە کاتێك سێکوچکەی بابان (نالی، سالم، کوردی) ماڵئاواییان لە شیعر کردووە، (مەحوی، حەمدی، وەفایی، حاجی قادری کۆیی) هاتوون [٤]، دوای ئەوانیش (شێخ نووری شێخ سالح و عەبدولاَ گۆران) و چەندانی تر، هەوارگەکانی شیعریان تەیکردووە و بەرهەمی جوانیان بە کاروانی شیعری کوردی بەخشیوە، لەمبوارەدا هەر ئەمەندە بە پێویست دەزانین و پێمانوایە لەمە زیاتر درێژدارییە.

(مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم) لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناوونیشانی (مەولەوی- ژیان و بەرهەمی)، نووسیویەتی: (تائێستا گەلێك لە نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد لە دوو تویێ هەندێك کتێبی ئەدەب و مێژووی ئەدەبدا لە بارەی شیعری مەولەوییەوە نووسیویانە، لە ناو ئەوانەدا : (ئەمین فەیزی بەگ، پیرەمێرد، حسێن حوزنی موکریانی، گۆران، عەلائەددینی سەجادی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، موحەممەد سدیقی موفتی زادە، عەلی شێخ عومەری قەرەداخی، سەید محەممەد تاهیری هاشمی، د. عیزەددین مستەفا رەسووڵ، بەندەو گەلێك کەسی تر لە رۆشنبیرانی کورد[٥]).

دیارە دوای ئەمانەش چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مەولەوی و شیعرەکانی لە لایەن هەریەك لە (سدیقی بۆرەکەیی[٦]، حەکیم مەلا سالح[٧]، هەمایۆن صاحب کەریم[٨])

---

[٤] - (حەکیم مەلا سالح)- مەولەوی و پەخشانی کوردی- لاپەڕە (١٢)- لە بلاَوکراوەکانی (دیداری مەولەوی)- ٢٠١٠.

[٥] - (محەممەدی مەلا کەریم)- مەولەوی- ژیان و بەرهەمی- لێکۆڵینەوە- کتێبی (میهرەجانی مەولەوی) لاپەڕە (٢٣- ٢٥)- لە بلاَوکراوەکانی دیداری مەولەوی- سلێمانی- (٢٠١٠).

[٦] - (صدیق بۆرەکەیی- صفی زادە)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەڕەکانی (٥١٧- ٥٢٦)- چاپخانەی چهر تبریز.

[٧] - (حەکیم مەلا سالح) لە هەردوو کتێبی - مەولەوی تەقینەوەی زمان- چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر- هەروەها مەولەوی و پەخشانی کوردی- لە بلاَوکراوەکانی دیداری مەولەوی- سلێمانی — (٢٠١٠).

و نووسەرانی ترەوە نووسراون، هەروەها ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین دوو ماستەرنامە لە لایەن: خاتوو (کولسووم عوسمان پوور[٩]، لهۆن قادر[١٠] )و، دوو دکتۆرانامەش لە لایەن: (د. ئەنوەر قادر جاف[١١]، د. شکار عەبدولکەریم[١٢] )ەوە نووسراون.

ئاشکراشە کە دیوانی شیعرەکانی (مەولەوی) بۆ چەند جارێك و بەمشێوەی خوارەوە لە چاپدراوە:

١- ئەسڵ و رۆحی مەولەوی- (پیرەمێرد) لە دوو بەرگدا لە چاپیداوە.

٢- دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- بەغدا ١٩٦١. هەر هەمان دیوان لە ئێران بە ئۆفسێت لە چاپدراوە و بڵاوکراوەتەوە.

٣- دیوانی مەولەوی- ساخکردنەوەی (صدیق بۆرەکەیی- صفی زادە)- تاران چاپخانەی حەیدەری.

٤- دیوانی مەولەوی- لە لایەن (محەممەد ئەمینی ئەردەڵانی)یەوە بە شیعر بۆ کرمانجی خواروو- وەرگێردراوە- بەرگی یەکەم- چاپخانەی (مونیر)- بەغدا- ١٩٩١.

هەروەها ژمارەیەك (میهرەجان و کۆنگرە و دیدارو کۆڕی تایبەت) بۆ تاوتوێکردن و قسەوباسی جیاجیا سەبارەت بە بەرهەمەکانی مەولەوی بەگشتی و شیعرەکانی بە تایبەتی بەرێوەچوون، وەك لەخوارەوە دیاریکراوە:

یەکەم- میهرەجانی مەولەوی- دەزگای رۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیریی و راگەیاندنی عێراق، هاوینی (١٩٨٨) بۆ ماوەی دوو رۆژ لە شاری سلێمانی بەرێوەیبردووە، لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی میهرەجان، ساڵی (١٩٨٩) لە دوو توێی کتێبێکی (٢٥٦) لاپەرەییدا بە ناوونیشانی (میهرەجانی مەولەوی) بڵاوکراونەتەوە[١٣].

---

[٨] - (هەمایۆن صاحب کەریم)- شەریعەتی مەیل- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی (جەمال عیرفان)- سلێمانی (٢٠١٣).

[٩] - (کلثوم عثمان پور)- دوزخ دوری (زیبایی شناسی دیوان اشعار مولوی کورد)- ماستەرنامە- لە بڵاوکراوەکانی دیداری مەولەوی- سلێمانی (٢٠١٠).

[١٠] - (لهۆن قادر)- دوالیزمی دژیەك لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای رۆمی و مەولەوی تاوگۆزی – ماستەرنامە- زانکۆی سلێمانی – ساڵی (٢٠١٣).

[١١] - (د. ئەنوەر قادر محەمەد)- لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی- ١٨٠٦- ١٨٨٢- بە (دیالێکتی گۆرانی)- ستۆکهۆڵم ١٩٩٠.

[١٢] - (د.شکار عەبدولکەریم)- چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانا جەلالەددینی رۆمیدا- دکتۆرانامە- رۆژی (١٣/ ٢/ ٢٠١٤) گفتوگۆی لێوەکراوە و پەسەندکراوە.

[١٣] -(میهرەجانی مەولەوی)- بابەتەکانی میهرەجانی مەولەوی- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی سلێمانی- ٢٠٠٠.

دووەم- (کۆنگرەی مەولەوی) هاوینی ساڵی (١٩٩٢) لە شاری سەقز بەڕێوەچووە و ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی خۆرهەڵات و باشووری کوردستان بەشدارییان تێدا کردووە، لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی لە دوو تویی کتێبێکدا بە ناوونیشانی: (مجموعه مقالات واشعار کنگره بزرگداشت مولوی کرد) لە لایەن دەستەی سەرپەرشتیکردنی کۆنگرەکە لە هاوینی (١٩٩٦) بلاّوکراوەنەتەوە[١٤].

سێیەم- (دیداری مەولەوی)- لە لایەن بەرێوەبەریتی گشتی ڕۆشنبیریی و هونەری سلێمانی ڕۆژانی (٩-١٠)ی مانگی تشرینی یەکەم - ساڵی ٢٠١٠- بە دروشمی (با لە داهێنانەکانیەوە مەولەوی زیاتر بناسین) لە سلێمانی بەڕێوەچووە، تیادا شەش کتێب بەم ناوونیشانانە بلاّوکراونەتەوە:

١- (شەریعەتی مەیل)- لە دوو تویی (٦٥٢) لاپەڕە، لە نووسینی (هەمایۆن صاحب کەریم).

٢- (دۆزخ دوری- زیبایی شناسی اشعار مولوی کرد)- لە دوو تویی (٢٣٢) لاپەڕە لە نووسینی (کولسووم عوسمان پوور).

٣- مەولەوی و پەخشانی کوردی- لە دوو تویی (٧٨) لاپەڕە لە نووسینی (حەکیم مەلا ساڵح).

٤- میهرەجانی مەولەوی- لە دوو تویی (٣٠٠) لاپەڕە- هەمان بابەتەکانی میهرەجانی مەولەوی ساڵی(١٩٨٨)ی تێدا بلاّوکراونەتەوە.

٥- نامەی شیعری لە شیعرەکانی مەولەویدا- لە دوو تویی (٢٥٢) لاپەڕە لە نووسینی (دارا محەممەد عوسمان).

٦- (دیداری مەولەوی)- کۆی لاپەرەکانی ئەو (١٦) لێکۆڵینەوەی تیادا بلاّوکراوەتەوە کە لە لایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە پەسەندکراون و لە ڕۆژانی دیدارەکەدا خوێندراونەتەوە.

دیارە ئەم کارانەی کە کراون و هەموویان لە بواری (مەولەویناسی)دا هەریەکەو هێندەی قورسایی خۆیان سەرنجیانڕاکێشاوە، بەلاّم تا ئێستاش هەندێك لایەنی گرنگ لە شیعرەکانی (مەولەوی)، فەرامۆشکراون و وەك پێویست تیشکیان نەخراوەتەسەر، یان

---

[١٤] - (مجموعه مقالات واشعار کنگره بزرگداشت مولوی کرد)- سقز- شهریور- ١٣٧١- تدوین هیئت علمی برگزاری کنگره مولوی- شهر کرد- چاپ افست- ١٣٧٥.

لێکدانەوە و راڤەی هەڵەیان بۆ کراوە، کە ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە لە ئەنجامی ناشارەزایی و تێگەیشتنی هەڵەوە لە زمانی شیعرەکان، یان ناشارەزایی لە باکراوندی مەعریفە بەلای (مەولەوی)یەوە سەرچاوەدەگرن. ئەم بابەتەی کە ئێمە بۆ ئەم لێکۆڵینەوە هەڵمانبژاردووە، یەکێکە لە بابەتە فەرامۆشکراوەکان. بە ئومێدی ئەوەی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زیاتر بە لایەن نووسەران و شارەزایانی بواری مەولەویناسی، لەم بوارەدا بێنە مەیدان و ئەم لایەنە فەرامۆشکراوەی شیعری مەولەوی بە خوێنەران بناسرێت.

## چەردەیەك سەبارەت بە ( عیرفان ) لە ئەدەبی یارساندا

پاش ئەم دیڕانەی لەم چەند لاپەرەیەدا وەك سەرەتایەكی پێویست خرانەڕوو، دەگەڕێینەوە سەر كرۆكی بابەتەكە كە خستنەڕووی كاریگەری عیرفانی (یارسان)ە بەسەر چەند شیعرێكی (مەولەوی)یەوە، شتێكی ئاشكرایە ئەدەبی یارسان لە زۆربەیدا ئەدەبێكی عیرفانییە، هەموو شەقڵەكانی عیرفان بە شیعرو پەخشانەكانیانەوە دیارن، بەشێوەیەك كە بنەما سەرەكییەكانی عیرفان لە شیعرەكانیاندا گەیشوونەتە ئاستی تیۆرێزەكردن، ئەوەش لەسەر رۆشنایی هێڵی سەرەكی باوەڕ كە هێڵێكی تەواو عیرفانییە و ناوەرۆكەكەی بەمشێوەیە:

خودای گەورە سەرچاوەی هەموو بوونێكە، (ئاسمان و زەوی، ئاو و هەوا، هەموو زیندەوەرەكان، رووەك و شینایی) لە ناو ئەم گەردوونەدا لە ژێر فەرمانی ئەودان، دونیای لە نووری خۆی و مرۆڤێشی لە رەوانی خۆی و مادە ئافەریدەكردوون، مادەكانیش (خۆڵ و ئاو)ن، هەر لێرەوە بوونی خودا تەنها بوونی راستەقینەیەو هەموو بوونەكانی تریش سێبەری ئەون[15]، مرۆڤ تەنها لە رێی ناسینی پێغەمبەران و پیاوچاكانەوە ناتوانێت عیرفان بەدەستبهێنێت، بەڵكو لەسەری پێویستە بە خوداناسی راستەقینەو ریازەتكێشان بگاتە راستی بوون، پاش تێپەربوونی بە سێكوچكەی باوەردا كە شەریعەت و تەریقەت و مەعریفەت)ن، ئەمەش كرۆكی عیرفانی یارسانە، لەمبارەوە (پیرمووسای شامی= مووسا قەڵمزەڕین) فەرموویەتی:

شەرت شەریعەت تەوقیتی هەقەن
تەریقەت چاوەش خەلق خالقەن
هەقیقەت بەرپا شەریعەت لەنگەن
جیهان سەقامگیر بەندەی یەك رەنگەن
ماریفەت مۆرەن نە پەردەی سرپۆش
بینایی یارەن جامەی تۆ وەنۆش

---

[15]- (ئەیوب رۆستەم-) كاریگەری ئاوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (٩٧)- لە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی (جەمال عیرفان).

واتای ئەم دێرانە بەمشێوەیە: مەرجی شەریعەت سەرخستنی راستییە و (تەریقەت) بۆ ئەوەیە خەڵك بەباشی خودای خۆیان بناسن و گەواهی بوونی بدەن، کە (هەقیقەت) بەرپابوو، شەریعەت لەنگدەبێت و (مەعریفەت) دەبێتە مۆری گەیشتن بە نهێنییە پەردەپۆشەکان، ئیتر رەوانی مرۆڤ چیژی خودا دەکات و بە چاوی دەروون کە (بەصیرەت)ی پێدەوترێت دەیبینێت[١٦].

هەروەها هێڵی سەرەکی باوەڕ لای یارسانەکان دڵنیاییدەدات، مرۆڤ تەنها بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکە دینییەکان، خودا ناناسێت، بەڵکو لەسەری پێویستە باش خۆی بناسێت، پاش ناسینی خۆی ئینجا دەتوانێت پەروەردگارەکەی بناسێت، هەروەك لە دیری دووەم- برگەی دووەم- بەندی (٥٥)ی کتێبی بارگە بارگەدا هاتووە کە (پیر نازداری شیرازی) فەرموویەتی:

هەرکەس وێش ناسا محەممەد ئاسا

بێ شك ئەو کەسە (مەولا)چ شناسا[١٧]

دیارە زەردەشتییەکانیش لەم بوارەدا هەمان باوەریان هەیە و دەڵێن: (خۆناسین باشترین بەخشندەیی و سەرکەوتنە)، ئەوەتا لە بەندی (٤٣ی یەسنا)دا هاتووە: (ئەی مەزدا باشترین بەخشندەیی کە خۆناسینە بە ئێمە ببەخشە)[١٨].

سۆفیگەری ئیسلامیش هەمان ئاکاری هەیە، سۆفی لەسەری پێویستە خۆی بناسێت، بەوەی کە بەندەیە و ئافەریدەکراو، بەرامبەر پەروەردگارەکەی ئەسپاردەی لەسەرە، هەروەها بەرامبەر هەریەك لە: (دایك و باوك و خێزان و منداڵ و دراوسێ و هاووڵاتییەکانیشی)بەرپرسیاریەتی هەیە، بۆیە هەرکەس توانی هەستی چاکە لە خۆیدا پەروەردەبکات و هەستی ناپاکی لە دەروونیدا پاککردەوە، ئەوە خۆی ناسیوە و ئامادەییشی پەیداکردووە پەروەردگارەکەی بناسێت، ئەوەش لە سەر رۆشنایی (من عرف نفسه فقد عرف ربه[١٩]).

---

[١٦]- هەمان سەرچاوە- لاپەرە (١٠٧).

[١٧]- سەرەنجام- بارگە بارگە- بەندی (٥٥)- برگەی دووەم- دیری دووەم- لاپەرە (٧٥).

[١٨]- (رستم شهرزادی)- مووبد- سیری در اموزشهای گاتها- چاپی پێنجەم- لاپەرە (٤١)- انتشارات فروهر.

[١٩]- (ئەمین شێخ عەلادین نەقشبەندی)- تەصەوف چیە- لاپەرە (٧٥)- چاپی یەکەم- ١٩٨٥.

هەر لە بواری خستنەڕووی چەردەیەك لە عیرفانی یارسان وەك لە ناوونیشانەكەدا هاتووە، پێویستە ئاوڕێكی خێرا لە چەند دێریك لە شیعرە عیرفانییەكانیان، وەك چۆن لە ناو تێكستە پیرۆزەكاندا هاتوون بدەینەوە، ئاشكرایە سەرەتای عیرفانی یارسان بۆ (دەورەی بالوولی مایی) دەگەڕێتەوە، ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەكن لە شیعرە عیرفانییەكانی ناوبراو و چەند كەسێك لە گەورە موریدانی:

★- (بالوول) وتوویەتی:

دێوانەی زایر، دێوانەی زایر
دانای یارانم، دێوانەی زایر
زایر وە عەبەس، كەوتەن وە بایر
ڕەجەبم نەسیم، لوڕەمەن ئایر[٢٠]

لەم دوو دێڕەدا (بالوولی مایی) پێماندەڵێت: بە ڕواڵەت شێت و دێوانە دێمە پێشچاو، بەڵام من دانای یارەكانم و ڕابەرایەتییان دەكەم. (ڕەجەب)م- مەبەستی (باوە ڕەجەبی لوڕستانی)یە، شنەی شەماڵە بۆ دۆستان و شوێنكەوتوانم (لوڕە)شم- مەبەستی (باوە لوڕەی لورستانی)یە، بۆ دوژمنانم ئاگرە، دیارە لێرەدا (بالوول) بە ئاشكرا دوو توانای پەروەردگاری داونەتە پاڵ خۆی كە بریتین لە: (پاداشت و سزادان)، ئەوەش لە ڕێی دوو فریشتە لە فریشتەكانی سەردەمی بەرجەستەبوونی ڕەوانی خودایی لە تەنی ناوبراودا.

★- (باوە لوڕەی لوڕستانی) وتوویەتی:

ئەو سەراپەردە، ئەو سەراپەردە
جبرەئیلەنان ئەو سەراپەردە
محەممەد بەردم ئەو پشت پەردە
قەولێوەم چەنی بەهلوولم كەردە[٢١]

[٢٠]- (ئەیوب ڕۆستەم)- كاریگەری ئاویستا بە سەر ڕابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (٩٣)- لە بلاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان.

[٢١]- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

مەبەستی (باوە لوڕەی لوڕستانی) لەم دوو دیرەدا ئەوەیە، گوایا (محەممەد)ی بردووەتە پشت پەردەو ئەو پەیامەی پێگەیاندووە کە (بالوول) پێی راسپاردووە، بۆ ئەو مەبەستەش لە سەر پەردەی ئاسمانەوە هاتووەتە خوارێ، ئەو دەمە ئەو (جوبریل) بووە، لێرەدا زۆر بە روونی و بەبێ هیچ پەردەپۆشکردنێك (باوا لوڕە) پێمندەڵێت: لە سەروبەندی دابەزاندنی سروش بۆ پێغەمبەری گەورەی ئیسلام (محەممەد- د.خ)، ئەو لە دۆنی (جوبریل)دا بووە.

٭- (باوە رەجەبی لوڕستانی) وتوویەتی:

سا ڤیا دەستم، ساڤیا دەستم

جامێ تەر باوەر، بگێرە دەستم

ئەز جە مەیخانەی، رۆی ئەلەست مەستم

وە مەستی پەیمان، ئایینم بەستم

(باوە رەجەبی لوڕستانی)، لەم دوو دێرەدا ئەوەی خستووەتەڕوو، ئەگەرچی ئەو هەر لە رۆژی ئەلەستەوە مەستە و بە مەستییەوە پەیمانی دیینی خۆی بەستووە، بەلاّم داواکارە مەیگێڕ بە جامێکی تری مەیەوە دەستیبگرێت. دیارە مەبەستی ناوبراو  لە (مەی) لەم دێرانەدا (مەی خودایی) و (مەیگێڕ)یش خودای گەورەیە.

هۆنینەوەی شیعری عیرفانی لای رابەران و پیران و دانایانی یارسان، دوای (بالوولی مایی) لە قۆناغە مێژووییە  جیاوەزەکاندا بەردەوامبووە، وەك: (دەورەی باوا سەرهەنگی دەودانی، دەورەی شاخۆشێنی لوڕستانی= موبارەك شا، دەورەی باوا ناوسی سەرگەتی، دەورەی سان سەهاکی بەرزنجی= دەورەی پەردیوەر، دەورەی شاوەیسقولی قرمزی، دەورەی عالی، دەورەی حەیدەری)، ئەم دەورانەش هەر لە سەدەی چوارەمی کۆچییەوە، هەتا کۆتایی سەدەی سیانزەمی کۆچی بەردەوامبوون. ئەوەتا (دەروێش نەورۆزی سۆرانی) کە یەکێکبووە لە عاریفانی سەدەی سیانزەمی کۆچی وتوویەتی:

بالوول زاتێوەن زاتی یەکانە

عامیان ماچان بالوول دێوانە

کێ دی دێوانە وەی تەور دانا بۆ؟

مەرگەو نە مەیدان گەردوون زانا بۆ

(دەروێش نەورۆزی سۆرانی) لەم دوو دێرەدا باوەڕی خۆی و هاودیینەکانی خستووەتەڕوو، بە راشکاوی باسی لەوە کردووە کە (بالوول) زاتی یەکانەیە، بەڵام خەڵکانی نەزان بە شێتی دەزانن، هەروەها هەردوو خەسڵەتی (زانا و دانا)ی داوەتێ کە هەردووکیان خەسڵەتی پەروەردگاری گەورەن.

هەردوو سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی ئەو دوو سەدەیە بوون کە شیعری عیرفانی یارسان تیایاندا بە لووتکە گەیشتووە، کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) کە شیعرەکانی لەو دوو سەدەیەدا هۆنراونەتەوە، خەرمانێکن لە عیرفان، بەشی یەکەمی (سەرەنجام) کە کتێبی (بارگە بارگە)یە هەمووی شیعری عیرفانییە و باس لە (٧٢) بارگەی خودایی دەکات کە بە پێی باوەری یارسانەکان لە سەرانسەری تەمەنی دونیادا دێنەسەر زەوی و بەرهەمی (٧٢) پیرەیە، هەروەها کتێبی (گلێم وە کۆڵ) کە بەشی چوارەمی (سەرەنجام)ە سەراپاکی شیعری عیرفانین، باس لە سەفەری رەوانی هەریەك لە: (پیر بنیامین، مستەفا دەودانی، پیر مووسا، پیرڕەمزبار، باوا یادگار، شا ئیبراهیمی ئێوەت) دەکەن، لە (پەردیوەر)ەوە بۆ ولاتانی یەمەن و میسر لە شێوەو بەرگی جیاجیادا، بە جۆرێك کەسیان ئەوی تریانی نەناسیوەتەوە، (پیر بنیامین- وەك میر حوسێن) لە یەمەن ژیاوە، هەریەك لە: (مستەفا دەودانی- وەك قەرچیل، پیر مووسا وەك کوری میرزای کەشتی، رەمزبار وەك کوری کەشتیوان، باوا یادگار- وەك هەژارێکی سەرنشین، شا ئیبراهیم- وەك میرەی باش بازرگان)، لەناو کەشتییەك لە رووباری (نیل)دا بوون. بە هەمانشێوە بەشەکانی تری کە بریتین لە: (دەورەی هەفتەوانە، دەورەی چلتەن، دەورەی عابدینی جاف، وردە سەرەنجام) چەندین بابەت و دەلالاتی عیرفانیان تێدان.

دیاره لەم بابەتەدا بواری ئەوە نییە نموونە لە شیعری عیرفانی هەموو دەورەكان بهێنینەوە و پێویستیش ناكات، چونكە ئەم دێرانەی خرانەڕوو ئامانجی خۆیان دەپێكن، ئەوانەش مەبەستیانە زیاتر بە شیعری عیرفانی یارسان ئاشنا بن، دەتوانن بفەرموون بۆ سەر خوانی (سەرەنجام) و كتێبە پیرۆزەكانی تری یارسان، هەتا باش لەوە دڵنیابن كە عیرفان لە شیعری كوردیدا لە ڕێی تێكستەكانی یارسانەوە، هاوتەمەنی عیرفانە لە ناو شیعری عەرەبی و فارسیدا. بەڵام بە باشی دەزانین تەنها نموونەیەك لە كتێبی (دەورەی گڵێم وەكۆڵ) بهێنینەوە كە تیایدا (سەید میر ئەحمەد) سەبارەت بە (داودی دەلیل) وتوویەتی:

تاویاوە بە تاو تاویاوە بەتاو
شام ئینا (داود) تاویاوە بە تاو
چا كورە و قودرەت ها بیا بە ئاو

تا سەنگ وە حەجەر تەخت ماهی وەگاو
عازیز بێ داود نیەنمان هەناو
رۆشنایی و رامان داودەن چراو
وە بێ یار داود یار نیا خراو
قەوزەی جەم بێ مهر هیچ جا نیەن باو[٢٢]

لەم سروودەدا باس لە سەرزەنشتکردنی (داود) کراوە لە لایەن (سان سەهاك)ەوە، لەسەر ئەو کارەی کە قایلبووە، شەش کەسەکە کە پێشتر بە سەفەرکردنی رەوانیان ئاماژەماندا، لە تەنی نوێیاندا لە ناو کەشتییەکەی دەریای نیل سەری پێبسپێرن، ئەویش هیچ سەرپێچییەکی فەرمانەکەی نەکردووە و پێیەوە وابەستەبووە، (سەید میر ئەحمەد) وتوویەتی: داود چرای رۆشنکەرەوەی رێمانە و بە بێ ئەو هیچ تواناو تاقەتێکمان نییە، چونکە یاران هەموویان تێکدەچن و روو لە خراپەکاری دەنێن، هەروەها باسی ئەوەی کردووە هەر کۆمەڵێك رێپیشاندەریان نەبێت هیچ بایەخ و رەواجیان نییە.

لە کۆتاییی ئەم دێڕانەشدا دوو نموونە لە شیعرە عیرفانییەکانی (عابدینی جاف) بۆ ئەوانەی کە لە شیعرە هەورامییەکان تێناگەن دەخەینەروو، کە تیایاندا هاتووە:

★- سەهاك ئێژێ شای گەردوونم
دانەی دیدەی ژێر جەیحوونم
ئەو راس ئێژێ ئەزیش سوونم
دەتان مژم بە سنوونم
ئەو هەودایەو من مەجنوونم
شێتی ئەوم چاوەروونم[٢٣]

★- دەرهات وەك خوەر گریا
چوار فریشتەی وە دی هێنا
زەوی و ئاسمانی سرشت کرد
چتی کوتکی درشت کرد
ئەوسا (مەشیە[٢٤])ی لە خاك خوڵقان

---

[٢٢] - سەرەنجام- گڵێم وە کۆڵ- بەندی (٢٠)- لاپەڕە (٣٧٥)

[٢٣] - سەرەنجام- دەورەی عابدین- لاپەرە (٤٩٦).

[٢٤] - (مەشیە)- مەبەست (باوا ئادەم)ە.

داروبەریشی بۆ لەڤان
(ماشیۆ[25])ی داهێنا لە دەنی
مەشیە لە خۆشیا پێکەنی[26]

## ئایا مەولەوی سۆفی و عاریف بووە؟

بۆچوونە ناو ئەم باسەوە لێرەدا پێویستە شتێك سەبارەت بە هەردوو چەمکی (سۆفییگەری و عیرفان) بڵێین، بەڵام وەك پێناسەی ئەبستراکت نەبێت، چونکە سەدان پێناسە بۆ ئەم چەمکانە کراون، لەو پێناسانەدا سۆفی و عاریفەکان دیدی خۆیان لە بارەیانەوە خستووەتەڕوو، بۆیە ئێمە زۆرمان بەلاوە مەبەستە، وەك واتا لە بارەیانەوە بدوێین، هەتاکو تێگەیشتنیان بە بەلایەوە ئاسانبێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

سۆفیگەری: بریتییە لە پاککردنەوەی دەروون بە چەشنێك کە هەرگیز ناپاکنەبێتەوە، بە خۆبەدەرگرتن لە ئارەزووی (نەفس) و نزیککەوتنەوە لە ئارەزووی (رۆحی)، بنەما سەرەکییەکەی (پاکی) و ئاکامەکەی (دیتن)ە، جگە بۆ مەردی مەیدانی خۆی نەبێت، بۆ کەس ناناسرێت[27].

عیرفان: وەك چەمك و دیاردە لە رووە گشتییەکەیەوە جیهانییە، تایبەت نییە بە دینێکی دیاریکراو، هەموو دینییەکان هەریەکە و بە پێی لێکدانەوە و تێگەیشتنی خۆیان بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی راستی بوون، تیایدا بەشدارن، کرۆکی (عیرفان)یش بریتییە لە باڵاکردنی رەوان و سەرەنجام گەیشتن بە (یەکێتی بوون= وحدة الوجود).

دێینەسەر ئەوەی بزانیین کە ئایا مەولەوی سۆفی و عاریف بووە یان نا؟، بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا بەرهەمەکانی لە بەردەستدان، لە ناو بەرهەمەکانیشیدا ئەوەی مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە بێت شیعرەکانیەتی، نەوەك سەرجەمی بەرهەمە نووسراوەکانی، هەر هیچ نەبێت تەنها ئەوانەیان کە تا ئێستا بەردەستکەوتوون.

لە بارەی سۆفیبوون، یان سۆفینەبوونی (مەولەوی)یەوە، لە لایەن (نووسەران و لێکۆڵەران)ی کوردەوە بیروراو قسەوباسی جۆراوجۆر هەن، بە دڵنیاییەوە ئەم بابەتە

---

[25]- (ماشیۆ)- مەبەست (دایە حەوا)یە.

[26]- سەرەنجام- دەورەی عابدین- برگەی (١٨)- لاپەڕە (٥١٠).

[27]- (ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی)- تەصەووف چیە- لاپەڕە (٨٣ و ٨٨)- دار الحرية للطباعة- بغداد.

جێی خستنەڕووی ئەو گشت قسەو باسانەی تێدا نابێتەوە، بەلاّم لە سەر بنەمای مشتێك لە خەروارێك، لەسەر ئەمانەی خوارەوەیان دەوەستین کە ئەوانەن، یان کتێبی تایبەتیان سەبارەت بە شیعرەکانی ئەم زاتە نووسیوە، یان لە کتێب و نووسینەکانیاندا لەم رووەوە قسەی خۆیان بووە:

١- خوالێخۆشبوو (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) لە سەرەتای (دیوانی مەولەوی) نووسیویەتی:

(سەید عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی) زانایەکی بەرزی ئایینی و سۆفیەکی بێگەرد و شاعرێکی بێهاوتا بووە[٢٨]، دیارە بەبۆچوونی ناوبراو، (مەولەوی) نەوەك هەر سۆفی، بەڵکو سۆفییەکی بێگەرد بووە.

٢- خوالێخۆشبوو (ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی) نووسیویەتی: مەولەوی گومانی تیا نیە (صۆفی) مەسلەك بووە، چونکە موریدی (شێخ عوسمان سەڕاجەددین) بووە، شیعرەکانی هەرگیز ئەوە ناگەیێنن کە خۆی لە گۆرەپانی (تەصەووف)دا گەیشتبێتە مراز، بەڵکو شیعرەکانی هەمیشە پیشاندەری ئەوەن کە دەستەوداوێنی مورشیدەکەیەتی کە لوتفی لەگەڵ بکات[٢٩].

٣- خوالێخۆشبوو (عەلائەددینی سەجادی) نووسیویەتی: مەولەوی بادەنۆشی خانەی تاوەگۆزی، شەیدا بە نووری یەزدانی پاك، مەفتوون بە سۆزی ناڵەی دەروێشان، خەرقە پۆشی ئاهەنگی مەینۆشان، سۆزی رایەڵی مەعنەویاتی (شێخ عوسمانی تەوێڵە) رایئەکێشێ بۆ لای خۆی، لەوێ ئەبێ بە داوی تەریقەتەوە، یا بە بولبولی تینوو بە عەتری گوڵی سەراجەددین و ئەبێ بە خەلیفەشی[٣٠].

٤- (مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم) نووسیویەتی: یەکێتی ئادەمیزادو سروشت بیرێکی ترە زۆر بەشیعری مەولەوییەوە دیارەکە ئەمەش دیمەنێکی بیری (وحدة الوجود)ە، کە

---

[٢٨] – دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- لاپەڕە- (٦)، بلاّوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

[٢٩] - (ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی)- تەصەووف چیە- لاپەڕە (٤٨٩)- دار الحرية للطباعة- بغداد..

[٣٠] - (عەلائەددینی سەجادی)- مێووی ئەدەبی کوردی- چاپی دووەم- لاپەڕە (٢٧٦ و ٢٧٩)- چاپخانەی مەعارف- بەغدا.

له ناو سۆفیانا زۆر بەربلاۆه و (مەولەوی)ش وەك سۆفییەكی ساف یەكێ بووه له هەلگرانی[٣١].

٥- (د. ئەنوەر قادر جاف) نووسیویەتی: ناتوانرێت باسی مەولەوی و شیعری بە بێ سۆفیزم بكرێت، ئەم موریدی شێخە نەقشبەندییەكانی هەورامان بووە و تویژاڵێكی سۆفییانە سەرجەمی شیعرە لیریكییەكانی گرتوەتەوە، كۆمەڵێ زاراوە و تەعبیری سۆفیانە و (وەحدەتولوجودیشی) لا بەرچاوەدەكەوێ[٣٢].

٦- مامۆستا (حەمەكەریم هەورامی) نووسیویەتی: مەولەوی سۆفی كەس نەبووە، شیعرەكانیشی ناچنە خانەی ئەدەبی سۆفیانەوە[٣٣].

٧- مامۆستا (حەكیم مەلا سالح) نووسیویەتی: مەولەوی نەیتوانیوە بێ پرد بپەڕێتەوە و نەیتوانیوە لە تەسەوفدا سەربەخۆیی بەدەستبهێنێت، بە شێوەیەك خۆی تەسلیمی ئەو شێخانە كردوە (مەبەست لە شێخ عوسمان و شێخ محەممەد بەهادین و شێخ حسامەدین)ە، هیچ دەسەلاتێكی بە خۆیەوە نەهێشتووە[٣٤]. ناوبراو پێیوایە هەموو شیعرە سۆفیگەرییەكانی (مەولەوی) بنەماكەیان فەلسەفەی عیرفانی شەرقییە، تەنها شعرێكی نەبێت، كە سەرەتاكەی بەم دێرە دەستپێدەكات:

(ئەر گرد مەوجودێ جە تۆ گرت مایە).

٨- مامۆستا (لەتیف هەڵمەت) وتویەتی: بە داخەوە هیچ شیعرێكی سۆفیگەریم لە لای (مەولەوی) بەدینەكردوە، ئەوەی عاشقانی شیعری مەولەوی ناویاننناوە شیعری تەسەوف، شیعرگەلێكی ئایینی و خوداناسین و هیچ پەیوەندییەكیان بە تەسەوفەوە نییە[٣٥].

---

[٣١] - (محەممەدی مەلا كەریم)- مەولەوی زیان و بەرهەمی- كتێبی میهرەجانی مەولەوی — لاپەڕە (٣١) لە بلاۆكراوەكانی دیداری مەولەوی (٢٠١٠).

[٣٢] - (د. ئەنوەر قادر جاف)- كتێبی میهرەجانی مەولەوی- لاپەڕە (٧٤)- لە بلاۆكراوەكانی (دیداری مەولەوی)- ٢٠١٠.

[٣٣] - (حەمەكەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە- كتێبی دیداری مەولەوی- لاپەڕە (١٢١)- لە بلاۆكراوەكانی دیداری مەولەوی (٢٠١٠)

[٣٤] - (حەكیم مەلا سالح)- مەولەوی و تەڤینەوەی زمان- لاپەرە (٩ و ١٠)- چاپخانەی دەزگای ئاراس.

[٣٥] - (هەمایۆن صاحب كەریم)- شەریعەتی مەیل- بەرگی یەكەم- لاپەرە (١٤٤)- لە بلاۆكراوەكانی دەزگای رۆشنبیریی (جەمال عیرفان).

٩- ماموٚستا (مەلا موٚمنی نووری) نووسیویەتی: ئەوی کە دەڵێن پلەو پایەی ماموٚستا مەولەوی لە رادەی عاریفێکی پایە بەرزدایە بێ جێگا نییە[٣٦].

دیارە ئەوەی لەم دێرانەدا خرایەڕوو، بوٚچوونی چەند نووسە رو لێکوٚڵەرێکە کە هەر یەکەو بە پێی تێگەیشتننیان لە شیعرەکانی مەولەوی، قسەی خوٚیان کردووە سەبارەت بەوەی ئایا (سوٚفی و عاریف) بووە، یان نا، ئێمە پێشتریش باسمان لەوەکرد کە بوٚ تێگەیشتن لە شیعرەکانی مەولەوی، هەم شارەزایی تەواو لە زمانی شیعرەکانی پێویستە، هەمیش شارەزایی لە باکراوندی (مەعریفە) لای ناوبراو، لێرەدا ئێمەش لەسەر روٚشنایی ئاگاییمان لە شیعرەکانی دیدی خوٚمان سەبارەت بە هەمان بابەت دەخەینەڕوو:

(مەولەوی) وەك لە ژمارەیەك لە دێرە شیعرەکانیدا دەرکەوتووە، بە دڵنیاییەوە (سوٚفی) بووە، بەڵام لە قوٚناغەکانی سوٚفیگەریدا بالأی نەکردووە، هەتا ساڵەکانی کوٚتایی تەمەنی دەستەوداوێنی پیرەکەی بووە، پاش کوٚچی دوایی (شێخ عوسمانی سەڕاجەددین)، پەیوەندی روٚحی خوٚی بە (شێخ محەممەد بەهائەددین)ەوە گرێداوە، پاش ئەویش ئەوینی روٚحی خوٚی داوەتە کوڕەکەی بە ناوی (شێخ عەلی حسامەددین) کە پەنجاوحەوت ساڵ بە تەمەن لە مەولەوی بچووکتر بووە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە سوٚفیەتی (مەولەوی) لە رووی رواڵەتەکەیەوە لە قوٚناغی پەیوەندی نێوان مورید بە پیرەکەیەوە تێنەپەڕیوە، نەیتوانیوە قوٚناغەکانی سوٚفیگەری تەیبکات و بگاتە (بەقای دوای فەنا)و ببێت بە رێنماییکارێکی تەواو و تەواوکار (الکامل و المکمل)، شیعرەکانیشی بەڵگەن بوٚ ئەم راستییەو لە خوارەوە چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو، پێویست بە نووسینەوە و واتادانەوەی هەموو دیرە شیعرەکانیش ناکات، چونکە تەنها واتایەکی گشتی بەسە بوٚ تێگەیشتن لە مەبەستی هوٚنینەوەیان.

★- نموونەی یەکەم:

حەیفەن توٚ میراو سەرجوٚی بادە بی
وە هەر کەس و قەد کەفاف دادە بی

---

[٣٦] - (مەلا موٚمنی نووری)- لێکدانەوەیەکی سەرپێیی لەسەر چەند دێڕی لە ئاسەواری مەولەوی- کتێبی دیداری مەولەوی- لە بلأوکراوەکانی دیداری مەولەوی- لاپەرە (٢٢٤)- ٢٠١٠.

من کەشتم رووزەرد هام فەردانم بۆ
دانەم روو سیای هام دەردانم بۆ
سا هۆرکەر بابێ جۆ جۆ جۆگەی مەی
بەسەر کەشتم دا پەی پەی، پەیا پەی[37]

لەم دێڕانەدا گەورەترین دۆخی دەستەوداوێنبوونی مورید بۆ پیرەکەی بەرجەستەبووە، ئەوە دەرکەوتووە کە (مەولەوی) هێشتا لە رووی رەوانییەوە دەستەوەستانە و بە پێ پیرەکەی هیچی پێناکرێت، کێڵگەی بەرهەمی لە بواری خوداپەرستیدا وشکە، داوای بەردانەوەی ئاو لە پیرەکەی دەکات هەتا کێڵگەکەی وشکنەبێت و لە ناو هاورێکانیدا رووزەرد نەبێت[38]. پێویستە ئەوە بزانین کە (دانە و کەشتیاری و کێڵگە و ئاوبەردانەوە و ...هتد)، هەر هەموویان مانەویین و کارێکیان بە مادەوە نییە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کرۆکی (سۆفیگەری)یە لە قۆناغی پەیوەندی نێوان (مورید و پیر)دا، چونکە لێرەدا (مورید) بە رێنمایی و دەستگرتنی پیرەکەی بالأدەکات.

★- نموونەی دووەم:
ئایینەی کامڵ ئازیزەکەی فەرد
فیدای ئامات بام، سەفاییت ئاوەرد
خەیلێن گەرد پات نە دیدەم دوور بێ
یانەی چەم وێران تەمام خاپوور بێ
خاس بێ تەشریفت هەم ئاوەردەوە
گەرد پات، وەتەن ئاوا کەردەوە
ساقی، ئینە بەزم وەسڵ یارانەن

---

[37] - (ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی)- تەصەووف چیە- لاپەڕە (٥٠٣)- دار الحریة للطباعة- بغداد.

[38] - (ئەیوب رۆستەم)- کاریگەری ئاویستا بە سەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (٩٦)- لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان.

چەرخیچ هەر ئەو چەرخ هەردە جارانەن[٣٩]

زۆربەی ئەو قسانەی سەبارەت بەم دێڕە شیعرانە کراون، دڵنیاییانداوە (مەولەوی) بە بۆنەی گەڕانەوەی (شێخ محەممەد بەهائەددین) لە سەفەری حەج، وەك پێشوازیکردنێك لەو زاتە هۆنیونیەتەوە، لە دوو توێیاندا پەیوەندی رەوانی مەولەوی بە (شێخ بەهائەددین)وە دووپاتکراوەتەوە، سەبارەت بە دێڕی یەکەم کە بەلای ئێمەوە لە رووی سۆفیگەرییەوە لووتکەی هەموو دێڕەکانە، بە تایبەت لە رووی پێدانی دوو خەسڵەتی زۆر گەورە بە (پیر)، کە ئەوانیش (ئایینەی کامڵ و ئازیزەکەی فەرد)ن، بۆ راڤەکردنی ئەم دێڕە شیعرە لە کتێبی (شەریعەتی مەیل)دا، نووسەرەکەی (هەمایۆن صاحب) راڤەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی لە ناو کەوانەیەکدا نووسیوەتەوە کە تیایدا هاتووە: (ئەی کەسێ کە وەك ئاوێنەی بێگەرد وایت، بۆ وەرگرتنی شێوەو خوورەوشتی باوکە پێگەیشتووەکەت)، هاوکات لە درێژەی نووسینەکەی (شەریعەتی مەیل)دا هاتووە: ئەگەر بە پێی ئەم راڤە بێت، دەبێت ئاینەی کامڵ (شێخ بەهائەددین) و ئازیزەکەی فەرد (شێخ سەراجەددین) بێت، دەگونجێ ئازیزەکەی فەرد خودا بێت، کە قیبلەی راستی دڵی هەر شیعرێکی مەولەوییە، ئایینەی کامڵ (شێخ بەهائەددین) عەکس کەرەوەی جیلوەی تەواوی خودایی بێت[٤٠].

ئێمەش دەڵێین لێکدانەوەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم تەنها راڤەکردنێکی رواڵەتییانەی دێڕە شیعرەکەیە و وەك مانادانەوەیەکی (وشە)کانە و بەس، بەڵام نووسەری (شەریعەتی مەیل) زیاتر وردبووەتەوە بە تایبەت لەوەدا کە نووسیویەتی دەشێ ئازیزەکەی فەرد (خودا) بێت، بەڵێ (فەرد) خودای تاك و تەنیایە، بەڵام پێویستە بڵێین ئەگەرچی (العزیز= خۆشەویست)، یەکێکە لە ناوەکانی (خودا)، بەڵام وەك دەستەواژە لە شیعری سۆفیگەری و عیرفانی کوردیدا، ئەوەندەی ناوەکان و سیبفەتەکانی تری (خودا) هاتوون، ئەم ناوە نەهاتووە، خۆشەویست زیاتر بە باڵای

[٣٩] - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- لاپەڕە (٦٩- ٧٠)- بڵاوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

[٤٠] – (هەمایۆن صاحب کەریم)- شەریعەتی مەیل- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (١٤٦)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی (جەمال عیرفان).

پێغەمبەری گەورەی موسڵمان بڕاوە کە خۆشەویستی خودای تاك و تەنیایە، ئاشکراشە ناوەکانی خودای مەزن هەرکاتێك کەسێك پێیانەوە ناونرابێت هەمیشە (عەبد) خراوەتە پێشیانەوە، ئەوەش وەك دووپاتکردنەوەی بەندایەتی مرۆڤ بۆ پەروەردگارەکەی.

بە قوڵبوونەوە لە واتای نیوەی یەکەمی ئەم دێڕە شیعرە، بۆمان دەردەکەوێت، (ئازیزەکە) بۆ لای (ئاینەی کامڵ) دەگەڕێتەوە، نەوەك (فەرد) بۆیە ئێمە وای بۆ دەچین مەبەستی(مەولەوی) لەم دێڕە شیعرەدا ئەوەیە کە (شێخ محەممەد بەهائەددین)یش لە بەر ئەوەی گەیشتووەتە پلەی ڕێنماییکارێکی تەواوو و تەواوکەر (الکامل و المکمل)، بەلای خودای تاك و تەنیاوە خۆشەویستە، ئەمەش ئاماژەیەکی عیرفانی گەورەیە بۆ بەهرەمەندبوونی (شێخ محەممەد بەهائەددین) لە (السیر فی الله) کە پاش گەیشتنی (پیر) بە (بەقای دوای فەنا) دەستپێدەکات، واتاکەی دەقاو دەق نزیکبوونەوە و بەهرەمەندبوون لە تواناکانی (خودا) دەگەیەنێت.

دیڕەکانی تری ئەم شیعرە دەگەڕینەوە بۆ لای خۆشەویستی مەولەوی بۆ پیرەکەی و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کە سەفەری ناوبراو بۆ حەج بەرهەمیهێناوە، بەگەڕانەوەی بۆشاییەکەی لە هەموو ئەو ڕووانەی بەلای شاعیرەوە مەبەستبوون پڕکردووەتەوە، واتای دیڕەکانی تریش تەنها لە چوارچێوەی پەیوەندی رۆحی نێوان مەولەوی و پیرەکەیدان و دووبارەبوونەوەی دەستەوداوێنبوونیەتی بە پیرەکەیەوە.

⋆- نموونەی سێیەم:

من قەقنەس نەویم، ها بیم وە قەقنەس<br>
یەکجاریچ ئەمشەو ها بەرشیم نەدەس<br>
ئەوەند خەیاڵان بەردم وە دەروون<br>
پەی دووری یاران بەتەر بیم زەبوون<br>
رۆ جە شەو فێشتەر، زارو زەلیلم<br>
ساقی سا جامێ، ئەمجار دەخیلم<br>
بدەر پێم نۆش کەم چون هەردە جاران<br>
وەرەغم گردین گرۆی مەیخواران

شیعرو وێم تەنخوای سەمتوور و سازێ

لێدەر سا نەیچی، هەر تارێش گازێ

چنك پێكۆ نە جەرگ نەغمەی سازەكەت

بەرارۆ تۆ تۆ میقراز گازەكەت

سا دەروێش كەفێ بدە نە رووی دەف

گیان مونتەزرەن پەرێ رێزەی دەف[٤١]

بەر لەوەی بچینەسەر راڤەكردنی ئەم دێڕانە، پێویستە كەمێك لەسەر (قەقنەس) بوەستین، لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)دا هاتووە:

(قەقنەس) باڵندەیەكی خەیاڵییە، دەڵێن دەخوێنێ و باڵ لێكدەدا، ئاگر دەگرێ و دەسووتێ، هەروەها نووسراوە بە شتی تەواو سووتاویش دەوترێت[٤٢].

لە (دیوانی مەولەوی)دا نووسراوە:

وەك ئەڵێـن (قەقنەس) كە مردنی نزیك ئەبێتەوە، هەندێ پەل و پووش كۆدەكاتەوە و دەس ئەكا بە خوێندن بەسەریا، وە لە خۆشی دڵی خۆیا ئەوەندە باڵ ئەدا بە یەكا تا ئاگر لە باڵەكانی ئەبێتەوە و پەل و پووشەكەش ئاگری تێ بەرئەبێ وە خۆیشی ئەسووتی. دیسان خۆڵەمێشەكەی ئەبێتەوە بە قەقنەسێكی ترو هەر بەم چەشنە[٤٣]....

لە كتێبی (شەریعەتی مەیل) بە وەرگرتن لە (فەرهەنگی عەمید) نووسراوە: ریشەی قەقنەس (Kaknos)ی یۆنانییە، باڵندەیەكی ئەفسانەیە كە دەنووكی كونی زۆر تێدایەو لە كاتی خوێندندا ئاوازی سەیر سەیر دەردەكات، هەزار ساڵ دەژی و لە كۆتایی

---

[٤١] – دیوانی مەولەوی- كۆكردنەوە و لێكۆڵینەوە و لێكدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس- لاپەڕە (٢٧-٢٨)- بلاْوكەرەوەی كوردستان- سنە- (١٣٧٨).

[٤٢] - (هەزار)- هەمبانە بۆرینە– چاپ ششم- لاپەرە (٥٨٣)- انتشارات (سروش).

[٤٣] – دیوانی مەولەوی- كۆكردنەوە و لێكۆڵینەوە و لێكدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس- لاپەڕە (٢٧)- بلاْوكەرەوەی كوردستان- سنە- (١٣٧٨).

تەمەنیداو کاتی نزیکبوونەوەی مەرگی، پووش و پەڵاش کۆدەکاتەوە و دەچێتەسەری، هێندە پەڕوباڵ بەیەکدادەدا و دەخوێنی تا گڕ لە خۆی بەردەدات[44].

ئێمەش دەڵێین: چەندین ناوی گیاندار هەن کە هەموویان دەلالاتی (عیرفان)یان هەیە، لەوانە (گا، عەنقا= سیمرخ، قەقنەس، باز، شاباز....هتد)، هەندێك لەم گیاندارانە خەیاڵین، لەوانە: (عەنقا، قەقنەس) ئەوانی تریشیان بەرجەستەن، بۆ نموونە (باز، شاباز) لە دیینی (یارسان)دا ناوی (سیمرخ) دەلالەتە بۆ کاملترین مرۆڤ، مەبەست ئەو مرۆڤانەیە کە ڕەوانی خودایی تیایاندا بەرجەستە بووە، لای زۆربەی (عاریفان)یش هەر بە هەمان واتاوە هاتووە، لەم ڕووەوە، (سەنایی) فەرموویەتی:

با دلم به مهر و محبت يگانه بود
سيمرغ عشق را در دل من اشيانه بود
بودم معلم ملكوت اندر اسمان
اميد من به خلد بر اين جاودانه بود[45]

ئەوەندەی ئێمە لە شیعرەکەی مەولەوی تێبگەین، (قەقنەس) لێرەدا دەلالەتە بۆ ئەو سۆفییانەی کە خۆیان لەناو خۆشەویستی خودای گەورەدا دەتوێننەوە و دەچنە قۆناغی (الفناء فی الله)، ئەمەیان سووتانی قەقنەسەکەیە، بە بەردەوامی ڕیازەتکێشان و باڵاکردنی ڕەوانیان بە قۆناغی (بەقای دوای فەنا) دەکەن، ئەمەشیان بوونەوەی خۆڵەمێشەکەیەتی بە قەقنەسێکی تر، بەڵام پێویستە باش لەوە ئاگاربین لەم دێڕە شیعرەدا، سووتانی قەقنەس و لە دایکبوونی قەقنەسێکی تر بابەتێکی عیرفانییەو کاری بەسەر لایەنە مادییەکەی (بوون و سووتان و بوونەوەی خۆڵەمێشەکەی بە قەقنەسێکی ترەوە نییە).

[44] - (هەمایۆن صاحب کەریم)- شەریعەتی مەیل- بەرگی یەکەم- لاپەرە (١٦)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی (جەمال عیرفان).

[45] - سەرەنجام- لاپەرە (٥٩٧).

سەبارەت بە لێکدانەوەی واتای ئەم چەند دێڕەی (مەولەوی)، ئەو بەرێزانەی کە راڤەیان بۆ شیعرەکانی کردووە، هەر یەکەو قسەی خۆی کردووە، پێویستینەکرد لێرەدا ئێمە ئەو راڤەکردنانە بنووسینەوە، لەبەر ئەم هۆیانە:

١- مەبەستی سەرەکی لە خستەڕووی نموونە شیعرییەکان، تەنها ئاوڕدانەوەیە لە چەند دێڕە شیعرێکی سۆفیگەرییانەی (مەولەوی) و کارێکی بە بەراوردکردنی راڤەکان، یاخود رەخنە لێگرتنیان نییە. بەڵام ئەگەر تەمەن و تەندروستی بواربدات ئەوە بۆ دەرفەتێکی تر هەڵدەگرین.

٢- ئەگەر هەموو راڤەکان، هەر هیچ نەبێت ئەوانەیان لەبەردەستدان بنووسینەوە، ئەوە بابەتەکە هەر زۆر درێژدەبێتەوە و دەبێت بە جۆرێك لە فۆتۆکۆپی نووسینەکانی ئەوان، کە هەندێکگیان ئەوەندە درێژن جاری وا هەیە بۆ راڤەکردنی تەنها دێرێك، زیاتر لە لاپەرەیەك لە کتێبەکاندا نووسراوە، ئەمەش وە نەبێت کارێکی خراپیان کردبێت، بەڵکو هەر زۆریش چاکە، بەڵام لە گەڵ مەبەستەکەی لە مەڕ ئێمە نایەتەوە.

دێینە سەر ئەوەی بڵێین: بابەتی بە قەقنەسبوونی (مەولەوی) لەو شەوەدا کە وەك خۆی ئاماژەپێداوە، یەکێکە لەو حاڵەتە عیرفانییانەی کە سۆفی تیایاندا (مجذوب سالك = کێشکراوی رێکەر)ە، لەم دیرەدا مەولەوی بەتەواوی نوقمی ئەو حاڵەتە بووە، ناوبراو چەند دیرە شیعرێکی تری لەم بوارەدا هەن، هەر لەم باسەدا و کەمێك پاشتر نموونەکانیان دەخەینەروو. ئەوەی ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە حاڵەتە عیرفانییەکەی (مەولەوی) لەم شیعرانە کاتییە، ئەوەیە کەهەر دوای ئەم دیرە یەکسەر شاعیر گەڕاوەتەوە بۆ ناو بابەتە ساکارەکانی سۆفیگەری و باس لە دورکەوتنەوەی لە یاران و چێشتنی ئازاری ئەو دوورییەی کردووە، کە تەنانەت لە رۆژدا زیاتر لە شەو پێوەی دیارە، بۆ چارەسەری ئەو دۆخەی داوای مەی رۆحی لە پیرەکەی کردووە، بە هەموو بوونیشیەوە دەستەوداوێنی بووە کە وشەی (دەخیلم) گەواهی ئەمە دەدات، هاوکات ویستویەتی لە ناو بە قەقنەسبوونەکەیدا شیعرەکانیی ببنە سەرمایە بۆ ئامێرەکانی (سەمتوور و ساز)، لەولاشەوە نەیچی لە گەڵ رۆحیدا بێتەگۆ، مەبەستی مەولەوی لە خرکردنەوەی ئامێرە مۆزیەکانی وەك: (سەمتور و سازو نەی) مەبەستی مادی نییە، ناوبراو لە رووی مەجازیەوە نەیسویستووە تیپی مۆزیك کۆبکاتەوە و لە گەڵ ژەنینی

ئامێرەكانــدا بــین بــە مەیــەوە بنێــت، ئەمانــە هــەموویان شــتی مانــەوین و هــیچ پەیوەندییەكیان بە مادەوە نییە. لێرەدا بۆماندەردەكەوێت ئـەو ئامێرانـەی ناویهێنـاون تــەنها لــە رووی مانەوەیــەوە ئــاوێزانی شــیعرەكانی بــوون و كەوتووەتــە ئــەو دۆخــە رۆحییەوە كە باسیكردووە.

بۆ ئەوەی باسەكە زۆر درێژنەبێتەوە، پێمانوایە تەنها ئەم سێ نموونەیە لە شیعری (مەولەوی) بەسن، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین كە ناوبراو شیعری سۆفیگەرییانەی هەبووە و پەیوەندی رۆحی لە گەڵ پیرەكانیدا زۆر بەهێز بووە، ئیتر ئەگەر چەندین دێڕی تریش بنووسینەوە، زیاتر هەر لەچوارچێوەی واتاكانی ئەمانەی خرانەڕوو دەرناچن، چونكە ئەوە دووپاتدەكەینەوە مەولەوی لە بواری سۆفیەریدا سنووری (الفناء فی الشێخ)ی تێنەپەڕاندوە، هەروەها دەزانین شاعیر موریدی شێخەكانی نەقشبەندی هەورامان بووە، لە دیدی  نەقشبەندیشەوە ئەم مەسەلەیە ئێجگار هەستیار و گرنگە، پتر بەهۆی ئەو خاڵەوە  بەشێكی ئێجگار بەرچاوی سۆفییان بە تەواوی بڕوایان بەو قسەیە هەیە كە دەڵێ : (مَن لا شَیخَ لَهُ فَشَیخُهُ الشَّیطان[٤٦]) بەواتای هەركەسێكی سۆفی شێخی نەبێت ئەوە شەیتان شێخیەتی.

سەبارەت بەوەی كە ئایا (مەولەوی) عاریف بووە یان نا، ئەمە قسەوباس زۆر هەڵدەگرێت و بیروڕای جیاوازی لەسەرە، كە هەندێكیان لە خستنەڕووی بۆچوونەكان سەبارەت بەسۆفیبوون، یان نەبوونی تیشكیان خرایەسەر، بۆ خستنەڕووی دیدی خۆشمان دەڵێین: لە شیعرەكانی (مەولەوی)دا بابەت و هێمای عیرفانی زۆر بەرچاو دەكەون، هەروەها چەند دێڕە شعرێكیشی نەوەك هەر دەتوانرێت ناوی شیعری (عیرفان)یان لێبنرێت، بەڵكو وان لە ناو كرۆكی عیرفاندا و هیچیان لە شیعری گەورە عاریفان كەمتر نییە، بۆ نموونە:

یەكەم:

٭- بازاڕەن، وادەی مامەڵەن، ساقی

[٤٦] - (عەبدولاَ قەرەداخی)- شاعیر و شێخ- كتێبی دیداری شاعیر (شێخ ئەحمەدی شاكەلی)- لاپەڕە (٥)- لە بلاَوكراوەكانی بەرێوەبەرێتی چالاكی وێژەیی سلێمانی- ٢٠١٣.

هەی بگرە فانی، وەی بدەر باقی [47]

لێرەدا شاعیر چووەتە بازاری خودایی و مامەڵە لە گەڵ پەروەردگارەکەی دەکات، لەو مامەڵەیەدا مەبەستێتی ژیانی بڕاوەی دونیایی بە ژیانی هەمیشەیی و جاویدانی بگۆڕێتەوە، ئایا ئەم رووساخی و مامەڵەکردنە بێجە لای عاریفان، لای کەسانی تر هەبووە؟؟.

دووەم:

★- هەرچیت دابو پێم یەك یەك دامەوە

حیساب حەشرەت وا وەلامەوە.[48]

لەم دێڕەدا (مەولەوی) زۆر بێدەربایسانە هاتووەتەگۆ، بە پەروەردگارەکەی وتووە: هەرچی تۆ بە منت دابوو لێتسەندمە، مەبەستی لە (مەرگی عەنبەر خاتوون، لەدەستدانی بینایی چاوەکانی، سووتانی کتێبخانەکەی، شکانی پشتی)، کەواتە لەم دونیادا بە هیچ شتێك قەرزدار نیم، تەنها حسیابی حەشر ماوە کە پێی قەرزدار بم، بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەمە بێباکییە و دەربڕینێکی تەواو عاریفانەیە[49].

سێیەم:

★- سەراپای ئازام نەرووی پەردەی پۆس

دایم مەیۆ لێش زایڵەی یا دۆس

دۆسەن نە تۆی پۆس مەواچۆ یا دۆس

وەرنە کێ دیەن صەدا بدۆ پۆس؟؟

لەم دێڕانەدا (مەلەوی) بە ئاشکرا و زۆر بێدەربایسانە باسی لەوەکردووە، کە سەراپا ئەندامەکانی لەشی لە (ئێسقا ن و مۆخ و پێست)، بەردەوام بە ذیکری (دۆس= پەروەردگار)ەوە سەرقاڵن و، دەنگی ناوهێنانی زاتی ئەویان لێبەرزدەبێتەوە، ئینجا

---

[47] - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- لاپەڕە (٣٣٩)- بلاْوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

[48] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (٥٣٩).

[49] - (ئەیوب رۆستەم)- کاریگەری ئاوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (٩٧)- لە بلاْوکراوەکان دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان.

وتوويەتی ئەوە خودی (دۆس= پەروەردگار)ە لە ناو پێستەکەدا، ئەگینا کێ بینیویەتی پێست دەنگی لێبەرزببێتەوە؟؟.

ئەمە خۆی لە خۆیدا حاڵەتی (حلوول) دەگەیەنێت، ئەم حاڵەتە لای (مەحیەددینی عەرەبی) بەمشێوەیە پێناسەکراوە: (ان یحل الله جزءا او کلا فی الانسان)، بە واتا بەهرەمەندبوون لە بەشێك، یان لە هەموو تواناکانی خودا. دیارە ئەمە بابەتی عیرفانییەو کارێکی بەسەر کاری مادەوە نییە.

هەر لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین کە (حلوول) یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دیینی یارسان، لە تێکستە دینییەکاندا هاتووە، هەموو مرۆڤێك خاوەنی گەردیلەی خوداییە، ئەو گەردیلانە لە مرۆڤی باوەڕدارو چاکدا گەشەدەکەن و بە پێچەوانەشەوە لە مرۆڤی بێباوەڕو خراپدا دەپووکێنەوە، هەر لێرەشەوە هەڵگرانی ئەم دیینە دەڵێن (دۆناودۆنی رۆحەکان) لە تەنێکەوە بۆ تەنێکی تر لەسەر باوەڕو کرداری خاوەنەکەیەتی، ئەوانەی لە رێی ریازەتکێشان و چاکەکارییەوە رەوانیان باڵادەکات، رۆحانیەت و جیسمانییەت تیایاندا پێکەوە موتوربە دەبن و

لە توانای خودایی بەهرەمەند دەبن. هەر حەفتاودوو بارگە خوداییەکە نموونەی بەرچاوی (حلوول)ن[50].

پاش ئەم سێ نموونەیە باس لەوە دەکەین گەیشتن بە عیرفان دوو رێگەی هەیە بەمشێوەیە:

١- (رێکەری کێشکراو= سالك مجذوب)، کە تیایدا سۆفی بە خوداپەرستی و ریازەتکێشان مەقامەکان یەك لە دوای یەك تەیدەکات، لەو تەیکردنەدا رەوانی باڵادەکات هەتا دەگاتە (بەقای دوای فەنا) و پاشان (السیر فی الله= بەهرەمەند بوون لە هێزو توانای خودایی)، دواجاریش دەگاتە (وحدة الوجود). ئەمە رێو رەویەی تایبەتی خۆی هەیە کە سۆفی لە بڕینی مەقامەکاندا تەواو لێیان ئاگادار دەبێت، لەمبارەوە (حافظ) فەرموویەتی:

بمی سجاده رنگین کن گرت پیر مغان گوید

---

[50] - بۆ زانیاری زیاتر خوێنەر دەتوانێت (شیعرە عیرفانییەکانی حەفتاودوو پیرە بەناوی (ارگە بارگە) کە بەشی یەکەمە لە کتێبی (سەرەنجام) بخوێنێتەوە.

**که سالك بی خبر نبود ز راهو رسمی منزلها**[51]

**شتێکی زۆر ئاشکرایه (مەولەوی) لەم ڕێگەیەوە بە (عیرفان) نەگەیشتوە.**

**٢- ( مجذوب سالك = کێشکراوی ڕێکەر[52])، ئەمەیان جیاوازە لەوەی پێشوو، مەبەست لێی ڕاکێشانی سۆفییە بە شێوەیەکی کاتی بۆ هەندێك حاڵەتی عیرفانی، (مەولەوی) لەم ڕووەوە بەیناو بەین بەهرەمەند بووە و توانیویەتی لە ناو بابەتە عیرفانییەکاندا شیعر بهۆنێتەوە. وەك ئەم سێ نموونەی هێنامانەوە و چەندین نموونەی تریش کە لە نێو دیوانەکەیدا هەن و پێویست بە نووسینەوەیان ناکات.**

---

[51]- دیوانی (حافظ)- لاپەرە (٣٣)- از روی نسخه دکتر قاسم غنی و علامه قزوینی- انتشارات گلی — تهران.

[52] - بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە (سالك مجذوب) و (مجذوب سالك)، خوێنەری بەڕێز دەتوانیت کتێبی (مبانی تصوف و عیرفان) - د. قاسم انصاری- چاپی چوارەم- بخوێنیتەوە.

## شیعری مەولەوی و عیرفانی یارسان

بۆچوونە ناو ئەم باسەوە دەڵێن، هەروەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە، (مەولەوی) ماوەیەکی ژیان و گوزەرانی لەهەوراماندا بەسەربردووە، هەورامانیش ماوای (سان سەهاك) و شوێنی ڕێکخستنەوە و گەشەکردنی دیینی یارسان بووە، (پەردیوەر) کە قیبلەی یارسانەکانە و ئاوی کەوسەریان کە ئاوی (کانی گەسلاًن= کانی غەسلاًنە) لە هەوراماندان، بازنەکانی: (هەفتەوانە، هەفتتەن، چلتەن، هەفت خەلیفە، هەفتاو دوو پیر، نەوەدوو نۆ پیرەی شاهۆ....هتد)، لەپەردیوەر و لە خزمەتی (سان سەهاك)دا پێگەیشتوون، ژمارەیەکی زۆریشیان تا کۆتایی ژیانیان هەر لەوی ماونەتەوە، سەدان ئارامگە و نشینگەی (رابەران و پیران و گەورە شاعیرو عاریفانی یارسان) لەو ناوچەیەدان، زۆرێك لەسەرچاوە و کتێبە دینییەکانی یارسان لە هەندێك گوندی ناوچەکە و دەورووبەریدا پارێزراون، لەمانە هەمووشی زیاتر (مەولەوی) وەك پێشتر وتمان موریدی شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان بووە، ئەو شێخانەش هەرگیز بە سووکی لە دیینی (یارسان)یان نەڕوانیوە، ئەوەی ئاشکرایە بەدرێژایی تەمەنیان هەڵوێستێکی دژەکارانەیان دەرهەق بە یارسانەکان نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە تێکەلاًوی و جۆرێك لە نزیکبوونەوەشیان هەبووە، وەك نموونە (مام رەشیدی هاواری) کە کەسێتییەکی دیاری ناو کاکەییەکان بووە، یەکێکبووە لە خەڵکە نزیکەکانی شێخ حسامەددین و لە ناو هاوارییەکاندا بە (خەلیفە رەشید) ناویدەرکردووە، (مەولەوی)یش بەو پێیەی زاناو شاعیرو چاوکراوەیەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە، هەروەها بازنەی پەیوەندییەکانیشی بە خەڵکەکەوە فرانبووە، لەمانە هەمووی ئاگاربووە، دڵنیاشم لە کتێبخانەکەیدا سەرچاوە و کتێبی دیینی یارسانی هەبوون، ئەو شیعرانەی کە ئێمە لەم بابەتەدا راڤەیاندەکەین بەڵگەی دڵنیابوونەکەمانن، ئەو وەك هەندێك شاعیر و نووسەری تر نەبووە، کە لە سەرچاوەکانی دیینی یارسانەوە دووربوون، تەنها هەندێ رازو گێڕانەوەی دەماو دەمی و شتی بێبنەما و پڕوپووچیان بیستووە و چوونەتە ژێرکاریگەرییانەوە، یان بە پێی تێگەیشتنی خۆیان (یارسان)یان بە گومڕایی لەقەڵەمداوە.

لەم بارەوە پارچە شیعرەکەی شاعیرمان (شێخ رەزای تاڵەبانی) کە لێرەدا جێی نووسینەوەی نییە، هەروەها دەربڕینەکانی چەند زاتێکی تر لەوانە: گەورە مێژوونووس

خوالێخۆشبوو (محەممەد ئەمین زەکی بەگ) کە نووسیویەتی: (واقیعەن ئەم مەزهەب چەوتانە، لەو عەقیدەیەدان کە حەزرەتی عەلی چووەتە ناو رۆژەوە، وە لە دوای ئەمە مەقصەدی تەفرەدەرەکان حاصڵ بوو، نەتیجە هاتەسەر رۆژپەرستی)[٥٣].

کاریگەری (شیعری عیرفانی) یارسان بەسەر چەند شیعرێکی (مەولەوی)یەوە ئەوەندە دیارە، ئەوانەی لەم عیرفانە و لە شیعرەکانی (مەولەوی) ئاگاداربن، زۆر بە ئاسانی دەرك بەو کاریگەرییە دەکەن، بەڵام ئەم بابەتە تیشکی نەخراوەتەسەر، ئەوەی بەرچاوم کەوتبێت تەنها چەند ئاماژەیەکە لەناو (کتێبی شەریعەتی مەیل)، کە من ئەگەرچی دەستخۆشی لە نووسەرەکەی دەکەم بۆ ئەو ئاماژانە، بەڵام پێموایە وردبوونەوە و رۆچوونی زیاتر لەم بوارەدا پێویستن.

بۆی هەیە کەسێك لە خوێندنەوەی ئەم بابەتەدا بە بەدحاڵیبون، وا تێبگات ئێمە دەمانەوێت (مەولەوی) لە دیینی یارسان نزیکبخەینەوە، بۆ وەڵامدانەوەی تێگەیشتنێکی لەمجۆرە دەڵێین: ناوبراو موسڵمانە و لەسەر رەویەی دیینەکەی خۆی خوداپەریستیکردووە، بەڵام وەك لە سەرەتاوە وتمان (عیرفان) لە رووەگشتییەکەیدا دیاردەیەکی جیهانییە، هەروەها خودی (دیین)یش لە رووە گشتییەکەیەوە دیاردەیەکی جیهانییە، بریتییە لەو پەیوەندییە رۆحییەی کە لە نێوان مرۆڤ و ئەو هێزانەدا دروستدەبێت کە بە باڵادەست و شاردراوە دەزانرێن، ئەو هێزانە لای باوەڕداران خودایەکی تاك و تەنیایە، لای کەسانی تریش ئەو هێزە شاردراوە و ئەفسووناویانەن کە لە جیهانی نموونە باڵاکاندان و هەموو راستییەکانیش لای ئەوانە[٥٤]. هەر بۆیە شتێکی زۆر ئاساییە ئەگەر کاریگەری و رەنگدانەوەی هاوبەش لە رووی رەوانییەوە لە نێوان دینەکان و عیرفانەکانیاندا هەبن.

پاش ئەم دێڕانەی باسکران، دێینەسەر ئەوەی چەند نموونەیەك لەو شیعرانەی (مەولەوی) کە وان لە ژێرکاریگەری عیرفانی یارساندا بنووسینەوە و بە پێی تێگەیشتنی خۆمان راڤەیانبکەین.

---

[٥٣] - (محەممەد ئەمین زەکی بەگ)- خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان- بەرگی (١ و٢)- لاپەررە (٢٠٢)- چاپی نوێ (٢٠٠٢) سلێمانی.

[٥٤] - (د. کامل حسن عزیز البصیر)- رەخنەسازی- لاپەڕە (١٦).

نموونەی یەکەم:

ئەی گرد مەوجوودێ جە تۆ گرت مایە

مەوجوود هەر تۆنی، (ماسیوا) سایە

پەنهان بی تەنها، وەحدەتت مەوج وەرد

پەی شناسنایی زوهورێوەت کەرد

بە وێت، جەی عالەم بێ بەقای ناسووت

ئەر وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسووت

بەسەد جیلوەی تەر بێ چوون و چەنی

شناسایی تۆم، نمەبۆ هەنی[٥٥]

لەلێکدانەوەی وردی واتای ئەم دێڕانەی سەروەدا بۆماندەردەکەوێت، کە هەر چوار دێڕەکە واتاکانیان تەواوکەری یەکترن، راستەوڕاستیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری عیرفانی یارسانەوە، بەشێوەیەك کە ئەو کاریگەرییە لەسەریان زۆر زەق و ئاشکرایە، بۆ ئەوانەی کە ئاشنایەتییان لە گەڵ ئەدەبی عیرفانی یارسان لە شیعرو پەخشانەکانیان هەبێت، هیچ دوودڵییەکیان بەلاوە نامێنێت کە کرۆکی عیرفانی یارسان تیایاندا خراوەتەڕوو، لێرەدا پێویستمان بە گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ کرۆکی عیرفانی یارسان هەیە، وەك پێشتریش ئاماژەمانپێدا و بەمشێوەیە:

خودای گەورە سەرچاوەی هەموو بوونێکە، (ئاسمان و زەوی، ئاو و هەوا، هەموو زیندەوەرەکان، رووەك و شینایی لە ناو ئەم گەردوونەدا لە ژێر فەرمانی ئەودان، هەر لێرەوە بوونی خودا تەنها بوونی راستەقینەیەو هەموو بوونەکانی تریش سێبەری ئەون)، وەك ئاشکرایە (مەولەوی)ش لە دێڕی یەکەمدا روویکردوەتە پەروەردگاری مەزن و وتوویەتی: لە کاتێکدا هەموو بوونەوەرەکان سەرچاوەیان بۆ تۆ دەگەڕێتەوە، تۆ بوونی راستەقینەی و ئەوانی تریش هەموویان سێبەری تۆن. لە دێڕی دووەمیشیدا شاعیر ئەوەی دەرخستووە بوونی پەروەردگار لە کاتێکدا بە تەنهایی مەوجیداوەتەوە، لە پێناوی ناساندنی خۆی دەرکەوتنێکی کردووە، لە ئەدەبی یارسانیشدا لە چەندین

---

[٥٥] – دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- لاپەڕە- (٥٤- ٥٥)، بڵاوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

شوێندا ئەمە بەرچاودەکەوێت و بە تەواوی باسی لێوەکراوە، هەر بۆ نموونە ئەم دێڕە شیعرەی (خان ئەڵماسی لورستانی) بە نموونە دەهێنینەوە:

مەولا ڤە دورِ بێ، دورِ فە تەی دەریا
ڤە دورِ بەرئاما جیهان کەرد مەهیا[٥٦]

واتای ئەم دێڕە ئەوە دەگەێنێت کە سەرەتا هیچ شتێك نەبووە، (مەولا= خودا) دورێك بووە لە ناو دەریا، لە دوورەکە هاتووەتەدەرەوە، هەتاکو ئاگاداری بوونی خۆی بدات.
دیارە گەوهەری دێڕی دووەمی شیعرەکەی (مەولەوی)یش، هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ دێڕە شیعرەکەی ناو ئەدەبی عیرفانی یارساندا نییە، چونکە بەلای شاعیرەوە دەرکەوتنەکەی خودای گەورە بۆ ناساندنی بووە.
ئەم دەرکەوتنەی خودا لای هەندێك بەرێز بەستراوە بە دەرکەوتنەکەی سەردەمی ژیانی حەزرەتی مووساو سووتانی کێوی (طور)، کە ئەمە لە روانگەی دینی ئیسلامەوە تەنها دەرکەوتنە و بە شێوەی تیشك بووە، بەلاّم ئەمە هەڵەیە چونکە ئەو دەرکەوتنە بۆ ناساندنی نەبووە، بەر لەوە پەروەردگار بەلای (نوح و ئادەم و پێغەبەرانی بەنی ئیسرائیل) و گشت شوێنکەوتوانیانەوە ناسراوە و پەرستشکراوە.
لە دێڕی سێیەم و چوارەمدا مەولەوی باسی لەوەکردووە، ئەگەر بە دەرکەوتنی یەکەمینت نەتناسم، بەسەد دەرکەوتنی ترت ناتناسم، هەر لەوەوە قایلم بەوەی کە هەیت. دیارە لە روانگەی دینی ئیسلامی پیرۆزەوە، دەرکەوتنەکە تەنها یەکجار بووە، بەلاّم لێرەدا مەولەوی پەنجەی بۆ سەد دەرکەوتن درێژکردووە، کە ئەمەیان دەقاو دەق لە دینی یارساندا هەیە و لەسەر بنەمای (دۆناودۆن) خودای گەورە دەرکەوتنەکانی دووبارەدەکاتەوە، کە بریتین لە حەوت قۆناغەکەی بەرجەستەبوونی خودا لە تەنی مرۆڤدا، هەروەها ئەو (٧٢) بارگە خوداییەی کە لەسەرانسەری تەمەنی دونیادا دێنەسەرزەوی، یەکەمیان لە جیهانی رەوانەوەکانەوە[٥٧] هاتووە و لە کەعبەی پیرۆز

---

[٥٦] - (محەممەد ئەمین هەورامانی)- کاکەیی- لاپەڕە (١٨٤)- چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا- ١٩٨٤.
[٥٧] - جیهانی رەوانەکان بەلای یارسانەکانەوە بە (کێوی نهێنییەکان)یش ناویهاتووە.

دابەزیوە، لە بارگەی (٧٢)یەمیندا هەموو مرۆڤەکان بە دڵێکی پاك و رووناك بە نووری خودایی روودەکەنە خوداپەرستی و ئاسوودە دەبن[٥٨].

ئەم چوار دیڕەی (مەولەوی) لەگەڵ ئەوەی لە ژێر کاریگەری ئەدەبی عیرفانی یارساندان، بۆ لای چەمکی (یەکێتی بوون= وحدة الوجود)یش دەگەڕێنەوە، کە (ئیبن عەرەبی) لە شێوەی تەواویدا دایڕشتووە، وتوویەتی: (زاتی خودا، راستتیەکی بەڵگە نەویستە، دیاردەو سیفاتەکانی لە ژمارە نایەن، هەق= خودا بوونی راستەقینەیەو خەلقیش بوونەوەری مەجازین). دیارە هێڵی سەرەکی (باوەڕ) لای یارسانەکان کە سەرچاوەی عیرفانی یارسانە، هەمان (یەکێتی بوون)ە. ئاشکرایە ئەم جۆرە شیعرانە لە چەندین شوێنی تری شیعرەکانی (مەولەوی)دا هاتوون، وەك فەرموویەتی:

یەکڕەنگی مایەی رستگاریەن
ساقی وە جامێ دەردم کاریەن

(یەکڕەنگی) کە دەقاودەق (یەکێتی بوون)ە، لە تێکستە عیرفانییەکانی یارساندا زۆر هاتووە و دووبارە بووەتەوە، هەر بۆ نموونە:

لە پەخشانی بیستەمدا (عالی) باسی لەیەکڕەنگی خۆی و سوڵتانی عالەم کردووە کە مەبەستی خودایە، وتوویەتی:

(تا ڤەعدەی هەزار هەن هەم زاتێ وێم هەم زاتێ سوڵتان عالەم یەکڕەنگ مەکەرووم).

هەروەها لە سروودی ژمارە (٣)دا نووسراوە:

داڤید ڤات غولاٚم سوڵتان سەهاکم
غولاٚم یەکرەنگ شاهی بێ باکم

ئەم شیعرەی (مەولەوی) تەنها ئەم چوار دێڕە نییە، بەڵکو ئەوەی کەوتبێتە بەردەست شیعرەکە بریتییە لە (٩) دێر، بەلاٚم تەنها ئەم چوار دێرەیان مەبەستی بابەتەکەی ئێمە بوون.

[٥٨] - (ئەیوب رۆستەم)- کاریگەری ئاوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٩١)- لە بلاٚوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی (جەمال عیرفان).

نموونەی دووەم:

سەرشار سەهبای بەزم موناجات
مەلجەء ئیلتیجای ئەرباب حاجات
جای رجای جەرگەی پادشاو دەروێش
بارەگا و پەنا، پەی بێگانە و خوێش
ئاهووی خوتەنی فەیزی ئیلاهی
نافەی ناف راهی جە مەه تا ماهی
شکۆفەی وەشبۆی رەیحانەی رەسوول
نەوباوەی نەمام (طیبە)ی بەتوول
سەرو سایەدار نیشاندەی وەلی
یەعنی یادگار (مرتضی علی)

وە رەوزەتانا هەر نوور واران بۆ
تا دەفع زوڵمەت دیدەی یاران بۆ[٥٩]

دیارە ژمارەی دێرەکانی ئەم پارچە شیعرە (١٨) دێڕن، (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) نووسیویەتی: (مەولەوی) ئەم قەسیدەیەی لەسەر مەزاری (باوایادگار) وتووە کە یەکێکە لە ئیمامزادەکان، هەروەها وتوویەتی وا دەرئەکەوێ لەسەردەمی کوێریدا وتوویەتی[٦٠]، باشتر وایە لێرەدا قسەیەکمان هەبێت، ئەگەر مەولەوی لەکاتی سەردانی ئارامگەی (باوا یادگار) ئەم هەڵبەستەی هۆنیبێتەوە، ئەوە ئەقڵ نایگرێت لەساڵانی کوێربوونیدا ئەو سەفەرەی کردبێت، چونکە ئەو هەموو بە پیرۆزو بەگەورە زانینەی (باوایادگار) و ئەو هەموو نزاو پارانەوە و خاکسارییە بە لای شاعیرەوە، ئەوە ناسەلمێنێت لە ساڵانی پێشتر و لەو دەمەدا تەندروستی باشبووە و بینایی لەدەستنەداوە، هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتبێت سەفەری گوندی (سەرانە) بکات کە ئارامگەی (باوا یادگار)ی لێیە،

[٥٩] – دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- لاپەڕە- (٣٠٢- ٣٠٤)، بلاوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

[٦٠] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەرە (٣٠٢- ٣٠٣).

ئاشکراشە (مەولەوی) لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا بینایی لەدەستداوە، نەوەك لە گەنجێتی، یان لە ساڵانی ناوەراستی تەمەنیدا. بەر لەوەی بچینەسەر راڤەی ئەم دێرانەی خرانەڕوو، باس لەوە دەکەین شیعرەکە (١٨) دێڕە، ئەو دێڕانەی کە بە تەواوی لە ژێر کاریگەری ئەدەبی عیرفانی یارساندان ئەم شەش دیڕەن کە نووسیومانن و لەسەریان دەوەستین و قسەیان لێوە دەکەین.

شاعیر لەم دیڕانەی کە مەبەستی ئێمەن، بە ئاشکرا (باوایادگار)ی بە سەردەستەی کۆڕی موناجات و پەناگەی هانابۆبردنی خاوەن پێداویستییەکان داناوە، هەروەها بە شوێنی لالانەوەی دەسەلاتداران و بێدەسەلاتان لە قەڵەمیداوە، کە بە (پادشا و دەروێش) ئاماژەیپێداون، ئەوەشی باسکردووە کە بارەگایە بۆ هەموو کەسێك، ئەگەرچی بێگانە و نەناسراو، یان خزم و ناسراو بێت، سەرەڕای ئەمانەش بە گۆپکەی بۆنخۆشی رەیحانەی پێشەوامان (پێغەمبەری موسڵمانان د.خ) و لاسکی نوێی درەختی پاکی حەزرەتی (فاتیمە) ناویبردوە. لە راڤەی ئەم شیعرەکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، گەورەترین کاریگەری عیرفانی یارسان بە سەر ئەم دێرەیانەوە دیارە کە وتوویەتی:

سەرو سایەدار نیشاندەی وەلی

یەعنی یادگار (مرتضى علی)

شاعیر لەم دێرەدا (باوا یادگار)ی بە دەستنەمام و یادگاری (مورتەزا عەلی) ناوبردوە، شتێکی ئاشکراشە (مورتەزا عەلی) لای یارسانەکان مەبەست لە (عەلی کوری ئەبی تالیب)ە، کە بە باوەری ئەوان یەکێکە لە حەوت دەورەکەی خودایەتی و رۆحی خودایی تێدا جێگیر بووە، لەمبارەوە سروود و پەخشانەکانی گەواهیدەرن، لێرەدا چەند دێرێك لە (سروودی ستایشی حەزرەتی عەلی) دەنووسینەوە:

ئەوەڵ ئاخر یار، ئەوەڵ ئاخر یار

بوانەم ئە نای ئەوەڵ ئاخر یا

یار یەعنی مەولام ساحیب زولفەقار

ئوستادی ئەزەل جە بەر تا بە بار[٦١]

---

[٦١] - (ئەیوب رۆستەم)- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەرە (١٩٦)- لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی (جەمال عیرفان).

واتای شیعرەکان بەمشێوەیە: با ستایشی یاری بەرودوام بخوێنم، یار واتا (مەولام) کە خاوەنی زولفەقارە، دامەزرێنەی بنچینەی زەوی و دەریاکانە..
با بزانین (باوا یادگار) چۆن بووە بە یادگاری (مورتەزا عەلی)، لە دیینی یارساندا (باوا یادگار) یەکێکە لە دۆنەکانی (حوسێن کوری عەلی)، بە واتا ڕەوانی (حوسێن) لەکاتی (دۆناودۆن) کردنیدا چووەتە چەند تەنێکی ترەوە، لەقۆناغی پەردیوەردا چووەتە تەنی (باوا یادگار)ەوە، بۆ سەلماندنی ئەمەش ئەم دێڕانە دەنووسینەوە:

یادگاری یار یادگاری یار
دەخیلەن ئامان یادگاری یار
یا زاتی زاتپاك سەرداری سەرکار
نازی ناز ڕەواج ژە پەروەردگار
چلانەی چل تەن سەبز پۆش نوور پۆش
سەرانەی باقی تیژ هۆش تیژ گۆش
ڕەواجی هەردین سەر هەڵقەی شاهان
جەمشید جەم بەن شۆن بەرێ راهان
ئیرەجی یە حیا سیاڤەحشی کەی
(حوسێن) شەهید نە کەربەلا تەی[٦٢]

باشە لێرەدا هەقمانە بپرسین، ئەگەر مەولەوی لە تێکست و کتێبەکانی یارسان ئاگادار نەبووبێت و نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری بابەتە ئەدەبی و عیرفانییەکانییانەوە، ئەم هەموو شتانەی چۆن زانیوە و لە کوێوە هێناونی کە وا لە شیعرەکانیدا باسیکردوون.

نموونەی سێیەم:
تەمام ئەعزام نەرووی پەردەی پۆس
مەشغوڵەن وە ذیکر ئیسپات یا دۆس
غێر جە حایلێ هیچ نیەن باقی

[٦٢] – (محەممەد ئەمین هەورامانی)- کاکەیی- لاپەرە (٢٣٨)- چاپخانەی (الحوادپ) بەغدا.

**وادەی دەورەتەن هانا هەی ساقی**
**مەستم کەر وە جام بادەکەی سەرشار**
**تاکەس نەزانۆ منەنان یان یار**[٦٣]

داخەکەم ئەم دێڕانە لای چەند نووسەرێك لێکدانەوەی هەڵەیان بۆکراوە، پێشتر لەم لێکۆڵینەوەیەدا وتمان، مەبەستمان لێرەدا راڤەکردنی لێکۆڵینەوەکانی ئەو بەرێزانە نییە، بۆیە تەنانەت ناویشیان ناهێنین، ئەمەش مەتەڵێك نییە داوای لێکدانەوەی واتاکەی لە خوێنەران بکەین، چونکە مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ناوونیشانەکەیدا دیارەو بەو ئاکارەدا کاردەکەین، دیارە هەر وەکو لە پارچە شیعرەکانی پێشتر، هەموو دێڕەکانی ئەم پارچە شیعرەش نانووسینەوە، هەر بۆیە تەنها راڤەی ئەو دێڕانە دەکەین کە مەبەستی باسەکەمانن.

ئەو دێڕانە جۆرە تێکەڵەیەکن لە ئەدەبی عیرفانی ئیسلامی و ئەدەبی عیرفانی یارسان، لە دیڕی یەکەمدا شاعیر سۆفییەکی نەقشبەندییەو هەموو ئەندامەکانی لەشی لە (ذیکر)دان، لێرەدا پێویستە بزانین (ذیکر لەسەر رەویەی نەقشبەندییەکان زۆر بێدەنگە، بە ئەندێشەو لە دەروونندا ئەنجامدەدرێت و دووجۆریشە بەمشێوەیە:

١- ذیکری (الله)، واتا ناوهێنانی بەردەوامی خودا.

٢- ذیکری (لا الله الا الله)، واتە نەفی= (نکولیکردن، ملەجێڕی) و ئیسپات= (سەلماندن= گەواهیدان)، دیارە کە

(لا الله) نەفی و (الا الله) سەلماندنەکەیەتی.

لەکاتی ئەم ذیکرەدا مەرج ئەوەیە واتای مەبەست لەبەرچاوبگرێت، پێویستە ئەو کەسە لە دڵی خۆیدا مەبەستی ئەوەبێت کە هیچ بوونەوەرێك شیاوی پەرستن نییە، جگە لە (خودا)ی تاك و تەنیا، وە هیچ مەبەست و داخوازیەکی نەبێت جگە لە بەندایەتی بۆ (خودا)، لەمبارەوە لە کتێبی (تەصەووف چیە)دا هاتووە: (لە ذیکردا واتا پێویستە نەك (لەفظەکە)، کەسێك کە ذیکر دەکات پێویستە لە کاتی (لا الە) مەبەستی ئەوە بێ بڵێ کە من خۆم وە هەرچی مەوجوداتە هەموویم لا هیچە، وە لە کاتی (الا الله) مەبەستی ئەوە بێ بڵێ، ئەوەی ئەمێنێتەوە تەنها هەر خودایە[٦٤].

---

[٦٣] - (مەنسووری رەحمانی)- رۆژزمێری هەتاو لە گەڵ دووکتێب- ناوەندی بلاَوکردنەوەی پرتەوبەیان- سنە.

[٦٤] – (ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی)- تەصەووف چیە- لاپەڕە (٣٩٤)– دار الحرية للطباعة- بغداد.

هەر بۆیە (مەولەوی)یش هەموو ئەندامەکانی لەشی لە سەر ئەم رەویە لە ذیکردان و مەبەستی سەلماندنی بوونی (خودا)یە. هەر لە بواری ذیکری خودا لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

(فاذکرونی اذکرکم- سورەتی بەقەرە -١٥٢).

لە دێڕی دووەمدا باسی لەوکردووە کە تەنها پەردەیەك هەیە لە نێوان خۆی و خودای گەورەدا، هەر بۆیە داوای مەی رۆحی لە مەیگێڕ (خودا) دەکات بۆ ئەوەی ئەو پەردەیەش هەڵبداتەوە.

لووتکەی باڵاکردنی دۆخی رۆحی (مەولەوی) لە شیعرەکەدا دوا دێڕیەتی، کە تیایدا شاعیر داوای سەرمەستییەکی وادەکات، رۆحی لە گەڵ پەروەردگار یەکانگیر ببێت، بە شێوەیەك هیچ کەس نەزانێت کەس ئایا (مەولەوی)یە، یان یار.

ئەم دیڕە چەقی (یەکێتی بوون= وحدە الوجود)ە، بەڵام لەسەر بنەمای (عیرفانی یارسان)، بەڵگەی زیندووش وشەی (یار)ە، ئەم وشەیە لە تێکستە دینییەکانی (یارسان)دا چەندینجار هاتووە، هەموو جارەکانیش مەبەست لە (خودا)یە، وەك لەم دەربڕینانەدا هاتووە:

هەوەڵم (یار) ئاخرم یار ئیشارەتی پیر پادشا

هەوەڵم (یار) ئاخرم یار داود کۆسوار

ئەم دیڕە شیعرە نزای رۆژانەی یارسانەکانە و وەك شایەتومانیان وایە، پێویستە لەسەر شوێنکەوتوانی ئەم دینە، شەوانە کە دەچنەسەر نوێنی خەوتن، لەهەر کردارێکی ناڕەوا کە کردبێتیان تۆبەبکەن و ئەم دێڕە شیعرە بخوێنن. (یار) مەبەستی (سان سەهاکی بەرزنجی)یە کە بەپێی قەناعەتی یارسانەکان، (خودایە لەتەنی مرۆڤ= زاتی بەشەری)یە، (پیر پادشا) مەبەست لە پیر بنیامینی شاهۆییە کە لە سەردەمی (پەردیوەر)دا یەکێکبووە لە بازنەی (هەفتتەن)، لە سەردەمی حەزرەتی عەلی کوری ئەبی تالیب (سەلمانی فارسی) بووە و یەکێك لە دۆنەکانیشی (جبریل)ە، ئەم زاتە پایەیەکی گەورەی لای یارسان هەیە، بۆ نموونە لە سروودی تەڵقینی مردوودا هاتووە:

ئەوەڵش یارەن ئاخرش یارەن

پیرش بنیامین شاهش خاوەندگارەن[٦٥]

(داود کۆسوار)یش بەهەمانشێوە یەکێکبووە لە بازنەی (هەفتەن) و ڕێپیشاندەری یارسانە، گەورەیی پایەی دیینی (داود) لە چەندین سروودو پەخشاندا هاتووە، هەر بۆ نموونە، لە (سروودی ستایشی داودی کۆسوار)دا هاتووە:

فەریاد ڕەس داڤێد فەریاد ڕەس داڤێد

ڤە کول یارسان فەریاد ڕەس داڤێد[٦٦]

دێینەسەر ئەوەی مەبەستی (مەولەوی) لە وشەی یار لە دوادێڕی شیعرەکەدا، خۆشەویستەکەی، یان پیرەکەی نییە، چونکە لە سۆفیگەریدا مورید پێویستە هەموو قۆناغەکان ببڕێت و ڕەوانی بالأبکات، هەتا دواجار دەگاتە لادانی پەردەکە کە شاعیر بە (حایل) ناویهێناوە و بەلادانی پەردەکەش، وەك دوا قۆناغی بەهرەمەندبوون لە عیرفان ڕەوانی دەگەرێتەوە بۆ لای پەروەردگارەکەی. ناوهێنانی خودا بە (یار) کە بەلا یارسانەکانەوە هەمان واتای هەیە، بەلگەیەکی ترە بۆ ئەوەی بۆمان ئاشکرابێت، کە کاریگەری عیرفانی یارسان بەسەر شیعرەکانی مەولەوییەوە دیارو ئاشکرایە.

پێویستە لێرەدا جارێکی تر بگەرێینەوە بۆ ئەوەی (عیرفان) لە رووە گشتیەکەیەوە چەمك و دیاردەیەکی جیهانییە و دیینەکان لە رووی رەوانییەوە جۆرە تێکەلأویەکییان لە نێواندا هەیە، چونکە (هەوەڵم یار، ئاخرم یار) لە دیینی پیرۆزی ئیسلامدا بە: (هو الآول وهو الاخر و الظاهر والباطن) هاتووە.

نموونەی چوارەم:

هەرکەس تەوەلود دووبارەش نیەن

ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نیەن

هانە ئەشکەنجەی پەستی و نەنگەدا

تا مەنزڵ گێرۆ نە پای سەنگەدا[٦٧]

---

[٦٥] - (ماشەلأ سووری)- سروودی دیینی یارسان- لاپەڕە (٢٠٤).

[٦٦] - (ئەیوب ڕۆستەم)- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەڕە (١٩٨).

ئەوەی دیار و ئاشکرایە، بە پێی دیینی پیرۆزی ئیسلام مرۆڤ یەکجار لەدایکدەبێت، رۆح لە ناو لەشیدا وەك باڵندەی قەفەس وایە، پاش ئەوەی کۆچی دواییدەکات رۆحەکەی بۆ بارەگای یەزدان دەگەرێتەوە، رۆحی هەموو مرۆڤێکیش تایبەتە بە خۆیەوە، لە رۆژی پەسلاٚندا بە فەرمانی پەروەردگار دەچێتەوە بەبەریدا و حەشردەکرێت، لەم روانگەیەوە هیچ لە دایکبوونەوەیەك لە دیینی ئیسلامدا نییە.

بەلاٚم لەدایکبوونەوەی دووبارە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دیینی یارسان، کە رۆحی هەموو مرۆڤێك لەسەر بنەمای (دۆناودۆن) هەزارویەك تەن دەگەڕێت، لە هەزارویەکەمیندا وەك شۆڵەی ئاگر دەچێتە بەهەشت. ئەمەش نەوەك تەنها بەسەر (مەولەوی)یەوە، بەڵکو بەسەر ژمارەیەك لە گەورە عارفانەوە کاریگەری داناوە و لە شیعرو دەربڕینەکانیاندا بەرچاودەکەوێت، ئەوەتا (شێخ حەسەنی ئەنصاری) وەك تواوەیەکی ناو خۆشەویستی خودایی وتوویەتی:

من همان عیسی و منصورم که بردارم زدند

باز بردارم <u>گزر</u> افتاده انصاری شودم[٦٨]

لەم دێڕەدا ناوبراو زۆر بە راشکاوی باسی لەوەکردووە، ئەو هەمان (حەزرەتی عیسا و مەنسووری هەلاج)ە کە بەداراکران، بەلاٚم پاش بەداراکردنی گیرۆدەی ئەنساری بووە. ئەمە خودی بنەمای دۆناودۆنی یارسانە، کە دیارە لە هەندێك دیینی تریشدا هەیە لەوانە، (دیینی هیندۆسی).

بەوردبوونەوە لەم دوو دێڕەی شیعری (مەولەوی)یش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ناوبراو باس لە دایکبوونەوەی دووبارە دەکات، پێماندەڵێت: هەرکەسێك لەدایکبوونەوەی دووبارەی نەبێت، ئەڵبەتە ئەو کەسە خۆشبەخت نییە و لە پەنای بەردا (مەبەستی گۆڕە)، لە ژێر ئەشکەنجەدایە.

بـۆ کۆتـایی ئـەم بابەتـە، پێمانباشـە ئاوڕێـك لـە دوو دێـڕی تـر لـە شـیعری مەولـەوی بدەینەوە، ئەگەرچی هەردوو دێڕەکە، ناکەونـە ژێـر کاریگـەری عیرفـانی یارسـانەوە، بـە بۆچوونی ئێمە تەنانەت پەیوەندییان بە هیچ تێزێکی سۆفیگەری و عیرفانییەوە نییـە،

---

[٦٧] - ( رەئووف مەحموود پوور)- خوێندنەوەی خەسارشناسی لە شیعری (مەولەوی)دا- کتێبی دیداری مەولەوی- لاپەڕە (٢٥٥).

[٦٨] - بارگە بارگە- لاپەرە (٣٠).

بەلاّم بۆ گرنگی ناوەرۆکەکەیان و بلیمەتی و ئاستی بەرزی بیری مەولەوی، هەروەها لێکدانەوەی بۆ بوون و سەرچاوەکەی، لێرەدا دەیانووسینەوە و قسەیەکیان لێوە دەکەین.

هەرچی دیت وەچەم شی وەسەفەردا
هەرچی موینی ها نە گوزەردا
کەس حاڵی نەبی وە هیچ نەفاما
ئەو پەی چێش ویەرد، ئێد پەی چێش ئاما[٦٩]

مامۆستا (مەلا عەدولکەریمی مودەریس) ئەم دوو دێڕەی بەمشێوەیە لێکداوەتەوە: (هەر کەست لەمەوپێش دیوە ئەم دنیایەی بەجێهێشتووە، وە هەرچی ئێستا بیبینی بەڕێوەیە بە جێی بێڵێ، کەسیش حاڵی نەبووە و تێنەگەیشتووە، ئەو بۆچی مردوو، ئەم بۆچی لەدایکبوو!!.

مامۆستا (محەممەدی مەلا کەریم)یش، نووسیویەتی:

(مەولەوی وەك هەموو ئەوانەی بیرکردنەوە لەم جیهانە سەرسامیکردوون و زۆریانی خستووەتە سەر ڕێگای پاکانەکردن لە هەموو ئەو شتانەی بە ڕێبازی خەڵکیانەوە ئەبەستێ و زۆریشیانی وا لێکردووە نەیانتوانیوە تا دوا قۆناغ ڕێگەکەیان ببرن و پاشگەزبوونەوە، بەلاّم تا ئێستا کەس وەلاّمێکی دڵ متمانە پێکردووی ئەم پرسیارەی پێنەدراوەتەوە، کە هەر لە سەرەتای مێژووەوە خاوەن بیرانی هەموو شوێنێکی تیا حەیرانن، لە یەکێ لەو زمان هەڵکەوتنە بە دەگمەن و نایابانەدا، کە پێ بە جگەری خۆیا ئەنێ تیایاناو زاتی ئەوە ئەکا چی لە دڵیا بێ بێپەردە بیدرکێنێ[٧٠]).

ئێمەش بە پێی تێگەیشتنی خۆمان پێمانوایە، ئەمە پرسیارێکی گەورەو جیدییە کە (مەولەوی) وروژاندویەتی، زۆر لە چەمك و تێگەیشتنی (دیین)ەوە سەبارەت بە بوون و ژیان دوورە، بەلاّم بە تەواوەتی چووەتە نێو چەمك و تێگەیشتنی فەلسەفەوە بۆ ئەو

٦٩– دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- لاپەڕە- (٥٣٨)، بلاّوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

٧٠ - (محەممەدی مەلا کەریم)- مەولەوی، ژیان و بەرهەمی- کتێبی میهرەجانی مەولەوی- لاپەرە (٣٢)- لە بلاّوکراوەکانی (دیداری مەولەوی)- ٢٠١٠.

بابەتانە، که دەڵێین له چەمك و تێگەیشتنی دیینەوە دوورە، بەڵگەمان ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆزە کە فەرموویەتی:
(وماخلقت الجن والانس الا ليعبدون)- سوورەتی (الذرايات- ئایەتی ٥٦).
لەم ئایەتەدا بەتەواوی مەبەستی ئەفراندنی (مرۆڤ و جنۆکە)ش تەنها بە بەندایەتی بۆ خودای تاك و تەنیا دیاریکراوە، بەڵام (مەولەوی) بەراشکاوانە وتوویەتی: هەرچی بەچاو بینیت کۆچیکردو رۆیشت، ئەوەش ئێستا دەیبینێت هەر هەمووی بۆ هەمان مەبەست ملی رێگەی گرتووە، لەم نێوەندەشدا تا ئێستا هیچ کەس تێنەگەیشتوە و دەرکی بەوە نەکردوە، ئەو بۆچی رۆیشت و ئەمیش بۆچی هات، ئەمە ئەگەر بەوردی سەیریبکەین خۆی لە خۆیدا جۆرە گومانێکە لە مەبەستی پشتەوەی بەردەوامی ژیان.

# کاریگەری شێوەزمانی هەورامی لە شیعری کوردیدا
# بەدواداچوونی رایەکی مامۆستا عەلائوددینی سەجادی

# کاریگەری شێوەزمانی هەورامی لە شیعری کوردیدا
# بەدواداچوونی رایەکی مامۆستا عەلائوددینی سەجادی

ئێمە لەم کتێبەدا و لە بابەتی (رەنگدانەوەی عیرفانی یارسان لە چەند شیعرێکی مەولەوی)دا، چەند پێناسەیەکی شیعرمان خستووەتەڕوو، لێرەدا بەو بابەتەدا ناچینەوە، هەر بۆیە راستەوڕاست دەچینە سەر ئەوەی بزانین مێژووی کۆنترین تێکستی شیعری کوردی بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێتەوە، لەم بوارەدا (ئەنوەر مایی) نووسیویەتی: (د. بلەج شێرکۆ) لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوەی کردووە، یەکێك لە خۆرهەلاٌتناسان بە ناوی (فلیامینۆف) لە باکووری ئێراندا بەردێکی دەستکەوتووە دوو دێڕ شیعری لەسەر بووە و مێژووی نووسینیان بۆ سالّی (٣٣٠پ.ز) گەڕاوەتەوە[١].

(د.صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی: ئەوەی روون و ئاشکرایە پێش سەرهەلّدانی ئیسلام هۆنراوە بەزمانی کوردی هۆنراوەتەوە و هۆنراوەی کوردیش سەری بە گەلێك دەرگادا کردووە، کتێبی (گاتاکان) کە بەشێکە لە کتێبی (ئاوێستا) هەمووی هۆنراوەیە، لە درێژەی ئەم نووسینەدا هاتووە شیعری کوردی دەکرێن بەچوار بەشەوە بەم شێوەیە:

١- شیعری دلّداری و گۆرانی

٢= شیعری خوداناسی

٣- شیعری لاسایکردنەوە

٤- شیعری نەبەردی و پالّەوانی[٢].

هەر لەمبارەوە (د.سەعید خانی کوردستانی)یش نووسیویەتی: پارچە چەرمێك لە (ئەشکەوتی جێشانە)ی نزیك شاری سلێمانی دۆزراوەتەوە، چەند دێڕە شیعرێکی بەشێوەزمانی هەورامی لەسەر نووسراوە، مێژووی شیعرەکان بۆ نزیکەی (١٤٠٠) سالّ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.

ئەو شیعرانە کە لەو ئەشکەوتەدا دۆزراونەتەوە ئەم چەند دێڕەن:

---

[١]- (ئەنوەر مایی) - الاکراد فی بهدینان- لاپەڕە (١٩٦).

[٢]- (د. صدیقی بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی-بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٣٨، ٣٩).

هورمــزگان رمــان ئاتــران كــژان
وێشان شاردەوە گۆرە گۆرەكان
زۆركاری ئارەب كردنە خاپوور
گناو پالــەیی هەتــا شــارەزوور
شــەن و كــەنیكا وەدیــل بشینا
مــەرد ئازا تلی وەرووی هونیــنا
رەوشت زەردەشت مانۆوە بێكەس
بەزیكا نیكا هورمزد وەهیچ كەس[٢].

بەداخەوە هەندێك بەرێز گومـان لـەم شـیعرانە دەكـەن، پێیانوایـە ئەمانـە دروسـتكراوی دەستی چەند كەسێكن و گوایا هەریەك لە (رەشید یـاسمی، د. سـەعیدخانی كوردسـتانی، عەلائـەددینی سـەجادی) لـە پـشت ئـەم بابەتـەوەن، تـەنها بیانووشـیان ئەوەیـە زمـانی هۆنینەوەیان كۆن نییە و لـە شـێوەی ئاخـاوتنی ئێـستای خـەڵكی هەورامانـەوە نـزیكترن، نەوەك شێوەی ئاخاوتنی كۆنیان.

دیارە ئەو بەرێزانە شتێك لەوە ئاگادارنین كە چەندین تێكستی تر هەن بە هەمان زمـان نووسراونەتەوە، لەوانە: تێكستە ئەدەبییەكانی یارسان، تێكستە شیعرییەكانی سـەردەمی شۆرشی (خەوارجی كورد) لـە شارەزوور پـاش كوشـتنی (ئـەبو موسلمی خۆراسـانی) بـە پـیلانگێری و فـەرمانی (خەلیفـەی عەباسـی)، لێـرەدا پێویـستە ئـەوەش بلێـین، مـن كـە سـالانێكە سـەرقاڵی ئامـادەو پێـشكەشكردنی بەرنامــەی تەلـەفزیۆنیم، لـە یـەكێك لـە بەرنامەكانمـدا چوومە (گونـدی سـەرگەت)، لەسـەر گۆرسـتانەكەی (بـاوا نـاوس) بەسـەر یەكێك لە كێلە مەرمەرەكانەوە كە مێژووی ساڵی (١٣٢ك ) لەسەر بوو، ئەم دێـرە شـیعرە نووسرابوو:

ئەگەر مەزانی ئینە چی مەردەن
نازە ناخوونەش ئاودزش كەردەن

---

[٢]- بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەمانای ئەم شیعرە و ئەو رووداوانەی كە بەشێوەیەكی ریالیستانە وێنایكردوون، بروانە كتێبی هەورامان- بەرگی یەكەم- پەراوێزی لاپەرە (١٣٤، ١٣٥) نووسینی (ئەیوب رۆستەم).

واتــای شــیعرەکە ئــەوە دەگەیــەنێت، ئەگــەر دەتــەوێت هــۆی مردنــی ئەمــە بزانێــت، ژێرنینــۆکی هــەویکردووە، لێــرەدا مەبەســت واتاکــەی نییــە، بــەڵام مەبەســت زمــانی هۆنینەوەی شیعرەکەیە کە هەر هەمان شێوە ئاخاوتنی ئێستای خەڵکی هەورامانــە، بۆ ئەوەی کەسێك گومان لەمە نەکات دەتوانتێت لەمبارەوە لە بــەڕێزان: (مامۆســتا عــەدنان ســەرگەتی، عــەلی شــێخ ســەعید، ســەعدەددین ســەرگەتی- ئەنجومــەنی گونــدی نــاوبراو)، هــەروەها (هــەرێم ئــەمین) کامێرامــانی تەلــەفزیۆنی گــەلی کوردســتان کــە ئــەو ڕۆژە لەگەڵماندابوون بپرسێت، بەڵام جێگەی داخە ئەو کێڵە لەگەڵ زیاتر لــە پــەنجا کێڵــی تــر لە لایــەن تیرۆریــستەکانی (ئەنــسار ئیــسلام)ەوە شــکێنران، بــەڵام خۆشــبەختانە ئێمــە لــە بەرنامەکەدا وێنەی کێڵەکەمان گرت. هەر بۆیە لێرەدا دەڵێین گومانکردن لە شیعرەکانی (هورمزگان رمان) لە لایەن هەر کوردێکەوە بێت، بەخۆی بزانێت یان نا خۆی لە خۆیــدا گومانکردنــە لــە ناســنامەی نەتــەوەیی، بــەڵکو پێویــستە لــە بــری گومــانکردن، ئــەوداڵی دۆزینەوە و کۆکردنەوەی تێکستە کۆنەکانمان و خوێندنەوەی نوێ بین بۆیان.

هەندێك سەرچاوە باس لەوەدەکەن، ئەو بەڵگانــەی کەوتوونەتــە بەردەست دڵنیایــدەدەن کە شاعیرانی کورد، هەر لەســەدەی دووەمــی کۆچییەوە هــەتا ســەدەی پێنجــەمی کۆچــی بەملاوە زۆربەیان لەسەر (ڕێوڕەچەی یارسان= کاکەیی) بــوون، بەشــێوەیەکی ســەرەکیش دابەشبوون بەدوو دەستەوە بەم شێوەیە:

دەستەی یەکەم: رابەران و پیرانی یارسان

دەستەی دووەم : شوێنکەوتووانی رابەران و پیرانی یارسان

هەر لــەم بــوارەدا باســی ئــەوەیان کــردووە شــاعیرەکانی ســەدەی دووەمــی کۆچــی، هــەتاکو سەدەی پێنجەمی کۆچی زۆربەیان لە رابەران و پەیڕەوکارانی یارسان بــوون، بــەڵام لەسەدەی هەشتەمی کۆچی بەدواوە هەتاکو سەدەی یانزەمی کۆچی زۆربەی شــاعیرانی کورد لەشیعرەکانیاندا بەدەوروخولی ئەم بابەتانەدا سووڕاونەتەوە:

١- دیمەنی سروشتی

٢- دڵداری

٣- خوداناسی

٤-   چیرۆكی و ئەفسانەیی[٤].

هەر لەبواری دەستنیشانكردنی بابەتەكانی هۆنراوەی كوردیدا، (د. كامل حەسەن ئەلبەصیر) نووسیویەتی: بنەڕەتەكانی هۆنراوە چوارن:

١- ویستەمەنی كە بەرهەمەكەی ستایش و سوپاسكردنە.

٢-ترس كە ئاكامەكەی سكالاٌ و داوای لێبوردنە.

٣-خۆشی و ناخۆشی كە سەرئەنجامەكەی دڵداری و حەزلێكردن و باسی ئافرەتە.

٤-تووڕەبوون كە زمانلێدان و گلەیی و سەرزەنشتكردن دەهێننە بەرهەم.

هەروەها باسی ئەوەشی كردووە كە ئەم دابەشكردنە لە رووی ژمارە و دەستنیشانكردنی مەبەست و بابەتەكانی هۆنراوەوە، ورد و فراوان نییە و ناتوانێت هەموو لایەنەكانی هۆنراوەی كوردی بگرێتە خۆی[٥]. لێرەدا پێویستە ئاماژە بكەین بەوەی ئەو شاعیرانەمان كە هەڵگری (رێو ڕەچەی یارسان= كاكەیی) بوون ژمارەیان تەواو زۆرە، بەرهەمە شیعریەكانیان لە كتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) و لە كتێبە دینییەكانی تری هەڵگرانی ریوڕەچەی یارساندا بلاٌوكراونەتەوە[٦]، ئەمەش ناوی ژمارەیەك لە عاریف و شاعیرەكانی هەڵگرانی رێوڕەچەی یارسان)ە:

بالوولی ماهی، باوا لوڕەی لوڕستانی، باوا رەجەبی لوڕستانی، باوا حاتەمی لوڕستانی، باوانجوومی لوڕستانی، باوا سەرهەنگی دەودانی، باوا قەیسەری هەورامی، باوا سرنجی كەلاتی، باواگەرچكی هەورامی، دایە تەورێزی هەورامی، موبارەك شا= شاخۆشێنی لوڕستانی، جەلالە خانمی لوڕستانی، بابا تایەری هەمەدانی، فاتمە لوڕەی گۆران[٧]، لزا خانمی جاف، كاكە رەدائی لوڕستانی، سوڵتان چەلەبی، باوا بوزورگی لوڕستانی، باوا هندۆی هەورامی، باوا ناوسی جاف، دایە خەزانی سەرگەتی، قازی نەبی سەرگەتی، سان سەهاكی بەرزنجی، خاتوودایراكی رەزبار، شائیبراهیمی ئێوەت، باوا یادگار، عابدینی

---

[٤]- (د.صدیقی بۆرەكەیی) - مێژووی وێژەی كوردی- بەرگی یەكەم- لاپەڕە (٤٤).

[٥]- (د.كامل حسن عزیز البصیر) - رەخنەسازی-مێژوو و پەیڕەویكردن- لاپەڕە (١٧٣).

[٦] - (ئەیوب رۆستەم)- هەورامان- بەرگی دووەم- چاپی یەكەم- ٢٠٠٤ز.

[٧]- (سیسل جۆن ئێدمۆندز) پێیوایە ئەم خانمە هەمان (بیبی فاتمە)یە كەدایكی بابا تایەری هەمەدانی بووە.

بڕوانە كتێبی (كورد، تورك، عەرەب) لاپەڕە (١٧٠) نوسینی (سیسل جۆن ئێدمۆندز) وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی (جرجیس فەتحولاٌ).

جاف، نەرگز خانمی شارەزووری. شاوەیسقولی، خاتوون ڕەزبانووی دەرزیانی، کاکە عەرەبی هەورامی، کاکە ڕەحمانی دەرزیانی، کاکە پیرەی دەرزیانی، عالی قەڵەندەر.
هەروەها زۆربەی پیرەکانی هەورامان و شاهۆ وخەلیفەکانی (یارسان) وەك: خەلیفە ئەمیر، خەلیفە جەبار، خەلیفە محەممەد، خەلیفە شەهابوددین، خەلیفە عەزیزی سلێمانی، خەلیفە باپیر،خەلیفە شاشا.
بێجگە لەوانەی ناومانهێنان ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرەکانی یارسان لە تێکستەکاندا تەنها نازناویانهاتووە و پێدەچێت لەو ڕۆژانەدا لەبەر بارودۆخی ناوچەکانیان و فشاری دەسەڵاتداران لەسەریان نەیانوێرابێت شیعرەکانیان بە ناوی تەواوی خۆیانەوە بنووسن، وەك ئەمانەی خوارەوە:
دەمام، شەمام، ئەژدەر، ئەنوەر، قامووس، گەوهەر، نگین، مسکین، مۆمن، سەفیر، کەبیر، ناری، سەیاد، قانوون، لامی، پێشەنگ، ئەوڕەنگ، خەزاوی، خوونچی، عەزازیل، ئیدراك، وردی، نیشان، سەقا، جەرگا، مەرزی، بیا، تەوار، سروور، سەراف، ڕەزتاو، شەمیل، قەندیل، شمشاڵ، سەیقال، مەستی، غازی، حەریر، تۆفیق[8].

[8] – (ئەیوب ڕۆستەم)- هەورامان- بەرگی دووەم- چاپی یەکەم- لاپەڕە (١٢١- ١٢٢)- ٢٠٠٤ز.

## بۆ چی شێوەزمانی هەورامی بۆ سەردەمانێکی دوور و درێژ زمانی شیعر و رۆشنبیریی میللەتەکەمان بووە؟

بۆ قسەکردن لەم بارەوە، سەرەتا پێویستە شتێك سەبارەت بە (زمان) بڵێین، مەبەستمان لە (زمان) لێرەدا ئەو پارچە گۆشتە نییە کە لەناو دەمماندایە، چێژی خواردەمەنی و خواردنەوەی پێدەکەین و لە رێیەوە تامەکان لە یەکتری جیادەکەینەوە، هاوکات پاڵ بە خواردنەوە دەنێ بەرەو رێڕەوی خۆی و.... هتد. بەڵکو مەبەستمان لە (زمان) ئەو سیستمە ئاڵۆزو تێکڕژاوەیە کە بە پێی زانستە جیاوازەکان، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا چەندین پێناسەی بۆ کراون، بۆ نموونە:

١- زانستی کۆمەڵناسی پێماندەڵێت، (زمان) هۆیەکە بۆ لە یەکترگەیشتن.
٢- لە روانگەی دەروونناسەکانەوە (زمان) کارو کاردانەوەیە، کاتێك کەسێك قسەدەکات، گوێگری دەکەوێتە ژێرکاریگەرییەوە و وەڵامیدەداتەوە.
٣- زاناکانی بواری زمانەوانیی پێیانوایە (زمان) بریتییە لە (دەنگ، واتا، دەستوور)، دەنگە لەبەر ئەوەی دەبیسترێت، (واتا)یە چونکە دەنگەکە واتای هەیە و (دەستوورە) لەبەر ئەوەی دەنگەکان واتاکان پێویستە لەچوارچێوەی دەستوورێکدا رێکبخرێن بۆ ئەوەی مەبەست بپێکن[٩].

دێینەسەر ئەوەی کە شێوەزمانی هەورامی، لقێکی زۆردێرینی زمانی کوردییە، ئاشکرایە ژمارەیەکی زۆر لە (زمانناسان، خۆرهەڵاتناسان، مێژوونووسان، گەڕیدە و گەشتیاران، تۆژەرە و لێکۆڵەرەوان)، لەسەر ئەو بڕوایەن کە رەگەکانی زمانی کوردی دەچنەوە سەر زمانی ئەو نەتەوە ئاریانەی کە بە باپیرە هەرە دێرینەکانی کورد لەقەڵەمدەدرێن، وەك نەتەوەی (ماد)، هەروەها ئەونەتەوانەی تر کە پێیاندەوترێت (بازنەی زاگرۆس)، لەم بوارەدا خۆرهەڵاتناسی ناسراو (دارمس تیتر) نووسیویەتی: کتێبی ئاوێستا بەزمانی نەتەوەی (ماد) نووسراوە و زمانی کوردی دەچێتەوەسەر ئەو زمانە[١٠].

هەندێك سەرچاوە دەڵێن: دەربارەی زمانی (نەتەوەی ماد) هیچ بەڵگەیەك لەبەر دەستدا نییە، هەرچەندە پێشتر وا لەقەڵەمدراوە کە وێنەی دووەمی نووسراوە هەڵکۆڵراوەکانی

[٩] – (ئاریان صدیق)- زاراوەی زمانەوانی- بەشی دووەم- گۆڤاری هەورامان ژمارە (١٠)- لاپەڕە (١١٧)- (٢٠٠٨).
[١٠]- (موشیر ئەلدەولە حەسەنی پیرنیا) - تاریخ ایران باستان- جلد اول- لاپەڕە (٢٢٠).

(دایوشی یەکەم) لە ناو شوێنەوارەکانی بێستوون بەزمانی مادەکان نووسراون، بەڵام پاش چەندین لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی پسپۆڕان و شارەزایان سەلمێنراوە ئەو زمانە زمانی ئیلامییەکانە، لە هەمان ئەو سەرچاوانەدا هاتووە، لێکۆڵەرەوان هیچ دوودڵییەکیان نییە لەوەی زمانی نەتەوەی ماد زۆر لە زمانی پارسی کۆنەوە نزیکبووە، هەروەها مادەکان و پارسەکان زۆر بە ئاسانی لە زمانی یەکتر تێگەیشتوون"[11].

شتێکی ئاشکرایە زمانی (مادی) لە زمانە کۆنەکانی (هیندۆ ئەوروپی)یەو پاش چەند سەدەیەك لە برەوی ئەم زمانە، زمانی (پەرتەوی= پاڵەوی) کە لە دوو لقی سەرەکی پێکهاتووە بە ناوەکانی (پاڵەوی ئەشکانی) و (پاڵەوی ساسانی) جێیگرتووەتەوە و تا کۆتایی دەسەڵاتی ساسانییەکان بووە بە زمانی سەرانسەری ئەو هەرێمانەی ئێستا کوردیان تێدا دەژی، دواتریش کە ئەو هەرێمانە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری عەرەبەوە وەك زمانێکی پیرۆز لە بەرانبەر زمانی عەرەبیدا بۆ چەند سەدەیەك وەستاوە و خۆی پاراستووە و عەرەبەکان بە زمانی (فەهلەوی) ناویانهێناوە.

لەم بوارەدا (محەممەد ئەمین زەکی بەگ) نووسیویەتی: زمانی پەهلەوی = زمانی پاڵەوان، وادیارە لە (عێراقی عەجەم، میدیای گەورە، وڵاتی فارس)دا بەکارهێنراوە و قسەپێکراوە، هاوکات لەبارەگای پادشاکانی نەوەی (کەیخوسرەوی گەورە)دا زمانی رەسمی دەوڵەت بووە، بەڵام لە ساڵی (٢١١ز-٦٣٢ز)ەوە بەرە بەرە لە بەکارهێنانکەوتووە و بەفەرمانی پادشا زمانی فارسی کۆن جێگەی گرتۆتەوە، هەر لەدرێژەی نووسینەکەدا هاتووە، (سێر جۆن مالکۆلم) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناو نیشانی ( history of parsia) نووسیویەتی: ئەو تیرانەی لەهەرێمەکانی (کرمان، فارس، هەموو کوردستان، بەشێکی عێراق)دان بەڵگەی هەرە بەهێزی رەسەنایەتییان زمانەکەیانە کە زمانێکی توندی پەهلەوییە"[12].

(شەمسی قەیسی رازی) کە لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە لە کتێبی (المعجم فی معاییر اشعار العجم)دا نووسیویەتی: باشترین و خۆشترین کێشی هۆنراو فەهلەویاتە کە بە هەواکەی هەورامانی دەڵێن، دیارە مەبەستی لە هەوای هەورامانی،

[11]- سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[12]- ( محەممەد ئەمین زەکی بەگ)- خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٢٠٨).

هەواو ئاهەنگی خەڵکی هەورامانە کە بەشێوە زمانی هەورامی یان وەك دەڵێن گۆرانی دەدوێن[١٣].

(مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ) نووسیویەتی: زمانی کوردی بەتایبەت شێوەزمانی گۆران لەهەموو زمانە ئارییەکانی تر لە (زمانی ئاوێستا)وە نزیکە[١٤].

بۆ زیاتر دەرخستنی رەگی شێوەزمانی هەورامی لە مێژوودا بەدەر لەوانەی باسمانکردن، هەروەها لەو قەوالآنەی کەلە هەوراماندا دۆزراونەتەوە و ئێستا لەمۆزەخانەی لەندەندان، باس لەوە دەکەین چەندین وشە و دەستەواژە هەن لەشێوەزمانی هەورامی و هەندێك لە زمانە کۆنەکاندا وەك (عیبری، پەهلەوی، سۆمەری، پارسی باستان=پارسی کۆن...) وەکو یەکن، یاخود زۆر لەیەکەوە نزیکن، هەندێك لەو وشەو دەستەواژانەمان لە کتێبی هەورامان- چاپی دووەم- خستووەتەڕوو، ئەو بەڕیزانەی مەبەستیانبێت دەتوانن سوود لە خوێندنەوەی وەربگرن[١٥].

پاش ئەم دێڕانەی سەرەوە دەچینە سەر بەدواداچوونی رای مامۆستا سەجاددی، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرەتا دەقی نووسینەکەی ناوبراو لە خوارەوە بنووسینەوە:



خوالێخۆشبوو (عەلائەددینی سەجادی)

---

[١٣]- (د.صدیقی بۆرەکەیی) - مێژووی وێژەی کوردی- -بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٢٤).

[١٤]- ( محەممەد رەسووڵ هاوار)- کورد و باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووە وە هەتا شەڕی دووەمی جیهان- لاپەڕە (٧٣).

[١٥]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

(ئەیوب رۆستەم)- هەورامان- بەرگی دووەم- لە بلاّوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان.

دەقی نووسینەکەی مامۆستا سەجادی بەم شێوەیە:

کورد لەبەرەبەیانی مێژووەوە لەباری ئەدەبیاتدا تێکەڵاوبووە یا لەگەڵ رۆم و فارسدا یا لەم ئاخرەدا لەگەڵ تورکدا، هەرچی دەستەی خوێندەواربووە یا سەربەخۆ ئاشنابوون بەبارەگای پادشاکانی تورك و عەجەم، یانزیکبوون بەکۆشکی ئەو خانەدانە کوردانە کە ئەوان هاتوچۆی بارەگاکانیان کردوون، بەیاسای تەبیعەت بڕەو لەو زمانەدا دەبێت کە پادشا قسەیپێدەکات و پێیکردووە، ئەو زمانە بەئەدەب پیشاندەدرێت کە پادشا قسەیپێکردووە و پێیدەکات، بە درێژایی زەمان ئەم زمانانە لەسەر کورد سووڕاونەتەوە، بەجۆرێك شعووری داپۆشیون تەنانەت ئەوەیان بەدڵدانەهاتووە کە زمانی خۆشیان دەگونجێت ببێت بەزمانێکی ئەدەبی، لەم بوارەدا شیعری فارسی و تورکی لە دیوەخانی ئەو کۆشکانەوە بلاوبۆتەوە، هەروەها شیعر و ئەدەبی عەرەبیش بەهۆی ئیسلامەتییەوە لەمزگەوتەکانەوە تەنیوەتەوە، دیارە شیعر و ئەدەب لە هەر زەمانێکدا کە تۆ بیگریت دەبێت ئەو کەسە لێیتێبگات ئەو وەختە دەمیبۆبەرێت، نەوەك تەنیا تێگەیشتن بەڵکو هەموو سووچێکی دەبێت بزانێت، لێرەدا رەمەکی مەردم یەعنی نەخوێندەوارەکان نەیانتوانیوە و لەکون و قوژبنی زمانێکی وەکو فارسی یا تورکی یا عەرەبی بگەن، هیچ دەمیانبۆنەبردووە وەبڕای ئەوەشیان بەدڵدا نەهاتووەکە بەو زمانەی خۆیان قسەیپێدەکەن دەتوانن شیعر و ئەدەب بڵێن، وەئەگەر بەدڵیشیاندا هاتبێت وتبێتیان وەکو هاتووە وتوویانە، بەرەی خوێندەوارەکان کە ئەوان ئەدەبیان بە زمانی بێگانە زانیوە چونکە زانیویانە گاڵتەیانپێکردوون و پێیانوتوون (شایەر یان دەلون)، بەم بۆنەوە ئەدەبی خاوێنی ئەسڵی زمانەکە پاشکەوتووە، مەبەست بەم قسەیەمان لە بەینی (ئەردەڵان ، شارەزوور، موکریان)دایە، واتە کوردی ئەم شوێنانە بێجگە لە هەورامان شیفتەی ئەو زمانانە بوون، مایەوە سەر هەورامان.

هەورامان شوێنێکی شاخ و داخ و وشکە، نە(فارس) خۆیبۆکوتاوە نە (رۆم)،نە (عەجەم) بە تەنگییەوە بووە نە (تورك)، بەم بۆنەوە پیاوەکانی ئەوێ ئاشنای بارەگای پادشاکان نەبوون بەجۆرێکی وەها کە زمانی ئەوان سوار زمانەکەیان بێت، هەر کەدەروونیان هاتبێتە جۆش بە زمانەکەی خۆیان دەریانبڕیوە، لەمەوە رەمەکی مەردمەکەش فێربوون کە هەر لەدەورێکی زۆر کۆنەوە شیعر و ئەدەبیان بەزمانەکەی خۆیان وتووە،

که عەرەبیش لە مزگەوتەکانەوە سەریهەڵدا ئەدەبی زمانەکەی خۆیان بە میراتی هەر بۆ مابۆوە، ئیتر خوێندەواری مزگەوتەکان بیزیانلێنەدەهاتەوە، چونکە کابرا لە پێش ئەوەدا بچێتە مزگەوت، گوێی لە باوك یا لە مامە نەخوێندەوارەکەی بووە کە بە زمانەکەی خۆی هەڵبەستی بەسەردا هەڵداوە، ئەمە بێجە لەوە کە دایکی لە بێشکەدا هەر بەو شێوەیە لایە لایەی بۆ دەکرد، ئەم لە مالا کە دەچووە دەریشەوە ، لە سەر هەڵپەڕکێ، لە رێی کانی، لەبەر بەرۆچکەدا هیچی تری گوێلێنەدەبووتەنیا هۆنراوەی زمانەکەی خۆی نەبێت، ئەمانە هەموو کردیانە کارێك کاتێ کە دەستی دا بە خوێندنی فارسی یات عەرەبی یا زمانێکی تریشەوە، ئەدەبی زمانەکەی خۆی هەر بزانێت.

ئەمە ئەمان تێکرا بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە ئاشنابوون بە ئەدەبی زمانەکەی خۆیان و فێربوون، ئینجا بەرەی خوێندەوارەکانیان بەدەم خوێندنەوە پەرتەوازەدەبوون بۆ ولاتەوکانی (ئەردەلان، شارەزوور، موکری) لەوێ شیعر و ئەدەبی شێوەی قسەکردنی خۆیان دەخوێندەوە بۆ مەردمی ئەو ولاتانە، مەردمەکەی ئەوێش تەماشایاندەکرد ئەم ئەدەب و شیعرە جۆرە شێوەیەکە لە شێوەکەی خۆیان ناچێت، لەبەر ئەوە شعووری ئەدەبی بێگانە پەرستی بە جارێ کشابوو بەسەر هۆشیاندا ئەو شێوەیان هەر بە بێگانە دەزانی چونکە لە هینەکەی ئەوان نەدەچوو، ئەمان وەریاندەگرت و لە دیوەخان و مزگەوتەکانیاندا بلاوەدەبووەوە، ئەوانیش ئەگەر بیانویستایە شتێك بڵێن، دەهاتن پەیڕەوی ئەو شێوەیان دەکرد و بەو شێوەیە ئەدەبی شیعریان دادەنا، وەکو وترا لەو باوەڕەدا نەبووەن یا هەر ئەوەیان بەدڵدا نەدەهات کە بە شێوەکەی خۆیان شیعروتن دەگونجێت[16].(تا ئێرە دەقی نووسینەکەی مامۆستا سەجاددی)یە.

بۆ ئەوەی قسەیەك لەسەر ئەم نووسینەی (مامۆستا سەجاددی) بکەین، پێویستە کەمێك بەچاوی رەخنە و وردبینیەوە لێیڕامێنین و بزانین تا چ ئاستێك مەبەستیپێکاوە، لەم بوارەدا چەند پەیڤێکی نووسینەکەی ئەو بەرێزە دەخەینە بەر قسە و باس بەم شێوەیە:

[16]- (عەلائوددینی سەجادی) - مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی یەکەم- لاپەڕە (١٦٤، ١٦٥، ١٦٦).

یەکەم: مامۆستا سەجادی وتوویەتی: (هەورامان شوێنێکی شاخ و داخ و وشکە، نەفارس خۆیبۆکوتاوە نە رۆم، نەعەجەم بە تەنگییەوەبوون نە تورك).

ئێمەش دەڵێین: راستە هەورامان شوێنێکی شاخ و داخە، بەڵام شوێنێکی وشك نییە، چونکە وەرزی بەفروبارانی زۆر درێژە و بەشێوەیەکی گشتیش لەچوارچێوەی ئەو ناوچانەدایە کە بارانیان مسۆگەرە و پێیاندەوترێت (مچمونە الّمگار)، ئەو جۆرە ناوچانەش لەڕووی زانستییەوە هەرگیز بەناوچەی وشك لەقەڵەمنادرێن، هەروەها چەندین (رووباری بچووك، چەم، جۆگە، کانیاو، ئەستێڵ، کارێز، بەهاراو) لەهەردوو دیوی هەوراماندا هەن، بۆ نموونە نەك سەرژمێر ناوی ژمارەیەکیان دەهێنین لەوانە: (رووباری سیروان، رووباری گاوەرۆ، چەمی زرێبار، چەمی گردەڵان، چەمی گاڕان، چەمی تەنگیسەر، چەمی تەنگیوەر، چەمی پاوە، چەمی نەوسوود، چەمی تەوێڵە، چەمی بیارە، چەمی زەڵم)، ئەمانەو هەزاران کانیاوی سارد کە سەرچاوەیان بارانی زۆری هەورامان و بەفری کوێستانەکانیەتی، ئەو (ڕووبار، چەم، کانیاو، کارێز)انە هەزاران دۆنم لەباخەکانی هەورامان ئاودەدەن و جوانترین ساباتیان دروستکردووە، ئایا دەکرێت بەشوێنێکی لەم چەشنە بوترێت وشك؟ بێگومان بەدڵنیاییەوە دەڵێین نەخێر.

سەبارەت بەوەش گوایا نە فارس نەڕۆم، نەعەجەم نە تورك، خۆیان بۆ هەورامان نەکوتاوە، ئەوەی لەسەرچاوە مێژووییەکاندا سەلمێنراوە بەجۆرێکیتر، زۆربەی ئەو سەرچاوانە قسە لەسەر ئەوە دەکەن داگیرکارانی کوردستان و ملهوڕانی سەردەمە جیاجیاکان چەندین جار شالاوی دڕندانەیان بردووەتە سەر ناوچەکە، بەڵام لە لایەکەوە خۆڕاگری خەڵکە قارەمانەکەی و پابەندبوونیان بە خۆشەویستی خاکیانەوە، لەلایەکی تریشەوە سروشتە یاخییەکەی هەورامان، وایانکردووە هەمیشە قەڵایەکی پۆڵایینبێت لە ڕوویاندا و هەورامییەکان سەربەرزانە بژین، ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکن لە لەشکرکێشییەکانی داگیرکاران بۆسەر هەورامان لەسەردەمە جیاجیاکاندا:

١- تەگەلات پلاسەری پادشای ئاشووری، پاش گرتنی ئەرمەنستان بەرەو دەریاچەی وان لەشکرکێشی کردووە، پاشان (ئەداد نیراری) و (ئاشوور ناسرپاڵ)ی کوڕی بەمەبەستی پەلاماردان و دەست بەسەراگرتنی ناوچەکانی ژێر دەستی نەتەوە زاگرۆسییەکان لەشکرکێشییان کردووە، بەڵام سەرکەوتنێکی وەهایان بەدەستنەهێناوە و تەنها

توانیویانـە دەسـت بەسـەر هەنـدێك لـە شـوێنە شـاخاوییەكانی هەورامانـدا بگـرن، پـاش لەشكركێشییەكەی (ئەسكەندەری مەكدۆنی)یش لەسەرەتای سەدەی دووەمی پێش زایـین هەورامان كەوتووەتە ژێردەسەڵاتی حكومەتی (ئەرمەنستان ئارتاكسایس)[١٧].

٢-لەشكركێشییە گەورەكەی (مەئموون بەگی ئەردەڵانی) كە بەفیتی داگیركاران پەلاماری مەڵبەندی حـوكمڕانیی (مـیر سـەعید جیاشـا)ی حـوكمڕانیی هـەورامانی داوە، پـاش سـێ ساڵ گەمارۆدانی بەردەوام شكستیهێناوە[١٨].

٣-لەشكركێـشییەكەی (مـیر تـەیمووری گورگـانی = تـەیمووری لـەنگ) لەسـەردەمی حوكمڕانیی (سلێمان بەگی كوڕی میر سەعید جیاشا)، ناوبراو ساڵی (١٣٩٦ز) حـوكمڕانیی هەورامانی گرتۆتە دەست، لەئەنجامی رێككەوتنێك لـەنێوان هـەردوولا (میرتـەیموور) لـە هەورامانەوە هاتووەتە شارەزوور.

٤-هێرشە گەورەكەی (خـان ئەحمـەد خـان) كەبـەفیتی عوسمانییـەكان كردوویەتیـە سـەر مەڵبەندی حوكمڕانیی هـەورامان و گـەمارۆی (قـەڵای هـەورامان)ی داوە، پاشـان شمـشێر خستنە گەردەملی حوكمڕانەكانی هەورامان و كۆكوژیەكەی هـەموو نـەوەكانی (بەهمـەن = باپیرە گەورەی حوكمڕانەكانی هەورامان)[١٩].

٥-هێرشی قاجارییەكان بۆسەر هـەردوو هـەورامانی (تـەخت و لهۆن)، كوشـتنی (هەسـەن سـان) لەگونـدی (بێڵـەك)، كوشـتنی (حەمەسـەعید سـان و ئـەوڕەحمان بـەگی كـوری) لەقەڵای جوانڕۆ[٢٠].

٦-پەلامارە یەك لەدوای یەكەكانی دەوڵـەتی عوسمـانی بۆسـەر هـەورامان، دوا پـەلاماریان ساڵی (١٩١٤ز) كە هەردوو شارەدێی (نەوسوود، نۆدشە)ی تێدا سووتێنراون.

٧-لەشكركێـشییە بەردەوامـەكانی دەوڵەتـەكانی (صـەفەوی، ئەفـشار، قاجـاری) بۆسـەر دەوڵەتی عوسمانی و بەپێچەوانەوە كـە تێیانـدا هـەورامان بـووە بـە گۆڕەپـانی جـەنگ و ململانـێ و خەڵكەكـەی زەرەرمەنـد بـوون، زینـدوترین نموونـەی ئـەو جـەنگ و لەشكركێشیانە لەداستانە شیعرییەكەی (مـیرزا ئۆلقـادری پـاوەیی) كـە لـەژێر ناونیـشانی

---

[١٧]- (د.محەممەد عەلی سوڵتانی)- أیلات و طوایف كرمانشاهان- بەرگی یەكەم- لاپەڕە (٢٥).

[١٨]- (ئەیوب رۆستەم) — هەورامان- بەرگی یەكەم- لاپەڕە (٢١- ٢٢).

[١٩]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٦- ٣٧).

[٢٠]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٦٢، ٧٨).

(جەنگنامەی کولله و ئاینەمەل)دا هۆنراوەتەوە دەکەوێتە ڕوو، ئەمەش چەند دێڕێکە لەو جەنگانمەیە:

پارچەی قەرەداخ تاوە شارەزوور
چەنی سلێمانی گرد کەردەن خاپوور
وێران کەرد لهۆن مڵك هەورامان
نەتەرسا جە زۆر سەڵتەنەی سانان
سەنگەر وەست وەپای سەختاخانی سەخت
وێرانکەرد مەحاڵ هەورامانی تەخت
مەزرعەی مەحاڵ کاشتەر جەبیخ کەند
تەپڵ هەی تالان جە ژاوەرۆ ژەند[٢١]

٨-هێرشەکانی لەشکری رووسیای تزاری سالی (١٣٣٥ك=١٩١٦ز)بۆ سەرناوچەکە و شکستەکانی لە بەردەم جەنگاوەرانی هەورامی و ژمارەیەك لە خێڵە کوردەکان لە (ئارنان، ئاویدەر، وەنسێ و ئەوێهەنگ)دا، شاعرێکی خەڵکی بێساران بەناوی (مەلاشەریفی بێسارانی) بە پارچە شعرێك باسی ئەو لەشکرکێشی و جەنگانەی کردووە، ئەمانەی خوارەوە چەند دێڕێکن لەو شیعرە:

بە تەوفیق ژات خالق العباد
داستانێ جە نۆ باوەرین وەیاد
لەشکر کێشی رووس پێ خاك هۆرامان
ولایەت سۆچیا گردش بی وێران
مەردم پەرێشان تەمامی دڵ رەنج
سەنە جە هەزار سێ صەد و سی و پەنج
بەیان بکەرین پەی برادەران
تاکە حالی بان ئەو وەخت و زەمان
کاتێ عەشایر خەبەریان زانی

[٢١]- (محەممەد ئەمین هەورامانی)- دیوانی میزا ئۆلقادری پاوەیی- لاپەڕە (١١٩)- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٤ بەغداد.

تایفەی هەورامی هەم مەریوانی

چی حاڵ و ئەحواڵ دەروون بیەن مات

(مەحموود خان دزڵی) روو بە کافران هات

هجومیان هاوەرد، بە تەعجیل و تاو

ئێلی عەشایر بەگزادەی رەزاو

٩-شالأوەکانی لەشکری (رەزاشا) بۆ سەر هەورامانی تەخت بە مەبەستی ملکەچپێکردنی خەڵکەکەی، لەیەکێك لەو شالأوانەدا گوندەکانی (زەلك، وەیسە، دەرەناخێ) سووتێنراون، هەروەها هەوڵەکانی ئەو لەشکرە بۆ چەکداماڵینی (مەحموود خانی دزڵی) و جەنگاوەرەکانی کە نەبەردییەکەی (دەربەندی کەڵەوێ) و پاشانیش جەنگی (دەربەندی دزڵی)یان لێکەوتووەتەوە.

١-هێرشە دڕندانەکەی لەشکری (رەزاشا) زستانی ساڵی (١٩٣١ز) بۆ سەر قەڵەمڕەوی حوکمڕانیی (جافرسان) لە هەورامانی لهۆن، ئەو هێرشە ئەوەندە دڕندانە و نامەردانە بووە کوشتن و گرتنی سەدان کەس و کاولکارییەکی زۆری لێکەوتووەتەوە، بە جۆرێك لە ناو خەڵکی هەوراماندا ناوی (زمسانی سیاو=زستانی رەش)ی لێنراوە، یەکێك لە شاعیرەکانی ئەو سەردەمە بە ناوی (مەلا مەحموودی دووریسانی) لە پارچە شعرێکیدا بەم شێوەیە باسی ئەو هێرش و پەلامارەی کردووە:

تاریخ هجرەت (شای خیر الانام[٢٢])

هەزار و سێصەد پەنجا بێ تەمام

ساحیب مەنسەبان کۆمیسیۆن کەردەن

سێصەد کەس عالی وەدیوان بەردەن

پەوچی پەی دەستوور پادشای ئێران

بەسەرحەدی قەسر هەتا مەریوان

جوانڕۆ پاوە هەردوو هەورامان

ئەترافی مادەشت تا خاکی گۆران

چن وەکێڵ چن میر چنهای چن سوڵتان

---

[٢٢]- (شای خیر الانام) مەبەستی پێغەمبەری گەورەی موسڵمانانە.

چن کەیخودای خاس بێ گونا و تاوان

چن جە عالمان بەحری شەریعەت

چن مەشایخی ساحیب تەریقەت

چن میرزایان ساحیب تەقریرات

جەڕووی ئەقڵ و فام گۆیای تەحریرات

جە تەختی شاوە دەستووریٚ دریان

تەمامی یەك ڕۆ باڵ بەستە کریان

دووەم: سەبارەت بەوە وتوویەتی خەڵکی هەورامان ئاشنای بارەگای پادشاکان نەبوون بەجۆرێك زمانی ئەوان سوار زمانەکەیان بێت.

ئێمە دەڵێین: ئەگەر مەبەست لە ئاشنایەتیەکە نۆکەرایەتیکردنبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە خەڵکی ناوچەکە زۆربەی زۆری کاتەکان سەربەرزانە ژیاون و ملیان بۆ داگیرکاران کەچنەکردووە[٢٣]، ئەم دوو دێڕە شیعرە کە سەدان ساڵە وێردی سەر زمانی خەڵکی هەورامانە گەواهی ئەم راستییەیە

نە بەگە ماموونە نە تێمووری لەنگ

هیچ کەس هۆرامان نەگرتەن بە جەنگ

بیجگە خان ئەحمەد بەگلەری خانان

ئادیچ بە دهۆ گرتەن هۆرامان

بەڵام ئەگەر مەبەست گێلی و نەزانی و خەڵکەکەی بێت ، ئەوە بە دڵنییایەوە پێچەوانەکەی راستە.

سێیەم: سەبارەت بەوەش کە وتوویەتی بەرەی خوێندەوارانی هەورامی بەدەم خوێندنەوە روویاندەکردە (ئەردەڵان، شارەزوور، موکریان)، کە شیعری خۆیان دەخوێندەوە بۆ مەردومی ئەو وڵاتانە تەماشایاندەکرد لەشێوەی قسەکردنی خۆیان ناچێت، لەبەر ئەوەی شعوری ئەدەبی بێگانە پەرستی کشابوو بەسەر هۆشیاندا.

---

[٢٣]- (باسیل نیکیتین) - الاکراد- لاپەڕە (١٥٠).

نازارێت مامۆستا سەجادی بۆچی شیعری هەورامی خستووەتە ناو ئەدەبی بێگانە پەرستییەوە، لەکاتێکدا زۆربەی (زمانناسان، مێژوونووسان، خۆرهەڵاتناسان، لێکۆڵەرەوان) شێوەزمانی هەورامی بەدێرینترین شێوەزمانی کوردی دەزانن، هەر لەم بوارەدا دەڵێین: باشە هەورامانێك خاوەنی چەندین خوێندنگەی دینی گەورە بووبێت، مزگەوت و خانەقاکانی هەمیە شوێنی پێگەیاندنی (فەقێ، مەلا)کان بووبن، زۆربەی عاریف و شاعیرەکانی کورد موریدی شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان بووبن، چۆن ئەقڵ دەیگرێت خوێندەوارەکانی بەو شێوەیەی مامۆستا باسیکردووە پەرشبووبنەوە بەناو (ئەردەڵان، موکری، شارەزوور)دا، خۆ ئەگەر ژمارەیەکیشیان پێداویستی بژێوی و گۆڕانکارییەکانی رۆژگار وایلێکردبن، ئەوە بەدڵنیاییەوە کەمینە هەرە کەمەکەی هەورامییەکان بووە، چونکە چەندین بەڵگە هەن (مەلا، زانا، عارف)ە هەورامییەکان زیاتر پێیانخۆشبووە لەزێدی خۆیاندا ژیان بگوزەرێنن، لەم بوارەدا (مەلا حەسەنی دزڵی) یەکێکە لەوانەی کە لە مامۆستایی زانکۆی ئەزهەر وازیهێناوە و گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان، پێیخۆشبووە مەلای گوندێکی بچکۆلەی وەك (ئیلانیێ) بێت.

ئەم چەند دێڕە شیعرەشی نموونەی زیندوون لەم بوارەدا:

سوێندم خواردووە بە رۆحی باوام
بەگۆڕی نەنکم بە رۆڵەی ساوام
تا بۆ و بەرامەی (شەوبۆ و وەرکەمەر[٢٤])
تا (سوور هەراڵە[٢٥]) سەرتێرێتەدەر
تا دەنگی ژەرەژ پیقەی نەچیرێ
تا قسەی خۆشی پیرێکی ژیرێ
تا بەڕوو مابێ لەهەوراماندا
تا شەماڵ بدا بە کۆسالاندا
تا بەڕەزایەك با بیشەکێنێ
هەتا رێواسێ چووزە دەربێنی

[٢٤]- (شەوبۆ و وەرکەمەر) دوو گیای زۆر بۆنخۆشن و لە کوێستانەکانی هەوراماندا زۆرن.

[٢٥]- (سوورە هەراڵە) ئەمیش بەهەمان شێوە گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانەکانی هەورامانە.

فەرەنجی شڕێ چۆغەدڕاوێ
کلاشە چەکێ پشتێن بزاوێ
شەرتە هەورامان بەجێنەهێڵم
مەگەر ئەو ساتە کە بەجێیدێڵم

بەلەبرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی باسمانکردن پێمانوایە (مامۆستا عەلائوددینی سەجادی) لەبەشی زۆری بۆچوونەکەیدا بەهەڵەدا چووە، راستی مەسەلەی باڵادەستبوونی شێوەزمانی هەورامی بەسەر شێوەزمانەکانی تری کوردیدا بۆماوەیەکی دووردرێژ بەتایبەت لەبواری شیعر و وێژەوانی، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە بەڕای ئێمە ئەمانەی خوارەوە گرنگەکانیانن:

١-شێوەزمانی هەورامی لەڕووی دینییەوە جۆرە پیرۆزییەکی بووە بەوەی رەگەکانی لەناو زمانی ئاوێستا و گاتاکانی زەردەشتدا هەڵقوڵاون، هەر لەم بوارەدا گۆرانییە هەورامییەکانیش وێردی سەرزمانی رۆحانییە گەورەکانی دینی زەردەشتی بوون و لەسەر ئاوازەکانیان گاتاکانیان چڕیوە، هەر بۆ نموونە (سیاچەمانە) کە سروودی میللی و دینی خەڵکی هەورامان بووە و لە گەڵ تێپەڕبوونی رۆژگاردا بەرگە دینییەکەی لێداماڵراوە و تەنها ئاوازەکانی لە ناو خەڵکدا ماونەتەوە، ناوەکەی لە (سیاجامگان=سیاجامانە)وە هاتووە کە بەو پیاوە دینییانە وتراوە لە کاتی جێبەجێکردنی سرووتە دینییەکانی هەلگرانی دینی زەرەدەشتیدا بە جلی رەشەوە بە دەوری ئاگری پیرۆزدا سووڕاونەتەوە و سرووده دینییەکانیان بە دەنگێکی خۆش و بینێکی درێژەوە خوێندووە.

٢-پاش سەرهەڵدانی (رێوڕەچەی یارسان= کاکەیی)، شێوەزمانی هەورامی کەوتۆتە قۆناغێکی نوێ لەبووژانەوە و بڵاوبوونەوە، چونکە هەموو سروود و پەخشانە دینییەکانی یارسان بەم شێوەزمانە هۆنراونەتەوە، عاریف و شاعیرە یارسانەکان هەموو سروودەکانیان بەهەورامی هۆنیوەتەوە و شیعرەکانیشیان بەهەورامی رێکخستوون، هەرکەسێکی یارسان لەهەر شوێنێکدا ژیابێت لەناو چوارچێوەی سرووتە دینییەکانیاندا فێری شێوەزمانی هەورامی بووە.

٣-ژمارەیەكی ئێجگار زۆر لە شاعیر و عاریفە گەورەكانی كورد، خەلیفە و موریدی شێخەكانی نەقشبەندی هەورامان بوون، لەبەر ئەوەی ئەو شێخانەش بە هەورامی دواون، ئەوانیش بەزمانی پیرەكانیان شیعریان هۆنیوەتەوە و سۆزی خۆیان و پەیوەندی رۆحیان لەدووتوێی شیعرەكانیاندا خستووەتەڕوو، هەربۆ نموونە هەریەك لە (حەزرەتی مەولەوی، كاك ئەحمەدی پریسی، مەلا حەسەنی جوانڕۆیی، مەلا عوسمانی باڵخی، مەلا محەممەدی مەحوی، سالمی سنە، شێخ عەبدولڵای داخی، مەلا ساڵحی حەریق، شێخ ئەمینی خاڵ، مەلا مەحموودی بێخود، شێخ محەممەدی خاڵ، بابا رەسووڵی بێدەنی، شێخ مارفی نێرگسەجاڕ ... دەیانی تریش) هەورامی نەبوون، بەڵام زۆربەی شیعرەكانیان هەورامین، یاخود بە شێوەزمانی هەورامی شیعریان هۆنیوەتەوە.
٤-شێوەزمانی هەورامی شێوەزمانێكی (تەڕدەست، شیرین، پاراو)ە بۆ هۆنینەوەی شیعری كوردی، بەتایبەت ئەو شیعرانەی كەلەسەر كێشی خۆماڵی دەهۆنرێنەوە.

# راڤەکردنێك بۆ شیعرەکانی سروودی ( ئەی رەقیب )

# راڤەکردنێك بۆ شیعرەکانی سروودی ( ئەی رەقیب )

## سەرەتـایەکی پێویست:

بۆ قسەکردن لەمبارەوە، لەوەوە دەستپێدەکەین بڵێین داخەکەم ئێمەی کورد زۆر لە پێشینە و تایبەتمەندییە مێژویی و کولتوورییەکانی خۆمان بێئاگاو بێباکین، زۆربەمان پێمانوایە ئێمە خاوەنی شتێك نین شیاوی باسکردن و شانازی پێوەکردن بێت، دیارە ئەمەش کاریگەری زۆری ئەو بارە سیاسیی و کۆمەلآیەتییانەی بەسەروەیە کە لە سەردەمە جیاجیاکاندا کوردیان تێدا ژیاوە، دابەشبوونی کوردستان و ویستی داگیرکارانیش خراپترین رۆڵیان هەبووە بۆ ئەوەی هەمیشە خۆمان لە هەموو جوانییەکان دابماڵین، بە شێوەیەك زۆربەمان تەنانەت رەچەڵەکی خۆمان بۆ نەتەوە داگیرکارەکان بگەڕێننەوە و شانازیشی پێوەبکەن، کاتێك دەمانەوێ شتێك سەبارەت بە نەتەوەکەمان لە رووی (زمان، خاك، پێشینەی مێژوویی و کولتووری)یەوە بزانین، هەمیشە پەنا بۆ ئەو کتێب و نووسین و سەرچاوانە دەبەین کە خەڵکانی بیانی نووسیویانن و پێمانوایە نووسینەکانی خۆمان کەڵکیان نییە و ناکرێت سوودیان لێوەربگرین، سەبارەت بە هەندێك لەو نووسینانە (د. عەزیز شەمزینی) نووسیویەتی: (هەرچی نووسینی دەوڵەتە داگیرکارەکانە مۆرکی کۆنەپەرستی و شۆفینیزمیان پێوەدیارە، ئەو نووسینانە لەرووی زانستەوە هیچ نرخێکیان نییە، چونکە ئەرکی سەرەکیان چەواشەکردنی خوێنەران و بلآوکردنەوەی ژاوەژاوێکی پڕوپاگەندەیی خەستە دژی گەلی کورد. دیارە ئەو نووسینانە بە کەڵکی ئەوە نایەن بکرێن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و بەشێکیان بە ئاشکرا نکولی لە بوونی گەلی کورد و زمان و فەرهەنگ و مێژووەکەی دەکەن و لەم بارەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە زانستەوە نییە[1]). ئەمە داواکردنێك نییە بۆ ئەوەی خۆمان لە ئەو بەرهەمە راست و چاکانە بێبەریبکەین کە ئەو هەموو: (نووسەر، مێژوونووس، جوگرافیناس، ئەدیب، هونەرمەند و نیگارکێش،

---

[1] - (د.عەزیز شەمزینی)- جووڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان- وەرگێڕانی (فەرید ئەسەسەرد)- لاپەڕە (٥)- لە بلآوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان.

لێکۆڵەر و توێژەر، گەشتیار و گەڕیدە، کونسول و دیپلۆماتکار، سیاسەتمەدار و سەرۆك لەشکر و ئەفسەری سیاسی، کەشیش و موژدەگار....هتد)، سەبارەت بە کورد و کوردستان نووسیویانن، بەلاّم شانبەشانی ئەوانیش پێویستە بزانیین کە خۆمان وەکو کورد خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە (تێکست و دەستنووس و کەشکۆڵ و بەڵگە و قەواڵە)ین کە پێویستە لێیان شارەزابین، خوێندنەوەی جیدییان بۆ بکەین، بۆ زیاتر ناسینی خۆمان و خۆناساندنمان بە دەرەوەی خۆمان سوودیان لێوەربگرین.

بۆ دەرخستنی ئەو راستییانەی کە کۆمەڵێك لە نووسینە دەرەکییەکان هەڵەی زۆریان دەربارەی ئێمەی کورد تێدایە، چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو:

١- مەسعوودی کاتێك کە باسی رەچەڵەکی کوردی کردووە، بە شێوەیەك هاتووەتەگۆ کە باوەڕناکەم خۆیشی لە ناخەوە بڕوای بە دەربڕینەکانی بووبێت، لەمبارەوە چوار دەربڕینی خستووتەڕوو، لە یەکەمیاندا نووسیویەتی کورد لە رەچەڵەکی (دێو)ن، گوایا هەندێك لە کەنزیەکەکان لە دەرباری (حەزرەتی سولەیمان) لە گەڵ دێوەکان داوێنپیسییانکردووە و منداڵیان لێکەوتووەتەوە، ئەو منداڵانە لە شاخ و کێوان بە نهێنی پەنادراون و گەورەبوون و رەچەڵەکی کورد دەچێتەوەسەریان[٢]. باشە کام مرۆڤی ژیر و هۆشیار باوەڕ بەم دەربڕینە دەکات، کە رەچەڵەکی نەتەوەیەك ببەسترێت بە (دێو)وەکانەوە، خۆ ئاشکرایە بوونی دێو تەنها ئەفسانەیە و کەسێك نییە لەم جیهانەدا لە رووی زانستییەوە بتوانێت بیسەلمێنێت.

لە بۆچوونی دووەمیدا نووسیویەتی (کورد) بە رەچەڵەك دەچنەوەسەر ئەو منداڵانەی بەجێماوی خۆراکی مارەکانی سەرشانی (زوحاك) بوون، بۆ ئەمەش رازێکی خستووەتەڕوو، گوایا ئەو جەلادەی راسپێردراوە رۆژانە دوومنداڵ سەربڕێت، بۆ ئەوەی مۆخیان دەرخواردی مارەکانی سەرشانی (زوحاك) بدرێت، لە لایەکەوە بەزەیی بە منداڵەکاندا هاتووەتەوە و لە لایەکی تریشەوە ترسی ئەوەی هەبووە رەچەڵەکی خەڵکەکە ببڕێتەوە، بۆیە هەر رۆژەی یەکێکیانی پەناداوە و مۆخی بەرخێکی تێکەڵ بە

[٢]- (ابو الحسن علی بن حسین المسعودی)- مروج الذهب ومعادن الجوهر- جلد (١)- ص (٣٠٧- ٣٠٨).

مۆخی مندالە سەربڕاوەکە کردووە، مندالە پەنادراوەکانیش لەچۆلایی و کێوەکاندا گەورەبوون و تێکەلاوی سێکسیان کردووە، ئیتر وەچەیەیان لێکەوتووەتەوە، گوایا ئەوانە دەبن بە پێشینە هەرە دێرینەکانی کورد.

دیارە ئەم بۆچوونەی (مەسعوودی) لەوەی پێشووی گەوجانەترە، چونکە رازی مارەکانی سەرشانی زوحاك خۆی لە خۆیدا ئەفسانەیە، ئەگەر بابەتەکەش بەوشێوەیە بووبێت کە دەوترێت دوو دەمارە گەورەکەی سەرشانی رەقبوون و هاتوونەتەژان و تەنها بە تێسواندنی مۆخی مندالْ ئاسوودە بووە، ئەمەشیان هەر قسەیەو هیچ بەلگەیەکی مێژوویی و ئارکۆلۆژی بۆ سەلماندنی نییە.

ناوبراو لە دەربڕینی سێیەمدا کردووینی بە (عەرەب) و نووسیویەتی، رەچەلەکی (کورد) بۆ سەر (صەعصەعەی کوڕی نزار کوڕی مەعد) دەگەڕێتەوە و دەچنەوەسەر غەسانییەکان، لە بۆچوونی چوارەمیشدا کردووینی بە (فارس) و نووسیویەتی دەچنەوەسەر (ئەسفەندیار و مەنوچەهر)[٣].

باشە ئەم پیاوە بۆچی ئەوەندە بێباکبووە لە درۆکردن بەرامبەر بە نەتەوەیەك کە زۆرێك لە بەلگە مێژووییەکان بە یەکێك لە نەتەوە هەرە رەسەنەکانی خۆرهەلات لە قەلەمیانداوە؟، چونکە درۆ هەرە زلەکەی لەوەدایە بەسەر بەرگی کێتێبەکەیەوە نووسیویەتی: (کلکم من ادم و ادم من التراب)، کەچی رەچەلەکی ئێمەی بەمشێوەیە باسکردوە.

٢- (فلادیمێر مینۆرسکی) کە خۆرهەلاتێکی ناسراو و سالانێك راوێژکاری یەکەمی بالیۆزخانەی (رووسیای تزاری) بووە لە (تاران)، چەندین نووسین و لێکۆلینەوەی نایابی سەبارەت بە کورد هەن، بەلام لە باسکردنی هەندێك تایبەتمەندی ئێمەدا کەوتووەتە هەلەی گەورەوە، هەر بۆ نموونە لە کتێبی (کورد)دا نووسیویەتی: عەلی ئیلاهییەکان ئەدەبێکی نووسراویان بە شێوەزمانی گۆرانی هەیە، لە دواگەشتمدا سالی (١٩١٤ز)بۆ باکووری خۆرئاوای ئێران سەرمدا لە (پەردیوەر) کە قیبلەی پیرۆزیانە و هەروەها چووم

[٣]- (عەلائەدینی سەجادی)- مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی دووەم- لاپەڕە (١٧)- چاپخانەی مەعاریف- بەغداد- (١٩٧١ز).

بۆ  گوندی (سەرانە) بۆ سەر مەزاری (باوەیادگار[٤])، لەوێ لە لایەن سەرپەرشتیارانی مەزارەکەوە، مۆمێکی سەر گۆڕەکەی و پیاڵەیەك ئاوی (کانی گەسلاَن[٥])یان پێشکەشکردم، بەختەوەربووم کە بۆ یەکەمجار دەستنووسەکانیانم دەستکەوت یەکێکیان چاپکرا کە کتێبی (سەرەنجام)ە[٦]، بەلاَم ئەوەی شایانی نووسینە، ئەو کتێبەی ناوبراو بە ناوی (سەرەنجام) بە زمانی رووسی بلاَویکردوەتەوە، تەنها یەك دێڕ لە نووسینەکانی کتێبی (سەرەنجام)ی تێدا نییە، بەڵکو چەند بەرهەمێکی شاعیران و عاریفانی یارسانە کە لە نێوان سەدەکانی (١١- ١٣ ك) نووسراون، وەك شیعرەکانی هەریەك لە (سەید براکە [٧]، زولفەقارِی گۆران، دەروێش نەورۆزی سۆرانی، شاتەیمووری بانیارانی....هتد)، دیارە بلاَوکردنەوەیان بە ناوی (سەرەنجام) تێکدانی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی ئێمەیە،

---

[٤] - (باوە یادگار)- لە سەر رۆشنایی تێکستە پیرۆزەکانی یارسان، ناوبراو ساڵی (٧٦١ ك) لە دایکبووە، یەکێکە لە بازنەی (هەفتەن)، لە ژێردەستی خودی (سان سەهاکی بەرزنجی) خوێندویەتی، هەر بە فەرمانی ئەویش چووە بۆ  (هیندستان و پاکستان)، پاش گەڕانەوەی بۆ (شێخان) چووە بۆ گوندی (سەرانە) کە ئێستا بە (باوە یادگار) بەناوبانگە و هەر لەوێش کوژراوە.

بڕوانە- ئەیوب رۆستەم- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەڕە (١٣٤)- لە بلاَوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت.

[٥] - (کانی گەسلاَن= غەسلاَن)- ئەم کانییە (باوە یادگار) لە گوندی (تەشار) هەڵیکەندوە، ئاوەکەی ئاوی کەوسەری شوێنکەوتوانی (رێوڕەچەی یارسان)ە، چەندین دێڕە شیعریان هەن ئەم راستییە دەسەلمێنن، هەر بۆ نموونە:

یادگار من رۆشنی بنیام

بادە غەسلاَنی کەوسەری نۆشام

غەسلاَن یادگار کەندش پەرێ جام

نە چەهر کەندمان پەی عاد و ئەیام

بڕوانە- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕەی پێشوو.

[٦] - فلادیمێر مینۆرسکی- کورد- لاپەڕە (١٢٤- ١٢٥)- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (د. مارف خەزنەدار- وەرگێڕانی بۆ کوردی (حەمەسەعید حەمەکەریم- ساڵی (١٩٨٤ز).

[٧] - (سەی براکە)- ناوی (حەیدەر کوڕی سەی مەنسوور)ە، ساڵی (١٢١٠ ك) لە گوندی (تووت شام)ی سەر بە پارێزگای (کرماشان) لە دایکبووە، رابەرێکی گەورەی (یارسان) بووە و هەموو تەمەنی بە رێنماییکردنی شوێنکەوتوانی دینەکەیەوە بەسەربردووە، ژمارەیەك موریدی بەناوبانگی هەبوون، لەوانە: (زوڵفەقارِی گۆران- دەروێش نەورۆزی سۆرانی- شاتەیمووری بانیارانی) کە هەموویان عاریف و شاعیری بەناوبانگی سەردەمی خۆیان بوون، شیعرەکانی خۆی و ئەمانەی ناویانهێنرا لە کتێبێکدا بە ناوی (دەورەی سەید حەیدەری)  بلاَوکراونەتەوە.

بڕوانە: صدیق صفی زادە- بۆرەکەیی- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی دووەم- لاپەڕە (٧٦)- چاپخانەی _چهر تبریز).

ئەگەرچی بە مەبەست نەکراوە، بەڵام لە ئەنجامی تێکەڵ و پێکەڵیکردن و دەستنەکەوتنی زانیاریی بووە لە سەرچاوەی راستەوە.

هەر لەمبوارەدا ئێمە خۆشمان وەك کورد زۆرجار کەوتووینەتە هەڵەوە، بە تایبەت لە ژێر فشاری دیینی و بۆ پیرۆزی بەخۆدان و خۆبەستنەوە بە ژمارەیەك کەسێتی و رووداوەوە، جوانییەکانی خۆمان شێواندوە، هەر بۆ نموونە زاتێکی گەورەی وەك (میر شەرەفخانی بەدلیسی) کە لە نووسینەوەی مێژووی ئێمەدا پشکی شێری هەیە، هەقە وەك کورد دەستی رێز بەسنگەوەبگرین بۆ (شەرەفنامە)کەی، کاتێك باسی لە رەچەڵەکی میرایەتییە کوردەکان کردووە، زۆربەیانی بردووەتەوەسەر نەتەوەکانی تری وەك: (عەرەب، فارس، تورك). میراتی (جەزیرە)ی بردوەتەوەسەر (خالید کوڕی وەلید)، لە کاتێکدا مێژوونووسانی عەرەب خۆیان ئەوەیان سەلماندووە کە ناوبراو نەوەی لە شوێن بەجێنەماوە، چونکە بنەماڵەکەی لە (شام) تووشی پەتای (تاعوون) بوون و هەموویان مردوون، کەسێکی نزیکیان نەماوە کە میراتیان وەربگرێت، هەموو میراتی بەجێماویان دراوە بە دوورە خزمێکیان لە (مەدینە) بە ناوی (ئەیوب کوڕی سەلەمە کوڕی عەبدولاّ)، هەر لەمبوارەدا (ئەسەد ئەلغابە) نووسیویەتی: (لم یبقی منهم احدا لا شرقا ولا غربا). هەر بۆیە وتوویەتی هەر کەسێك رەچەڵەکی خۆی بباتەوە سەر (خالید کوڕی وەلید) تەنها درۆیەکی قەبەیە و هیچی تر[٨]. (شەرەفخان) رەچەڵەکی میرایەتییەکەی خۆیشی بردووەتەوەسەر (کیسراکانی ساسانی) و لەمبوارەدا وتویەتی: میرەکانی بەدلیس لە نەوەی (بەهواتییەکان)ن و لە گەڵ شاکانی ساسانی دەبن بە ئامۆزای یەکتری[٩].

ئەوانەی لەم دێڕانەی پێشوودا وەك سەرەتایەکی پێویست خرانەڕوو، تەنها لامشتێکن لە خەروارێك لەو شێواندنانەی کە لە پێشینەی مێژوویی و کولتووری ئێمەدا هەن، چونکە تیاچوونی زۆربەی سامانی کولتووریمان بەدەستی داگیرکاران لە لایەك و ناشارەزاییمان

---

[٨]- (شەرەخانی بەدلیسی)- شەرەفنامە- وەرگێڕانی بۆ کوردی (هەژار)- لاپەڕە (٢٧٢)- ١٩٧٣ز.

[٩]- (بوار نورالدین)- امارة بدلیس و امیر عبدال خان البدلیسی فی کتاب اولیا چلبی (سیاحتنامه)- ترجمة- علی شمدین- مراجعة- د. حسام الدین نقشبندی- ص (٨٦)- من منشورات دار (جمال عیرفان)- للطباعة والنشر.

لە: (تێکست و دەستنووس و کەشکۆڵە) خۆماڵییەکانمان لە لایەکی ترەوە، دەمانخەنە هەڵەی گەورەوە، بە شێوەیەك (فێستیڤاڵێکی گەورە لە شاری سلێمانی)دا بۆ سروودی کوردی بەرێوەچوو، ئەو بەرێزانەی باس و لێکۆڵینەوەیان پێشکەشکرد، پێشینەی سروودی کوردیان بۆ ساڵەکانی بیست و بیست و یەکی سەدەی رابوردوو گێڕایەوە و راستەو راست بە ستیان بە بەهەشتی مامۆستا (زێوەر)ەوە، کە ئەمە هەڵەیەکە نابێت لە ئاستیدا قرو قپبکەین، چونکە ئەگەر ئێمە بەو پێشینەی ئەدەبی خۆماندا بچینەوە، بۆمان دەردەکەوێت خاوەنی چەندین سروودین کە دانەرەکانیان سەدان ساڵ پێش لە دایکبوونی مامۆستا زێوەر ژیاون و، هەر بۆ نموونە بڕوانن لەم دێڕانەی خوارەوە:

ئەسڵمەن جە کورد، ئەسڵمەن جە کورد
بابۆم کوردەنان، ئەسڵمەن جە کورد
من ئەو کوردەنان، چەنی دەستەی گرد
گروهی سوپای دوژمن کەردم هورد

پێویستە باس لەوەش بکەم کە دێڕی دووەمی ئەم شیعرە لە هەندێك سەرچاوەدا بەمشێوەیە نووسراوە:

من ئەو کوردەنان چەنی دەستەی گرد
گروهی سوپای زوحاك کەردم هورد

لە راستیدا واتای شیعرەکە هەر وەك یەکە و هیچ گۆڕانێکی دیاری تێدا نابینرێت، چونکە هۆنەرەکەی لە هەردوو باردا باسی لە کوردبوونی خۆی و تێکۆشانی شانبەشانی خەڵکانی نەتەوەکەی، هەروەها بەرەنگاربوونەوە و سەرکەوتنی بەسەر ملهوڕاندا کردوە، ئیتر ئەگەرچی ملهوڕەکان خۆماڵی، یاخود دەرەکی بووبن.

هۆنەری ئەم دێڕانە زاتێکە بە ناوی (شاوەیسقولی کوڕی پیر قەنبەری شاهۆیی)، ساڵی (١٨١٠ ك) لە گوندی (دەرەزیان) لەدایکبووە،[١٠]. دیارە هەر ئەم مێژووە ئەگەر لە گەڵ

---

[١٠] - (ئەیوب رۆستەم)- کاریگەری ئاوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- چاپی یەکەم- لاپەڕە (١٨٧)- لە بلاۆکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان- سلێمانی- (٢٠١١ ز).

مێژووی لەدایکبوونی مامۆستا زێوەر بەراورد بکرێت کە ساڵی (١٢٩٥ کۆچی)یە، بۆمان دەردەکەوێت ناوبراو (٥١٥) ساڵ بەر لە مامۆستا (زێوەر) لە دایکبووە، ئەمەش نموونەیەکە لە دەیان سروودی دینی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئەو سروودانەی کە ماکێکی نەتەوەییان هەیە، سەدان ساڵ لەمەوبەر و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەشیعری کوردی، بەئاوازی کوردی، بە ئامێری کوردی، لە ناو کۆڕی کوردی و بە جل و بەرگی کوردییەوە ئامادەبوونیان هەیە، بەڵام داخەکەم فێستیڤاڵێك بۆ سروود بەڕێوەدەچێت، کەچی لە دوور و لە نزیکەوە باسێك لەم شتانە نییە.

## چەردەیەك سەبارەت بە سروودی ( ئەی رەقیب )


بەر لەوەی بچینە ناوەرۆکی ئەم باسەوە، پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە (دڵدار)ی شاعیر، هۆنەری شیعرەکانی سروودی (ئەی رەقیب) بدەینەوە، ناوی (یوونس رەئووف مەحموود مەلا سەعید)ە، رۆژی (٢/٢٠ /١٩١٨) لە شاری کۆیە لە دایکبووە، دایکی خاتوو (زوهرە کچی خۆرشید ئەفەندی) بووە، بنەماڵەکەیان بە (خادم السجادە) ناویدەکردووە، نازناوەکەش لەوەوە هاتووە گوایا بەرماڵی پێغەمبەری گەورەی موسڵمانان (مەحەممەد د.خ) گەیشتووەتە دەستیان، سالآنێکی زۆر پاراستوویانە و شانازییان پێوەکردووە[١١]، هەر لەوەشەوە لە ناو خەڵکدا شوێنی رێزلێگرتن بوون، باوکی (دڵدار) لەبەر ئەوەی پیاوێکی دیینی بووە و پشتگیری لە دەوڵەتی عوسمانی کردووە، لە هاتەهاتی برِانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی و سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان، پاشانیش داگیرکردنی هەموو ئێراق لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، بەرفشار کەوتووە، هەر ئەوەش وایکردووە منداڵی (دڵدار) لە شارەکانی (هەولێر، کۆیە، رانیە، مەخموور) بە بارێکی زۆر گران و ئالۆز و نالەباردا تێبپەڕێت. لە تەمەنی چوارساڵیدا تووشی نەخۆشییەکی زۆر خراپ بووە پاش ساڵێك لە جێگا کەوتن، زمانی (لاڵە پەتە) بووە، گرفتی لاڵە پەتەیی هەتا دوا هەناسەکانی ژیانی لە گەڵیدا بووە، هەر بۆیە زۆرجار بەسەر خۆیدا شکاوەتەوە، بەشێوەیەك نەیتوانیوە بە قسەکردن شتەکانی ناخی دەرببڕێت. لە گەرمەی خوێندنیدا لە کۆلێژی (حقوق) لە بەغداد شەیدای کچێکی کورد بووە بە ناوی (بەهیە فەرەجوڵلاّ ئەلکوردی[١٢])، لەمبارەوە مامۆستا (مەسعوود محەممەد) وتویەتی: بە داخەوە ئاگرەکەی وەك ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش خۆی دەخواردەوە، گەرمایشی هەر ئەوەندە دەدایەوە کە لە هەندێك پارچە هەڵبەستی بەدیاردەدا، یەکێك لەوانە (خەندەکەی بایی)یە، ئەوانەی بە شیعر و بەسەرهاتی دڵدارەوە خەریکن، دڵنیابن لەوەدا کە فریشتەی ناو خەندەکەی بایی (بەهیە فەرەجولاّ)یە[١٣].

---

[١١] - (عەبدولخالق عەلائەدین)- دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد- لاپەڕە (١٣)- دار الافاق العربیە للصحافە والنشر.

[١٢] - (فەرەجولاّ ئەلکوردی)- ئەو کەسەیە زۆر یارمەتی (محەممەد عەلی عەونی) داوە بۆ چاپکردنی کتێبی (شەرەفنامە) لە وڵاتی (مبسر). (نووسەر)

[١٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (٦٦).



یوونس ڕەئووف مەحموود (دڵدار)

ساڵی (١٩٣٨ ز[١٤]) پەیوەندیکردووە بە (حیزبی هیوا) کە مامۆستا (ڕەفیق حلمی) سەرۆکی باڵای بووە و لە هەندێك نووسیندا وا هاتووە گوایا لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ئەم حیزبە بووە، یەکێکبووە لە هەڵسووڕاوە چالاکەکانی و هەر لەوەشەوە لە لایەن سەرۆکی باڵاوە زۆر ڕێزی لێگیراوە و لە تەمەنی گەنجیەتیدا بووە بە سکرتێری حیزبەکە، لە ململانێکانی نێوان باڵی ڕاست و باڵی چەپی حیزبی ناوبراودا کە لە کۆنفرەنسی کەرکووك ساڵی (١٩٤٤ز) بە یەکجاری تەقیونەتەوە و بوون بە هۆی دابەشبوون و پاشانیش هەڵوەشاندنەوەی لە ساڵی (١٩٤٥ز)، (دڵدار) پشتگیری لە بۆچوونەکانی (ڕەفیق حیلمی) کردووە، کە پێیوابوە کورد لە خەبات و تێکۆشانیدا پێویستە پشت بە ئینگلیز و کامپی سەرمایەداری ببەستێت، نەوەك سۆڤیەت و کامپی سۆسیالستی، پاش هەڵوەشاندنەوەی حیزبی هیوا پەیوەندی بە (حیزبی تەحەڕوڕ)ەوە

[١٤]- سەبارەت بە سەرەتای دامەزراندنی (حیزبی هیوا) دەربڕین و قسەی جیاواز لە سەرچاوەکاندا هەن، هەر بۆ نموونە (د.عەزیزی شەمزینی) نووسیویەتی ساڵی (١٩٣٩ز) دامەزراوە.

بڕوانە (د. عەزیز شەمزینی)- جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان- وەرگێڕانی (فەرید ئەسەسەرد)- لاپەڕە (١٩١)- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان.

جیاوازی لە سەرچاوەکاندا سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی (حیزبی هیوا)، بە بۆچوونی من بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بە نهێنی دامەزراوە. (نووسەر)

کردووە، ئەم حیزبە هەرچەندە بە رواڵەتی ئاشکرای حیزبی شیوعی ئێراق لە قەڵەمدراوە، بەڵام چەندین کەسی خەباتگێڕ و رۆشنبیر و مرۆڤدۆستی تێدا بووە کە شیوعی نەبوون، (دڵدار) لە ناو ئەم حیزبەشدا هەمیشە میانڕەوانە هەڵسوکەوتی کردووە و هەرگیز وەك کەسێکی مارکسی خۆی نەنواندووە وەك ئەوەی کە هەندێك دەهۆڵی بۆ دەکوتن.

ناوبراو لە (١٢/ ١١/ ١٩٤٨ زایینی) و لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا کۆچی دواییکردوە[١٥].

پاش ئەوەی چەند دێڕێکی کەممان سەبارەت بە دڵدار باسکرد، دەچینە سەر باسکردنی شیعرەکانی سروودی (ئەی رەقیب)، بە تایبەت ئەو وشەو دەستەواژەو دەربڕینانەی کە لای هەندێك کەس بوونەتە جێی مشت و مڕ و لە دیدی خۆیانەوە دەیاندەنە بەر نەشتەری کولی رەخنەگرتن. سەرەتا لە گوتاری شاعیرەوە دەسپێدەکەین، گوتاری (دڵدار) گوتارێکە لە کۆنەستەوە سەرچاوەدەگرێت و تەنها گوتاری خودی دڵدار نییە. چونکە باس لە نەتەوەی کورد و رەچەڵەکی و مانەوەی و گیانی بەرەنگاربوونەوەی سەروەرییەکانی و ...هتد کردووە، هەروەها وەك قەرەبووکردنەوەیەکی دەروونیش، تەنها بەڵگەی مانەوە و نەمردنی نەتەوەکەی، وەك پاساوێك بۆ ئەو شکستانەی لە مێژوودا رووبەڕووی بووەتەوە هێناوەتەوە.

(کەسێتی دڵدار) وەك تاك لە شیعرەکاندا چەپێندراوە و لەوێ نەتەوەیەك قسەدەکات، ئەمەش جیاوازە لە گەڵ دەربڕینی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانمان کاتێك بۆ (خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان و نەهامەتییەکانی و پارچە پارچەکردنی کوردستان و ....هتد) شیعریان هۆنیوەتەوە خۆیان وەك تاك لە بری نەتەوە هاتوونەتەگۆ و گوتارەکەیان نەستی تاکی تیا بەرجەستە بووە، نەوەك کۆنەست، هەر بۆ نموونە:

شاعیری خواڵێخۆشبوو (فایەق بێکەس) کاتێك رووبەڕووی (سیسل جۆن ئێدمۆندز) شیعری خوێندوەتەوە وتوویەتی:

بیست و حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم

بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم

---

[١٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (٨٨).

خزمەتم کردی لە ئێران و رۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هێشتا هەر دیل و رەنجەڕۆم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم ؟
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم ؟[16]

وەك دیارە لەم دێڕانەدا شاعیر باسی لە نەهامەتی و باری گرانی نەتەوەکەی لە سایەی دەسەڵاتی ئینگلیز و داردەستەکانیدا کردووە، بەلآم وەك تاك قسەیکردوە، کەچی باردۆخی نالەباری هەموو نەتەوەی کوردی خستووەتەڕوو.

هەروەها خوالێخۆشبوو (مام هێمن) کە لەم دێڕانەی خوارەوەدا وتوویەتی:

ساقیا واوەرگەڕێ وا وەرگەڕێ
روو لە لای من کە مەچۆ بۆسەرپەڕێ
مەی حەلاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ
بۆ منی سەرگەشتەو رووت و رەجال
بۆ منی بابردەڵەی گردە نشین
بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و برین
بۆ منی ئاوارە و doora وەتەن
بلبلی بێبەش لە گوڵزار و چەمەن[17]

دیارە لێرەدا (من)ی مام هێمن قسەدەکات، ئەوەندەش دووبارە بووەتەوە جۆرێك لە نێرجسیەتی کەسێکی بەخۆداشکاوەی تێدا دەخوێنرێتەوە، ئاشکرایە ئەوە هەر (مام هێمن) نەبووە بەوشێوەیە بووبێت، بەلآم ئەو وەك شاعیرێکی هەستیارو خەمخۆر، گوتاری مرۆڤانە و ئەودالبوون بۆ ئازادی و بێبەشی نەتەوەیەکی پێیە، چونکە لە چەند دێڕێکی تردا بە ئاشکرا وتوویەتی:

---

[16] - (دیوانی بێکەس)- رێکخستن و پێشەکی بۆ نووسین- (محەممەدی مەلاکەریم)- چاپی دووەم- چاپخانەی (الادیب)- بەغداد- (١٩٨٠ ز).

[17] - (هێمن)- نالەی جودایی- چاپی دووەم- لاپەڕە (١٦، ١٩).

**شیوەنی من شیوەنی ئینسانیە**

**بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانیە**

**شیوەنی من شینی کوردی بێبەشە**

**ئەو گەلەی حاشادەکەن لێی و هەشە[١٨]**

**لای هەمووان ئاشکرایە کە دەقی ئەدەبی بونیادێکی کراوەیە و شیاوی چێژو بەردەوامییە، هەر لەبەر ئەوەی کراوەیە دەشێ هەلگری خوێندنەوەی بەردەوامبێت، (ئەی رەقیب)یش وەك ئەدەب دەقێکی شیعرییە، لە پاڵ زمانی رەمزی هەلگری زمانێکی هەڵچوونئامێزیشە، ئەوەش بەدردەوام وەك دەقێکی گونجاو دەیخاتەڕوو، ئەو پەیوەندییە کە دەکەوێتە ناو خودی دەق و مێژووی دەرکەوتنی هەستی ناسیۆنالیستییەوە. ئەو پەیوەندییە دواجار رەهەندی مێژوویی بەسەر رەهەندی دەلالیدا زاڵدەکات، کەواتە ئەوەی دەبێتە شوێنی خۆدۆزینەوەی خوێنەر، بونیادسازی دەق نییە، بەڵکو ئەو بونیادەیە کە مێژووی کورد و هەستی ناسیۆنلیستی کوردی لە ساتەوەختێکدا بەرجەستەیدەکەن[١٩].**

**زۆرجار دەوترێت (ئەی رەقیب) وەك دەقی شیعری لاوازە و هیچ داهێنان و ئەفراندنێکی تێدا نییە و تەنها وەك وگوتارێکی هەستبزوێن بۆ نەتەوە و جووڵاندنی رۆحی بەرەگاربوونەوە دێتەپێشچاو، دیارە دەقی ئەدەبی لە کاتێکدا دەبێتە دەقێکی هونەری کە بە (ئەندێشەی خولقێنەر، ترپە و خورپە، ستاتیکا و...هتد) قوڵپبدات، لێرەشەوە ئیتر وێنەکانی ناو دەق دەبنە وێنەی هونەری، بەڵام پێویستە لەوە ئاگاداربین هەر دەقێك ئامانجی ئایدۆلۆژی بەدواوە بێت، نابێتە دەقێکی هونەری و ناتوانێت هەموو پێداویستییەکانی ئەم جۆرە دەقە لە خۆیدا کۆبکاتەوە، هەر بۆ نموونە شاعیری گەورەمان (عەبدوڵا بەگی گۆران) کە بە خاڵی وەرچەرخان لە ئەدەبی کوردیدا دێتە**

---

[١٨]- (خەلیل ئەحمەدی)- گوڵچنی دیوانی هەژار و هێمن- چاپی یەکەم- لاپەڕە (١٤٦)- انتشارات کردستان.

[١٩]- (عەبدولموتەلیب عەبدوللاّ)- ئەی رەقیب لە نێوان جەستەی زمان و جەستەی نەتەوەدا- لاپەڕەکانی (٣٣ و ١٤١)- پاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی (٢٠٠٨).

ئەژمار، لەو شیعرانەیدا کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیا نەیتوانیوە داهێنەر بێت، با لەم چەند دێڕە لە شیعری (ناڵەی بێکار) وردببینەوە:

تاهێزی بزووتن لە لەشما بەگوڕ بوو
من کوڕ بووم بۆ ئاغاو، ئاغا باوکی کوڕ بوو
لە (ماندوونەبوون)ی سەر ئیشم واق وڕبوو
عەماری لە بەری تەقەلام پڕپڕ بوو
(نامەخوا) و( ئافەرین) سەری لێ شێوانم
دڵسۆزیم بۆ ئاغا ئەوەندەی ڕەتانم:
تارادەی ئەوپەڕی شەکەتی گەیانم
پەکم کەوت- نەخۆشی لەشی تێك شکانم

شیعرەکە درێژەو پێویست بە نووسینەوەی هەمووی ناکات، شاعیر لە دوودێڕی کۆتاییدا دروشمەکەی خۆی وەك کەسێکی پەیوەست بە ئایدۆلۆژیایەکی حیزبیەوە خستووەتەڕوو، وتوویەتی:

فرمانی، ئەی کۆمەڵ فرمانێ فرمانێ
بۆ دەردی بێکاری، چارەیەك، دەرمانێ،
زۆر شەرمە لە چەرخی بیستەما ئینسانێ
برسی بێ، سکی خۆی هەڵووشێ بۆ نانێ".[20]

دیارە ئەم دەربڕینە هیچ جیاوازی لە گەڵ دروشمی حیزبێکی مارکسیدا نییە و بە هیچ شێوەیەك سەلیقەی شیعری و ئەفراندنی گۆرانی پێوەدیار نییە.

ئەگەر لە دەقی (ئەی ڕەقیب)یش وردببینەوە، لە ژێرکاریگەری هەستی نەتەوەیی و خەمی داگیرکاری و ژێردەستەییدا، شاعیر نەیتوانیوە دەقێکی شیعری هونەری بنووسێت، بەڵام لە رووی ڕەهەندە نەتەوەییەکەوە مافی خۆی داوەتێ و تێیدا سەرکەوتووبووە.

---

[20]- (د. کامل حسن عزیز البصیر)- ڕەخنەسازی- مێژوو و پەیڕەویکردن- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق- بەغداد- ١٩٨٣ز.

## ئەو وشەو دەستەواژانەی کە بوونەتە جێی مشت و مڕو گازندە لە دەقی ( ئەی ڕەقیب )دا

ئەوەی دەبیسترێ و بەیناوبەین قسەی لێوەدەکرێت، دەوترێت ئەوانەی گلەیی و گازندەیان لە (سروودی ئەی ڕەقیب) هەیە کە نموونەکانیان ئامادەنەبوون وەك نوێنەری هەڵبژێردراو لە (پەرلەمانی کوردستان) ڕێزی لێبگرن، زۆر گلەییان لە میلۆدی سروودەکە نییە و گلەییەکانیان لە چەند وشەو دەستەواژەیەکی ناو دەقەکە خەستدەکەنەوە، لە گەڵ ئەوەی وەك خۆم بڕوای تەواوم بە دەربڕینەکەی (ئەفلاتوون) هەیە کە وتویەتی: (هەموو مرۆڤێك جیهانێکە بۆ خۆی، بۆی هەیە لەو جیهانەیەوە قسەو دەربڕینی خۆی هەبن)، هەروەها دڵنیاشم لەوەی هیچ کەس لە سەرووی ڕەخنەوە نییە و دەکرێت ڕەخنە لە کردار و وتەو هەڵسووکەوتەکانی خەڵك بگیرێن لە هەر ئاست و پایە و دۆخێکدا بن. بەلاَم وا دێتەپێشچاوم گلەیی و گازندەکان لە شیعرەکانی (ئەی ڕەقیب) باکڕاوندێکی ئایدۆلۆژییان هەیە، چونکە ئەو وشەو دەستەواژانە لە لایەن ئەو بەڕێزانەوە، هیچ کات نەدراونەتە بەر لۆژیکی ئەقڵ و خوێندنەوەی ڕۆشنبیرانەیان بۆ نەکراوە، بەڵکو کورد واتەنی (گوێزی باخەڵی خەڵکیان لە باخەڵی خۆیانەوە بژاردووە). بەر لە هەموو شتێك شیعر بەرهەمی (ئەندێشە، سۆز، ویژدان، هەڵچوونەکانی) مرۆڤە، ئەم خەسڵەتانەش هەرگیز شیاوی چوارچێوە بۆدانان و لە قاڵبگرتن نین، بۆیە کەس ناتوانێت ئەم خەسڵەتانەی کەسێکی تر وەك چۆن هەن بخوێنێتەوە و حوکمیان بەسەردا بدات، چونکە خوێندنەوە و حوکمەکانی زۆرجار ناڕەوا دەردەچن.

لێرەدا پێویست ناکات هەموو دێڕەکانی (ئەی ڕەقیب) بنووسینەوە، بۆیە هەر ئەو دێڕانە دەخەینەپێشچاو کە جێی مشتومڕن:

١- ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
نایڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان

٢- ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەی خوسرەوین
دینمان، ئایینمانە نیشتمان

بەر لە شیکردنەوەیەی ئەم دێڕانەی سەرەوە، پێویستە باس لەوەبکەین کە بە پێی جیاوازی سەرچاوەکان، کەمێك جیاوازی لە وشەکاندا هەیە، بۆ نموونە:

نیوەی دووەمی دێڕی یەکەم بەمشێوەیەش هاتووە

نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان.

بۆشیکردنەوەی وشەکان سەرەتا لە وشەی (رەقیب)ەوە دەستپێدەکەین، کە بە پێی نەیارانی شیعرەکە مەبەستی شاعیر تیایدا خودای گەورەیە، ئاشکرایە (رەقیب) یەکێکە لە ناوەکانی خودای گەورە و هەمووومان ئەو راستییە دەزانین، بەلاَم بە درێژایی مێژووی ئەدەبی کوردی هەر لەو سەرەتای ئەوەیەوە کەوتووەتەبەردەست کە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە (١٢٨٠) ساڵ دەگەڕێتەوە، تەنها بۆ یەکجاریش وشەی رەقیب بە مەبەستی ناوهێنانی خودای گەورە بەکارنەهێنراوە، بەڵکو مەبەست لێی کەسانی (ناحەز و دردۆنگ)ن کە لووت دەخەنە هەموو شتێکەوە و بە نارەوا زمان لە خەڵك دەدەن و چاویان بە خۆشی کەسانی تردا هەڵنایە، دەیان نموونەی زیندوومان هەن کە سەرچاوەیان بۆ شاعیرانی (خوداناس و زانا و دانا و بلیمەتی کورد) دەگەڕێتەوە، لەوانە (بێسارانی، مەولەوی، سالم، نالی، مەحوی.....هتد)، کەسێکیش نییە گومانی لە ئیمانداری ئەم زاتانە هەبێت، لەمبوارەدا چەند نموونەیەك دەهێنینەوە:

١- مەلا مستەفای بێسارانی وتوویەتی:

چڵێ نە پەنا، چڵێ نە پەنا

چڵێ چون رەقیب مدران نە پەنا

هۆرئامان مدران نە رووی تەمەنا

مەر باد قودرەت بدەرۆش فەنا

وە باد قودرەت لەتار لەتار بۆ

نمازۆ بالاَو قیبلێم دیار بۆ

تا بالاَو قیبلێم چون شەمعی خانان

بوینو وە چەم نەبەرزە بانان[٢١]

---

[٢١] - (صدیق صفی زادە- بۆرەکەیی)- بەرگی دووەم- لاپەڕە (٢١١)- چاپخانەی- چهر تبریز.

(بێسارانی) ئەم شیعرەی لەبەر ئەوە هۆنیوەتەوە، دارتوویەك لە نێوان سەربانی مزگەوتی گوندی بێساران و ماڵی خۆشەویستەکەی شاعیردا بووە، ئەم زۆرجار لە سەربانی مزگەوتەکە راوەستاوە، دارتووەکە بەشێوەیەك لق و پۆپی پەخشان و بڵاوبونەتەوە، نەیانهێشتووە شوێنی مەبەست ببینێت، هەر بۆیە ئەو دارتووەی بە (رەقیب) ناوبردووە و داواکاربووە بای قودرەت لە رەگ و ریشەوە هەڵیبکەنێت و شوێنەواری نەمێنێت، هەتا بە باڵای ئەو دیدەمەستببێت.

ب- ( عەبدولڕەحمان بەگی سالم) وتوویەتی:

تیماری چاکی سینەم راجیع بە چاوی مەستە
بەختیش موافیقی عەشق بۆ من خرابی هێنا
یارم لە ئەندەروون هات دەستی رەقیب لە دەستا
غەمناك و شادومانم رەحمەت عەزابی هێنا[٢٢]

ئەم دێڕانە هیچ شیکردنەوەیەکیان پێویست نییە، چونکە بە ئاشکرا دیارە مەبەست لە (رەقیب) ئەو کەسەیە کە شاعیری لە خۆشەویستەکەی دابڕیوە و دەستی خستووەتە ناو دەستییەوە، خۆ دیارە ئەگەر هەر کەسێك باوەڕی بەوە هەبێت کە خودای گەورە بە شێوەیەکی فیزیکی دەست دەخاتە ناو دەستی هەر مرۆڤێکەوە، ئەوە پێویستە لە ئیمانی خۆی بترسێت، چونکە ئەو زاتە بە پێی قورئانی پیرۆز (لم یلد ولم یولد، ولم یکن لە کفوا احد)ە، هیچ کەسێك نییە لەم جیهانەدا بتوانێت بە شێوەیەکی بینراو دەست بخاتە ناو دەستییەوە، بەڵکو پێویستە هەموو مرۆڤەکان بەندەگی ئەو زاتە بکەن.

ج- (مەولەوی تاوەگۆزی) وتوویەتی:

مەوات هەی ئاوات واستەکەی جەستەم
هەی مومیایی پیشەی شکستەم
کام زام بێ جە تۆ من نەویم نەصیب
جەفا هەر وەمن وەفا پەی رەقیب [٢٣]

---

[٢٢]- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (٥١٤).

لەم دوو دێڕەدا (مەولەوی) زۆر بەئاشکرا (ڕەقیب)ی پێناساندووین، بەوەی ئەگەرچی شاعیر بەشداری هەموو ئازارەکانی خۆشەویستەکەی بووە، کەچی ئەو وەفای ئەو بۆ ناحەزەکەیەتی و لای بە لای شاعیرەوە نییە.

د- ئەمین ئاغای ئەختەر وتوویەتی:

گوێ لە قەولی ڕەقیبان چاکە نەگری تاکو ڕۆح ماوە

لە سینەم خاری هیجرانت بە دەستی وەصڵ دەربێنە[٢٤]

لەم دوو دێڕەشدا (ئەختەر) ناوی (ڕەقیبان)ی هێناوە کە کۆی (ڕەقیب)ە، دیارە خودای گەورە تاك و تەنیایەو ناکرێت وەك کۆ ناویبهێنرێت، هاوکات داوایکردووە لە خۆشەویستەکەی کە تا ڕۆحی ماوە گوێیان لێنەگرێت.

پێویست ناکات لەم ڕووەوە درێژدادڕیبکەین، چونکە سەدان نموونەی ترمان لە ناو ئەدەبی میللی و لە ناو شیعری شاعیرانماندا هەن. هەروەها لە ڕووی زمانی ئاخاوتنیشەوە، من تا ئێستا نەمبیستووە کەسێك ناوی (ڕەقیب) بە دەلالەتی خودای گەورە بەکاربهێنێت.

بۆ وشەی (نایڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان، یان وەك لە هەندێك سەرچاوەدا نووسراوە، نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان)، دیارە لە هەردوو بارەکەدا مەبەست هەر یەکێکە و جیاوازییەکی وەهای نییە، ئەوانەی کە گازندەیان لە سروودەکە هەیە دەڵێن گوایا مەبەستی شاعیر لەم دەربڕینەیدا ئەوەیە کە  خودای گەورە ناتوانێت (کورد) بڕمێنێت، یان بە بارەکەی تردا بیشکێنێت، دیارە ئەمەش لێکدانەوەیەکی ڕەها و شێواوە و تێنەگەیشتنێکی ترە لە شیعرەکان.

لەو سەردەمەدا کە شاعیر دەقی (ئەی ڕەقیب)ی هۆنیوەتەوە، دونیا بەسەر دوو جەمسەری هێزدا دابەشبووە، کە کامپی سۆسیالستی لە سەرووییەوە (سۆڤیەت)ی جاران و کامپی سەرمایەداری لە سەرووییەوە (ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینگلیز)

---

[٢٣] - (مەنسوور ڕەحمانی)- ڕۆژژمێری هەتاو لە گەڵ دوو کتێب- ناوەندی بڵاْوکردنەوەی پەرتەوبەیان- سنە.

[٢٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (٦٠١).

بوون، هەردوو جەمسەرەکەش لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا و بۆ درێژەدان بەو سیاسەتەی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دایانڕشتووە، هەمیشە دژی ماف و داوا ڕەواکانی نەتەوەی کورد جووڵاونەتەوە و هەڵسوکەوتییان کردووە، هەر ئەوان بوون جۆرەها چەکی کوشندە و وێرانکاریان بەرهەمهێناوە و داویانە بە ڕژێمە سەردەستەکان، ئەوانیش بۆ داپڵۆسینی گەلانی بندەست لە ناویشاندا گەلی کورد بەکاریانهێناون، بە بۆچوونی من مەبەستی شاعیر لەم دەربڕینەدا ئەو هێزانە بووە، نەوەك (خودای گەورە).

سەبارەت بەوەش نەیارانی دەقی (ئەی ڕەقیب) دەڵێن ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کێخوسرەو نین و کێخوسرەو لە نەتەوەی فارسە، پێویستە باس لەوە بکەین، بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان ڕەچەڵەکی کورد دەچێتەوە سەر دوو بازنە، بازنەی یەکەم نەتەوە زاگرۆسیەکانن، وەك: (لۆلۆ= لۆلۆبی[25]، گۆتی[26]، کاسی[27]، کاڵدی= خاڵدی، سۆباری...هتد) و بازنەی دووەمیش نەتەوەکانی (ماد[28]، کاردخۆی ، نایری)ن، سەبارەت بە زمانەکەشمان، زۆر لە سەرچاوە خۆماڵی و بیانییەکان ئەوەیان سەلماندووە، بەڵگەی بەهێز هەن کە زمانی ئێستای ئێمەی کورد ریشە سەرەکییەکانی لە زمانی (ئاوێستا)ییەوە سەرچاوەدەگرن، هەر بۆ نموونە، لەم بوارەدا (دارمس تیتەر) وتویەتی: ئاوێستا بە زمانی نەتەوەی (ماد) نووسراوە و زمانی کوردی دەچێتەوەسەر ئەو زمانە[29]، هەروەها لە کتێبی (شەرەفنامە)دا هاتووە: (میدی) ئەو هۆزە کوردانەن لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی

---

[25] - لە کتێبی (دودمان ئاریایی)دا هاتووە، (لۆلۆ) لە هەرێمەکانی: (شارەزوور، سلێمانی ئێستا- و زەهاو)دا ژیاون.
بڕوانە: (د. محمد علی سلطانی)- ایلات وطوایف کرمانشاهان- جلد (١)- لاپەڕە (٢٣).

[26] - (ڕەشید یاسمی) نووسیویەتی: گۆتییەکان لە باکووری خۆرهەڵاتی شارەزوور، واتا لە (هەورامانی ئێستا) نیشتەجێبوون.
بڕوانە: (ڕەشید یاسمی)- کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او- لاپەڕە (٢٨).

[27] - ئەم نەتەوەیە سەرەتا لە ناوچەی (کرماشان) نیشتەجێبوون و ئەکەدییەکان بە (کاشۆ) ناویانهێناون.
(نووسەر)

[28] - کوردو فارس و هەموو نەتەوەکانی تری ماد لە بنەڕەتدا بران.
بڕوانە: ابن خلدون- تاریخ ابن خلدون- ص (١٥٥)- قاهرە (٨٠٨ هـ).

[29] - موشیر ئەلدەولە (حەسەن پیرنیا)- تاریخ ایران باستان- جلد (١)- لاپەڕە (٢٢٠).

ئاشوورییەکاندا نیشتەجێن، زمانیان هەر زمانی کوردی کۆنە، یان ئەو بنچینەی ئەم بووە[٣٠].

سەبارەت بە (کێخوسرەو) کە دەوترێت فارسە، ئەوە یەکێکە لە نەهامەتییەکانی ئێمە و بۆ ناشارەزاییمان لە پێشینەی مێژوویی خۆمان دەگەڕێتەوە کە لە پێشەکییەکەدا ئاماژەمانپێدا، لەو سەرچاوانەدا کە باسییان لە (دەوڵەتی ماد) کردووە، هاتووە: (کیاکسار= کیاخسار= کێخوسرەو) سێیەم پادشایە لە زنجیرەی حوکمڕانی (ماد) و کوڕی (فراوەرتیش)ە، لە کتێبە پیرۆزەکانی دیینی دێرینی ئێمەش کە دیینی زەردەشتییە، چەندین جار بە (کۆی هئە سروە) و لە زمانی پەهلەویشدا بە (کی هۆسرۆ) ناویهێنراوە، بە پێی (زامیاد یەشت)، ناوبراو هێزی خێربووە لە لایەن (ئاهورمەزدا)وە، سەرکەوتنی هەمیشەیی و تەندروستی و راستگۆیی پێبەخشراوە[٣١]. هەر ئەویش بووە فەرمانی بنیاتنانی ئاتەشگەی (ئازەر گوشەسپ)ی داوە[٣٢] هەروەها لە تێکستە پیرۆزەکانی یارساندا زۆرجار ناویهاتووە، هەر بۆ نموونە ( پیر تامازی کرمانی) فەرموویەتی:

وست ئەو کۆی بەهرام، وست ئەو کۆی بەهرام،
بارگەی (شا)م لوا وست ئەو کۆی بەهرام
شام (کێخوسرەو) بێ نە دوون ئەورام
نامێش دەرد دڵ مەکەرۆ ئارام[٣٣].

ئەگەر لەم دوو دێڕەی (پیر تامازی کرمانی) وردببینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو دەمەی بارگەی (کێخوسرەو) لە کێوی بەهرام دابەزیوە، ئەم لە دۆنی (ئەورام)دا بووە. ئەمەش قەناعەتی شوێنکەوتوانی ئەو دینەیە کە باوەڕی تەواویان بە دۆناودۆنی رۆح هەیە.

[٣٠] - (شەرەفخانی بەدلیسی)- شەرەفنامە- وەرگێڕانی (هەژار)- لاپەڕە (١١٤).

[٣١] - اڤیستاا لکتاب المقدس للدیانه الزرادشتیه- زامیاد یشت- لاپەڕە (٦٢٥)- اعداد (الدکتور خلیل عبدالرحمان)- دمشق- (٢٠٠٧).

[٣٢] - (مسعر بن مهلهل الخزرجی)- سفرنامه ابو دلف در ایران- با تعلیقات و تحقیقات (مینورسکی)- چاپی دووەم- لاپەڕە (٣٨)- انتشارات زوار- تهران.

[٣٣] - سەرەنجام- بارگە بارگە- لایەڕە (٦٢).

هەمووومان دەزانین ئەگەرچی دیینی زەردەشتی دیینی فەرمی ساسانییەکان بووە، بەلاّم مێژووی دیینەکە بۆ سەدان ساڵ بەر لە بنیاتنانی دەوڵەتی ناوبراو لەسەر دەستی (ئەردەشێری بابکان) دەگەڕێتەوە، پاش ئەوەی ساڵی (٢٢٤ز) لە شەڕێکی سەختدا (ئەردەوانی پێنجەم)ی پادشای ئەشکانییەکانی کوشتووە و کۆتایی بە دەوڵەتەکەیان هێناوە[٣٤]، هەروەها ئەوانەی شارەزای مێژوون زۆر بە باشی دەزانن لە زنجیرەی پادشاکانی ساسانیدا کە بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان ساڵانی (٢٢٤ز هەتا ٦٣٢ز) حوکمڕانیانکردووە، هیچ کەسێکیان ناوی (کێخوسرەو) نەبووە، تەنها دوو (خوسرەو) ناویان هەبووە، ئەوانیش: (ئەنۆشیروانی دادپەروەر کە بە خوسرەوی یەکەم)ناسراوە، هەروەها (خوسرەوی پەروێز کە بە خوسرەوی دووەم) بەناوبانگبووە[٣٥]، کەواتە ئەوانەی دەڵێن (کێخوسرەو) فارسەو ساسانییە، بە داخەوە شتێك لە مێژوو ئاگادارنین.

هەر بۆ درێژەدان بەم باسە پێویستە قسە لەوە بکەین، زۆربەی نەتەوەکانی ئەم سەرزەمینە داستان و میسۆلۆژیای خۆیان هەیەو زۆریش بایەخیان پێدەدەن و شانازییان پێوەدەکەن، وەك: (ئەلیازە و ئەڵمازە) لای یۆنانییەکان و (شاهنامەی فیردەوسی) لای فارسەکان و (گلگامێش) لای عەرەبەکان و ....هتد)، بەلاّم بەداخەوە ئێمەی کورد لەمبوارەشدا هەر تەواو بێباکین و هیچ منەتمان پێی نییە. خۆ ئە ئەگەر ئێمە لە داستان و میسۆلۆژیای دینیمان ئاگاداربین کە لە تێکستە پیرۆزە خۆماڵییەکاندا هەن، هەرگیز بەو ئاکارەدا ناچین (کێخوسرەو) بکەین بە فارس و خۆمانی لێ بەریبکەین، داستانی ئەفراندنی یەکەم مرۆڤ لە تێکستە دیینییەکانی ئێمەدا بەمشێوەیە هاتووە، کاتێك پەروەردگار ویستویەتی یەکەم مرۆڤ لە رەوانی خۆی و لە (مادە = خۆڵ و ئاو) ئافەریدەبکات، فەرمانیداوە خۆڵی کێوی (سەرەندیل)ی بۆ بهێنن، ئیزرائیل خۆڵەکەی هێناوە فریشتەکان خەمیرەیان لەسەر شێوازی مرۆڤ لێدروستکردووە، کاتێك پەروەردگار فەرمانیداوە بە رەوان بچێتە ناو خەمیرەکەوە، وتویەتی من لە (دۆنی بالاّ= دۆنی فریشتە)دام و ناچمە ناو خۆڵەوە، چونکە خۆڵ پیسە، خۆڵیش هاواریکردوە تاقەتی بە

---

[٣٤] - (موشیر ئەلدەولە حەسەن پیرنیا)- تاریخ ایران باستان- جلد (٢)- لاپەڕە (٢٢١٨).

[٣٥] - (موشیر ئەلدەولە حەسەن پیرنیا)- تاریخ کامل ایران- قبل از اسلام- لاپەڕە (٣٠٧).

مرۆڤبوونم نییە، چونکە مرۆڤ لەسەر زەوی تاوان و خراپەکاری پیادەدەکات، ئیتر پەروەردگار فەرمانیداوە بە (وەهومەن) کە فریشتەی یەکەمی دیینی زەردەشتییە و هەر ئەوەیە کە لە دیینی پیرۆزی ئیسلامدا ناوی (جوبریل)ە، تەمبووریان بۆ بژەنێت و سروودی (سەرتەرز)یان بۆ بچڕێت، بەوەش هەتا رەوان قایلبووە و چووەتە ناو خەمیرەکەوە و یەکەم مرۆڤ ئافەریدەکراوە[٣٦]. ئەمە جوانترین (میسۆلۆژیای دینییە) لە هینی زۆربەی نەتەوەکانی تر گەوەتر و بەنرخترە، چونکە ئەفراندنی مرۆڤی بەستووە بە پیرۆزی رۆحی خودایی و دوو پایە لە پایەکانی رۆشنبیرییەوە کە (هونەر و ئەدەب)ن، هونەر وەك ئاوازی سروودی سەرتەرز و ئەدەبیش وەك تێکستی شیعری سرووەدکە. ئەمانە خوارەوەش چەند دێڕێکن لە سرووەدی سەرتەرز کە لە لایەن (شاعیران و عاریفانی یارسان)ەوە هۆنراوەتەوە.

ئەر چون کێخوسرەو خوسرەوانیت بۆ
ئەو جوقەی درەفش کاویانیت بۆ
تاجی دەسەڵات نەسەر سەرت بۆ
حەفتاودوو[٣٧] کیشوەر فەرمانبەرت بۆ
باز هەم تاوەسەر دنیات نەوەردەن
دماییت مەرگەن هەر مەوۆ مەردەن[٣٨]

---

[٣٦] - ئەیوب رۆستەم- کاریگەری ئاتوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (١٠٥)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان.

[٣٧] - ژمارەی (٧٢) وەك پیرۆزییەکی دیینی لە زۆر شوێنی پێشینەی دیینی ئێمەدا هەیە، ئەوەتا بەشی یەکەمی ئاڤێستا سەرەتا (٧٢) بەند بووە و کتێبی (بارگە بارگە)ش کە بەشی یەکەمی کتێبی (سەرەنجام)ە (٧٢) بەندە، (کوشی زەردەشتی= پشتێنی زەردەشتی)یش لە (٧٢) تاڵ مووری رێسراو دروستدەکرێت، بە پێی باوەڕی یارسانەکانیش لە سەرانسەری تەمەنی دونیا (٧٢) بارگەی خودایی دادەبەزنە سەر زەوی و یەکەم بارگەش لە (کەعبەی پیرۆز)دا بووە.

(نووسەر)

[٣٨] - (ئەیوب رۆستەم)- کاریگەری ئاوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (١٠٥)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی (جەمال عیرفان).

ئاشکرایە بوونی ناوی (کێخوسرەو) لە میسۆلۆژیای دیینی ئێمەدا، هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە ناوبراو کورد بووە و لە ناو پیرۆزییەکانی ئێمەدا نەوەك هەر ناوی هەیە، بەڵکو وەك نموونە باسکراوە.

سەبارەت بەوەش کە دەڵێن (دینمان ئاییمانە نیشتمان) گومڕایی و سووکاتیەتیکردنە بە دیین، پێویستە باس لەوەبکەین بە پێی چەندین سەرچاوە وشەی دیین لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئاوێستاییەو لە (دئنا[39])وە هاتووە کە (وێژدانپاکی) دەگەیەنێت، خۆ ئاشکراشە هەر مرۆڤێك خاوەنی خاك و نیشتمان نەبێت، (ویژدان)ی دەکەوێتە ژێرپرسیارەو و ناتوانێت خاوەنی ویژدانێکی پاکبێت، لەمبوارەشدا نموونە زۆرن پێویست بە ناوهێنان ناکات. خۆ ئەگەر بە دیوێکی تریشدا لەمە بڕوانیین، خۆی لە خۆیدا پیرۆزی و گەورەیی دیین بە لای شاعیرەوە دەگەیەنێت.

دیارە نەیارانی دەقی (ئەی رەقیب) بێجگە بە بیانوو هێنانەوەی ئەم وشەو دەستەواژانەی کە خرانەڕوو، زۆجار ئەوەش دەڵێن گوایا (دڵدار) خۆی کەسێکی بێباوەڕ بووە و نموونەش لە شعرێکی دەهێننەوە بەناوونیشانی (ئەی خودایە) کە لە دوو دێڕی کۆتاییدا وتوویەتی:

گەر لە ئەفلاکا هەبایە حاکمێکی تر بەرقەرار
سا ئەچووم ئەموت خودای من سوودی ئینسانی نیە
رەنگە کەم دیدە و مەلایان هانی خەڵکی وا بدەن
کوشتنی دڵدار حەلاڵە چونکە ئیمانی نیە[40]

ئەگەر بە وردی لەم دێڕانە رامێنین، ئەوە بە دڵنیاییەوە باوەڕداری (دڵدار)یان لێدەچۆڕی نەوەك بێباوەڕی، چونکە لە لایەکەوە وتویەتی (گەر لە ئەفلاکا هەبایە حاکمێکی تر بەرقەرار)، کەواتە شاعیر تەواو دڵنیایە کە هێزی باڵادەست و بەرقەرار لە ئەفلاکا تەنها و تەنها خودای گەورەیەو هیچ هێزێکی تر نییە، ئەمەش جۆرێك لە

[39]- (هادی بەهمەنی)- پەیامی هەورامان- بەرگی یەکەم- پەراوێزی لاپەڕە (٣٣٢).
[40]- (عەبدولخالیق عەلائەدین)- دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد- لاپەڕە (١٨٥).

(نەفی و ئیسپات)ەکەی نێو شایەتومانی موسڵمانان وەبیردەهێنێتەوە کە تیایدا هاتووە (اشهدوا ان لا الهە الا اللە). ئینجا لە دوا دێڕدا ترسی ئەوەی هەیە کە کەمدیدە و مەلایان وا بزانن بێباوەڕەو کوشتنی حەڵاڵبکەن، ئاشکرایە هەر خودی ترسەکەی ناوبراو ئەوە دەگەیەنێت کە باوەڕدارە، هەروەها وشەی (رەنگە)شی بەکارهێناوە کە لەوانەشە وا نەبێت و ئەو حوکمەی بەسەردا نەدرێت، دیارە مەبەستیشی لە کەمدیدە و مەلایان هەموو مەلایەك نییە و زیاتر گوتارەکەی بۆ ئەوانەیە نەزانن و خۆیان لێبووەتە هەموو شت، ئەگینا مەلا و زانای ئایینی راستی، هەمیشەو لای هەموو کەس شوێن رێزلێگرتن و سوپاسگوزارین.

لە کۆتایی ئەم لاپەڕانەدا دەڵێین، مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە، نە داکۆکیکردنی ناڕەوایە لە دەقی شیعری ئەی رەقیب، نە دژایەتیکردنە بە نەیارانی دەقەکە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی دیالۆگێکی رۆشنبرانە و دەرخستنی راستی لە سەر رۆشنایی بەڵگە و تێکستی بەردەست.

# سرووتی- ویۆڵە باڵێ= بووکە بەبارانێ
# لە ناو رەگەزەکانی هەنەری ( شانۆ )دا

# سرووتی- وێوڵە باڵێ= بووکە بەبارانێ
# لە ناو ڕەگەزەکانی هەنەری ( شانۆ )دا

شتێکی ئاشکرایە سرووتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بە شێکی گرنگ لە دابونەریتی ئەو پێکهاتەیەن، دابو نەریتی کۆمەڵایەتیش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی درووستبوونی نەتەوەو لایەنێکی گرنگی پێکهاتەی کولتوورییەتی، هەروەها شوێنی دیاری لەناو بیرو هزری تاکەکانیدا هەیە، دابو نەریتو شێوەی ژیانو بیروباوەڕی (تیرە، هۆز، خێڵە) کوردەکانیش بە (نیشتەجێو کۆچەر)یانەوە وێناکردنێکی ئەتنۆگرافییانەی کۆمەڵی کوردەوارییە، بۆیە پێویستە لەگەڕانو ئەودالبوون بەدوای کۆکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیماندا بایەخی خۆی بدرێتێ، لای هەندێك کەس لێکدانەوەی زۆرهەڵە بۆ دابو نەریت دەکرێتو پێیانوایە تەنانەت ناوهێنانیشی بقەیە، چونکە گەڕانەوەیە بۆ ناو سروشتو سونەت، بەلام ئەمە خۆی لە خۆیدا تێڕوانینێکی ساویلکانەی سەرپێییە، شتێکی ڕاستە لەناو کۆمەڵە دواکەوتووەکاندا پابەند بوون بەدابونەریتەوە بە ئاستێك لە ئەقڵیەتیاندا ڕەگی داکوتاوە، جاری وا هەیە هێزی یاسا دەبەزێنێتو هیچ بیرێکی نوێش ناتوانێت بەئاسانی پاشەکشێ بەو پابەندبوونەوە بکات، بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵانەدا بڕیارە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام داواکارییەکانی ئایدۆلۆژیا وبیری پێشکەوتووخواز دەدەنە دواوەو زۆرجار خودی ئایدۆلۆژیا لەبەردەم بڕیارە خێڵەکییەکاندا دۆشدادەمەنێت، هەندێك جاریش، نەوەك هەر دۆشدادەمێنێت، بەڵکو خۆیشی دەبێت بەبەشێك لە واقعەکەو توانای هیچ گۆڕانکارییەکی نامێنێت. دیارە (دابو نەریت) بەشێکی کۆنبووەو سەردەم بەجێیهێشتووە بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایەت، بەلام هەندێك لە دابو نەریتەکان لێوان لێون لە جوانیو دەکرێت لەگەڵ ڕۆحی چەرخو پێشکەوتنخوازیشدا بگونجێن، بۆیە نەفرەتکردن لێیان دەچێتە هەمان تای تەرازووی پابەند بوونی کوێرانە بە دابو نەریتە دواکەوتووەکانەوە.

لەبەرئەوەی ئەم سەردەمە سەردەمی جیهانگیریو پێشکەوتنی زانستیو تەکنۆلۆژییە، پێدەچێت قسەکردن لەسەر دابو نەریت لای هەندێك کەس بەشتێکی بێبایەخ لەقەڵەمبدرێت، بەڵام ئەو بەڕێزانەی بەم شێوەیە بیردەکەنەوە دەبێت ئەوە بزانن هەر نەتەوەیەك کە تێکەڵاو بەدنیای جیهانگیری دەبێت، پێویستە خاوەنی گوتاری نەتەوەیی خۆی بێت، ئەگینا ناسنامەی خۆی لەدەستدەداتو لەو جیهانەدا بەتەواوی گومدەبێت، بەو پێیەش دابو نەریت بەشێکە لە ناسنامەی نەتەوەیی، لێرەوە ئیتر گرنگی دابو نەریت دەردەکەوێت.

هەر لەم بوارەدا دەڵێین: ئەگەر دابو نەریت گرنگ نییە، ئەی بۆچی دەبێت کەسێکی وەك (ئەلکسەندەر ژابا) کە کونسوڵی رووسیای تزاری لە (ئەرزوڕۆم)و خۆرهەڵاتناسێکی ناسراو بووە، ئەوەندە بایەخیداوە بەنووسینەکانی (مەلا مەحمودی بایەزیدی[1])، خستوونیەتەسەر زمانەکانی (رووسی، فەرەنسی) و لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا بلاْویکردوونەتەوە، یاخود چۆن خانمێکی بیانی وەك (هانی هارۆڵد هانسن) کتێبێکی گەورەی لەبارەی ژنی کوردەوە بەناوی (ژیانی ئافرەتی کورد) نووسیوە، لەو کتێبەدا باسی چەندین بابەتی کردووە، وەك: (پایەی کۆمەڵایەتی ژنی کورد، بەشوودانی، جلوبەرگی، خۆڕزاندنەوەی، منداڵبوونی، منداڵ بەخێوکردنی، هەموو هەڵسووکەوتەکانی تری لەناوماڵو لەدەرەوەی ماڵدا...هتد[2]).

---

[1] – (مەلا مەحمودی بایەزیدی) زانایایەکی ئایینیو زمانناسێکی دیاری سەدەی نۆزدەیەم بووە، دەستێکی بالاْی لە (ئەدەب، زمان، نووسینی دەستنووس)دا هەبوە، کتێبی دابو نەریتی کوردەواری یەکێکە لە دەستنووسە بەنرخەکانی ناوبراو کە (ئەلکسەندەر ژابا) لەگەڵ خۆیدا بردوونی بۆ رووسیاو لە نامەخانەی (سالیکۆف شیدرن) پاراستوونی.

بڕوانە: (مەلا مەحمودی بایەزیدی)- دابو نەریتی کوردەواری- لاپەڕە (٥) وەرگێڕانی لە رووسیەوە- د. شوکریە ڕەسووڵ).

[2] – (هێنی هارۆڵد هانسن) - ژیانی ئافرەتی کورد- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە- عەزیز گەردی- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا-١٩٨٣.

پاش ئەم چەند دێڕەی سەرەوە دێینە سەر ئەوەی، ئەگەرچی دابونەریت یەکێکە لە بنەماکانی دروستبوونی نەتەوە، نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوە خۆرهەڵاتیانەی تا ئێستاش دابو نەریت کاری خۆی تێدادەکات، بەڵام دەبینین ئەو کارکردنە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، تەنانەت هەندێکجار لە خێڵێکەوە بۆ خێڵێکی تر جیاوازە، ئەم جیاوازییەش لە هەندێك دابونەریتی کۆمەڵایەتیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، هەر بۆ نموونە: (ژن بە ژن) کە هەر لە کۆنەوەو ئێستاشی لە گەڵدا بێت، لە ناو ژمارەیەك لە تیرەو خێڵە کوردەکانو لە ناوچەی جیاجیای کوردستاندا پەیڕەویدەکرێت، کەچی لە هەوراماندا پەیڕەویناکرێتو ئەگەر لە کۆنیشدا بە دەگمەن بوونی هەبووبێت، ئەوە لای زۆربەی هەرە زۆری هەورامییەکان بە دیاردەیەکی خراپو ناڕەوا سەیرکراوە، ئەوانەش (ژن بە ژن)یان کردوە بە خەڵکێکی ناپەسەند سەیرکراونو بوونەتە شوێنی تانەلێدانی خەڵکی دەورووبەریان. کەواتە دەکرێت لە ناو نەتەوەیەکدا جیاوازی لە ناو هەندێك لە سرووتو خوە کۆمەڵایەتییەکانیاندا هەبنو ئەوەش نابێتە هۆکاری لەقبوونی یەکێك لە بنەماکانی پێکهاتەی نەتەوەیی.

بە بۆچوونی ئێمە ئەم دێڕانەی سەرەوە بەسن، بۆ ئەوەی ئیتر بتوانین بچینە ناو کرۆکی بابەتەکەمانەوە، بەناوونیشانی (سرووتی وێوڵە باڵێ= بووکە بەبارانێ، لە ناو ڕەگەزەکانی هونەری شانۆدا).

## کورتەیەك سەبارەت بە سرووتی (وێوڵە باڵێ = بووکە بە بارانێ)

ئـەم سـرووتە لـە زۆر ناوچـەی کوردەواریـدا بەڕێوەدەچـێت، بـەڵام شـێوازی بەڕێوەچوونی لە ناوچەی هەوراماندا لە ناوچەکانی ترجیاوازە، هـەر ئـەو جیاوازییـەش هانمانـدەدات کـە بڵـێین پێدەچـێت سـەرەتا لـە هەورامانـدا سـەریهەڵدابێتو پاشـان بـە شوێنەکانی تری کوردەواریدا بڵاوبووبێتەوە. جێی داخە هەندێك بەڕێز کاتێك باس لەم سـرووتە کۆمەڵایەتییـە و هەنـدێك سـرووتی تـریش دەکـەن، زۆربـەیان دەبەنـەوە نـاو شارستانییەتە دێرینەکانی خۆرئاوا، لەوانەش هەردوو شارسـتانێتی (یۆنـانی و رۆمـانی)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا داماڵینی سرووتەکانە لە رەگە خۆماڵییەکانیان، ئێمـە پێمانوایـە بەستنەوەی ئەم سرووتانە بەو شارستانیەتانەوە زیاتر قەبەیانناکات، بەڵکو دەبێتە هۆی لـە دەسـتدانی شـتیك لـە رەسـەنایەتی کولتـووری خۆمـان، راسـتە ئـەو شارسـتانییەتانە ئاماژەیانپێدرا گەورەنو نکولی لـە کاریگـەرییان لەسـەر دەرەوەی خۆیـان ناکرێـت، بـەڵام ناشـکرێت ئێمـەی کـورد وەك نەتەوەیـەك کـە هـەزاران سـاڵ تەمەنمانـە و لـە نـاو خـاکی خۆماندا دەژین، خاوەنی هیچ شـتێك نـەبینو پێمانوابێـت ئـەم وڵاتـەمان هەمیـشە هـەر چۆڵو هـۆڵ بـووەو هـەموو شـتێکی بێبنەمایـە. هـەر لـەمبوارەدا جێـی خۆیـەتی ئـەوە بهێنینەوەیاد، رۆژێك بۆ کاری ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنییەی کە ساڵانێکە بـە ئامادەکردن و پێکەشکردنیەوە سەرقاڵم و لە سەتەلایتی گەلی کوردستانەوە پیشاندەدرێت، چووم بـۆ بەشی مۆنتاژی دەنگی، خانمێکی چاوکراوە و رۆشنبیر لەوێ بوو پێویـست بـە ناوهێنـانی ناکـات، باسـی لـەوەکرد کـە نیازمەنـدە بەرنامەیـەکی تەلـەفزیۆنی تایبـەت بـە سـرووتی (بووکـە بـەبارانێ) تۆماربکـات، بـۆ ئـەوەش هـەوڵی زۆری دابـوو، تێکـستی بەرنامەکـەی نووسیبووەوە، داوای لێکردم پاش تەواوبوونی کارەکـەم چـاوێکی پیابخشێنم، منـیش زۆر بەلامــەوە باشــبوو، دوای ئــەوەی کارەکــەی خــۆمم تــەواوکرد، بــە وردی تێکــستەکەم خوێندەوە، بۆ هەوڵەکەی دەستخۆشیم لێکرد، بەڵام داخەکەم ئەو ناوی سـرووتەکەی بـۆ سـەر زمـانی یۆنـانی گێڕابـوەوە، باسـی لـەوە کردبـوو وشـەی (بـووك) لـە وشـەی (بـوغ، بـوگ)ی یۆنانیـەوە هـاتووە و سەرچـاوەکەی کـوردی نییـە، بەرامبـەر ئـەو دەربڕینـەی پێموت، ئێمەی کورد شتی تایبەت بە خۆمان هەیـەو هـەرگیز ناکرێـت وەك سـڵقی رووت

سـەیری خۆمـان بکـەین، ئەوەشـم پێـوت تـۆ باسـی (بووکـە بـەبارانێ) دەکـەیت، بـەڵام داخەکـەم تـەنها لەسـەر بنـەمای ناوەکـە لـە شـێوەزاری کرمـانجی ناوەڕاسـتدا وشـەکەت شیکردووەتەوە، ئەوەش هەرگیز نابێت بـە بنـەما بـۆ ناوەکە لە هەموو شـێوەزارەکانی تری زمانی کوردیدا، هەر بۆ نموونە لەشێوەزاری هەورامیدا، ناوی تری هەیە و (بووکە بەبارانێ)ی پێناوترێت، بەڵکو ناوەکەی (وێوڵە باڵێ)یە، زۆر ئاشکراشە کە وشەی (بـووك و وێـوڵێ) هـەروەها (بـاران و بـاڵێ)، هـەرگیز رەگیـان یـەك نییـە و زۆریـش لـە یـەکتری جیاوازن، هەر بۆیە ناکرێت ناوی سرووتەکە بەمشێوەیە تۆ باستکردووە، ببەسترێت بـە دەرەوەی نەتەوەکەی خۆمانەوە.

دێمـەوە سـەر کرۆکـی باسـەکە، هـەر وەك ئاشـکرایە ئـاو یەکێکـە لـە هۆکـارە گرنگەکانی بەردەوامبوونی ژیان، زۆرو کەمی (ئاو)یش راستەو راست پەیوەنـدییان بـە رادەی بارینی بەفرو بارانەوە هەیە، کۆمەڵی کوردەواری بە شێوەیەکی گشتی کۆمـەڵێکی کشتییاریی بووە، سەرچاوەی سەرەکی بژێوی خەڵکەکەی لە کۆنـدا کـشتیاریو ئاژەڵداری بوون، رێژەیەکی زۆریش لە خەڵکی ناوچەی هـەورامان وەك پێکهاتەیـەکی ئـەم کۆمەڵە، بـۆ بـژێوی ژیانیـان پـشتیان بـە (باخـداری و ئاژەڵـداری)و بـە ئاسـتێکی کـەمتریش بەرهـەمهێنانی چـەند بـەروبوومێکی کێڵگـەیی بەسـتووە، هـەر لەوەشـەوە بێبـارانیو وشکەساڵی کاریگەری زۆر خراپیان لە سەریان هـەبووە. بۆیـە هەمیـشە لێیـان ترسـاون و بە نەزیری شوومیان زانیون.

بووکە بە بارانێ لە هەورامانـدا لەو ساڵانەدا بەڕێوەدەچێت کە لـە وەرزی پاییزدا بارانبارین دوادەکەوێتو لـە کـاتی خۆیـدا (پەڵـە) نـادات، یـاخود سـاڵەکە بـە شـێوەیەکی گشتی کەمبارانی دەبێت، دواکەوتنی بارانبـارینو پەڵەنـەدانیش دەبێتـە هـۆی نیگـەرانی خـەڵك بـە گـشتیو هـەژاران بـە تایبـەتی، هاوکـات ترسـی وشکەسـاڵیو قـات وقڕیـان لێدەنیشێت، چونکە باران مانای ژیانەو بڕبڕەی پشتی ئەو کۆمەڵگانەیە ئابوورییەکەیان پـشت بـە کـشتیاری دەبەسـتێت، بۆیـە ژمارەیـەك لـە منـداڵو مێردمنـداڵان کۆدەبنـەوەو هەندێکجاریش چەند کەسێکی پێگەیشتوویان تێدان، ئەوانـەی کۆدەبنـەوە بووکەڵەیـەك لـە شـێوەی مـرۆڤ لـە دار دروستـدەکەن وجلوبـەرگی ژنانـەی لەبەردەکـەن، لـە شـێوەی

بووكەڵەیكدا بە جوانی دەیرازێننەوە، یەكێكیان بەرزیدەكاتەوەو ئەوانی تریش لە پشتی بووكوڵەكەوە ریزدەبن، پاشان بە شێوەیەك لە رێپێوانی لەسەرخۆ دەكەونەڕێ بۆ ئەو شوێنەی مەبەستیانە، دیارە ئەو شوێنەش مەزاری یەكێك لە پیرەكان، یان پیاوە دیندارەكانی ناوچەكەیە، هەر لە گەڵ دەستپێكردنی رێپێوانەكەدا (شیعربێژ) كە هەر خۆشی سەرپەرشتی سرووتەكە دەكات، یان ئەو كەسەی (بووكەڵە)كەی هەلگرتووە، دەستدەكات بە شیعرخوێندنەوەو سروود چڕین، خۆی نیوەی یەكەمی دێڕە شیعرەكە لە سەر ئاوازێكی تایبەت دەخوێنێتەوە، ئەوانەش لە گەڵیدان نیوە دێڕی دووەمی بۆ تەواودەكەن، هەندێكجاریش هەموویان پێكەوە شیعرەكە دەڵێنەوە، جارجار رێكدەكەوێت لە ناو ئامادەبووانـدا، (دەفژەن)یش هەیە كە بە ژەنینی دەف بەشداری رێوڕەسمەكە دەكات.

بە درێژایی رێگەكەیان لە لایەن خەڵكی گوندەكەیان، بە تایبەت (ژنانو كچان)ەوە ئاوپرژێندەكرێنو بووكەڵەكە بە تەواوەتی تەڕدەبێت، هەندێك لە ژنانیش كاتێك بووكەڵەكە لە بەردەمماڵیاندا تێدەپەڕێت (گوێز، مێوژ)، یان نوقڵو چكلێت بەسەریاندا دەڕژێنن.

شیعرە دیارەكانی سرووتی (وێوڵە باڵێ= بووكە بەبارانێ) لە هەوراماندا بە شێوەزمانی هەورامین، ئەمانەش چەند نموونەیەكیانن:

**وێوڵە باڵۆ سەرو پیرا**
**یاخوا وارۆ پێ فەقیرا**

واتاكەی بەم شێوەیە: بووكە بەبارانێی سەری پیران خوایە ببارێت بۆ فەقیران.

**واران وارۆ پێ خەڵەی**
**گیواو بڕسۆ پێگەلەی**

باران ببارێت بۆ گەنمو، گیاش بۆ مەڕو ماڵات سەوزبێت.

لەو ناوچانەدا بە شێوەزمانی كرمانجی ناوەڕاست گۆدەكەن، ئەم جۆرە شیعرانە لە ناو سرووتەكەدا هەن، بۆ نموونە:

بووکە بەبارانێ
سەعـاتی جارانێ
ئاوی بن دەغڵاَنـێ
گەنم‌و جۆ هەرزانێ[٣]

ئەم دێڕانە لە سەرچاوەیەکی تریشدا بەم شێوەیە هاتوون:

بووکە بە بارانێ
ئاوی بن دەغڵاَنێ
سەعاتی جارانێ
هەیاران‌و مەیاران
یاخوا داکاتە باران
بۆ فەقیرو هەژاران[٤]

ئەگـەر بێـتو بـە وردی لـە سـرووتی (وێوڵـەباڵێ= بووکـە بـە بـارانێ) وردببینـەوە، بۆماندەردەکەوێت ئەم سرووتە ئەگەرچی سرووتێکی کۆمەڵایەتییـە، بـەڵام بنەمایـەکی دینی‌و چینایەتیشی هەیە، بنەما دینیەکەی لەوەدا بەرجەستەبووە ئامـادەبووانی لـەخوا دەپاڕێنەوە بارانببارێت‌و شوێنی بردنی (بووکەڵە)کەش مەزاری یەکێك لە پیرەکـان، یـان پیاوە دیندارەکانە، ئامادەبووانی سرووتەکەش هەموویان کە گەیشتنە سەر مەزاری پیرو پیاوچاکەکان نزا وپارانەوەیان بۆ بارانبارینە.

هەنــدێك رازی دەمــاودەمیم بیــستوون گوایــا هەورامییــە پێــشینەکان لــەبری درووسـتکردنی بووکەڵـە لـە دارو جلوبـەرگ، کەسـێکیان لـە نـەوەی پـیرو پیاوچـاکانی ناوچەکە بەکارهێناوەو لەکۆتایی رێپێوانەکەیانـدا خـستوویانەتە نـاو ئـاوەوە، بـە چـاوی خۆشم دیومە لە ساڵی کەمبارانیدا کەسێك بە ناوی (سەی محەممەد) لە نەوەی شـاعیری

---

[٣] – (ئەحمەد سالار)- دەروازەی دراما-بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٥١)- ١٩٨٠.

[٤] – (ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ)- کاریگەریی کەلەپووری کورد لە شانۆی کوردیدا- لاپەڕە (١٦٧)- چاپی یەکەم- ٢٠٠١.

گەورەی ناوچەی هەورامان (صەیدی هەورامی)یان، خستوەتە ناو حەوزی مزگەوتو خانەقاوە هەتاکو بارانبباریێت.

پێویستە ئەوە بزانین شوێنی پیرەکان لە شیعرەکانی (وێولە بالی)دا دیارو گاریگەرە، وەك دەڵێن، (وێولە بالۆ سەرو پیرا)، شتێکی ئاشکرایە پیرەکانی هەورامانو شاهۆ پیاوی (دیندار، زانا، عاریف)ی سەردەمی خۆیان بوونو لای خەڵك زۆر بە گەورە سەیرکراون، پاش لە دونیا دەرچوونیشیان خەڵکان بە مەبەستی جیاجیا دەچنە سەر مەزارەکانیان، پێیانوایە سەردانی ئەو مەزارانەو پاڕانەوە تێیاندا، هۆکارێکی گاریگەرە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان.

چوونە سەر مەزاری پیرو پیاوچاکان ئەگەرچی لە رووی زانستییەوە دەدرێتە دواوەو هیچ پاساوێکی نییە، بەڵام تا ئێستاش لە رووی رەوانییەوە پیرۆزی خۆی هەیە، دیارە لە رووی زانستییەوە مردن دواقۆناغی گەشەکردنی بایەلۆژی مرۆڤەو مردووش هیچ شتێکی لە دەستنایەت، بەلام لە رووی رەوانی و عیرفانەوە بەمشێوەیە نییە، دونیای سۆفیگەری مانایەك بە مردنی پیاوچاك نادات و پێیوایە ئەو پیرەی گەیشتە قۆناغی (بەقای دوای فەنا) رۆحی هەمیشە ئامادەیە، لەمبارەوە (محەممەد بەهائوددینی بوخارایی) کە بە (شاهی نەقشبەند) ناسراوەو دامەزرێنەری رێوڕەچەی نەقشبەندییە، فەرموویەتی: (فەنا) بریتییە لە دوا قۆناغی (سیر الی الله) واتە رۆیشتن بۆ گەیشتن بە هەق، (بەقا)ش بریتییە لە (سیر في الله) واتە بەهرەمەند بوون لە روونـاکی هەقو گەیشتن بە مرازو بەرخورداربوون لەو دەستکەوتانەی لەو نزیکییەوە بەدەستدێن، لەم بارەوە سەدان گێڕانەوەو رازو تێڕوانین هەن کە لە دونیای عیرفانو سۆفیگەریدا بایەخی خۆیان هەیە، ئێمە تەنها یەکێکیان کە ئەویش خەوەکەی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یەو لە دەیان سەرچاوەدا باسی لێوەکراوە دەهێنینەوە یاد:

(مەولانا خالیدی نەقشبەندی) کاتێك لە سلێمانیدا بووەو بەر لەوەی سەفەری (هیند) بکات، (شێخ عەبدولای دەهلەوی) لە شێوەی دەروێشێکی هەژاردا هاتووەتە خەوی و پێوتووە: خالید هەستە بڕۆ بۆ حەج، لەوێ دەروێشێك دەبینیت داوێنی عەباکەی ماچبکە، ئەوەش دەبێتە یارمەتیدەرت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی بۆی

تێدەکۆشیت. (مەولانا خالید) گوێی بەو خەوە نەداوە بە شێوەیەك پاش چەند ساڵێك هەر بە تەواوی لە یادی چووەتەوە[5]، بەلاَم کاتێك چووە بۆ حەج لە ناو (کەعبە)دا دەروێشێکی بەرچاوکەوتووە کە بە دەنگێکی بەرز پێیوتووە (خالید) ئەوە خەوەکەت فەرامۆشکردووە، ئەگەر نەچیت بۆ (دەلهی)، ئەوە رێی رزگاربوون لە بەر دەمتدا زۆر درێژدەبێت، (مەولانا خالید) سەری لەو رووداوە سوڕماوەو سەرەڕای ئەوەی هەوڵی زۆری لەگەڵدراوە نەچێت بۆ (دەلهی)، بەلاَم سەفەریکردووەو ماوەیەك لە خانەقای (شێخ عەبدولاَی دەهلەوی)دا سەرقاڵی خوداپەرستی بووە، پاشان کە بۆ سلێمانی گەڕاوەتەوە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر موریدو شوێنکەوتوو لە دەوری کۆبوونەتەوە، هەروەها لە دونیای سۆفیگەریدا بە پلەو پایەیەکی گەورە گەیشتووە.

هەر لەم بارەوە (مەولەوی تاوەگۆزی) لە ستایشکردنی پیرەکەی (شێخ عوسمانی تەوێڵە= شێخی سیراجوددین)دا فەرموویەتی:

شـــێخی دەوڵەمەنـــد بـــە هـــرەی ســـەرمەدی
یاگـــەی حەقیقـــەت جیلـــوەی ئەحمـــەدی
جـــە شـــەو هەوارگـــەی فـــەنا ویـــەردە
پـــای هـــەردەی بـــەقا یاتاغگـــە کـــەردە[6]

پاش ئەم چەند دێڕە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەوانەی بڕوایان بە چوونە سەر مەزاری پیرو پیاوچاکان هەیە دەڵێن: پیرێك کە لە ناو خۆشەویستی خوای مەزندا خۆی تواندوەتەوە، ئیتر ( مردن‌و ژیان) بۆ ئەو یەك مانایان هەیەو هەردووکیان هەر ژیانن،

---

[5] – لەم بارەوە (د. صدیق بۆ رەکەیی) نووسیویەتی: پیاوێك بە ناوی ( میرزا رەحیم بەگ) هاتووەتە لای. داوایلێکردوە بڕوات بۆ (جیهان ئارا)ی هیندستان‌و سەر لە (شا عەبدولاَی دەهلەوی) بدات، لە درێژەی نووسینەکەیدا هاتوە تەنها (٩) مانگ لای ناوبراو ماوەتەوەو بە پلەو پایەی (قوتب) گەیشتوە.

بڕوانە: د.صدیق بۆرەکەیی- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی دووەم- لاپەڕە (٤٧٢).

[6] – ( باسیل نیکیتین)- الاکراد- ص (١٩٩-٢٠٠).

چونکه ئەو پاش لە دونیا دەرچوونی لە ژیانی ( جاویدانی= نەمری)دایە، ، بردنی (وێوڵەباڵێ= بووکە بە بارانێ)ش بۆ سەر مەزاری پیر لەم چوارچێوەدایە.

هەر لێرەدا ئەوە دەخەینە پێشچاو خەڵکان تا ئێستاش کە دەچنە سەر مەزاری پیرو پیاوچاکان (پەڕۆ) دەبەستن بە داری سەر مەزارەکەیانەوە، پێیانوایە هەتا ئەو پەڕۆیانە بە دارەکەوە بن، نزای پیاوچاکەکان کاردەکات، هەندێك نووسەرو خۆرهەلاتناس وەك: (مۆنسێل، یۆستروب، فێلبێرك، مێجەر سۆن) لە نووسینەکانیاندا ئاماژەیان بەم بابەتە کردووە[٧].

زۆر لە سەر ئەمە ناڕۆین چونکە لە مەبەستی سەرەکی باسەکەمان دووردەکەوینەوە، بەلام پێویستە بنەما چینایەتییەکەی شیعرەکانی ئەم سرووتەش بخەینەڕوو، ئامادەبوانی سرووتەکە لە خوا دەپارێنەوە (باران) بۆ (فەقیران= هەژاران) ببارێت، ئاشکرایە لە هەر شوێنێکدا نەبوونیو قاتوقڕی رووبدەن، ئەگەرچی هەوو خەڵکەکە تێیدا بەشدارن، بەلام راستەوراست کاریگەرییان لە سەر هەژارو نەداران دەردەکەوێو ئەوان رووبەڕووی برسێتیو ترسی مردن دەبنەوە، بە پێچەوانەی ئەوانیشەوە زۆربەی داراو دەوڵەمەندەکان هەوڵی زیاتر بۆ کۆکردنەوەی سامان دەدەن و بەسەر فرمێسك و ئازاری هەژارانەوە دەکەونە تەراتێنی قەبەکردنی سامانەکانیان، هەر بۆیە دەبینین ئەم راستییە لەناو شیعرەکاندا خراوەتەڕوو.

پاش ئەوەی کورتەیەکمان سەبارەت بە (وێوڵەباڵێ = بووکە بەبارانێ) باسکرد، بۆماندەردەکەوێت کە توخمە سەرەکییەکانی بریتین لە:

١- کات - کۆتایی وەرزی پایزو کاتەکانی تری بێبارانی، بەتایبەت لە زستان و بەهاردا.

٢- شوێن - ئەو شوێنانەی کە پەڵەیان تێداناداتو وشکەساڵی روویانتێدەکات.

---

[٧]– (هێنی هارۆڵد هانسن) - ژیانی ئافرەتی کورد- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە- عەزیز گەردی- لاپەڕە (٣٦٤)- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا-١٩٨٣.

٣- کەرەستە سەرەکییەکانی وێوڵە باڵێ: (دار، یان قامیش) هەروەها پەڕۆ بۆ دروستکردنی بووکەڵەکەو جلوبەرگی ژنانە بۆ رازاندنەوەی.
٤- کەسێتییەکان: شیعربێژ، بووکەڵە هەڵگر، دەفژەن، کۆرس کە شیعرەکان دەڵێنەوە، سەرجەم ئامادەبووانی سرووتەکە، هەم لەوانەی بەشداری رێپێوانەکە دەکەن، هەم ئەوانەی لەملاو لەولاوە بەشداریدەکەن و ئاویان لێدەپرژێنن.
٥- رووداو وردەکارییەکانی تری (وێوڵەباڵێ) کە بریتین لە: (بووکەڵەدرووستکردن و رازاندنەوەی، رێپێوانکردن، ئامادەبوون لە سەر مەزاری پیرو پیاوچاکان، ئاوپرژاندن).

دیارە لەم بابەتەدا مەبەستی سەرەکیمان دەرخستنی پەیوەندی سرووتی (وێوڵە باڵێ= بووکە بەبارانێ)یە بە هونەری شانۆوە، بۆیە باشتر وایە سەرەتا تیشکبخەینەسەر هونەری شانۆ، هەر لەم بەوارەشدا ئاوڕێکی خێرا لە زاراوەی (دراما) دەدەینەوە،:

**دراما:** وشەیەکی یۆنانییەو لە وشەی (درام- Dram)ەوە هاتووە کە واتای (کار، فەرمان) دەگەێنێت،وشەکە هەر لەو زمانە کۆنە یۆنانییەوە گەیشتووەتە ناو زمانە نوێکانی ناو گەلانی ئەوروپا و لەوانیشەوە گەیشتووەتە ناو گەلانی تری وەك: (عەرەب و تورك)، هەر بەو جۆرە خۆشی هاویشتووەتە ناو زمان و فەرهەنگی ئەدەب و هونەری گەلی کوردیشەوە[٨].

فەیەسووفی یۆنانی (ئەرستۆ) لە کتێبی (بیوتیکا=Poetice هونەری شیعر)، لە خستنەڕووی تیۆری لاساییکردنەوەدا ناوی (دراما)ی بە (درامات) هێناوە[٩].

وشەی (شانۆ) دەیان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراون، ئێمە نامانەوێ بەو پێناسە زۆرانە سەر لە خوێنەری ئەم کتێبە تێکبدەین، هاوکات پێمانباشە چەند پێناسەیەکیانکە بە چڕی مانای هونەری شانۆ دەخەنەڕوو بخەینە پێشچاوی خوێنەر بەمشێوەیە:

---

[٨]- (ئەحمەد سالار)- دەروازەی دراما- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (١٣)- ١٩٨٠.

[٩]- (ارسطو طالیس)- فن الشعر- ص (١٠)- ترجمە (عبدالرحمان البدوی)- دار الپقافە بیروت- ١٩٧٣.

١- شانۆ بە یەکێك لە هەرە گرنگترینی هۆیەکانی فێربوون و وێنەکێشانی جوانی ژیـان دادەنرێـت، ژیـان بـە بـاری گوزەرانــەوە لـە شـێوەو روویــەکی نـوێی هونــەری پیشاندەداتەوە[١٠].

٢- شانۆ لە ئاسانترین شێوەکانی چالاکییەکی هونەرییەپێش هەموو شتێکی تر[١١].

٣- شـانۆ هونەرێکە تـەنها بـە نمایـشکردنی لـە پێشچاوی بینەرانـدا بـوونی خـۆی دەسەلمێنێت[١٢].

ئەو سەرچاوانەی لە پێشینەی هونەری (شانۆ) دواون، زۆربەیان دڵنیاییانداوە کە جەژنەکانی (دایۆنیزا= دایۆنیسا=Dionezia)بـە سـەرەتای لـەدایکبوونی هونـەری شـانۆ دەدرێنەقەڵەم[١٣].

(دیـۆنیزۆس) بـە بـڕوای یۆنانییـەکان خوداوەنـدی (کێڵگـە و بـەروبووم و پیـت و بەرەکەت)ە، پێیانوابووە پەرستنی ئەو خوداوەندە تایبەتە بە خۆیانەوەو پەیوەنـدی بـە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیانەوە نییـە، سـەبارەت بـە لەدایکبوونیـشی ئەفسانەیەکی باویـان هەیـە کـە تیایـدا هـاتووە: (دیـۆنیزۆس کـوڕی زیـۆس)ی بـاوکی خواوەندەکانـە و دایکی شازادەی شۆخ و شەنگ (سملیە کچی شا قدمۆس) بووە. پێیانوایـە ئـەو خواوەنـدەیان لـە شاخە چۆڵ و ترسـناکەکانی (تراقیـا)وە بـۆ (یۆنـان) دابـەزیوە، بـۆ ڕێزلێنانیـشی سـاڵانە جەژن و فێستیڤاڵ سازدەکەن و سروود دەخوێننەوە[١٤].

---

[١٠] - (ئەحمەد سالار)- دەروازەی دراما- بەرگی دووەم- لاپەڕە (٢٦).

[١١] - (ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ)- کاریگەری کەلەپووری کوردی لە شانۆی کوردیدا- لاپەڕە (٧٢)- چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٧٢.

[١٢]- (نعمان عاشور)- عالم المسرح- ص (١٧)- دار الموقف العربی- القاهرة- ١٩٨٢ .

[١٣]- (ئەیوب رۆستەم)- سرووتە دیینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٦٩)- ٢٠٠٧.

[١٤]– (شلدون تشینی)- تاریخ المسرح فی ثلاثة الاف سنة- ص- (ی)- ترجمة (درینی خشبة)- مراجعة- علی فهمی- المؤسسة المصریة العامة للتالیف والترجمة والطباعة والنشر.

جـــەژن و ئاهەنگـــەکانی (دایـــۆنیزا) رواڵەتـــە ســـەرەکییەکەیان (ســـەماکردن، سروودخوێندنەوە، رێکخستنی کەژاوە و قوربانیکردنـە)، رۆڵـی سـەرەکی لـەم جەژنانـەدا پیـاوە دیینییـەکان و شـاعیرەکان گێڕاویانـە، پیـاوە دینییـەکان دەمامکیـان پۆشـیوە و مەشـخەڵی رووناکیـان بەدەسـتەوەگرتووە، شـاعیرەکانیش شـیعریان خوێندوەتـەوە و سەرپەرشـتی چـڕینی سـروودەکانیان کـردووە، ئامـادەبوانیش بـە بینینـی رێـوڕەسمی جەژنەکان ئەرکێکی دیینیان راپەڕاندووە، ئاشکرایە هەڵسەنگاندنی جەژنەکانی دایۆنیزا وەك سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری شانۆ لـەوەوە دێت،کە پیـاوە دیینییـەکان بـوون بـە ئەکتـەر، شـاعیرەکان ئـەرکیان گـەورەتر بـووە و بـە نووسـەری شـانۆیی ناویـانهێنراوە، ئامـادەبووانی رێوڕەسمەکـەش بینـەری شـانۆگەرییەکە بـوون، هاوکـات شـوێنی سـازدانی رێوڕەسمی جەژنەکان بووە بە تەختەی شانۆ[١٥].

پاش ئەم دێڕانەی خرانەڕوو، دێینەسەر کورتە باسێك سـەبارەت بـە رەگـەزەکانی هونەری شانۆ، بەمشێوەی خوارەوە:

**١-دەقی شانۆیی:** یەکێکە لە رەگەزە سەرەکییەکانی کاری شانۆیی، کەرسـتەی سـەرەکی (دەقی شانۆیی) لە وشە پێکدێت، وشەکان پێکەوە (رسـتە) درووسـتدەکەن‌و رسـتەکانیش پێکەوە دەبن بـە دەق، لـە سـەر رۆشـنایی شـانۆی (ئەرسـتۆیی= ئەرسـتی) دەقـی شـانۆیی پێویستە لە هەموو بارێکدا (یەکێتی بابەت = وحدة الموظوع) کـە بریتییـە لـە (سـەرەتا، گەشەکردن، کۆتایی) بپارێزێت‌و رووداوەکان تێیدا بە پێی هێڵێکی بـەیانی گەشـەدەکەن، بـەڵام لـە شـانۆی (مەلحـەمی= داسـتانی= نـا ئەرسـتی)دا ئەمـە دەچـێتە چوارچـێوەیەکی ترەوەو شێوازی تر وەردەگرێت، رووداوەکان وردە وردە گەشەناکەن، بەڵکو گەشەکردنیان لە سەر شێوەی قەڵەمبازو کتوپڕدەبن[١٦].

---

[١٥] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (ك).

[١٦] – (بەرتۆڵد برێخت)- ژیانی گالیلۆ- وەرگێڕانی- (فوئاد مەجید میسری)- لاپەڕەکانی (٧و ١٥)- چاپخانەی حسام – بەغدا ١٩٨٣.

نووسەری دەقی شانۆیی لە ژێر گارگەریی ئەو ژیانەدایە کە تێیدا دەژی، بۆیە زۆربەی نووسەرەکان هەمیشە لە ئێش‌و ئازارەکانی خەڵکەوە نزیکن‌و زۆرجاریش خۆیان بە یەکێك لە پاڵەوانەکانی نێو دەقەکەیان دەبینن[17].

٢- **ئەکتەر**: رەگەزی هەرە سەرەکییە لە کاری شانۆییداو هیچ کارێکی شانۆیی بە بێ ئەکتەر بەڕێوەناچێت[18]. دەق بە هاوکاری ئەکتەر دەبێتە نمایشێکی شانۆیی، بۆیە هەرچەندە بەهێزبێت، ئەگەر ئەکتەرێکی خاوەن تواناو شیاو نمایشینەکات هێزی ئەو دەقە نامێنێت، بە پێچەوانەشەوە زۆرجار روویداوە بوونی ئەکتەرێکی بەهێزو سەرکەوتوو دەقێکی بێهێزی لە مردن رزگارکردووەو گیانێکی تری بەبەریداکردووە.

پێویستە ئەکتەر کۆنترۆڵی تەواوی بە سەر وروژان‌و جموجووڵەکانی لە کاتی نواندندا هەبێت، هەروەها بزانێت چۆن سوود لە دەنگی وەردەگرێت، هەتاکو بتوانێت دەورەکەی خۆی بە باشی نمایشبکات[19].

٣- **بینەر**: ئاشکرایە هەموو کارێکی شانۆی بۆ خەڵك نمایشدەکرێت‌و ئەو خەڵکانەش پێیاندەوترێت (بینەر)، کەواتە نمایشکردنی هەر کارێکی شانۆیی بە بێ بوونی بینەر واتای نییەو ئامانجی خۆی ناپێکێت. بینەر لە لە شانۆی (ئەرستی)دا پێویستە سۆزو بەزەیی لە ناخیدا بورووژێت، هەست‌و هۆشی ئاوێتەی رووداوەکان بکات‌و لە گەڵیاندا بژی بۆ ئەوەی دەروونی پاکببێتەوە، بەلام لە شانۆی (نائەرستی= مەلحەمی)دا تەواو پێچەوانەیە، چونکە لێرەدا داوا لە بینەر دەکرێت چاودێری رووداوەکان بکات‌و بڕیاریان لە سەربدات، بۆ ئەم مەبەستەش مشتومڕ بە باشترین هۆ دەزانێت بۆ ئەوەی رووبەرووی کەسێتییەکانی شانۆگەرییەکە ببێتەوەو لە هەڵوێستیان بکۆڵێتەوە[20].

---

[17] – (ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ)- کاریگەریی کەلەپووری کوردی لە شانۆی کوردیدا - لاپەڕە (٨٢) - دەزگای چاپ‌و بلاوکردنەوەی موکریانی.

[18]– (ستانسلافسکی)- اعداد الدور المسرحي - ص (٤٩٢)- ترجمة- (د. شريف شاكر) .

[19]– (ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ)- کاریگەری کەلەپووری کوردەواری لە شانۆی کوردیدا- لاپەڕە (٨٦).

[20]– (بەرتۆڵد برێخت)- ژیانی گالیلۆ- لاپەڕە (٩).

**٤-دەرهێنەر:** بە گەڕانەوەیەك بۆ ئەو سەرچاوانەی باس لە مێژووی هونەری شانۆ دەکەن، بۆماندەردەکەوێت دەرهێنەرو کاری دەرهێنان لە سەرەتاوە لە رەگەزە بنچینەییەکانی شانۆ نەبوونو بایەخیان پێنەدراوە، دەرکەوتنی دەرهێنەر وەك فاکتەرێکی سەرەکی لە کاری شانۆییدا پاش سەردەمانێکی دوورو درێژ لە سەرهەڵدانی شانۆ ساڵی (١٧٥٠ز) دەستنیشانکراوە، ئەو دەستنیشانکردنەش بە خاڵێکی گەورەی وەرچەرخان لە هونەری شانۆ لەقەڵەمدەدرێت[٢١].

دەرهێنەر لەکاری شانۆییدا دەقو ئەکتەر هەڵدەبژێرێت هەر بۆیە زۆرجار هەردووکیان دەبنە دیلی بیرو هزری دەرهێنەرو هەندێکجاریش دەستکاری دەقەکە دەکات.

بێجگە لەم رەگەزانەی لەسەرەوە ناومانهێنان، چەند رەگەزێکی تر هەن، هەیانن وەك (مۆزیك) هەر لە کۆنەوە لە کاری شانۆییدا بایەخیانپێدراوە، هەشیانن تا رادەیەك نوێن وەك (رووناکی)، ئەم رەگەزانەش ئەگەرچی کاریگەری زۆر لە سەر کاری شانۆیی جێدەهێڵنو زیاتر جوانکاری فەراهەمدەکەن، بەلاّم بە رەگەزی لاوەکی لەقەڵەمدەرێن، لەو رەگەزانەش: (مۆزیك، دیکۆر وئیکسسوار، جلوبەرگ، ئارایشت، رووناکی).

بەر لەوەی ئەم دێرانە کۆتایی پێبهێنین، ئەوە دەهێنینەوە یاد، لە هیچ تێکستێکی شیعریو مێژوویی شاعیرانو نووسەرانی کۆنی کورددا، وشەیەك کە بەڵگە بێت بۆ زاراوەی (شانۆ) بەدیناکرێت، شاعیری گەورەمان (مەحوی) یەکەم شاعیری کوردە لە دێڕە شعرێکیدا زاراوەی (تیاترۆ)ی لاتینی بەکارهێناوە، وەك فەرموویەتی:

دنیا تیاترۆیە مەوەستە تیا بڕۆ
کێ مایەوە کە نەبووبێ تیا تڕۆ[٢٢]...؟

---

[٢١]– (سامی عبدالحمید)- تطورالذهنية الاخراجية فى المسرحية العراقية- مجلة الاقلام- (٣-٤) ص(١٥) - ١٩٨٧ز.

[٢٢] – دیوانی (مەحوی)- لاپەڕە (٢٥٣)- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

## هەڵسەنگاندنی سرووتی (وێوڵە باڵێ= بووکە بەبارانێ

## لە ناو رەگەزەکانی هونەری شانۆدا

پێمانوایە ئەم لاپەڕانەی تا ئێستا سەبارەت بە سرووتی (وێوڵە باڵێ= بووکە بە بارانێ) رەشکرانەوە، بەسن بۆ ئەوەی ئیتر بتوانین قسە لەو لێکچوونە بکەین لە نێوان سرووتەکەو کاری شانۆیدا هەیە، بۆ چوونە ناو باسێکی لەم چەشنەش پێویستە هەڵسەنگاندنی ئەم سرووتە لەناو رەگەزەکانی هونەری شانۆدا بکەین، وەك پیشتر باسمانکرد رەگەزەکانی هونەری شانۆ بریتین لە رەگەزی سەرەکیو رەگەزی لاوەکی، رەگەزە سەرەکییەکان لە سەرەتاوە لە: (دەق، نووسەر، بینەر) پێکهاتوونو پاش سەدان ساڵیش (دەرهێنەر) خراوەتە سەریان، بۆیە هەوڵدەدەین بوونی هەریەك لەم رەگەزانە لە ناو سرووتەکەدا بخەینە بەرباس.

**یەکەم-دەق:** ئەوەی لە نزیکەوە سەرنج لەم سرووتە بدات، یاخود هەوڵبدات بەوردی لێیبکۆڵێتەوە، هەست بەبوونی (دەق) دەکات، ئیتر دەقەکە بە شێوەیەکی بەرجەستەکراوبێت، یان، بەو شێوەی هەندێك لە سەرچاوە مێژووییەکانی هونەری شانۆ باسی لێوە دەکەن، (لێرەدا پێویستە قسەکانی پرۆفیسۆر ئۆهارا بهێنینەوە یاد کە مامۆستا ئەحمەد سالار لە کتێبی دەروازەی دراما- بەرگی یەکەمدا خستوونیەتەڕوو، ناوبراو نموونەی ئەو راوچییە کۆنەی هێناوەتەوە کاتێك لە راوەکەی گەڕاوەتەوە بۆ ناوخێزانو خێڵەکەی، چۆن چۆن باسی دەستو بازوو تیرهاویشتنی لە کاتی نێچیرپێکانەکەیدا بۆ ئەو کەسانەی دەوری گێڕاوەتەوەو وتویەتی راوچییەکە لە یەك کاتدا هەم نووسەرو هەم ئەکتەرە)[23] ، لێرەوە دەتوانین بڵێین نووسەر لەهەر کارێکدا هەبێت، ئەوە دەگەیەنێ کە دەقێکیش هەیە، چونکە ئەرکی نووسەر نووسینی دەقە، باشە ئەگەر لە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی سادەی لەمشێوەدا دەقو نووسەر هەبن، ئەی بۆ لە سرووتێکدا چەندین بەسەرهاتی تێدان دەق بوونی نەبێت؟.

(دەق) لە ناو سرووتی (وێوڵە باڵێ = بووکە بە بارانێ)ش بریتییە لە:

---

[23] – (ئەحمەد سالار)- دەروازەی دراما- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٦٨).

١-ئەو دێـڕە شـیعرانەی لـە لایـەن بەشـدارانی سـرووتەکەوە دەوتـرێنـەوە، وەك لـە پێشەوە ئاماژەمانپێدان.

٢-ئەو قسانەی لە لایەن ئەو کەسانەوە دەکرێن کە بە درێژایی رێڕەوی سرووتەکە دەیبیـنـن و چـاودێری دەکـەن. ئەمانـە زۆرجـار هـەر خۆشـیان دەقـی شـیعرە تایبەتەکان بە سرووتەکە لە گەڵ بەشدارەکانیدا دەڵێنەوە.

٣-ئەو قسانەی ناو نزاو پاڕانەوانەکان کە لەسـەر مـەزاری پـیران و پیاوچاکان، لـە لایەن بەشدارەکانەوە دەوترێن.

دیارە ئەو شیعرو قسەوباسانەش کە تایبەتن بە سرووتەکە و لەم چوار خاڵەی سـەرەوەدا خرانەڕوو، ئەگەرچی کەمیش بن، بەلاّم ناتوانی نکوڵی لـەوەبکرێت کـە مـاکن بـۆ (دەق)، ئەگەرچی دەقێکیش نـەبن کـە زۆربـەی مەرجـەکانی بـوونی دەقێکـی ئـەدەبی تێـدا بـن، بەلاّم دڵنیاییدەدەن کە لە سرووتی (وێوڵە باڵێ= بووکە بەبارانێ)دا دەق هەیە.

**دووەم- ئەکتـەر**: سـەبارەت بـە رەگـەزی (ئەکتـەر)، شـتێکی ئاشـکرایە لـە نـاو ئـەم سـرووتەدا کۆمـەڵێك کـەس بەشـدارن، هەنـدێکیان بوونیـان زۆر پێویـستە، لەوانـە: (بووکەڵە هەڵگر، شیعربێژی سەرەکی) کە دەتوانرێـت تـەنها بـە بـوونی ئـەم دوو کەسـە رێوڕەسمی سرووتەکە دەستپێبکات، پاشان بەشدارانی تـر دێـن و لـە گـەڵیان تێکەڵدەبن، وەك پێـشتر وتمـان بـۆی هەیـە (دەفـژەن)یـش بێتـە ناویانـەوە، ئەمانـە هـەموویان نمایيشکاری ناو سرووتەکەن، ژمارەی بەشدارەکان لە رووی زۆرو کەمییەوە گرنـگ نییـە، چونکە ئەگەر لەسـەرەتای دەستـپێکردنی سرووتەکەشـەوە کـەمبن، بـە درێـژایی رێگـەی رێڕەوەکەیان زۆردەبن و بەشدارانی تر دێنـە ناویانـەوە، ئەمانـەش هەریەکـەو بـە پێـی قورسـایی بەشـداریکردنیان رۆڵـی ئەکتـەر دەگێـڕن، هـەیانن ئەکتـەری سـەرەکین، وەك: (بووکەڵە هەڵگر، شیعربێژ، جارجاریش دەفژەن)، ئەوانی تـریش ئەکتـەری لاوەکـین کـە بەشداری رێوڕەسمی سرووتەکە دەکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین بوونی ئەم رەگەزەش لە ناو سرووتەکەدا تەواو دیار و ئاشکرایە.

**سێیەم- بینەر**: بەسـەرەنجدان لـە رێـورەسمی بەرێوەچـوونی سـرووتی (وێوڵـە باڵـێ= بووکە بە بارانێ)، یەکسەر دەرك بە بوونی بینەر وەك رەگەزێکی گـرنـگ و سـەرەکی لـە

ناو سرووتەکەدا دەکرێت، بوونەکەش ئەوەندە کاریگەرە بە بێ ئامادەیی ئەم رەگەزە، واتایەك بۆ سرووتەکە نامێنێتەوە، بینەرانی (وێوڵو باڵێ= بووکە بەبارانێ)، بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو کەسانەن کە بەدرێژایی ریڕەوەکەی هەر لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە، هەتا گەیشتنی بەشدارانی بە مەزاری پیران و پیاوچاکان، سەیری نمایشکارەکانی دەکەن و تێکەڵاوی هەستیان دەبن، هەروەها ئەو ژن و کچانەشن کە ئاوپریژێنیان دەکەن و (گوێز و مێوز)، یان شیرینی بەسەریاندا دەبارێنن. ئەوانەش هەر هەموویان وا هەستدەکەن نمایشکارانی سرووتەکە، کارێك ئەنجامدەدەن کاری ئەوانیشەو پەیامێك دەگەیەنێن کە هیوایەکی گرنگی ئەوان لە خۆی دەگرێت، ئەو پەیامەش نزاکردن و لالأنەوەیە و هیواکەشیان لە بارانبارینداخۆی دەبینێتەوە، هەتاکو رووبەرووی وشکەساڵی و قاتوقری نەبنەوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین کەواتە رەگەزی بینەر بەرجەستەیە و نەچەپێندراوە.


**چوارەم- دەرهێنەر:** ئەگەرچی بوونی ئەم رەگەزە لە ناو سرووتەکەدا زۆر پێویستنییە و هەندێکجار خودی شیعربێژ رۆڵی دەرهێنەریش دەگێڕێت بە تایبەت لە رووی رێکخستنی رێڕۆیشتنەکە و دیاریکردنی رۆڵی هەریەك لە بەشدارە سەرەکییەکانی، دواتر شێوازی هەڵسوکەوتیان لە سەر مەزاری پیروپیاوچاکان، بەلأم ساڵأنی پێشتر لە هەورامانداکی رێکخستنی سرووتی (وێوڵەباڵێ = بووکە بەبارانی) زۆرجار کەسێکی تا رادەیەك پێگەیشتوو دەیگرتەئەستۆ، هەر لە سەرەتایەوە هەتا کۆتایی لە رووی: (دابینکردنی پێداویستی، دیاریکردنی رۆڵی هەریەك لە بەشداران، دیاریکردن و رێکخستنی رێڕەو، دیاریکردنی ئەو مەزارەی دەچوونەسەری و هەڵسوکەوتیان لەوێ و ....هتد) سەرپەرشتیدەکردن، کە ئەم کارانە لە خۆیاندا رۆڵی دەرهێنەریان دەدایە، کەواتە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەك لە شێوەکان (دەرهێنەر) لە ناو رێورەسمی سرووتەکەدا هەیە.

پاش ئەوەی باسمان لە بوونی هەر چوار رەگەزەسەرەکییەکەی هونەری شانۆ لەم سرووتەدا کرد، پێویستە قسەیەکیش لەوە بکەین کە رەگەزە لاوەکییەکانیش هەر رەگەزە بەشێوەیەك لە شێوەکان ئامادەییان هەیە، رەگەزی مۆزیك لە ژەنینی دەف و

ئاوازی سرووده‌كاندا ده‌رده‌كه‌وێت، ره‌گه‌زی ئێكسسوارات له‌و پێداویستی و قوماشانه‌دا خۆی ده‌بینێته‌وه‌ كه‌ (بووكه‌ به‌بارانێ)كه‌ی لێدرووستده‌كرێت. زۆرجاریش واده‌بێت كه‌ شیعربێژو بووكه‌ڵه‌ هه‌ڵگریش به‌ جۆرێك له‌ جۆره‌كان ماكیاژده‌كه‌ن و سیمای خۆیان ده‌گۆڕن هه‌روه‌ها جلوبه‌رگی تایبه‌ت ده‌پۆشن، كه‌واته‌ ده‌توانین بڵێین زۆربه‌ی ره‌گه‌زه‌ لاوه‌كییه‌كانی شانۆگه‌ری له‌م سرووته‌دا هه‌ن.

لێره‌دا هه‌رگیز مه‌به‌ستمان گه‌وره‌ كردنی ئه‌م بابه‌ته‌ نییه‌ و نامانه‌وێ له‌ قه‌باره‌ی خۆی زیاتر به‌ سرووتی (وێوڵه‌ باڵێ= بووكه‌ به‌ بارانێ) بده‌ین، به‌ڵام خۆده‌كرێت ئێمه‌ی كوردیش وه‌ك گه‌لانی تر سوود له‌ گه‌لێك تایبه‌تمه‌ندیی كولتووری خۆمان وه‌ربگرین و كاری جیدییان له‌سه‌ر بكه‌ین، ئه‌م سرووته‌و ده‌یان سرووتی تری دیینی و كۆمه‌لایه‌تیمان هه‌ن، شانۆكاران و شاره‌زایان ده‌توانن به‌رهه‌می شانۆیی خۆماڵی جوان لێیان به‌رهه‌مبهێنن و كاری باشیان تێدابكه‌ن.

# ئەلبومی وێنەکان



Baad yawa wa dune sah xowasin wa zat basari ham wa dowray mofassal kalames hanan. (14)badd lowa wa dune baba naau dou zat mehmain we(15) baad lowa wa dune baba jalil wa baba sarhang wa bohlul wa baba bi wa dowres tamam wa zat mehmani ta yawa wa dune solttan sahak wa zat basari wa dowray sah xowsin yak-dafa wa dar zarat ham yafl-dafa manzele wes qerar da.

wa saje nare dowary zarat weyan (wetyan) wa saje nare dowray sahxowsin wa zere saje nar bayanes kerd wa haftwana wa sekle wez sazi we har dou haft ke haftan wa baftwana (16) hanan. Yak yak ramze darun ke gahi jesm wa zat. maow wa dou zat, gahi haftan, gahi cartan gahi se nafaran, gahi yaktan ya cehltan. (17)


**وێنەی (پەخشانی شەشەم) لە پەخشانە دینییەکانی یارسان**

**وەك چۆن لە سەرچاوەکەیەوە وەرگێراوە.**






گرووپی مۆزیکی (دایراك خاتوون)- کۆنسێرتی گۆرانی یارسان- هۆڵی بۆنەی کاکەییەکان- هەڵەبجە.



شێخ راتب حەموود- سەرۆکی (مجمع التوحيد الدرزی)- لە نووسینگەکەی خۆیدا گەڕەکی وطی المصيطبة- شاری بەیروت



( ئەستێرەی دورزی = ئەستێرەی پێنج پەڕە )



وێنەی خەیاڵی عاریف (دانشمەند)



نووسەر لە بەردەم گڵکۆی (هەمزە کوڕی عەلی) لە قەزای شوف- (الجبل)- لوبنان



مەزاری مەولەوی- سەرشاتە



خانەقای (شێخ حسامەددین نەقشبەندی)- باخەکۆن



**لایەك لە ئامادەبووانی (فێستیڤاڵی ڕێوڕەچەی نەقشبەندی و بەرهەمی شاعیرەکانی)- سلێمانی**




**کۆڕی تایبەت بە (ڕەهەندە جیاجیاکانی دەقی ئەی ڕەقیب)**

**سلێمانی- هۆڵی ئۆتێل پەرێز- ڕۆژی (٣٠/ ١١/ ٢٠١٣))**



**یەکێك لەو مەزارانەی کە (وێوڵەباڵێ= بووکە بەبارانێ) دەبرایە سەری- تەوێڵە**

# سەرچاوەکان


١- قورئانی پیرۆز.

٢- سەرەنجام- دەستنووس- ساڵی (١٣١٥ ك) لە لایەن (کاکا رەدائی)یەوە نووسراوەتەوە.

٣- بارگە بارگە- دەستنووس.

٤- دفتر شندروی- دەستنووس.

٥- - *گاثاها- گزارش پوور داود- تهران- ١٣٥٤.*

٦- *یشت* ها- گزارش- پووورداود- تهران- ١٣٤٦.

٧- (ماشا الله سووری) - سروودهای دینی یارسان - گرداورده و ترجمه - تهران -١٣٦٦.

٨- نامه سرانجام- = کلام خزانه- یکی از متون کهن یارسان- تحقیق و تفسیر از دکتر (صدیق صفی زاده- بورکئی- انتشارات هیرمند (١٣٧٥).

٩- (سید محمد کاظم امام)- فرهنگ اصطلاحات عرفانی- تهران- ١٣٥٤.

١٠- (ایرج بهرامی)- اسطورة اهل حق-چاپ اول تابستان- ١٣٧٨.

١١- (رستم شهرزادی)- moوبد- سیری در اموزشهای گاتها- چاپی پنجم- انتشارات فروهر.

١٢- (موشیر ئەلدەوله حەسەن پیرنیا)- تاریخ ایران باستان- جلد (١)- نوبت چاپ- نهم ١٣٧٨- انتشارات افراسیاب.

١٣- موشیر ئەلدەوله حەسەن پیرنیا)- تاریخ کامل ایران- قبل از اسلام- نوبت چاپ چهارم- ١٣٩٠.

١٤- شرح گلشن راز- شیخ محمد لاهیجی- تهران- ١٣٣٧.

١٥- (علیقلی اعتماد مقدم)- تاجگزاری در ایران باستان- از انتشارات وزارت فرهنگ و هنر- ١٣٤٦.

١٦- (رشید یاسمی)- کردوپیوستگی نژادی وتاریخی او- چاپ اول- انتشارات کتابخانه سقراط- تهران.

١٧- (مسعر بن مهلهل الخزرجی)- سفرنامه ابو دلف در ایران- با تعلیقات و تحقیقات (مینورسکی)- چاپی دووەم)- انتشارات زوار- تهران.

١٨- دیوانی (حافظ)- از روی نسخه دکتر قاسم غنی و علامه قزوینی- انتشارات گلی — تهران.

١٩- ادویت اصلان- فن المسرح- الجزء الاول- ص (١٦) ترجمة- د. سعدیة احمد- القاهرة - (١٩٧٠).

٢٠- (ابی الحسن علی بن الحسین بن علی المسعودی)- مروج الذهب ومعادن الجوهر- المجلد الاول- ١٩٦٤.

٢١- ابن خلدون- تاریخ ابن خلدون- قاهره- (٨٠٨ هـ).

٢٢- (اوليا چلبى)- سياحتنامه- ترجمة- على شمدين- مراجعة- د. حسام الدين نقشبندى- من منشورات دار (جمال عيرفان)- للطباعة والنشر.
٢٣- اڤيستاا لكتاب المقدس للديانه الزرادشتيه- زامياد يشت- اعداد (الدكتور خليل عبدالرحمان)- دمشق- (٢٠٠٧).
٢٤- (ياقوت الحموى)- معجم البلدان- الجزء الثالث- الطبعة الثانية- دارالفكر للطباعة و النشر- بيروت- ١٩٩٥.
٢٥- (نعمان عاشور)- عالم المسرح- دار الموقف العربى- القاهرة- ١٩٨٢ .
٢٦- (شلدون تشينى)- تاريخ المسرح فى ثلاثة الاف سنة- ترجمة (درينى خشبة)- مراجعة- على فهمى- المؤسسة المصرية العامة للتاليف والترجمة والطباعة والنشر.
٢٧- (ستانسلافسكى)- اعداد الدور المسرحي - ترجمة- (د. شريف شاكر) .
٢٨- (ارسطو طاليس)- فن الشعر- ترجمه (عبدالرحمان البدوى)- دار الثقافة بيروت- ١٩٧٣.
٢٩- (سامى عبدالحميد)- تطورالذهنية الاخراجية فى المسرحية العراقية- مجلة الاقلام- (٣-٤)- ١٩٨٧ز.
٣٠- (شەرەخانی بەدلیسی)- شەرەفنامە- وەرگێڕانی بۆ کوردی (هەژار)- ١٩٧٣ز.
٣١- (فلادیمێر مینۆرسکی)- کورد- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (د. مارف خەزنەدار)- وەرگێڕانی بۆ کوردی (حەمەسەعید حەمەکەریم)- ساڵی (١٩٨٤ز).
٣٢- (صدیق صفی زادە- بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی دووەم- چاپخانەی - چهر تبریز.
٣٣- (د. کامل حسن عزیز البصیر)- رەخنەسازی- مێژوو و پەیرەویکردن- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق- بەغداد- ١٩٨٣ز.
٣٤- (ئەمین شێخ عەلادین نەقشبەندی)- تەصەوف چیە- چاپی یەکەم- ١٩٨٥.
٣٥- (محەممەد ئەمین هەورامانی)- کاکەیی- چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا- ١٩٨٤.
٣٦- (عەلائەددینی سەجادی)- مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی یەکەم- چاپخانەی (معارف)- ١٩٧١ز.
٣٧- (د.عەزیز شەمزینی)- جووڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان- وەرگێڕانی (فەرید ئەسەسەرد)- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان.
٣٨- (هادی بەهمەنی)- پەیامی هەورامان- بەرگی یەکەم- ٢٠٠١.
٣٩- (مەکتووبات)- وەرگێڕدراوی نامە فارسییەکانی مەولانا خالید- (د. سەباح بەرزنجی) وەریگێڕاوە و پەراوێزی بۆ داناوە.

٤٠- (د. ئەنوەر قادر جاف)- لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی (١٨٠٦- ١٨٨٢) بە دیالێکتی گۆرانی- ستۆکهۆڵم-١٩٩٠.

٤١- (محەممەدی مەلا کەریم)- مەولەوی ژیان و بەرهەمی- کتێبی میهرەجانی مەولەوی- لە بلاّوکراوەکانی دیداری مەولەوی (٢٠١٠).

٤٢- (حەمەکەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە- کتێبی دیداری مەولەوی- لاپەڕە (١٢١)- لە بلاّوکراوەکانی دیداری مەولەوی (٢٠١٠)

٤٣- (هەمایۆن صاحب کەریم)- شەریعەتی مەیل- بەرگی یەکەم- لە بلاّوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی (جەمال عیرفان).

٤٤- (هەزار)- هەمبانە بۆرینە– چاپ ششم- انتشارات (سروش).

٤٥- (عەلائەدینی سەجادی)- مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی دووەم- چاپخانەی مەعاریف- بەغداد- (١٩٧١ز).

٤٦- (نەوشیروان مستەفا)- بەدەم رێگاوە گوڵچنین- کتێبی یەکەم- الدار العربیە للعلوم.

٤٧- (حەکیم مەلا ساڵح)- مەولەوی و پەخشانی کوردی- لە بلاّوکراوەکانی (دیداری مەولەوی)- ٢٠١٠.

٤٨- (حەکیم مەلا ساڵح)- مەولەوی و تەڤینەوەی زمان- چاپخانەی دەزگای ئاراس.

٤٩- (بەرتۆڵد برێخت)- ژیانی گالیلۆ- وەرگێڕانی- (فوئاد مەجید میسری)- چاپخانەی حسام — بەغدا ١٩٨٣.

٥٠- (ئیبراهیم ئەحەد سمۆ)- کاریگەریی کەلەپووری کوردی لە شانۆی کوردیدا — چاپی یەکەم- دەزگای چاپو بلاّوکردنەوەی موکریانی- ٢٠٠١.

٥١- (عەبدولوتەلیب عەبدوللاّ)- ئەی رەقیب لە نێوان جەستەی زمان و جەستەی نەتەوەدا- چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی (٢٠٠٨).

٥٢- (عەبدولخالق عەلائەدین)- دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد- دار الافاق العربیە للصحافە والنشر.

٥٣- (میرزا عەبدولاّی سنەیی)- حەدیقەی خوسرەوی- لێکۆڵینەوەو کردنی بە کوردی (محەممەد ئەمین کاردۆخی)- دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس.

٥٤- (د. فەرهاد پیربال)- مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدالە کۆنەوە تا ساڵی (١٩٥٧)- لە بلاّوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس.

٥٥ - (ئەحمەد سالار)- دەروازەی دراما- بەرگی یەکەم- ١٩٨٠.

٥٦- (ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ)- کاریگەری کەلەپووری کوردی لە شانۆی کوردیدا- چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٧٢.

٥٧- (ڕەئووف مەحموود پوور)- خوێندنەوەی خەسارشناسی لە شیعری (مەولەوی)دا- کتێبی دیداری مەولەوی-.لە بڵاوکراوەکانی دیداری مەولەوی- ٢٠١٠.

٥٨- ئەیوب ڕۆستەم- یارسان- چاپی سێیەم- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت.

٥٩- (ئەیوب ڕۆستەم)- کاریگەری ئاوێستا بەسەر ڕابەران و پیرانی یارسانەوە- چاپی یەکەم- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان- سلێمانی- (٢٠١١ ز).

٦٠- (ئەیوب ڕۆستەم)- سرووتە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان- چاپی یەکەم- ٢٠٠٧.

٦١- (دیوانی مەولەوی)- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- بڵاوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

٦٢- (دیوانی مەحوی)- لێکۆڵینەوە- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم)- سنندج- انتشارات کردستان- ١٣٨١.

٦٣-(دیوانی بێکەس)- ڕێکخستن و پێشەکی بۆ نووسین- (محەممەدی مەلاکەریم)- چاپی دووەم- چاپخانەی (الادیب)- بەغداد- (١٩٨٠ ز).

٦٤- دیوانی (میزا ئۆلقادری پاوەیی)- محەممەد ئەمین هەورامانی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٤ بەغداد.

٦٥- (هێمن)- ناڵەی جودایی- چاپی دووەم- ١٩٧٩.

٦٦- (خەلیل ئەحمەدی)- گوڵچنی دیوانی هەژار و هێمن- چاپی یەکەم - انتشارات کردستان.

٦٨- (مەنسوور ڕەحمانی)- ڕۆژژمێری هەتاو لە گەڵ دوو کتێب- ناوەندی بڵاوکردنەوەی پەرتەوبەیان- سنە.

٦٩- (پۆڵ ئامێر)- کتێبی حەسەن سەباح- وەرگێرانی بۆ فارسی- (زەبیحوڵا مەنسووری)- وەرگێرانی بۆ کوردی- (حەمەی حەمەسەعید)- بەرگی یەکەم- چاپی دووەم.

٧٠- (د. هیمداد حوسێن)- پەخشان و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەگەری کوردی- لێکۆڵینەوە- شایانی وتنە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دیداری تایبەت بە پەخشانی کوردی- کە ڕۆژی (٢٨/ ٤/ ٢٠١٣)- لە هۆڵی ئۆتێل پەرێژ- لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وێژەی سلێمانی بەڕێوەچوو، پێشکەشکرا .

٧١- بابەتی (الدرزیە مذهب اسلامی ام دیانە مستقلە)- لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.

## سوپاس و پێزانین

لە رووی ئەمەکدارییەوە بەگەرمی سوپاسی ئەم بەرێزانە دەکەم کە هەر یەکەو بەشێوەیەك هاوکاریانکردووم:

١- بەڕێز (د. تەها رەسوولْ ئیبراهیم) خەرجی لەچاپدانی کتێبەکەی لەئەستۆگرتووە.

٢- بەڕێزان: (د. عەبدولاّ ئاگرین، د. رەئووف عوسمان، د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، د. فاررووق نەقشبەندی) هاندەرمبوون بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوانە بکرێن بە کتێب.

٣- بەڕێز (سامان حەمەساڵح)- نەخشەسازی بابەتەکان و بەرگی کتێبەکەی کردووە.

٤- خاتوو (بەیان محەممەد) لە گواستنەوەی وێنەکاندا هاوکاریکردووم.

٥- بەڕێوەبەر و کارمەندانی دەزگای رۆشنبیری (جەمال عیرفان).

هیوادارم تەمەندرێژو تەندروستبن.